
نووسینگەی لێکۆڵینەوەی
دەروونی و کۆمەلآیەتی لە قاهیرە
چەند گیروگرفت
منتدى إقرأ القافي
و
www.iqra.ahlamontada.com
دیمەنێکی دەروونیی
نووسینی
د. عبدالعزیز القوصی
وەرگێڕانی
م. جەلال خەلەف ژالەیی
باشوری کوردستان
چاپی سێیەم ٢٠١٢ز-٢٧١٢ك

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

نوسینگەی لێکۆڵینەوەی
دەروونی و کۆمەڵایەتی لە قاهیرە

چەند گیروگرفتو دیمەنێکی دەروونیی

نووسینی /
د. عبدالعزيز القوصي

وەرگێڕانی /
م. جەلال خەڵەف ژاڵەیی

باشوری کوردستان
چاپی سێیەم ٢٠١٢ ز
٢٧١٢ ك

ناوی کتێب: چەند گیرو گرفتو دیمەنێکی دەروونی

نوسینی: دکتۆر عەبدولعەزیز القوصی

وەرگێڕانی لە عارەبییەوە: جەلال خەلّەف ژالّەیی

تایپێست: عبدالکریم رۆوف رحیم

نەخشەسازی بەرگ: سامان محمد صالح

چاپی سێیەم: چاپخانەی دیلان لە سلێمانی

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: ژمارە (١٢٢)ی وەزارەتی رۆشنبیریی دراوەتێ

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

بەناوی خواوەندی گەورەو میهرەبان

پێشەکی وەرگێڕ بۆ چاپی سێیەم /

خوێنەری بەڕێز: ئەوا بۆ جاری سێیەم کتێبی (چەند گیروگرفت و دیمەنێکی دەروونی) لە نووسینی پرۆفیسۆری دەروونزانی جیهانی و میسری بەناوبانگ دکتۆر (عبدالعزیز القوصی) بە زمانە کوردییە شیرینە بەچێژەکەی خۆمان دەخەینە بەردەستان، کە بابەتەکانی هەرگیزاو هەرگیز کۆتانابن و لەگەڵ بوونی مرۆڤدا شان بە شان و قۆناغ بە قۆناغ هاوشانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، وەکو پێویستییەکی چارەسەری دەروونی خۆسەپێن ڕەودەکات، لەبەرئەوەی تا کۆمەڵگە هەبێت، منداڵی تاقانە، منداڵی یەکەم، دڵتەنگی، خەونبینین، شەرمنی، خوی نەێنی، عاشقبوون، شووکردن، کەمئەندامی، زۆرخواردن، زۆرقسەکردن، چەوساندنەوە، فڕوفێڵ و چاوبەست، فێڵی دەروونی، دروکردن، ڕەوشی پەروەردە، خوێندنگەو تاقیکردنەوە، کاتی بۆشایی و گیروگرفتی دەروونی، ئەمانەو بێجگە لەمانە، هەر هەن و هەردەبن، ئەمجا بۆیە بەندە لەنێو هەزاران پەرتوکدا ئەم پەرتوکەم بۆ هەڵبژاردون و گۆڕیومە بۆ زمانی کوردی.

ئەمجا ئەم کتێبە تەنها ئەوە نییە گیروگرفتی دەروونی بە دیمەنەوە باسبکات، بەڵکو لە خۆیدا زانستە، چارەسەرە، تەسکینی دەرە، رابەرە، ورەبەرزکەرە، هاندەرە بۆ سەرکەوتن و ئاسودەیی ژیان، ...هتد.

دوا وتەم ئەوەیە / گرتگی ئەم کتێبە لەوەدایە، کە دکتۆر (عبدالعزیز)، تەنها سەربەخۆ ئەم بابەتانەی بۆ خوێنەر هەڵنەبژاردووە، بەڵکو جەماوەر بەتایبەتی خاوەن کێشەو گرفتە دەروونییەکان زۆرینەی بابەتەکانیان لەڕێگەی ئاڕاستەکردنی پرسیارەوە بۆ دیاریکردووە، ئەویش خستونێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بە شێوازێکی زانستیانەی خۆش و ڕەوان باسیکردوون و چارەسەری بۆ داناون.

خواوەند بمانخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و ناحەزان چەواشەمان نەکەن

جەلال خەڵەف ژاڵەیی

٢٠١٢/٤/١٤

بەناوی یەزدان

پێشەکی وەرگێڕ:

بۆچی ئەم پەرتوکەم گۆڕیە سەر زمانی کوردی؟

لە ناوەڕاستی ساڵەکانی هەشتادا, کاتێک کە رابەری پەروەردەیی و دەروونی بووم, لە خوێندنگەی ناوەندی سیروان لە شاری سلێمانی خۆشەویست، ماموستایەکی میسریمان لەگەڵ بوو ناوی (محی الدین عبدالحمید)بوو، ماموستای وانەی وەرزش بوو.

ئەم ماموستایە لەکاتی پشووەکانی هاویندا دەگەڕایەوە بۆ میسر, داوای لێدەکردم ئەگەر پێویستییەکم هەبێت لەوێ بۆم جێبەجێبکات. لە یەکێک لە گەڕانەوەکانیدا داوای نوێترین پەرتووکی دەروونزانیم لێکرد، کە لە (میسر) چاپکرابێت, کاتێک کە گەڕایەوە چەند پەرتوکێکی دەروونزانی چاپی نوێی بۆ هێنام, کە یەکێکیان ئەم پەرتووکە بوو (مشاکل وصور نفسیة) لە نووسینی د. عبدالعزیز القوصي.

د. عبدالعزیز هەرچەند لە زانکۆی (الازهر) وانەی بە من نەوتبووەوە, بەڵام بە نوسراوەکانی ئاشنابووم، دوای ئەوە د. مستەفا فەهمی ماموستای (دەروونزروستی)مان و، ماموستا د. عزیز هنا, ماموستای (گەشەی منداڵ), زۆرجار لە هۆڵی وانەوتنەوەکانی زانکۆی (الازهر)و پەیمانگەی (الاعداد والتوجیه) بەشی پەروەردەو دەروونزانی, باسی زۆرزانیو بلیمەتی ئەم نووسەرە گەورەیەیان دەکرد, وەکو لەم پەرتوکەیشدا دەردەکەوێت.

کاتێک کە پەرتوکەکەم خوێندەوە، بۆم دەرکەوت باسی کۆمەڵێکی باش لە گیروگرفتە دەروونییەکان دەکاتو چارەسەریان بۆ دادەنێت، کە دەگونجێن لە هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا رووبدەن, چ زۆر چ کەم,

بەتایبەتی لە کوردستانی ئێمەدا, کە لاوەکانی دەناڵێنن بەدەست چەندەها گیروگرفتی دەروونییەوە.

ئەبێت ئەوەش بزانین کە میسر چەند قۆناغو سەڵەف لە هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیرییەوە ﴿ لەپێش ئێمەوەیە ﴾، نەک تەنها باری دەروونی. بێجگە لەوانە ئەم پەرتووکە پڕە لە رابەریکردنی دەروونی, ئەو لاوانەی کە تووشی گیروگرفتی دەروونی بوون‌و ئاڕاستەی کردوون لە ڕێگەی ئیستگەو چاپەمەنییەکانەوە, هەروەها پڕە لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵایەتی‌و توخمی.

ئێمەی مامۆستایان کاتێک بابەتێک دەنووسین یان دەگۆڕین بۆ زمانی کوردی, هەر لە خۆوە نییە, بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکانی کۆمەڵ‌و خوێنەرانە, نەوەک تەنها لەبەر بابەتەکە خۆی بێ, بەڕاستی لەو باوەڕەدام زۆربەی زۆری خوێندەوارانی کوردمان حەز لەم بابەتانە دەکەن کە لە پەرتوکی امشاکل وصور نفسیةادا باسکراون, چونکە بابەتەکان باسی ئەو گیروگرفت‌و دیمەنانە دەکەن کە باری دەروونی مرۆڤ تووشیان دەبێت, ئیتر هەر تیرەو ڕەسەن‌و نەتەوەیەک بن‌و لەسەر هەر زەمینێک بن, کە مرۆڤی نێو کوردەواری ئێمەش دەگرێتەوە, نموونەی مرۆڤی حەزلەخۆکەرو هەست بەگوناهکاری‌و هەست بە تووڕەبوونی زۆرو مرۆڤی خەیاڵاوی‌و شەرمن لە هەموو کۆمەڵێکداو کۆمەڵی ئێمەشدا زۆرن, زۆرجار کەسیش شکنابەن پرسیاری لێبکەن، ئەویش وەڵامیان بداتەوەو ڕێگەی ڕاستیان بۆ ڕوونبکاتەوە.

بێجگە لەمانەش گۆڕینی ئەم پەرتووکە بۆ سەر زمانی کوردی کەڵکێکی زۆری پێگەیاندووە, چونکە زۆر زاراوەی دەروونی گۆڕیوەتە سەر زمانی کوردی‌و یان دایتاشیون, دوای ئەو ڕاستییەشی دووپاتکردۆتەوە کە زمانی کوردی لە زمانە زیندووە هاوچەرخەکانی ئەم سەردەمە زیاتر نەبێت کەمتر نییە, چونکە توانیویەتی هەموو ئەو واتاو زاراوەو وشە دەروونیانەی کە لە زمانی

عەرەبییەوە بۆی گۆڕاون‌و لەمدا جێیان بۆتەوە, بەڕاستی زمانی کوردی زمانێکە لە زمانە پێشکەوتووە پەرەدارەکانی جیهان, زمانێکی گەورە‌و گونجاو و لە بارە لەگەڵ هەموو واتاو زاراوە‌و وشەیەکی کۆن‌و نوێدا, لەمەدا ئەوەی سەلماندووە کە بنچینە‌و رەگەزو دایکی زۆر لە زمانە گەورەکانی جیهانە, بەڕاستی دەریخستوە کە شایانی ئەوەیە کە هەموو ئەو زاراوە‌و مانایانەی کە زمانێکی گەورەی وەکو زمانی عەرەبی خاوەن قورئان‌و خاوەن گەورەترین وێژەی جیهانی, سەردەمی ئیسلام‌و پێش ئیسلام وەریگرتبێت‌و هەڵیلوشانبێت, ئەمیش وەریانبگرێت‌و هەڵیانلوشێنێت‌و لە سنگی خۆیدا جێیانبکاتەوە, لە رۆژنامە‌و ئیستگە‌و پەرتوکە گۆڕاوەکاندا لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی بێ تووشبوونی هیچ جۆرە گیروگرفتێکی گەورە. ئەگەر بە زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی بڵێین: ماین بە سوار دەگۆڕێت, پێویستە بە زمانی کوردی بڵێین: سوار بە ماین دەگۆڕێت.

خوێنەری هێژا هێندێک لە نوسەران هەن, هێندێک کەس هەن، گۆڕین لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی بە پەسەند نازانن, بەڵکو گۆڕین لە زمانە دوورەکانەوە بەباشتر دادەنێن, رەنگە لەبەرئەوەیان بێت زۆر لە خوێندەوارە کوردەکان لە زمانی عەرەبی تێدەگەن, ئەمجا بەلایانەوە وایە بە کوردی بێت یان بە عەرەبی ئەوان ئەو رۆشنبیریانە تێدەگەن‌و وەریدەگرن, ئەوان کاڵەکخۆرن‌و بێستانڕن نین.

هێندێکیشیان مەبەستیان ئەمە نییە, بەڵکو مەبەستیان ئەوەیە دەنگی دەهۆڵیش لەدوورەوە خۆشە (دەنگی دەهۆڵ لەدوور خۆشە). هێندێکیشیان وادیارە مەبەستیان تەنها ئەو زانستانەیە کە لە زمانەکانی دیکەوە گۆڕانەتە سەر زمانی عەرەبی, رایان وایە ئەگەر ئەم زانستانە بمانەویت بیانگۆڕینە سەر زمانی کوردی, یەکسەر با لە زمانی یەکەمەوە بێت باشترە.

ڕای سێیەم زۆر ڕاستە, بەڵام ئەگەر کەس نەبوو لە زمانی یەکەمەوە بیگۆڕێت بۆ زمانی کوردی، هیچ قەدەغە نییە یەکێک هەستێت لە زمانی عەرەبییەوە بیگۆڕێت بۆ زمانی سێیەم, بۆ نموونە:

پەرتوکی (کلیلەو دیمنە) لە زمانی هیندییەوە گۆڕاوەتە سەر زمانی فارسی, لەویشەوە (ابن المقفع) گۆڕیوێتییە سەر زمانی عەرەبی, ئەمجا گۆڕاوەتە سەر زمانی کوردی. ئەمە زۆر هەڵەیە ئەگەر بوترێت: ئەبێت هەر لە هیندییەوە بگۆڕرێت.

ڕای دووەم ڕاستەو ڕاست نییە! ڕاست نییە, چونکە مەرج نییە هەموو زانستێیەک بە زمانی عەرەبی بنوسرێت لە زمانێکی دیکەوە وەرگیرابێت، مانای وایە گۆڕینی بابەتێکی بەسوودو بەکەڵک بە زمانی عەرەبی خۆی نوسرابێتەوە, ڕاست وایە گۆڕینی بۆ زمانی کوردی هانبدرێتو بەکارێکی پیرۆز دابنرێت، ڕاستە چونکە مەرج نیە هەموو زانستییەک بە زمانی عەرەبی بنوسرێت, لە زمانێکی دیکەوە وەرگیرابێت.

لەڕاستیدا لەبارەی چاپکردنییەوە تووشی گیروگرفت بووم, چونکە یەکەم بنکەی بەناوبانگ کە بنکەی (سەردەم) بوو، کە سەر بە بەناوبانگترین حزب بوو لَە سلێمانیدا، هانام بۆی برد ئارەزووی چاپکردنی کتێبی زانستیی نەبوو، ڕێزی شیعرو چیرۆکی دەدایە سەر ڕۆشنبیری دەروونیدا.

تا خۆشبەختانە بەهۆی خوێندکاری بەئەمەکمان هونەرمەند لرزگار سعید) لەڕیزی چاپکراوەکانی چاپەمەنی زاموا (پرۆژەی پاراستنی دەستنووسەکان)ی ئاوەندی چاپەمەنیو ڕاگەیاندنی خاک)دا جێگەی کرایەوەو بووە هۆی کوێرنەبوونەوەو کەڵک بەخشینی بە ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان.

جەلال خەڵەف ژاڵەیی

پێشەکی نوسەر

هێندێک لە گاڵتەجارەکان دەروونزانییان بەو زانستە پێناسەکردووە, کە باسی ئەو شتانە دەکات هەموو کەس دەیانزانێت, بەڵام بە زمانێک کەس لێی تێناگات.

دەروونزانی لە گرێ دەروونییەکان, ماسۆشیزم، سادیزم، خەفەکردن, نەست, لەخۆمەکی باڵا, خۆیەتی, خۆیەکی, دەمارگری, سایکوسیس, ڕێبە پەیوەندیبردن، بە جمە دەروونی, بە واتای خۆیەتی نموونەیی, بە راستی ئەمبریقی دەدوێت.

ئەمانە هەموویان خەڵکی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا, بە زمانێکی ئاسانی, ئاسایی سوکی ناسراو, قسەیان لەبارەیەوە دەکەن, دووریش لەو زمانەی کە پەرتووکەکانی دەروونزانی پێیان دەنووسرێنەوەو باش‌و خراپیان تێکەڵاودەکەن.

نەێنیش لەو پێناسە گاڵتەجارییەدا کە پەنجەمان بۆ ڕاکێشا, ئەوەیە کە دەروونزانی لە زانکۆکاندا تا سەدەیەک لەمەوبەریش لقێک بووە لە فەلسەفە, دوای ئەوە دەستیکرد بە جیابوونەوەو سەربەخۆبوون, تا بووە زانستێکی سەربەخۆ, دوای ئەوەی کە تەنها لەسەر بیرکردنەوەو تێبینیکردن خۆی ڕاگرتبوو, وایلێهات لەسەر تاقیکردنەوەو خەملاندن‌و پێوانەکردن‌و هەروەها لەسەر شوێن ئەنجامکەوتن‌و شیتەڵکردنی ڕاوەستا.

هەر کە دەروونزانی لە فەلسەفە جیابۆتەوە جموجۆڵی لێکۆڵینەوە دەستپێکرد بۆئەوەی بزانن دەروونزانی بەڕاستی زانستانەیە؟ ئەگەر تا ئێستا زانست نەبوبێت, ئایا ئەشێت ببێتە زانست؟ فەیلەسوفەکان لەمەدا

مەبەستیان ئەوەبوو تا چ رادەیەک دەتوانێت بگرێتەوەو ببێتە گشتگیر؟ تا چ رادەیەک بابەتەکانی دەگۆڕێن؟ کاتێک خرانە ژێر شێوازە زانستییەکانەوە.

بەبۆنەی ئەم پێناسە گاڵتەجارییەوە دێتەوە بیرم, لە چلەکاندا وانەیەکم لەبارەی ئەو لێتوێژینەوەو لێکۆڵینەوانە وتەوە کە لەبارەی گەشەکردنی زمانەوە لای منداڵ کردبومن, وانەکە خۆش‌و ئاسان، ئارەزوو بزوێن بوو, ئەمەیشم لەوەوە بۆ دەرکەوت گوێگرەکان باش گوێیان دەگرت‌و باش پێوە دەهاتن‌و وتووێژیان لەسەر دەکردو باسیاندەکرد, دوای ئەوەی کە وانەکە کۆتاییهات‌و وتووێژو گفتوگۆ لەبارەیەوە کۆتاییهات, گوێگرەکان هاتن پیرۆزباییان لێکردم‌و لەم رووەوە سوپاسیان کردم، کارێکی ئاشکرایە پیرۆزباییکاران‌و سوپاسکاران هێندێکیان روخۆشکەرن‌و هێندێکیشیان بەڕاستیانە, لە هەردوو جارەکەدا جۆرێکە لە چاک‌و چۆنی‌و هاندان, بەڵام یەکێک لەوانە لاتەراسکەی بەست‌و چپانی بە گوێمداو وتی: بەڕاستی باسەکەت شتێکی نوێی تیانەبوو, منیش وتم لەوانەیە ئەمە بەڵایەن تۆوە راست بێت, هەرچەند من هەتا باوەڕیشم بەمەش نییە، بەڵام بەگوێرەی گوێگرەکانی دیکەوە راست نییە‌و پێموووت: ئەوە چییە واتلێدەکات بڵێیت شتی تازەی تێدانییە؟

وتی: چونکە ئەوانەی تۆ فەرموتن هەموویان قسەی روونن‌و ئاسانن! وتی ئێمە قسەیەکمان دەوێت قورس بێت, تێگەیشتنی گران بێت, مرۆڤ هەوڵی تێدا بدات‌و ماندووبێت.

ئەمە مانای وایە ئەو قسە روون‌و ئاسانەی کە بتوانرێت وانەکەی لەسەر دارێژرێت کارێکی پێویست نییە, خەڵکی دەیانەوێت دەرمانی نەخۆش تاڵ بێت, بۆئەوەی چارەسەرکاربێت, دەیانەوێت وانە قورس بێت بۆئەوەی بەکەڵک بێت.

داوام وایە ئەوەی پاڵی پێوەنابێتم بۆئەوەی پێناسەیەکی گاڵتەجاڕی بکەم‌و تێیدا بڵێم: ﴿ وانە وتەیەکە لە زوبانی مامۆستاکەوە یەکسەر دەردەپەڕێت بۆ گوێی بیستەر، بەبێ ئەوەی بە زەینی هیچیاندا تێبپەڕێت ﴾. جارێکیان دەروونزانێکی میسری خوالێی خۆشبێت, لۆمەی کردم‌و وتی: گەورەترین هەڵە کە من لە ژیانمدا کردبێتم ئەوەبووە کە دەروونزانیم بۆ خەڵکی بە جۆرێک ئاسانکردووە, هەموو کەس پڕپێڵدەبەن‌و قسەی تێدادەکەن.

ئابەمە پەنجەی بۆ پەرتووکەکەی ابناغەکانی دەروونـدروستی‌ام ئەو وتارانەی ئەو کاتە، رادەکێشا کە دەموتنەوە‌و لە گۆڤار‌و رۆژنامەکان‌و گۆڤاری (العربي)‌دا‌و ئەوانی دیکەدا بڵاودەکردنەوە.

بەڕاستی لەبارەی دزی‌و حەزلەخۆکردن‌و زەین هەڵەشەیی‌و لەخۆبایبوون‌و درۆ‌و خەڵکی ناسین لەڕێگەی رۆیشتنیانەوە, یان خواردنیانەوە, یان شت هەڵگرتنیانەوە... هتد دەمنووسین‌و خەڵکی بە پەرۆشەوە پەلاماری ئەم وتار‌و وانانەیان دەدا.

لەبیرمە جارێکیان لە ئیستگەدا وتارێکم بەناونیشانی (پەژارە هەڵگرەکان) خوێندەوە. دوای کۆتایی وتارەکە ژمارەیەک لەو کەسانەی کە نەمدەناسین, دەهاتن دەیانووت: تۆ قسەیەکت کرد بەتەواوەتی ئێمەی دەگرتەوە.

لەڕاستیدا قوتابییەکانم‌و هاوڕێکانم سووربوون لەسەر ئەوەی کە ئەم وتار‌و وانەبێژییانە لە پەرتوێکدا کۆبکەمەوە, هەرچەند هێندێک کات بەسەر بڵاوکردنەوەیاندا بەشێوەیەکی جیاجیا تێپەڕیوە, لەپێشدا زۆر ڕاڕابووم‌و

قایلنەدەبووم, لەبەرئەوەی هێندێک کەس لەوانەیە بڵێن: ئەم کارە بەتەواوەتی لەگەڵ کارەکانی ئێزنک‌و کاتل‌و جلفورداو باسکردنی کەسێتیداو کارەکانیدا ناڕوات، بەڵام مەبەستمان لەمە ڕۆشنبیرکردنێکی پەروەردەیی‌و دەروونییە, کە شارەزاییەکانی گۆڕەپانی پەیجۆرییە زانستی تا ساڵەکانی پەنجاکانیش دەنوێنێت‌و دەداتەوە, هەموو ئەو باسانەی کە دوای ئەوەش دەرچوون لە دەستی دەرنەچووە.

بینا لەسەر ئەمە لەوانەشە لە خوێندنەوەیدا هێندە چەشتن‌و هێندە کەڵکیش هەبێت, لەبەرئەوە قایلبووم بە بڵاوکردنەوەی لەم پەرتوکەی دەیخەمە بەردەستتان.

هەر خواوەند خاوەنی سەرکەوتنە

دکتۆر / عبدالعزیز القوصي

پێڕست

بـــابـەت	ژ. لاپەڕە
پێشەکی وەرگێڕ	١
پێشەکی نوسەر	٦
پێڕست	١٠
بەشی یەکەم	
دیمەنە دەروونییەکان	١٣
خۆخەڵەتاندن	١٤
عاشق بەخۆبوون	٤٢
سایکۆلۆژیای قەڵەوی	٥١
بێزاربوون پاڵی پێوەدەنێت بۆ خواردن	٥٢
لەزەتی خواردن و لەزەتی کارکردن	٥٧
بەخۆڕایی بۆماوە تاوانبارەکەین	٦١
سایکۆلۆژیای گریان	٦٢
بەڵام بۆچی گەورە دەگری	٦٥
گریان و بێهێزی دوو هەستی هاولفن	٦٧
هۆیەک بۆ بارسوکی دەروون	٦٩
نهێنی سەرنجڕاکێشانی دراما	٧٠
سایکۆلۆژیای زۆربڵێیی و قسەکردن	٧٢
ئەگەر بحەوێتەوە ماندووبێت دەحەوێتەوە ئەگەر ماندووبێت	٨٢
بلیمەتە چەوساوەکە	٨٩
هەموو کەمئەندامێک بەزەبرە	٩٥
بریکردنەوە	١٠٣
خەیاڵ ڕۆیشتن	١٠٩
خوێندکارێکی گرفتاوی	١١٦

بەشی دووەم	
چەند راوەرگرتنێکی دەروونی	١٢٢
کچێکی زۆر شەرمن	١٢٣
کوڕێکی زۆر شەرمن	١٢٦
عاشقبوون لە یەکەم بینیندا	١٣٢
شوکردن بەزۆر	١٣٦
کوڕە هەژارێک‌و کچە ساماندارێک	١٤٠
چەند دەنگێک وازم لێناهێنێت	١٤٣
دەستپەڕ (کاری نەبێنی)	١٤٥
تاوانیشم دژی کەس نەکردووە	١٤٧
کوڕی گەورە	١٥١
جارێکی دیکە کوڕی گەورە	١٥٣
برا تاقانەکەی حەوت خوشک	١٥٧
خوێندنی زانکۆیی باشترین ڕێگە نییە	١٦١
لاوان لە ژیان زیاتر فێردەبن	١٦٣
ترسی دایک‌و تورەیی باوک	١٦٥
باری هەرزکارێک	١٦٧
ترسی منداڵ	١٧٠
بەشی سێیەم	
کۆمەڵە پرسیارێک	١٧٦
دەروونزانی‌و لێکدانەوەی خەون	١٧٧
چۆن دەتوانم لە خەیاڵبزرکاندن رزگارم بێت؟	١٨١
ئایا لە قورئاندا شتێک هەیە پەیوەندی بە دەروونزانییەوە هەبێت؟	١٨٣
ئایا بۆ گەنج هەیە کچێک بخوازێت، ژینگەی جیاوازبێت؟	١٨٦
هۆی جوێنفرۆشتنی منداڵ چییە؟	١٨٩

مێردەکەم درۆزنە	١٩٣
چۆن لە جگەرەکێشان رزگارم دەبێت؟	١٩٥
ڕاتان چییە لەبارەی لزاراەوە وەکو چارەسەرێکی پزیشکی؟	١٩٨
مرۆڤی نابینا چۆن خەون دەبینێت؟	٢٠١
خوێندکارێک دەپرسێت، چۆن دەتوانێت لەگەڵ خەڵکدا بگونجێت؟	٢٠٣
ئایا قسەکردن لەگەڵ ڕۆحی مردوودا ڕاستە؟	٢٠٤
بەشی چوارەم	
چەند وتەیەک بۆ لاوان	٢٠٨
ئەو تاقیکردنەوانەی فێریانکردم	٢٠٩
چۆن دەخوێنیتەوە؟	٢١٣
خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە	٢٢١
کاتی بۆشاییت چۆن دەبەیتە سەر؟	٢٢٨
فەرهەنگۆک	٢٤٢
بەرهەمەکانی وەرگێڕ	٢٥٨

بەشی یەکەم

دیمەنە دەروونییەکان

١) خەڵەتاندنی دەروون بۆ دەروون (خۆخەڵەتاندن)

٢) عاشق بەخۆبوون

٣) سایکۆلۆژیای قەڵەوی

٤) سایکۆلۆژیای زۆرویژی

٥) سایکۆلۆژیای گریان

٦) کە حەوایەوە ماندووەبێت, کە ماندوبوو دەحەوێتەوە

٧) بلیمەتە چەوساوەکان

٨) هەموو کەمئەندامێك بە زەبرە

٩) بریکردنەوە

١٠) خەیاڵبلاوی

١١) قوتابییەکی گیروگرفتاوی لە قوتابخانەیەکی ناوەندی (شیتەڵی حاڵەتێکە)

١- خۆخەڵەتاندن[1]

ئەو بابەتەی ئەمڕۆ بۆم هەڵبژاردوون لەبارەیەوە قسەتان بۆ بکەم، بابەتێکی هێندێك سەیرە. دەستپێدەکەم و دەڵێم:

بابەتێکی ڕەوشتی نییە، نامەوێت بڵێم فێڵلەخۆکردن جۆرێکە لە ڕەوشت لاوازی یان ڕەفتار ناشیرینی یان خۆخەڵەتاندن، جۆرێکە لە ڕەوشت جوانی، بەڵکو دەمەوێت بابەتەکە وەکو: ڕواڵەتێکی دەروونی سروشتی ڕۆژانەی ئاسایی چارەسەربکەم، دۆخی ئەویش وەکو دۆخی ڕواڵەتە سروشتییەکانی ڕۆژانەی دیکە وایە، دۆخی وەکو: دۆخی هەتاوکەوتنە لە هەموو ڕۆژێکدا، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێت و لە ڕۆژئاواوە نوقمدەبێت، دۆخی وەکو سوتانی داری وشك وایە ئەگەر گڕی تێبەربدەی، وەکو پلەی گەرمی لەش وایە، ئەگەر میکرۆبێکی ئاوارەی تێکەوێت، وەکو دۆخی ژەنگی هێندە کانزایەك وایە، کە بەر شێو ئۆکسجین بکەوێت.

بابەتەکە بە پێشکەشکردنی چەند نموونەیەك دەستپێدەکەم، هێندەجار کەسانی دیکە باسمەکەن کە من پیاوێکی دڵڕەقم، بەڵام خۆم لە دڵی خۆمەوە خۆم بە پیاوێکی چاپك و ورد دادەنێم، هێندێك جار کەسێك نیشانەدەکەم، کە نەرم و لاوازە، بەڵام خۆی بە بەبەزەیی و دڵپاك و سۆزناسك و دڵ گەورە و مرۆڤێکی چاك دەزانێت، لەوانەیە کەسانی دیکە بە من بڵێن: درۆ پولەکییە، بەڵام من خۆم بە دڵسۆز، دووربین دەزانم و لەکاری پێویستدا نەبێت دراو ناگۆڕمەوە، دوای ئەوە

١- وانەیڕێیەکە لە خانەی کۆمەڵەی (ئیسلامە ڕەوشت جوانەکان) لە شاری (تەرابلوس) لە (لوبنان) وتوبێژەوە.

ئاوەها دەبینین، مرۆڤ لە قسەکردنیدا چەند رستەیەک بۆ خۆی دروستدەکات، بۆ خۆشاردنەوەو ڕێگونکێ، فێڵکردن لەخۆو کەسانی دیکە، ئەوەی هێندێ جار ناویدەنێین سەربەستی هێندە جارێکی دیکە ناویدەنێین بەرەڵایی، ئەوەی کە هێندە کەسێک پێیدەڵێن: داگیرکردن، ئێمە ناوی دەنێین ڕژێم، هێندێک کاربەدەستان لە هێندێک ڕۆژنامەدا بە ڕێکخەرو چاکەکار وەسفدەکرێن، لە هێندێکی دیکەدا بە ستەمکارو داگیرکەر، ئەوەی هێندێک جار بە گوێڕایەڵی دادەنرێت، هێندێ جار بە ملکەچی و خزمەتکار دادەنرێت، ئەوەی کە هێندێک کەس بە درۆی دادەنێت، هێندێ کەسی دیکە بە دبلۆماسیەت و نەریتی کۆمەڵایەتی و (ئیتیکێت)ی دادەنێت.

باس باسی زمان نییە، بەڵکو باس باسی ڕەفتارە، پیاوی زۆر زیرەک بەشێوەیەکی ئاسایی و سەربەست و قسەلەڕوو دڵپاکی دەیبینێت، بەڵام پیاوی زیرەکی مامناوەندی بەشێوەیەکی فێڵبازو تەڵەکەبازو قسە لەپاشملەکردن دەیبینێت، دەیبینین حەزناکات قسە بدرکێنێت، لەوانەیە دڵی خۆی بەم وتە داناییە خۆشبکات (با کەس نەزانێت پێویستییەکانتان ئەنجامبدەن).

لەکاتێکا دەڵێم: دڵی خۆی خۆشدەکات مەبەستم ئەوەیە پشت بە خۆی دەبەستێت و بەوە خۆی قایلدەکات، خۆقایلکردن زۆر پێویستە بۆ بەسەربردنی ژیانێکی هێمنی لەنگەردار دوور لە هەژان و بشێوی.

هەروەها وادادەنێن کەسێک: رکی لە هاوڕێیەکی خۆی دەبێتەوە، تەڵەکەی بۆ دەنێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر هاوڕێکەی قازانجێکی باشی دەستکەوتبێت، یان دیاری بێت لەنێو ئەو کەسانەی وان لە دەوروپشتی یان ناوبانگی پەیداکردبێت، بەڵام ئایا مرۆڤی کینەکێش

یان (حسود) دان بەوەدادەنێت کە کینەکێشە؟ نەخێر, بەڵام کەسانی دیکە دیاردەکانی کینەکێشی لەسەر پووی بەدیدەکەن، کەسی کینەکێش تەنها هەر ئەوە نییە لەپێش چاوی کەسانی دیکە دان بە کینەکێشییەکەیدا نەنێت, بەڵکو لەڕواڵەتیشدا خۆی وادەردەخات کە هیچ باکی[٣] پێنییە, بەڵکو جاری واهەیە خۆی وادەردەخات, کە ئەم دەستکەوتوترە.

ئەمە کە هەمووی پووەدات، هێشتان ئەو بەخۆی نازانێت‌و هەستی پێناکات. هەروەها خانمێک‌و مێردەکەی هەردووکیان دەبینین دایکیان هەیە, واتا لێرەدا دوو خەسو هەیە، یەکێکیان دایکی مێردەکەیە ئەویدیکەیان دایکی ژنەکەیە, ئەمجا دەبینین دایکی مێردەکە ئەگەر کوڕەکەی رووبداتە خەسووەکەی ئەم رکی دەبێتەوە.

زۆر جار دەبینین خەسوی ژنێک زۆر سکاڵا لەوە دەکات کە کوڕەکەی زۆر لە خەسوی نیزیک دەبێتەوە, کەچی هیچ لایەک لەو ناکاتەوە, لەگەڵ ئەوەشدا بە کوێرەوەری بەخێوێکردووە، رەنجی لەگەڵ کێشاوە تا کردوێتی بەم پیاوەو ژنی بۆ هێناوە.

ئێستەیش لە داری دونیادا هیچی لەو ناوێت ئەوە نەبێت کە با لە دووریشەوە بێت ئەو بەختیاربێت‌و بەخۆشی بژی, سوێندیشت بۆ دەخوات بێئەوەی کەسیش سوێندی بدات (کە باکی بە هیچ شتێک نییە بەختیاریی کوڕەکەی نەبێت).

دۆزینەوەی ئەو نهێنیەی کە کەسی کینەکێش نایزانێت‌و دانی پیادانانێت, کە بۆچی رکی دەبێتەوە, زۆر ئاسانە, بۆئەوەی ئەمە

٣- وەکو: پەندە کوردییەکە دەڵێت: بێ عار دای لە دەڵۆ تەرتەر نەباشد. (وەرگێڕ)

تێبگەین پێویستە واتای کینەکێش بزانین. کارێکی ئاشکرایە کەسانێك هەن، لە کەسانێکی دیکە بۆ هەڵچوون‌و ڕك‌و (حسود)ی هەستیارترن، بۆئەوەی جیاوازی نێوان ئەو کەسانە تێبگەین لەبارەی رادەی ئامادەبوونیان‌و هەستیاریان بۆ کینەبەری پێویستە بە دوورودرێژی لەکاتی مندالییان بەشێوەیەکی دوورودرێژ بکۆڵینەوە، بۆ ئەمەش لێرەدا کاتمان نییە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: کینەکێشی لەکاتێکدا لە کەسی کینەکێشدا دەردەکەوێت، هاوڕێیەکی خۆی ببینێت، شتێکی بەدەستکەوێت کە پێویست بوو دەستی ئەم بکەوێت، وەکو سامان, پایە, ناوبانگ, ژن, میراتی بەرکەوتن, هەڵچوونەکە لێرەدا لە سێ کەرت پێکهاتووە:

یەکەمیان: هەست بە کەمسەری‌و هەست بە نائومێدی, هەست بە بێدەسەڵاتییە.

دووەمیان: هەست بە ڕق لەخۆبوونەوە یان لە ژیان یان لە بێبەختی, یان جاری وا هەیە لە پەروەردگارە.

سێیەمیان: حەز لە ساماندارییە.

لە کاتێکدا دەڵێین: کینەکێش، هەستێکی دیارییە، لەم سێ هەستە پێکهاتووە، دەبینین: گرنگترینیان هەست بەبێدەسەڵاتی‌و هەست بە کەمسەرییە، یان کەم باوەڕبەخۆبوونە, کەسی زۆرباوەڕ بەخۆ, ئەو کەسەی ئەوتۆیە, زۆر کەم هەست بە کینەکێشی‌و (حسود)ی دەکات.

لە ژناندا دەبینین: ئەو ژنەی کە باوەڕی بە میردەکەی هەیە، هەر لەو کاتەیشدا باوەڕی بەخۆی هەیە، دڵنیایە لە توانستەکانی‌و نیشانەکانی,

زۆر کەم هەست بە کینەکێشی دەکات، کینەکێشی و هەست بەهێزی هەرگیز لە تەنها کەسێکدا کۆنابنەوە.

بینا لەسەر ئەمە، یەکێک لە مەرجەکانی کینەکێشی، رووداتی هەژانێکە لە هەست بەهێزی و باوەڕبەخۆبوونی مرۆڤدا، یان رووداتی هەستکردن بە کەمسەری، لاوازی و رووزەردییە.

لەکاتێکدا براکانی (یوسف) پێغەمبەر بەراوردی پایەی خۆیان بە پایەی (یوسف)ی برایانەوە لەلای باوکیان کرد، ئەو کاتە بۆ رزگاربوون لێی پیلانین گێڕا، بۆئەوەی رووی خۆشی باوکەکەیان تەنها بۆ ئەوان بمێنێتەوە و ببنە نەوەیەکی چاک، لەبەرئەوەی کینەکێشی لەسەر هەست بە کەمسەری داڕێژراوە و هەست بە کەمسەریش مرۆڤ دانی پێدانانێت و رووەکاتە خەفەکردنی، بێئەوەی خۆی مەبەستی بێت، لای خۆیشی و لای خەڵکیش دانی پێدانانێت، هەرچەند هەڵچوونی کینەکێشی لەسەر ڕووی ئاشکراو دیارە، بەڵام خۆی نە هەستی پێدەکات، نە دانیشی پێدادەنێت.

ڕەقترین جۆرەکانی کینەکێشی، ئەوەیە کە هەست بە کەمسەرییەکەی وا دروستبووبێت نەتوانرێت بەسەریدا زاڵبێت، وەکو:

ناتەواوییەکی زکماکی کە مرۆڤ ناشیرینکات، یان نەخۆشییەکی دڕێژخایەن یان ناتەواوییەکی بەردەوام یان ناتەواوییەک کە توانای لەش، یان کۆئەندامی هەست یان کۆئەندامی ژیری لاوازبکات.

لەم کاتانەدا چەند خوویەکی هەمیشەیی دروستدەبێت و هەست بە کەمسەرییەکە دەشارێتەوە و لەنگەری ئەو کەسە بەڕێگەیەک یان بە چەند ڕێگەیەک چاکدەکاتەوە و راستەکاتەوە، بەشێوەیەکی گشتی هەست بە کەمسەری لەگەڵ کینەکێشدا دەبینین و کینەکێش لەگەڵ

هەست بە کەمسەریدا، هەر دەبینین، لەبەرئەوە بۆمان دەردەکەوێت هەردووکیان لە زنجیرێکی ئەڵقەداری تێکهەڵکێشراو دروستکراون، هەموو ئەڵقەکانی کاردەکەنە سەر یەکتری، مەبەستمان ئەوە نەبوو بابەتی کینەکێشی و (حسود)ی بەتایبەتی بەرپابکەین، چونکە لەوەی باسمان کرد بابەتێکی دوورودرێژو ئاڵۆسکاوتەرە، بەڵام بابەتی (کینەکێش) لەبەرئەوەی خۆهەڵخەڵتاندنی تێداهەیە ئاشکراترەو بابەتێکە پەیوەندییەکی پتەوی بە بابەتەکەمانەوە هەیە. هەروەهاش دەڵێم: لەڕاستید ئێمە تێبینی مرۆڤ لەکاتی کینەکێشیدا دەکەین، هێندێك جار خۆی وادەردەخات بێباکەو خۆیشی هەروا قایلدەکات، ئەگەر ئەو هەر تەنها تۆزێك هەوڵیبدایە ئەو دەستکەوتەی ئەوی یان زیاتری دەبوو، یان ئەو خۆی قایلدەکات کە ئەو باشترین کەسەو ژیرترینیانە.. بێجگە لەمانەش گرنگتر لێرەدا ئەوەیە لەکاتی هەموو ناتەواوییەکدا مرۆڤ لەم حاڵەتانە خۆی دەخەڵەتێنێت, ئەگەر کچێك جوان نەبێت, یان دەموچاوی ناشیرین بێت بەڕاستی خەڵکی بە خوشکەکانیەوە بەراوردیدەکەن, یان بە هاوڕێکانیەوە, خۆیشی هەستدەکات ئەمە وەکو ئەوە وایە: پێیبڵێن: ناشیرینە, بەلای کەسوکاریەوە (هەرچەند جوان نییە, بەڵام ئێسکی سووکە)، بەڵام بەلای خۆیەوە جوانییەکەی ئاساییە.

ئەم کچە هەرچەند جوان نییە، لەوانەیە لەباتی ئەوە ژیرییەکی لەبار لە خۆیدا پەرەپێبدات، یان دەستبداتە خوێندن یان ئاینپەروەری یان خۆی بکاتە کچێکی نموونەیی، یان دەستبداتە خزمەتی گشتی، یان خۆی بکاتە کچێکی زوبان لەبارو نوکتەباز، بۆئەوەی بتوانێت وەڵامبداتەوەو کۆڕ گەرمکات، چ بە قەڵەمو چ بە زوبانە شیرینە پڕ

واتاکەی, لەبەرئەمانە لەبەرچاو خۆیشی و خزمانیشی وای لێدێت (بەڵێ جوان نییە, بەڵام ئێسکی سوکە, وریایە و هاودەمی خۆشە).

لەوانەشە خۆی بەوە قایلکات و بڵێت: جوانی چییە؟!

جوانییەک بە کۆمەڵێک گیراوەی پرشنگداری سوراو سپیاوو دەرمان و جلوبەرگی روکەش پەیدابێت هەر نەبێت باشترە, چونکە جوانییەکی بەردەوام و هەتایی نییە, بەڵکو ئەوەی بمێنێتەوە زانستی و چاپوکییە, رەوشتی جوان گەورەییە، بلیمەتییە, هۆی قبولکردنی ئەم بیرۆکەیەش ئەوەیە کچە ناشیرینەکە ناتوانێت بژی لەگەڵ ئەوەشدا بزانێت ناشیرینە.

لەبەرئەوە پێویستە لەنگەرێکی راستی، یان فێڵبازی یان هەردووکیان لەخۆیدا دروستکات، بۆئەوەی بتوانێت لەنێوان خۆیی و دەروونیداو خەڵکیدا بتوانێت بژی.

کابرایەکی کورتەباڵا دەناسم نزیکە لە بستەباڵاییەوە, دەموچاویشی ئەوەندە ناشیرینە نزیکە لە دەموچاو پەنجەکێشییەوە, ئەم کابرایە هونەرمەندێکی تەرزی یەکەمە، بە خەڵوزیش و بە قەڵەمیش وێنەدەکێشێت, ئەم وەکو کەسانی دیکە رێگە ئاساییەکان بەکارناهێنێت, لەوەی نەبێت نەیانزانێت, بەڵکو بەباشی دەیانزانێت.

لە وێنەکێشانیشدا شتی ناشیرین بەکاردەهێنێت، یان لای کەمی ئەو کەرەستانە بەکاردەهێنێت کە جوان نین. چونکە ئەو جوانی لە مارو مێرو دووپشکدا بەدیدەکات، لە مێش و مەگەزو مشک و جرج و کونەبەبودا بەدیدەکات، لە فیشکەو خشکەو گیزەکانیاندا جوانی تێبینیدەکات.

دەبینین قوڕو خشتو بەرد کۆدەکاتەوە, جۆرە جوانییەکیان تێدا بەدیدەکات, هونەرمەندەکانو رۆشنبیرەکانیش نایبینن، لەکاتێکدا لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانمدا لەوانەی کە لە دەروونزانیدا کاردەکەن, دانیشتین ئەم کابرایە شیتەڵبکەینو نهێنییەکانی گرتنی ئەو بەرەوڕوو رادەی هونەرمەندییەکەی ئاشکرابکەین، لەدواییدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە کابرای هاوڕێمان دەیەوێت خۆی قایلکاتو بڵێت: ئەو جوانییەی کە لە ناشیرینیدا هەیە, نامەخوا وێنەی نییە, ئەمەش لەبەرئەوەیە خۆی ناشیرێنە!

بەڕاستی ئەم مرۆڤە زۆر سەیرە! چونکە لەکاتێکدا کە خۆی هەمیشە باسی بیروباوەڕو ڕەوشتو سۆفیگەرێتی دەکاتو پولو دراو بەهیچ نازانێت, کەچی ئافرەتێکی ساماندارى بێگانەی مارەکردووە، کە (بێگانەیە لە بابەتەکەماندا گرنگە، چونکە لێرەدا باری دەروونی خۆی لە ئەو پەروەردگەیەی تێیدا گەورەبووە، دوورخستۆتەوەو وێڵیکردووە, بە مارەکردنی ئەم ژنە بێگانەیە, دەریخستووە کە بە ژینگەکەی خۆی قایل نییە.)

گرنگ ئەوەیە ئەو ئەمانەی هەموو کردووە, بێئەوەی خۆی پێبزانێت, چونکە لەگەڵ خۆیدا لە بارێکی دەروونی لەنگەداردایەو پڕئارامە، بێئەوەی مەبەستی بێت، خۆیشی و خەڵکیش دەخەڵەتێنێت. هەرچەند فێڵ لەخۆکردن، بەڕێگە ناوێزەکان لە بارەکانی نائاساییدا بینیمان، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەموو ڕۆژێك لە ژیانی ئاساییماندا تێبینییان دەکەین.

لەبیرمە جارێکیان چوومە دیدەنی (شێتخانە)یەك، لەوێ تووشی نەخۆشێکی شێت بووم، خەڵکی یۆنان بوو، ناوی خۆی نابوو یەزدانی

گەورە، منیش لێم پرسی پەیوەندیت چییە بەو یەزدانەی کە ئێمە دەیپەرستین، وتی: بۆ کوێ بچم لەگەڵمدایەو لەدوام نابێتەوە, وتی: من جەنگی (١٩١٤ و ١٩٣٩)م هەڵگیرساندووەو من نەخشەم بۆ هەموو گۆڕانێکی مێژوویی کێشاوە, دوای ئەوە پاکەتە جگەرەکەم بۆ راکێشا کە تەنها جگەرەیەك هەڵگرێت بەڵام دەستیبرد هەموو پاکەتەکەی لە دەستم سەندو نایە تەنکەی باخەڵی.

وتم: وادیارە دەرامەتی نەخۆشخانەکەتان خراپە؟! ئەوسا دەستیکرد بە سکاڵاکردن لە خراپی دەرامەتی نەخۆشخانەکە، لە رەفتارکردن، لە خواردن.

پێموت: بۆ ڕاناکەیت؟ ئەی گوایە تۆ خوای گەورە نیت؟!

بەخێرایی وتی: لەبەرئەوەی من حەزناکەم ملیۆنەها کەس لەوانەی کە دروستم کردوون، بێزاریانبکەم.

وادەردەکەوت ئەم حاڵەتەی ئەوپەڕی فێڵ لەخۆکردن بوو.

کاتێك کە لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەوو ئەو خواوەندەی من دەیپەرستم پرسیارم لێیکرد، لە وەڵامدا وتی: ئەو خواوەندەی تۆ دەیپەرستی، پیاوی منە!

لێرەدا چەند حاڵەتێك هەن، بەڵام لەمە کەمترن، وەکو ئەو کەسەی خۆی بە (یەکەم چاکساز – المصلح) دەزانێت, هەر کارێکی باش ئەنجامدرابێت ئازایەتییەکەی بۆ خۆی دەگێڕێتەوە.

نموونە بۆ حاڵەتێك لە حاڵەتی ئەم سووکتر، حاڵەتی قوتابییەکی کۆلێژی (کشتوکاڵ)م دێتەوە بیر, کە لە خوێندندا زۆر دەکەوت، ساڵێك لەو ساڵانەی کە تێیدا دەرنەچوبوو، پێش ئەوەی بچێتە تاقیکردنەوەوە، هەستی بە ئازارێك کرد بڕیاریدا بەشداری تاقیکردنەوە نەکات.

تێبینیدەکرێت کە ئازار تووشبوونەکەی چەندێك دیاردەیەکی لەشییە، ئەوەندەش فێڵێکی نەستییە، مەبەستەکەی پاراستنی کەسەکەیە، لە بەشداربوونی تاقیکردنەوە، لەبەر ئەو ئازاری قوتابییەکە، کە نەچووە تاقیکردنەوەکەوە و هاوڕێکانی بەشداریانکردو دەریش چوون، بەڵام دوایی تووشی ئازارێکی راستی بەهێزتر بوو لەگەڵ ئەوەشدا شاردییەوە، دوای ئەوەش جارجار دەیووت: (نرخی خوێندن چییە؟)، جارجارێکی دیکەش دەیووت: (هاوڕێکانم وایان لێهاتووە لە من باشترن)، دوای ئەوەش بووە مرۆڤێکی بوغزنو ڕقاوی، بەچاوی سوك تەماشای هەموو کەسێکی دەکرد، دوای ئەوەش بڕیاریدا تێکەڵاوی خەڵکی نەکات، چونکە نرخیان نییەو لەبەرئەوەی ڕەوشتیان ناشیرینە بیرکردنەوەو باری ژیرییان نزمە، دوای ئەوەی کە حاڵەتەکە پەرەیسەند خۆی کردە ئاینپەروەرو لە خەڵکی دوورکەوتەوە، بەهۆی خەڵکی بە سووك زانینو خوێندن بێنرخکردن، توانی ڕێزی خۆی بهێڵێتەوە، واتا فێڵ لە خۆی بکات، بەوەی کە ئەم جەوهەرێکی باشەو خەتا لەمەوە نیە، بەڵام چی لە خەڵکیو خوێندن دەکەیت؟!

ئەم بۆچوونانە هەموویان لەسەر هەست بە کەمسەرییەکی دڵەڕاوکێدار دروستبوون، هەر لەبەرئەوەیە ڕوکارێکی ئاینی بۆ خۆی دروستکردووە، بۆئەوەی ئارامگرتنو دڵنیایی لێوەرگرێت، بەپێی بۆچونو باوەڕی خۆی پەیوەندی بە یەزدانەوە هەیە.

لەوانەیە پرسیاربکرێتو بوترێت: بۆچی قوتابییەکە، بەتایبەتی ئەم ڕێگەیەی گرتووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە لێتوێژینەوەیەکی درێژ لەبارەی تەمەنی منداڵی ئەم قوتابییە

بکۆڵرێتەوە، بۆئەوەی شوێن‌و جۆری پەروەردەی یەکەمی منداڵێتی دیاریبکرێت‌و بارو پلەی لە خێزانەکەیدا بدۆزرێتەوە.

بەدرێژایی ژیانی کوڕێکی تاقانەی دایکێکی دڵەڕاوکێداربو بۆی، لەبەرئەوەی هەموو منداڵەکانی یەك لەدوای یەك مردوون، تەنها ئەم نەبێت ماوەتەوە. لەکاتێکی ژیانی منداڵەکە، لەتوێی ئەم بەرگانەدا پێچرابێتەوە، هەرچی کارێك لێی رووبداوە هۆکانیان دایك‌و باوکێتی، چونکە ئەوان ئەم هۆیانەیان بۆ بێبەختی‌و حەسودی یان بۆ خەڵکییان گەڕاندۆتەوە، بەم کارەیان هەموو هۆیەکیان بۆ ئەو هۆیانەی کە لە خۆشیان‌و کوڕەکانیشیانەوە دوورن گێڕاوەتەوە، ئەمەش جۆرێکە لە خۆخەڵەتاندنی دیکە.

دوای ئەوەی پزیشکی نوشداری نوێ نەیتوانیوە چارەسەری کوڕەکەیان بکات، پەنایان بردۆتە بەر نووشتەو جادوو چوونە سەر (شەخس‌و شێخ‌و مشایەخ)‌و شوێنانی تر. مانای وایە لێرەدا چەند حاڵەتێکی خۆخەڵەتاندنی ناوێزەو چەند حاڵەتێکی خۆخەڵەتاندنی ئاسایی هەن، فرمانی بناغەیی خۆخەڵەتاندنیش خۆپاراستنە لە ڕووخاندن، یان لەنگەڕاگرتنێتی.

لەنگەری دەروونیم داواملێدەکات کە بە خۆم قایلبم‌و خۆم بوێت، ئەگەر هات‌و کارێك ڕوویدا لێم، یان ڕووداوێك لە منەوە ڕوویدا، ئەوەی گەیاند کە بە خۆم قایلنیم ، لەوانەیە بەباشی لەنگەرم تێکبچێت، لەبەرئەوە پێویستە شێوازێك هەبێت بۆ ڕاگرتنەوەی لەنگەرەکەم، بەناوبانگترین شێوازو بڵاوترینیان فێڵ لەخۆکردنە.

کچ کە هەستی بەوە کرد ناشیرینە، لەنگەری دەروونی وەردەگەڕێت، بۆئەوەی لەنگەری خۆی ڕاستبکاتەوە، کارێکی دیکە

رووەدات, ئەویش ئەوەیە خۆی قایلدەکات کە ئێسکی سووکە یان زیرەکە یان رەوشتی ڕێکە یان دڵپاکە.

هەروەها ئەو خانمەی کە دەکەوێتە نێو سااڵوە پێویستی بەوە هەیە خۆی منداڵ بکاتەوە, بەم بۆنەیەوە وتراوە: خانم لە بیرکاریدا بەتواناترین دروستکراوەکانی یەزدانە, چونکە دەتوانێت یەکەندەردوو پێنج ساڵ لە تەمەنی خۆی کەمبکاتەوەو پێنج ساڵ لە تەمەنی دەستە خوشکەکەی زیادبکاتو (٢٥) لیرە لە نرخی جلەکانی خۆی زیادبکاتو (١٥) لیرە[٤] لە نرخی جلەکانی دەستە خوشکەکەی کەمبکاتەوە, کاتێک کە ئەمانە دەکات هیچ مەبەستێکی نییەو زۆر بەخێراییش دەیانکات، ئا بەمە خۆی دەخاتە چێوەیەکی لەنگەردارەوە.

جارێکیان لەبەردەم ژنەکەیدا لە کابرایەکی زیرەکیان پرسی: ئایە راستە خانمەکان زۆربڵێن؟ لەوەاڵمدا وتی: بەڵێ راستە, تەنها ژنەکەی من نەبێت!

لەم وەاڵمەدا چەند جۆرێکی هێرشو بەرگری تێدا دەردەکەوێت, لەنگەرگرتنەوە، یاسایەکی سروشتییە.

* ئەگەر هاتو ناڕێکییەک لە لەشدا رووبدا، لەش خۆی کەفیلە لەنگەری خۆی رابگرێتەوە.

* ئەگەر شتێکی نامۆ چووە نێو لەشەوە، خڕۆکە سپییەکان پەالماریدەدەنو لەگەڵیدا دەجەنگن، شوێنی زامەکەی دەئاوسێتو سوردەبێتەوە، چونکە سوڕی خوێن هەر لە خۆیەوە دەیەوێت لەنگەری لەشی رابگرێتەوە، یەکێک لە روااڵتەکانی لەنگەرگرتنەوە تالێهاتنە.

٤- مەبەست لە لیرە، لیرەی لوبنانییە کە دەکاتە (١٠٠) فلسی عێراقی. (وەرگێڕ)

* هەروەها ئەگەر لە تاریکیدا رۆیشتیتو پێت لە تەگەرەیەك هەڵکەوت، بێگومان لەترەدەیت، بەڵام ناکەویت، چونکە لەشت پێش ئەوەی بکەویت یەکەندەردو هەر لە خۆیەوە لەنگەری خۆی رادەگرێتەوە. ئەگەر یەکێکتان رێی کەوتە شوێنێکی تاریك بۆئەوەی باش ببینێت گلێنەی چاوەکانی بلاودەبێتەوە.

- ئەگەر یەکێکتان گواستییەوە بۆ شوێنێکی روناکی بۆ ئەوەی چاوەکانی بەگوێرەی پێویستی خۆی روناکی وەرگرێت،

ئەوکاتە گلێنەی چاوەکانی تەسکدەبێتەوە واتای وایە لەبارەی بایۆلۆژییەوە زۆر بەهێزەو لەشی خۆی رادەگرێتەوە.

بۆ ئەم روالەتە: روالەتی لەنگەرگرتنەوەی خۆیی سروشتییە، نموونەی زۆرنو وردن, باسی کارکردنی رژێنەکانو ئەو رووداوانە دەکات, کە لەکاتی رۆژگرتنداو بێبەرییوندار نەخۆشیداو بڕینەوەی ئەندامێکی لەشدا رووەدەن, هەروەها..... .

ئەمانە لە مەودای دەروونزانیدا بەڕاستی نموونەی زۆرمان هەیە بەتایبەتی ئەو کچەی کە دەبینێت کچانی دیکە جوانن، بەڵام جوانییەکانیان رووکەشو بێتامە، بەڵام خۆی ئیسکی سووکەو خوێنی گەرمە, واتای ئەمە وایە ئەوەی لەلایەکەوە کەمدەبێتەوە, لەلایەکی دیکەوە بە لەنگەری خۆزیادکردن زیاددەکات.

لێرەدا وتەی بلاوو پەندی گشتی زۆرن کە چارەسەری ئەم بابەتە دەکەن: هێندێك لەوانە ئەمانەن:

١- مەیمون لە چاوی دایکیدا مامزە.[٥]

٥- پەندێکی کوردی هەیە هەر ئەو واتایە دەگەیەنێتو دەڵێت: لە زێڕك وایە بەچکەی ئەو لەهەموو بەچکەیەك نەرمو نۆلتزە. (وەرگێڕ)

٢- کەس هاواری فرۆشتنی (رۆنی زەیتون)ی لیخن ناکات.[٦]

٣- کۆیلەکەکە چووە بازاڕ کەسی بەدڵ نەبوو.[٧]

٤- سیسارك لای دایکی گولاوفرۆشە.[٨]

دەروونی مرۆڤ ئاساییانە بۆ چەند کارکەرێك کە لەوانەن لەنگەری تێکبدەن ملکەچدەکات، بەڵام هێزە دەروونیەکان تەنها بەسن بۆئەوەی لەنگەری راستبکەنەوە. لەنگەریش دەگونجێت بە رێگەیەکی راستی باش راستبکرێتەوە، دەشگونجێت بەشێوازی ناڕاستی راستبکرێتەوە.

شێوازی ناڕاستی و راستیش هەردووکیان نزیکە لە هەموو مرۆڤێکدا هەبن، بەڵام لەبەرئەوەی رووداو لە ژیانی مرۆڤدا زۆر رووددات, لایەنی خەیاڵی و ناڕاستی بە پلەیەکی گەورە زۆرترە، لەوانەیە من لە کەسانی دیکە لە قسەکردندا بە زمانی (ڕەوان – فصیح) کەمتربم، لەبەرئەوە ناتەواوییەکەی خۆم بە بەفیڕۆدانی قسەی ڕەوان (بری) دەکەمەوە.

ئەم بریکردنە, ئەگەر بەڕێگەیەکی هەستی بووە، هیچ جۆرە فێڵێکی تێدا نییە, لەبەرئەوە راستییەکی مەبەستە, بەڵام جاری وا هەیە چەند رووداوێکی رۆژانە چەند جارێك بەسەر مرۆڤدا تێدەپەڕێت, ئەم رووداوانە زۆر سەیر دەردەکەون، چونکە هێندێك لە راستییەوە دوورن, وەکو: ئەو خانمە بەسالاچووەی خۆی منداڵدەکاتەوە، یان وەکو: ئەو کورتەبالاّیەی خۆی بە بالاّبەرز نیشاندەدات, یان وەکو ئەو ورگنەی خۆی بە قەدباریك دەزانێت, یان وەکو: ئەو پیاوە بەسالاّچووەی بەهەر

٦- لە کوردیدا دەوترێت: کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە.

٧- لە دز وایە هەموو کەس دزە.

٨- ئەگەر دایك ستایشی کچەکەی کرد, مەگەر خاڵی بیخوازێت. (وەرگێڕ)

کەسێك بگات پێیدەڵێت (ئێمە گەورەبووین‌و تەواو ئێمە پیربووین) بۆئەوەی پێی بڵێین: (نانا – نامەخوا – تۆ هێشتا گەنجیت، تۆ لەو تەمەنەی هەتە دە ساڵ منالّتر دەردەکەویت)و هەروەها... .

چەندەها راوکردنی بەبالّهەڵداندا هەیە، کە لەنگەری دەروونی مرۆڤ راستدەکاتەوە، وەکو: ئەو خانەخوێیەی بە میوانەکەی دەڵێت: (ئەبێ ببوریت ئەمە نانی جەنابت نییە, ئەگەر کەموکوڕییەکمان هەیە لێمان ببورن), مەبەستی لەمەدا ئەوەیە میوانەکەی بەبالّیدا هەڵدات‌و بڵێت: بەڕاستی تۆ پیاوێکی خانەدان‌و میوانپەروەریت.

بەپێچەوانەی ئەو جۆرانەی پێشەوە, مرۆڤی ترسنۆکی[٩] خۆبەئازادەرخەر هەیە, لالّی خۆبەزمان پاراوکەر هەیە گێلی خۆبەزیرەکزان هەیە.

ئەو یاسایانەی لە لەنگەرگرتنەوەی لەشدا هەیەو بینیمانن هەردووکیان لەچێوەی خێزاندا هەن, جاری واهەیە ژنەکە لە مێردەکەی دەترسێت‌و پیاوەکە لە ژنەکەی دەترسێت، بەڵام هەریەکەیان خۆشەویستی خۆیان بە جۆرێك بۆ ئەوی دیکەیان دەردەبڕێت, ئەوەش بۆ داپۆشینی ئەو هەستە پێچەوانە خەفەکراوەی بەرامبەر یەکتری هەیانەو نایەڵن (بێ مەبەست) دەرکەوێت.

لێرەدا کارێکی سروشتییە, کە ئامرازی دیکەش هەیە, وەکو ئازایی دەرخستن‌و گوێ پێنەدان، یان ئامڕازی دیکە, بۆیە باسی ڕق‌و خۆشەویستی هاوسەریمان کرد, چونکە هەردووکیان لە ڕواڵەتە

٩- ترسنۆکی خۆبەئازاکەر, جیاوازی هەیە لە ترسنۆکی خۆبەئازازان, چونکە یەکەم بەخۆی دەزانێت, بەڵام دووەم پێنازانێت. (وەرگێڕ)

دەروونییە نەستییە وردەکانن، ڕقلێبوونەوەی ژن لە میێردەکەی کاتێک ڕووەدات کە بزانێت میێردەکەی لایەنە لاوازەکان و بێدەستەڵاتییەکانی پێدەزانێت، مرۆڤ ركی لەو کەسە دەبێتەوە کە ڕاستی شورەییەکانی بزانێت، هەروەها میێردیش کاتێک ركی لە ژنەکەی دەبێتەوە، کە بزانێت لایەنە لاوازەکانی دەرککردووە، لەبەرئەوەی پێیناخۆشە ئەم لایەنانەی تێبگات، لەبەرئەوەی دەزانێت لەئەنجامدا دەبێتە هۆی ئازاوەی نێوماڵ، بۆیە بێدەنگییەکی ڕووکەشی لەگەڵ ڕێکییەکی گشتی سەرزارانە کە لەبەردەم خەڵکیدا دەینوێنن و خۆیان وادەردەخەن کە ژیانێکی هاوسەری بەختیاری لەسەرخۆی نوشاوی دەبەنە سەر، بۆئەوەی سەرقاپی ئەم ئازاوەیە بە قایمی بە هێندێک فیشاڵی ڕوکەش لەسەر دیوی سەرەوەی ڕوکەشدەکەن و هێندێک پشێوی و دانبەخۆگرتنیش بڵاودەکەنەوە و بەسەرزاری دەریدەخەن، بۆئەوەی قفڵەکەی بەسەردا بە مەحکەمی دابخەن و نەیەڵن هیچ جۆرە گیروگرفتێکی خێزانی بە ئاشکرا لەنێوانیاندا بتەقێتەوە.

هەروەها دەبینین هەمان ڕوالەت لەنێوان دایک و کوڕدا ڕووەدات، ڕێدەکەوێت کابرایەک کردەوەیەکی تایبەتی باش لەگەڵ کوڕێکیدا دەکات، کەچی هەمان کابرا بەچاوێکی کەمتر تەماشای کوڕێکی دیکەی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین باوکەکە داننانێت بەو جیاوازییەی کە لە نێوانیاندا دەیکات، بەڵکو لە ڕادەی (عدالة)ەکەیدا فێڵ لە خۆیشی و کەسانی دەوروبەریشی دەکات، کوڕی دووەمیشی دەبینین هەست بە جۆرە ئازارێک دەکات، دوور نییە نەگوڕێت بە شۆڕش، بەڵام چ شۆڕشێک؟ کەم شۆڕش دەبینین ڕێگای ڕاست و سروشتی خۆی بگرێت

بۆئەوەی خۆی دەربڕێت, لەبەرئەوە خۆی دەگۆڕێت بۆ خەونو چەند کارێکی دیکە.

دوورنییە بەربەرەکانی قوتابی لەگەڵ مامۆستاکەیدا لەئەنجامی ئارەزووکردنی منداڵەکەدا نەبێت کە دەیەوێت بەربەرەکانی باوکی بکاتو تۆڵەی لێبسەنێت، ئەمیش ئارەزوویەکە لەپێشدا دەرینابڕێتو ئاشکرادەبێت. قسەکەمان درێژەدەکێشێت ئەگەر باسی ئەو کارکەرە خەفەکارانەو شێوازەکانی ئەنجامدانیان لێرەدا بکەین.

یەکێک لەو نموونانەی لەپێشەوە باسمانکردن ژیانی قوتابییە, کە باوکی لە زۆر سەبارەتدا لە براکەی جیادەکردەوە, منداڵەکەش لابەلادەبۆوە – لادانەکەی کارێکی سروشتی بوو، لەلایەن باوکییەوە تووشی سزایەکی بەهێزدەبوو, باوکەکەی لەگەڵیدا زۆر خراپو ڕووگرژو کەم دوو بوو، کوڕەکەیش لە دڵەوە زۆر ڕقی لە باوکی دەبۆوە, بەڵام لەبەر خوونەریتی کۆمەڵایەتی لەڕواڵەتدا خۆشیدەویست، بەڵکو هەر زۆر جێگەی (سەرسوڕمان – إعجاب)ی بوو، بەڵگەش بۆ ئەم سەرسوڕمانەی ئەوەبوو, هەرچی وێنەو وتارو باسێک هەبوو, کە ڕۆژنامەکان لەبارەی باوکییەوە بڵاویاندەکردەوە ئەم هەمووی کۆدەکردنەوە, هەڵیدەگرتنو ئاگادارییەکی باشی دەکردن.

منداڵەکە چەند باروگوزەرێکی هەبوو ناتوانین بچینە ناخیانەوە, بەڵام شەوێکیان لە خەوندا بینی قیامەت هەستاوە, بینی خوای گەورە (پاکوتەمیزی هەر بۆ ئەوە) لەسەر "تەختە – عرش"ێکی زۆر بڵند دانیشتووە, پیاوچاکانو دڵپاکانو خواناسانو نموونەکانی دیکەی ئەوانی بینی, بەبەردەم خودا‌وەندا بەڕیز دەهاتنو دەچوون، بینی

خوای گەورە شلەیەکی بەتامی سپی وەک شیر بە هەریەکەیان دەداو یەکەیەکە نۆشیاندەکرد.

ئەمجا هەریەکەیان بەڕێگەی خۆیدا تێدەپەڕیو دەڕۆیشت، بینی پیاوخراپانو گوناهباران یەکەیەکە خوای گەورە فڕێیەدانە نێو ئاوێکەوە وەک کێماو وابوو, یەکسەر دەموچاوی دەبرژانن، ئەمجا وازی لێدەهێنانو لە هەموویان دەبوورد.

دوای ئەوەی لاوەکە خەونەکەی گێڕایەوە، هێندێك بێدەنگ بوو, دوای ئەمە هەناسەیەکی زۆر قوولی هەڵکێشاو هەر لەخۆیەوە بە دڵی تەنگەوە وتی: نازانم بۆچی باوکم وانابێت؟ بۆچی لە گوناهەکانمان خۆشنابێت؟ بۆچی لە خراپەو ڕوگرژێکەیدا ئەوەندە بەردەوامە؟ خۆ هیچ شتێکی پێنابڕێت! لە لێکدانەوەی ئەم خەونەدا دەبینین (خوداوەند) هێمای باوکە, یان گەورەی خێزان (خوداوەند – پەروەردگار) منداڵەکەش لە خەونەکەیدا, دەگەیشت بەو هیوایەی کە لەڕاستیدا بۆی نەدەلوا بیگاتێ، ئەویش بڵندکردنەوەی باوکی بوو بۆ (سەرگوڵی – مصاف) خوداوەندان, پێوەلکاندنی ئەو هێماو نیشانە خواوەندیانە بە باوکییەوە – کە خۆزگە دەخوازێت تێیدا هەبن – گرنگترینیان لێبوردنە.

پیاوچاکان لێرەدا نیشانەی کردەوەی چاکە, بەڵام پیاوخراپان لێرەدا نیشانەو هێمای کردەوەی خراپە. لە خەونەکەیدا چارەسەری چەند گیروگرفتێکی زۆر گران، بە ڕێگەیەکی خەیاڵی خەڵەتاوی هەن.

یەکێکی دیکە لەو نموونانەی کە هەموو ڕۆژێك ڕووەدەن, ئەوەیە کە ژنێك پێش ئەوەی مێردەکەی بەیانی لە ماڵ دەرچێت بۆ سەرکارەکەی, داوای دراوی لێبکاتو وتوێژێك لە نێوانیاندا

ئەوەی لە لەنگەری نێو کۆمەڵداو دەوڵەتدا رووەدات, دەبینین: لە لەنگەرگرتنەوەی جیهانیشدا هەر ڕووەدات, لەبەرئەوە ئەگەر هاتو لەنگەری نێوان دەوڵەتەکانی پارچەی ڕۆژهەڵاتو دەوڵەتەکانی پارچەی ڕۆژئاوا تێکچوو، پێویستە ڕاگیرێتەوە.

چیرۆکی لەنگەڕاگرتنەوەی هێزەکانو تێکچوونیانو گرتنەوەیان چیرۆکێکی مێژوویی مرۆڤایەتییە, بەردەوامە لەوکاتەوە کە مێژوو دەستیپێکردووە. بەڕاستی لەنگەرگرتنەوەو شێوازەکانی لەنێو دەوڵەتو کۆمەڵگاکانداو خێزانەکانداو کارکردنداو لەنگەڕاگرتنەوە لەنێو لەشی مرۆڤدا، ئیتر لەشیی بن یان دەروونیی بن, یان لەشەدەروونیی بن، تێبینیان دەکەین هەمویان چەند ڕوالەتێکن لەیەکدەچنو بەچەند شێوەیەکی جیاوازی تەواودەبن, بەڵام چێوە گشتییەکانیان وەکو یەکوان.

یەکێك لە (مەودا – مجال)ەکانی خەڵەتاندنی دەروونیی وەکو: شێوازێك لە شێوازەکانی لەنگەڕاگرتنەوە، مەودای پەیکردنە– (دەرککردنە – إدراك).

ئەگەر تەماشای ئەم دوو چوارگۆشەیەی دیمەنی ژمارە (١) بکەین, دەبینین یەکێکیان نزیکە لە تەختەوە, بەڵام دووەمیان بە قۆقزی دەردەکەوێت, لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان لەسەر کاغەزێکی تەخت وێنەکێشراون, بەڵام وێنەی لای چەپ دەڵێت: قوچەکێکەو بنچینەیەکی چوارگۆشەییو چوار ڕوی وەك یەکی هەیە، بەڵام مرۆڤ بۆئەوەی ئەم پەیکردنە دەربڕێت، پێویستە دیمەنەکە لەشدار (مجسم)بکات، ئەوساکە لەباتی ئەوەی دیمەنەکە بە تەختی ببینێت وەکو: لای ڕاست بە قۆقزی دەیبینێت, وەکو لای چەپ, لەگەڵ ئەوەشدا دیمەنەکە لەسەر کاغەزێکی

قۆقز نییە. ئەمەش لە ئەنجامی فێڵێکی کرداریی ئالییە, مەبەستیشی ئەوەیە کە لەنگەرتێکچوونەکەی ڕاستبکاتەوە.





وێنەی ژمارە (١)

هەروەها هێڵی ڕاستی (ا – ب) لە دیمەنی ژمارە (٣)دا لە هێڵی ڕاستی (س – ص) درێژتر دەردەکەوێت, هەروەها (س – ص) لە (ج – د) درێژتر دەردەکەوێت.



وێنەی ژمارە (٢)

لەڕاستیدا هەر سێ ڕاستە هێڵەکە درێژییەکانیان وەکو یەک وان، بەڵام بینەر کە چاوی بە درێژی هێڵی (ج – د) دەکەوێت لەنگەری تێکدەچێت, وایلێدەکات خۆی بخەڵەتێنێتو بە کورتیی ببینێت, هەروەها کە بینەر درێژی (ا – ب) دەبینێت لەنگەری تێکدەچێت وایلێدەکات بەڕێگەی (خەڵەتاندن) کە لە ئەندازەی خۆی درێژترە, لەبەرئەوە بە (خۆخەڵەتاندن) دەیبینێت: کە (ا – ب) درێژترە لە (س – ص), (س – ص) درێژترە لە (ج – د)، بەم شێوەیە لەنگەری خۆی ڕادەگرێتەوە.

نموونە زۆرن بۆ لەنگەرتێکچوون و شێوازەکانی و راستکردنەوەی لە مەودای پەیکردن و بیرکردنەوە و ئەنجامدەرکردن و یادکردنەوەدا...هتد. لەوانەی کە ئێستا ماوەمان نییە باسیانبکەین.

لەکاتێکدا کە پەنجەم بۆ ئەمانە راکێشا، مەبەستم هەر ئەوە بوو ڕوانّەتەکە بە هەموو شێوەو جۆراوجۆرەکانییەوە ڕاڤەبکەم، ئەو لەیەکچوونانەی کە تێیدا هەیە لەبارەی ئەو (فێڵە نەستییانە)ی کە لەنگەر راستکردنەوەکەی تێدادەکرێت, باسیانبکەم, وشەی (الحیل)مان بەکارهێنا، چونکە وشەیەکی عەرەبی کۆنە لە بناغەی جمەزانی دینامیکییە.

دەتوانین لێرەدا هێندێك لەو جۆرە فێڵە بەرگرییانە باسبکەین, کە (ژیری – العقل) بە ڕێگەیەکی نەستی لەنگەری چەوتی پێڕاستدەکاتەوە:

یەکێك لەم فێڵانە فێڵی بەسەرابڕینە, واتای ئەوەیە: مرۆڤ خۆی خراپی خۆی ببڕێتە سەر کەسانی دیکەدا, لە شتێکی دیکەدا، وەکو ئەوەی بڵێین نوسینم ناخۆشەو کەچی تاوانی قەڵەمەکەم دەگرمو دەڵێم: باش نانوسێت, یان کاغەزەکەی خراپەو سفت نییە، یان دوێتەکە ڕەنگی ناشیرینە، یان کەسانی دەوروبەرم سەریان لێشێواندووم, خەت ناخۆشی تاوانی نییە لەمن بەدەرە, ئابەمە دەتوانم لە خۆم قایلبمو لەنگەری خۆم بگرمەوە, با لە ڕێگەی خۆ خەڵەتاندنیشەوە بێت, یان بەهۆی بەسەرابڕینەوەیش بێت.

لەپێگەی بەسەرابڕینەوە[10] دەرکی پوالەتی (حەسودی) دەکەین، فلان لە تاقیکردنەوەدا کەوت چونکە (حسود)یان پێبرد، یان لەبەرئەوەی بەختی نەبوو، بەڵام لەڕاستیدا هۆی کەوتنەکەی ئەوەبووە دەبەنگ بوو. هەروەها جاری وا هەیە دوو کەس دەبینین بەگژی یەکدا دەچن کەچی هەریەکەیان بە ئەوی دیکەیان دەڵێت بەخوا برا توڕەیە، بەڵام نەخێر لەبەرئەوە بەخۆی نازانێت، چونکە چاوی[11] خۆی نابینێت کە چەندە تووڕەیە تەنها ئەو کەسەی بەردەمی خۆی دەبینێت.

هەروەها ئەگەر بە یەکێک بڵێیت، تۆ ڕژدی، دەڵێت (خەڵکی زۆر وان) چونکە سیفەتی ڕژدی بەسەر خەڵکی داندا، حەوانەیەکی دەروونی بۆ ئەو تێدا هەیە، قۆناغێکی لەمە دوورتر هەیە، لەم قۆناغەدا کابرایەکی ڕژد هیچ ڕژدییەک لەخۆیدا ڕەچاوناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە خۆی بە مرۆڤێکی مامناوەندی دادەنێت، بەڵکو کەسانی دیکە هەموو بە ڕژدو پولەکی دادەنێت.

خانمی وا هەیە کەسانی دیکە تاوانبارەکات، کە گوایە چاوبڕکێی لەگەڵ دەکەن، لەڕاستیدا ئەمە وانییە، بەڵکو خۆی ئاواتەخوازە کە یەخەی بگرن، یان چاوبڕکێی لەگەڵ بکەن، بەڵام (خۆبەگەورەزانی) ڕێی نادات دانی پێدابنێت، لەبەرئەوە کەسانی دیکە تاوانبارەکات، کە یەخەی دەگرن، لەبەرئەوەی خۆی حەزی لەم بەزمەیە، هەرچەند خۆی وا دەرناخات.

۱۰- وەکو پەندە کوردییەکە دەڵێت: تەماشای ئاوتنە بکە، ئەمجا شوورەیی کەسانی دیکە بڵێ. (وەرگێڕ)

۱۱- لە کوردیدا دەووترێت: لە دڕ وایە هەموو کەس دزە. (وەرگێڕ)

بەسەرابڕین چەند جۆرو دیمەن‌و وێنەیەکی هەیە, پێویست ناکات ئا لەم شوێنەدا بچینە ناویانەوە.

یەکێکی دیکە لەو فێڵە ژیرییانەی کە مرۆڤ تێیدا خۆی فێڵ لەخۆی دەکات, لەبیرچوونەوەو خەفەکردنە, بۆ نموونە: ئەگەر من قەرزاری کەسێك بم لەبیرم دەچێتەوە بیدەمەوە, بەڵام قەرزم لای یەکێك بێت هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.

هەروەها ئەگەر کات دیاریبکەم لەگەڵ کەسێکدا خۆشم بوێت, یان دیمانەم هەبێت لەگەڵ کەسێکدا کاری خۆمم پێی بێت, هەرگیز لەبیرم ناچێت, بەڵام ئەگەر کاتم دیاریکرد بۆ بینینی کەسێك خۆشم ناوێت، یان لەگەڵ کەسێکدا کارێکم پێی هەبوو کە حەزی لێنەکەم, کەچی لەبیرم دەچێتەوە. یەکێکی دیکە لەو فێڵە ژیرییانەی کە دەبێتە هۆی لەنگەڕاستکردنەوە، **فێڵی شکاندنەوەیە**: ئەویش گەڕانەوەیە بەرەودوا، ئەو منداڵە دووسااڵەی کە پێیگرتووەو کینەبەری لەگەڵ منداڵێکی بچوکتردەکات، دەبینین: دەگەڕێتەوە بۆ گاگۆڵکێ، یان نوزن دەبێت، یان فێری پەنجەمژین دەبێت یان میز بەخۆیدادەکات, لەگەڵ ئەوەشدا راهاتبوو لەسەر (قعدة) دانیشێت میزبکات.

ئەو مرۆڤە گەورەیەی لە خۆشەویستیدا یان لە ژیانی هاوسەریدا سەرناکەوێت دەگەڕێتەوە لەگەڵ دایکیدا یان پووریدا[١٢] یان لەگەڵ پیرێژنێکدا دەژی. مانای وایە لە ژیانیدا هاوڕێیەکی بۆ خۆی دەستنەکەوت, وەکو منداڵ گەڕایەوە لەگەڵ دایکیدا دەژی.

١٢- ئەمە ئەو دایکە پیرە نیە یان پووزە نیە بەخێوکردنیان لەسەر کەسەکە بێت. (وەرگێڕ)

هەروەها ئەو گەورەیەی هیچ فێڵێکی بەدەستەوە نامێنێت, وەک منداڵ دەستدەکاتە گریان، یان دەخواتەوە یان جگەرەدەکێشێت, ئەوە ئەوەندە جیاوازی نییە لەگەڵ پەنجەمژیندا, ئەوەندە هەیە جگەرەکێشان بۆ گەورەکانەو پەنجەمژینیش بۆ منداڵانە, بەڵام هەردووکیان لەبارەی دەروونییەوە وەکو یەک وان، هەردووکیان (دەمو لێو) مرۆش دەکەن, هەردووکیان کاتیان پێ دەبرێتەسەر.

فێڵە نەستییە خۆخەڵەتاوییەکانی دیکە زۆرن, یەکێکی دیکەیان وەرگۆڕانە: ئەو پیاوەی کە ناوێرێت بەرامبەر ژنەکەی ڕقەکەی بڕژێنێت, دەرگاکە بەتوندی پێوەدەدات، یان لە فەرمانگە بەگژی فەرمانبەرەکانی بەردەستیدا دەچێت، یان ئەگەر مامۆستا بێت لە قوتابییەکانی دەدات.

نمونەیەکی دیکە بۆ وەرگۆڕان, ئەوەیە کە لەنێو خێزاندا رووەدات, ئەگەر منداڵەکان زیرەکبن, دایکەکە وادەزانێت منداڵەکان زیرەکییەکەیان لەو وەرگرتووەو چوونەتەوە سەر خاڵوانیانو نەچوونەتەوە سەر باوانیان, بەمە دایکەکە نایەڵێت سیفەتە باشەکان بۆ باوک بچێتەوە, ئەگەر منداڵەکان هاروهاج بونو زۆرویژ بوون، باوکەکەیان دەڵێت: ئەمە لە زۆربڵێکەیدا چوێتەوە سەر خاڵوانی, بەڵام دایکەکە دەڵێت: ئەمە لە باوانی دەچێت، ئەم تاوانبارکردنەشی جاری وا هەیە بە ئاشکرادەبێتو جاری واش هەیە بە توانج.

یەکێکی دیکە لە فێڵە ژیرییە خەڵەتاوییەکان (راستاندنە), جاری وا هەیە باوک زۆر ڕەقە لەگەڵ کوڕەکەیدا, ئەگەر پرسیاری لێبکەیت بەم هەڵبەستە وەڵامت دەدتەوە:

فقسا ليزد جروا ومن يك حازما

فليقس أحيانا على من يرحم

واتاکەی:

ڕەقبن لەگەڵیاندا بۆئەوەی تەمێ بن

باوکانی بەبەزەیی با جارجارێك ڕەقبن

باوکی دڵڕەق بەڕای خۆی ئامانجێکی پەروەردەیی هەیە, لەگەڵ ئەوەشدا هۆ ڕاستییەکەی تووڕەبوونە, لەبەرئەوەی ئەگەر منداڵەکەی شتێکی هەرزانی شکاند رووداوەکە بێ گۆڵمەز تێدەپەڕێت, بەڵام ئەگەر شتە شکاوەکە نرخدار بوو, ئەو کاتە ڕقی هەڵدەستێتو دەیکاتە فەرتەنە.

ئەگەر ئەمە ڕاست بوایە، تووڕەبوونەکە بۆ پەروەردە بوایە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەبوایە تێهەڵدانی تێدا هەبوایە, ئەگەر لەبەر هۆیەکی دیکەش بێت، جارێك دەبێتو جارێك نابێت. هەر بەم ڕێگەیەش پاساو یان (ڕاستاندن)ی دزیش دەکرێتو (ڕاستاندن)ی شۆڕشیش دەکرێت، هەموو جۆرە ڕەفتارێك دەکرێتە (ڕاستاندن), چونکە (ڕاستاندن) بەرگێکی ڕەوانو ڕەوا بەباڵای ڕەفتارە ناڕەواکاندا هەڵدەکێشێت, چونکە یەکێك لە هۆکانی هەست بەخۆ قایلبوون ئەوەیە کە مرۆڤ ڕەفتارەکانی خۆی بەڕێکو ڕەوان ببینێت، ئەنجا بۆئەوەی ئەم لەنگەرانە ڕاستکاتەوە دێت بە پاساو (ڕاستاندن) خۆی دەخەڵەتێنێت.

خۆگۆڕینو لاساییکردنەوەو **خستنەبڕی** شێوەکانی **خۆشاردنەوە, خۆنەخۆشخستن** هەموویان لە فێڵەکانی نەستن. ئەگەر کەسێك بیەوێت بەشداری تاقیکردنەوە نەکات, بە ئەنقەست خۆی نەخۆشدەخات, بەڵام جاربەجارێکیش بەڕاستی نەخۆشدەکەوێت بێ ئەوەی هەستیپێبکات. نەخۆشی لێرەدا فرمانێکی لەنگەرگرتنەوەی حەوێنەرەوەی هەیە, ئەو ئافرەتە پیرەی مێردەکەی سۆزی کەم دەداتێ، کاتێك خۆی نەخۆشدەخات سۆزی مێردەکەی بۆ لای خۆی دەگێڕێتەوە, هەر یەکە لە

نەخۆشی دەروونی‌و نەخۆشی لەشیی‌و نەخۆشی لەشەدەروونیی, زۆرترین کات‌و لە چەند بنچینەیەکی دەروونی‌و چەند ئەنجامێکی لەشی پێکهاتوون.

مەبەستمان لەم (وانەبێژی)یە ئەوەنەبوو شوورەییەکانی دەروون دەرخەین‌و لەبەردەم خۆیدا ڕیسوایبکەین, نرخی کەمبکەینەوە, بەڵکو مەبەستمان ئەوەبوو کە ئەم ڕواڵەتە دەروونییە وردە ڕاڤەبکەین، ئەویش لەنگەرگرتنەوەی دەروونییە بەڕێگەیەکی ئۆتۆماتیکی ئالی، ئەویش لە ڕواڵەتەکانی ژیانە، لەبەرئەوە لە ڕووەکدا لە گیانەوەردا, لە لەشدا, لە دەروونداا, لە خەڵکدا, لە خێزاندا, لە کۆمەڵدا, لە دەوڵەتدا دەیبینین، بەڵکو لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتاندا هێندێکیان بە هێندێکیانەوە, لەسەر ئاستی جیهانی هەیە, بایۆلۆژییەکان بەناوی HOMOESTASIS ئەم ڕواڵەتە دەردەبڕن.

ڕواڵەتی خەڵەتاندنی دەروون بە دەروون حاڵەتێکی تایبەتییە لە ڕواڵەتێکی سروشتی گشتییە، بۆیە ئەم باسەمان درێژەپێدا، بۆئەوەی مرۆڤ خۆی بناسێت، چونکە فەرامۆشی دەروونیی تێدا هەیە, هەر لەبەرئەمەیە فەیلەسوفێکی ئیگریگی وتویەتی **خۆت بناسە**, لە وتەیەکی پێغەمبەردا (د) هاتووە (خواوەند بەزەیی بە کەسێکدا دێتەوە ڕادەی هێزو توانای خۆی بزانێت) لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (وفي انفسكم افلا تبصرون) واتا: ناتەواوییەکە لەخۆتاندایە, ئایا نایبینن؟ لەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی لە قورئاندا هاتوون گۆڕیونی، دەڵێت: (ئەوەی خوای ناسی خۆیشی دەناسێت, ئەوەی خۆی ناسی خواش دەناسێت), خواوەند دەفەرموویت: (نسوا الله فأنساهم انفسهم) واتە (خۆیان لەبیرچۆتەوە، بۆیە خواش ئەوانی لەبیر خۆیان بردۆتەوە), خواوەند ڕاستی فەرمووە.

٢- عاشق بەخۆبوون

هەموو مرۆڤێك شتێکی جوان لەخۆیدا شکدەبات, ئەو شتە هەر خۆی بەدیدەکات, بە بینینی لایەنێکی جوان لە خۆدا ژیان دەگونجێت بەڵکو خۆشیش دەبێت, ئەو کەسەی هیچ جوانییەك لەخۆیدا شك نەبات, لەباتی ئەوە خۆی بە ئێسك سووك یان بە زوبان لەبار یان بەقسە شیرین دەزانێت یان ئەمانە لە منداڵەکانیدا دەبینێت، یان لە باوانیدا لەبەرئەوە دەبینین ئەوەی ئێستەی نییە، لەسەر رابردووی دەژی, ئەگەر هەیبێت، یان لەسەر رابردووی خزمەکانی دەژی, لەبەرئەوە مرۆڤی هەژار شانازی بە سامانی خزمەکانییەوە یان دایکو باوکییەوە یان بە ساماندارى باپیرانییەوە دەکات, بەهیوای ئەوەی کە بەم زووانە ساماندار دەبێت, ئەوەی ساماندارى دراوی دەستگیرنەبێت شانازی پێوەبکات، شانازی بە دەروون تێڕییەوە دەکات، یان بە ژیریی لەباریوە, مرۆڤ خۆی لە لایەنێکەوە یان لە چەند لایەنێکەوە بەدڵ دەبێت, یان یەکێك لە خزمەکانی لە لایەنێکەوە یان زیاتر بەدڵ بێت، (کەچەڵیش شانازی بە قژی خوشکەزاکەیەوە دەکات), خۆبەدڵبوونیش چ لە دوور چ لە نزیکەوە چەند پلەو پایەیەکی هەیە ئەوپەڕیان عاشق بەخۆبوونە.

لەنێو قوتابییەکانمدا هاوڕێیەکم هەبوو, ئەم کابرایە لە رۆیشتنەکەیدا خۆی فشدەکردەوە, لە جلەکانیدا خۆی تەپڕوشدەکرد, کە دەڕۆیشت بەڕێوە، ئەتووت برا خەڵکی بانگدەکات, بۆئەوەی لە رۆیشتنەکەی وردبنەوە, لە قەد باریکییەکەی بیربکەنەوە, لە جوانییەکەی سەریان سوڕبمێنێت.

ئەم کاکەیە کەڵەگەت بوو, گەردنی بەرزبوو، ناوتەڵەنگ باریك بوو, بەجۆرێکیش جلەکانی لەبەردەکرد، کە شوێنە جوانەکانی لەشی بەدەرخستایە، فێستەکەی (تەربوش) سەری بەلاریيەوە لەسەر تەوقی سەری دادەنا، بۆئەوەی ریشووەکانی تەوقەسەرەکەی شۆڕبنەوەو لەکاتی ڕۆیشتنەکەیدا بەگوێرەی لاروڵەنجەکەی سەمابکەن و بلەرێنەوە, بۆئەوەی هەردووکیان بەڕێکی بجووڵێن و پێکەوە بگونجێن کە کاتێکیش قسەی لەگەڵ دەکردیت دەنگی خۆی دەلەرانەوە, ئەتووت برا گوێ لە دەنگی ئاوازی خۆی دەگرێت و داوا لە تۆش دەکات لەبەردەنگە خۆشەکەی سەمابکەیت. ئەم گەنجە زۆر خۆی بەدڵەوە چووبوو, دەتوانین بڵێین عاشقێنی لەگەڵ خۆی دەکرد.

جارێکیان بەبیرمدا هات گیرفانی خەڵکی تاقیبکەمەوە, داوا لە هەر یەکێکیان بکەم چی لە گیرفاندایە هەڵی ڕێژنێتە سەر مێزەکەی بەردەمی بۆئەوەی لە کەسێتییان [١٣] بە وردی بکۆڵمەوەو بزانم چین, ئەوساکە بەگوێرەی ئەوە وێنەی کەسێتییەکەی بکێشم, کاکی هاوڕێمان یەکێك بوو لەو کەسانەی کە تووشی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوون, تەماشامکرد بێجگە لە پێناسە تایبەتیەکەی خۆی، پڕ گیرفانی لە وێنەی خۆیەتی, ئێستە لەبیرم نییە چی دیکەیان لەگەڵدا بوو, بەڵام هەموویان ئەوەیان دەگەیاند کە ئەم کابرایە ئەوەندە خۆی لاپەسەند بوو, لەوانەبوو بگاتە ڕادەی حەزو دڵداری.

ئەم وێنەیە تەنها لەم کابرایەدا نییە, بەڵکو بەجۆرێك چەندانە دەبێتەوە، دەگاتە چەند ڕادەیەکی سەیر، خۆپەسەندی مامۆستایەك,

---

١٣- ئەمە جۆرێکە لە تاقیکردنەوەی کەسێتی مرۆڤ. (وەرگێڕ)

سەرسوڕمانی لە دەنگی خۆی گەیشتبووە رادەیەك ژیانی تەرخانبکات، تەنها بۆ لێکۆڵینەوەی دەنگو پەیوەندییەکانی بە کەسێتی مرۆڤەوە.

ئەم مامۆستایە دەنگی خۆی زۆر بەدڵ بوو, باڵای خۆی زۆر بەلاوە جوان بوو, لە قەدباریکی خۆی سەری سوڕمابوو, ئەم لایەنانەی ئەوەندە بەدڵ بوو، هەموویانی کردە بابەتێکی لێتوێژینەوەو بلاوکردنەوە، بەڕاستی زانست کەڵکێکی زۆری لەم کابرایە وەرگرت.
هێندێك جار ڕێمان دەکەوێتە ژووری میوانی هێندە کەسێك دەبینین چەند وێنەیەکی جۆربەجۆر گیراوی خۆیو هەر یەکە بەچەند شێوەیەك هەڵواسیوە.

جارێکیان چوومە ژوورێکی وەك ئەم ژوورە، ئەوەندە وێنەی جۆراوجۆری خاوەن ماڵەکەم بینی هەڵواسرابوو, ئەگەر بێتو ژمارەکەیان بڵێم باوەڕناکەم ئێوە کەستان باەڕم پێبکەن. نەك تەنها هەر ئەم کەسە, بەڵکو لە دەیەها کەسم لەم جۆرە کەسانە کۆڵیوەتەوە, لەبیرمە یەکێکیان باوکی پێستەی خۆشدەکردو هەر بەم پیشەیەش ساماندارببوو خانوویەکی تازەی بۆ ماڵو منداڵەکەی دروستکرد، یەکەم منداڵیان کوڕ بوو, دایکەکە (هەرچەند مێردەکەی ساماندارببوو) خۆی بەزیاتر دەزانی لەبەرئەوە گرنگییەکی زۆری بە کوڕەکەیان دابوو، چونکە ئەو نیشانانەی کە لە مێردەکەیدا بۆی نەهاتبوونە دی, دەیویست لە کوڕەکەیدا پەیدابن.

کوڕەکەی نارده قوتابخانەو پەرژینێکی ئاگاداری گەورەی بە دەوردا گێڕابوو، ئەگەر ببوایەو لەکاتی یاریکردندا منداڵان لێیان بدایە, وای تێدەگەیان (لەبەرئەوەیە وەکو ئەوان نییە رکیان لێی دەبێتەوە),

واشی تێدەگەیان (ئەم باشترین دروستکراوی یەزدانە, لەبەرئەوە بنچینەکانیان جیاوازە).

منداڵەکە لە قوتابخانە زۆر (دەکەوت – راسب) دەبوو, بەڵام دایکەکەی هەر نەیدەبرییەوەو دەیگووت: بە دەستی ئەنقەست دەیخەن, لەبەرئەوەی کوڕەکەی زیرەکەو جوانەو بەخووڕەوشتەو خواوەند تا ئێستا وێنەی ئەمی لەم سەردەمەدا دروستنەکردووە. لەبەرئەوە دایکی بە چاوی سووک تەماشای باوکی دەکرد (هەرچەند سامانی زۆر بوو) لەیەکتری جیابوونەوە, کاتێک کە کوڕەکە گەورەبوو چووە قوتابخانە زۆر (راسب) دەبوو بەڵام زۆر پەسەندبوونی کوڕەکەی بەلای دایکییەوە وایلێکردبوو خۆی بەلاوە زۆر پەسەند بێت، چەندێک دایکی خۆشیدەویست, خۆیشی ئەوەندە خۆی خۆشدەویست، نەبوونی خۆشەویستی لەنێوان دایکو باوکیدا سۆزی دایکەکەی وشککردبوەوە, لەبەرئەوە هەوڵیدەدا پەیوەندی بە کوڕەکەیەوە ببەستێت، بۆئەوەی سۆزە وشکبووەکەی تەڕکاتەوەو تێڕیبکات.

کورتەی کارەکە ئەوەبوو، کوڕەکە خۆی زۆر بەدڵ بوو, دڵی بەخۆیدا چووبوو, لە رۆیشتنەکەیدا لەنجەی دەکرد, لە جموجۆڵەکانیدا خۆی ناسک دەکردەوە, لە قسەکانی خۆی وردەبۆوە، ئەنجا لەبەرئەوەی زۆر زیرەکیش نەبوو لە خوێندنەکەیشیدا دۆڕانی.

رۆژێک لە پۆژان ویستی خۆی بکاتە موچەخۆری حکومەت, بەڵام دەستی لێی گیرنەبوو، لەبەرئەوە وتوویژێکی زۆرمان پێکەوە کرد, دەمویست تێیبگەیەنم زۆر چاوەڕێ نەکات، من زۆرم وتو ئەو زۆری وت, ناچار داوای لێبووردنم لێکرد، چونکە دەیوت: (ئەمە چۆن وادەبێت کاکی خۆم من پیاوێکی خوێندەوارم, بەس ئەوەندە هەیە لە

قوتابخانە دەرنەچووم)، کاتێك کە قسەیدەکرد وایدەزانی یەکێکە لە ناودارەکانی بزوتنەوەکەی ساڵی ١٩١٩.

هەوڵێکی زۆریدا کە یەکێك لەو ناسیاوانەی بوونەتە وەزیر یارمەتیبدەن، یەکێکیان ڕێی ئەوەی پێنیشاندا کە بڕواتە ئەڵمانیا فێری پێستەخۆشکردن بێت، کە پیشەکەی باوکێتی، هەر ئەوەندەی ئەم قسەیەی لە زار دەرچوو، قیامەت هەڵساو زەمین قڵیشایەوە، چونکە خۆی زۆر لەمە بە بەرزتر دادەنا، کە ئەم کارە بێنرخە چەپەڵە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

کاکەی هاوڕێمان بە درێژایی تەمەنی سەری لە خۆی سوڕمابوو، دڵی بەخۆیدا چوبوو، بەڵام بە درێژایی تەمەنی هەر لە سزادابوو، چونکە هیچ سامانو پایەیەکی ئەوتۆی دەستنەکەوت کە بە دەروونە گەورەکەی ئەو بشێت.

ئەمە نموونە بوو بۆ مندااڵێك کە خۆی بەدڵ بێت، مندااڵی دایکێك تەنها ئەمی بەدڵ بێت. ئەو ئافرەتانە زۆرن، کە شوویان بە پیاوانێك کردووە، بە شیاوی خۆیانیان نازانن، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ناتەواوییەك لەو پیاوانەدا نییە، بەڵام خانمەکە بەگوێرەی گەورەبوونی خۆیو ئەو ئامانجانەی خەویان پێوەدەبینێتو بەخۆنازینی جوانێکەیدا، وادەزانێت کە پیاوێکی ئاسایی نییەو یان لەسەرووی ئاساییەوە نییە تاکو شیاوی ئەو بێت.

ئەم دایکە هەرچەندە هەژار بووە، بەڵام ئێستا سامانی مێردەکەیو دراوێکی زۆری هەیە، هەرچەندە زۆر جوان نەبوو بەڵام ئێستە شوی بە پیاوێکی زۆر جوان کردووە، هەرچەندە (طبیعة)ی خراپ بووە، بەڵام شوی بە مێردێکی خوڕەوشت جوان کردووە، لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا خۆی بە

لاوە حەیفەو خەساربووەو بەختی نەبووەو قایلنییە بە ژیانی هاوسەری, چونکە وادەزانێت ئەم شیاوی پیاوێکە جۆری ئەم پیاوانە بێت.

هەروەها پیاوانیش لەم جۆرە زۆرن، ئەو پیاوانەن هەر یەکەیان چەند سیفەتێکی لە دەروونی خۆیدا حەشارداوە, لەبەرئەوەی ئافرەتێکی مارەکردووە بەرامبەری نییە, با خەڵکیش رەوشتی بەرزو سامانو شۆخیو جوانیان تێدا بەدیبکەن, ئەم کەسانە بە خۆڕایی باری ژیانی خۆیان تاوانبارەکەن، بەڵام پێویستە لەسەریان پێش هەموو شتێك جارێ تەماشای خۆیان بکەن.

عاشق خۆبوون ئەفسانەیەکی (ئەگریکی)مان دەخاتەوە بیر, ئەویش ئەفسانەی (نێرگز)ە, دەڵێن: ئەم نێرگزە کوڕێکی زۆر جوان بووە, جوانییەکەی گەیشتۆتە رادەیەك هەر کچێ چاوی پێبکەوتایە یەکسەر دڵی تێیدەچوو, لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هیچ گوێی پێنەدەدانو وەکو پیاوێکی شەرەفمەند بەسەر جوانترین شۆخدا با ئەوپەڕی هەوڵیشی بدایە کە سەرنجێك رابکێشێت، تێدەپەڕی، لەگەڵ ئەوەشدا بەهیچ کلۆجێك سۆزی بۆ (ئیکۆ–بوك)ی‌دەریا، کە بریتیبوو لە (دەنگدانەوە– صدی) نەدەجوولا, (بووك)ی دەریاش زۆر داماوبوو, بەڵام چۆن داماوییەك، نامانەوێت بچینە نێو درێژایی ئەم داماوییەوە, بەڵام کورتەکەی ئەوەبوو، لەپشتی دارەکەوە بانگی نێرگزی کرد، بێئەوەی ئەم لەخۆی بگرێت وەڵامیبداتەوە, لەبەرئەوە خەفەتی خواردو لاوازبوو، هەتا دەهات لاوازتردەبوو, دەنگیشی گەورەدەبوو تا وایلێهات نوزەی لێبڕا (دەنگێکی بێ شوێن – دەنگێکی بێ دەنگدانەوە – صوت بلا صدی – ECHO) نەبێت, نێرگز بەم چەشنە بە دڵڕەقی مایەوە, بێ ئەوەی گوێبدات بە عاشقەکانی.

یەکێك لە عاشقەکانی هەستا تۆڵەی لێبکاتەوەو چووە لای خواوەندەکەیو داوایلێکرد, ئەو کەسەی دیکەی خۆشناوێت, با بکەوێتە خۆشەویستی خۆیەوەو عاشقی خۆی بێت, بەم چەشنە نێرگز کەوتە خۆشەویستی خۆیەوە.

رۆژێك لە رۆژان هەستا چوو بۆ سەر دەریاچەکە، بۆئەوەی ئاوبخواتەوە, کاتێ سەری شۆڕکردەوە دیمەنی خۆی لەناو ئاوەکەدا بینی, وتی: ئەمجا دەزانم کە چۆن ئازاری خەڵکیم داوە, لەمەودوا خۆیشم وەك ئەوان ئازاردەکێشم, ئەمەیە جوانییەکەمو هەرچەند دەکەم دەستم پێیناگات, بەڵام چۆن لەم سزایە رزگارم بێت؟ تەنها رێگەی سەربەستی مردنە.

بەردەوام بەسەر ئاوەکەدا خۆی چەماندبووەوەو لە جوانیی خۆی وردەبۆوە, هەتا کەوتە ئاوەکەوەو خنکا, پێش ئەوەی دواهەناسەی دەربچێت, بە وێنەکەی خۆی وت: مااڵ ئاوا, مااڵ ئاوا, ئەوکاتە (ئیگو – دەنگدانەوە) یەکێك بوو لە قوربانییەکان, وتەکەی (مااڵ ئاوا, مااڵ ئاوا)ی دووبارە دەکردەوە. ئەم ئەفسانە ئەگریکییە عاشق بەخۆبوونە حەزلەخۆکردنە, لە زاراوەی دەروونزانی نوێدا ناوی (نێرگزی)یە.

ئەمەیشیان باری دایکێکە هاتبوو سکاڵای لە دواکەوتنی کوڕەکەی لە خوێندن دەکرد, دوای ئەوەی قوتابخانەکەی سکاڵای لە دەستی کوڕەکەی بوو.

منداڵەکەی زیرەك بوو, تەندروستیشی باش بوو, کۆئەندامی هەستیشی تەواوبوو, بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووەشدا لە وانەکانیدا دواکەوتبوو، هەر ئەوەندەی چاوت بە دایکی بکەوتایە، بۆت دەردەکەوت کە هۆی سکاڵاکەو بنچینەی بەڵاکە بێگومان وا لە دایکیدا.

دایکەکە خانمێکی تەمەن بچووک بوو, تا ڕادەیەکی زۆر جوانبوو, هەستیشی بە جوانییەکەی کردبوو, خزمەتیشی دەکردو دەریشی دەخست, بۆئەوەی خەڵکی عەشقیبن حەزی لێبکەن و دانی پێدابنێن و بڵێن: بەڕاستی زۆر جوانە, ئەم خانمە ئەو کەسانەی لەخۆی نزیك دەخستەوە کە بە جوانی و قەدباریکییەکەیدا گۆرانییان هەڵدایە, ئەو کەسانەی لەخۆی دوورەدەخستنەوە, کە نە گوێیان بە جوانییەکەی دەدا, نە قسەیان لەبارەیەوە دەکرد, بەڕاستی زۆر گرنگی بە خۆبۆنخۆشکردن و قژشانەکردن و قژڕەنگکردن و خۆجوانکردن و جل هەڵبژاردن دەدا, بەجۆرێك سەرنجی کەسانی دیکەی ڕادەکێشا, هەر کەسێك کە چاوی پێدەکەوت, یەکەندەردوو بۆیدەردەکەوت کە هەموو ڕۆژێك زیاتر لە چەند کاتژمێرێك لەبەر ئاوێنە ڕادەوەستێت, یان خۆی جواندەکات, یان لە جوانی خۆی وردەدەبێتەوە و گۆرانی پیاداهەڵدەدات.

ئەم خانمە دەستی ناپەرژێتە سەر کوپەکەی و سەر هەموو ئەو شتانەی وان لە دەوری, واش کردەوە لەگەڵ خۆی دەکات, هەر دەڵێیت: کردەوە لەگەڵ جووتەکەسێتی خۆیدا دەکات, کە هەریەکەیان دڵی بەوی کەیاندا چووە. ئەم خانمە تاقە کچی دایك و باوکی بووە, کاتێك باوکی مردووە, ئەم تەمەنی منداڵ بووە, دایکی هەموو سۆزەکەی بەسەر ئەمدا هەڕشتووەو تاقە نازدارەی دایکی بووە, لە ئەنجامی ئەمەیشدا بۆتە تاقە نازدارەی دەروونی خۆیشی.

ئەم خانمە هەستا شوویکرد, بەڵام مێردەکەی مرد, پێش خواستنی لەگەڵ مێردەکەیدا یەکتریان زۆر خۆشدەویست, بەڵام دوای گواستنەوە زۆر رکی لێیدەبۆوە, چونکە بۆیدەرکەوت مێردەکەی لە جوانییەکەی سەری سوڕنامێنێت, ئەم کەسێکی خۆشدەوێت, لە

جوانییەکەی سەری سوڕبمێنێت و هەمیشە باسی لەسەر زوبانی بێت و ببێتە قوربانی دڵ پیاچوونەکەی, لەپێناوی ئەم خۆشەویستیەدا بمرێت، زۆری پێنەچوو کە مێردەکەی مرد، لامولیە لە خەفەتدا مرد.

چەند کەسێک لەوانەی بەبێوەژنی هاتوچۆیان دەکرد، هەستان چوونە خوازبێنی, ئەمیش شووی پێیان نەکرد, چونکە مەبەستی ئەم شووکردن نەبوو, تەنها ئەوەبوو یارەدڵپێکراوە, زامدارە سزاکێشەکانی بەزۆری لە دەوری کۆبنەوە، حەزیشی دەکرد هەر ئازاربکێشن و هەموویان بۆ خزمەتگوزاری ئەو پێشبڕکێبکەن, هەروەکو چۆن پەروانەکان بۆ سوڕانەوەی دەوری چرا پێشبڕکێدەکەن و دوای ئەوەیە کە دەسووتێن، بێئەوەی کە لە روناکیەکەیدا بحەوێنەوە یان گەرمبنەوە.

بەڕاستی هەر کە دڵدارەکانی لەدەوری خۆی دەبینی لەخۆشیدا سەمایدەکرد، لەبەرئەوە خۆی نەیدەپەرژایە سەر کوپرەکەی، بەڵکو دایبووە دەستی نەنکی, ئەویش پێینەدەکرا بەتەواوەتی بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستێت, لەبەرئەوە کوپرە بەبێ چاودێری و بەبێ کەسوکار مایەوە.

ئەمە نموونەیەک بوو بۆ خانمی عاشق بەخۆبوو، خانمی حەزلەخۆکردو وەکو هاوسەرێک سەرناکەوێت, بەڵام لە ڕاکێشانی سەرنجی کەسانی دیکە بۆڵای خۆی, لە کۆکردنەوەی سەرسوڕماوەکانیدا سەردەکەوێت, لە کوشتارنانەوەدا لەنێوان خۆشەویستەکانیدا سەردەکەوێت، تا قوربانیەکانی زۆربن ئەم زیاتر سەمادەکات.

وەکو وتمان عاشق خۆبوون لەنێو پیاوانیشداو ئافرەتانیشداو لە گەورەیش‌و لە بچوکیشدا هەیە, بە چەندەها پلە لە خەڵکیدا هەیە, بە پلەیەکی کەم لە هەموو کەسێکدا هەیە, بە چەندەها پلە لە خەڵکیدا هەیە, بە پلەیەکی کەم لە هەموو کەسێکدا هەیە, بەڵام بە پلەیەکی گەورە لەزۆر کەسدا هەیە, هەرچەند هیچ کەس لەوانە دانی پیادانانێت، لەمەدا زۆرجار دەگاتە نەخشی ژیری بەهەرحاڵ خوا بمانپارێزێت لەگەڵ ئێوەدا لە شەڕو بەڵاکانی.

٣- سایکۆلۆژیای قەڵەوی

منداڵ بۆ ئەوە چاوی بۆ ژیان دەکاتەوە[١٤], لایەنێکی خۆشەویستی‌و لایەنێکی خواردەمەنی دەستکەوێت, کاتێك دایکی دەیگرێتە باوەشییەوە بۆئەوەیە هەست بە گەرمی خۆشەویستی‌و گەرمی سۆزەکەی بکات‌و لەهەمان کاتیشدا تێرێش بخوات. مرۆڤ هەرگیز ئەو تام‌و لەزەتەی لەبیرناچێتەوە کە بەهۆیانەوە پێیگەیشتووە, ئالێرەدا دەتوانین بڵێین: قەڵەوی پەیوەندی بە دەروونەوە هەیە، چونکە تەنها کارکەرە لەشییەکان مرۆڤ قەڵەو ناکات, بەڵکو کارکەرە دەرونییەکانیش بەشداریدەکەن. کارێکی زۆر سەیرە کە قەڵەوی بنچینەیەکی دەروونزانی هەیە، چونکە خەڵکی وا گوماندەبەن کە کارێکەو تەنها پەیوەندی بە خواردن‌و حەوانەوەوە هەیە، یان کارێکی رەچەڵەکییە.

١٤- گۆڤاری (حیاتك), ١٩٦٠, ژمارە (٢٩)

ژیان وای فێرکردووین، هۆی زۆر شت بگێڕینەوە بۆ (بۆماوە)، لەکاتێکدا تەنها (بۆماوە) لێپرسراوی ئەمە نییە، هەر شتێك هۆکەی نادیاربێت‌و بمانەوێت قسەی لێبکەین، هۆکەی دەگێڕینەوە بۆ (بۆماوە)، کاتێکیش لێکۆڵەرەوەکان کە ئەمە دەکەن، وەکو (سیمرخ) وان، سەریان لە خۆڵدا دەشارنەوە، بۆئەوەی راستی نەبینن. ئەوە کارێکی سروشتییە زۆرخواردن‌و حەوانەوەی زۆرو خاووخلیچکی کاردەکەنە سەر قەڵەوبوون، کارێکی سروشتیشە جۆری خواردن‌و خواردنەوەش هەر کاردەکەن، کارێکی ئاشکراشە دەردانی (رژێنەکان– الغدد) بەشداریدەکەن لە جۆرە قەڵەوبونێکدا، بێجگە لەمانەش چەندەها هۆی پزیشکی‌و لەشیی ورد هەن، بەکاردێن بۆ ئەم باسەمان، هەرچەند لەم وتارەماندا باسیان ناکەین، لەبەرئەوەی تایبەتمەندی ئێمە نین، چونکە ئێمە هەوڵدەدەین گۆشەیەکی تاریك لە بابەتەکە رووناك بکەینەوە، کە خەڵکی پشتگوێیان خستووە‌و بیری لێناکەنەوە، ئەو گۆشەیەش دیوی دەروونییە.

بێزاربوون پاڵی پێوەدەنێت بۆ خواردن

با لە تێبینییە ئاساییەکانی رۆژانەمانەوە دەستپێبکەین، وریای ئەوەبین کە (گشتگیریکردن – تعمیم) ترسناکترین کارە لە دەروونزانیدا. لە قوتابخانەیەکی ئامادەییدا قوتابییەکی بچوکمان هەبوو، باوکی زۆر بەپەرۆشەوە پاڵی پێوەدەنا بۆ فێربوون، باوکی رۆشنبیرێکی زانای بەڕێز بوو، بەڵام لەبەرئەوەی گومانی وابوو تەمەنی کورتە، بە هەموو هێزێوە پاڵی بە منداڵەکانییەوە دەنا بۆ فێربوون بۆئەوەی پێش مردنی دڵنیابێت لە پاشەڕۆژیان، چونکە بە شپرزەییەوە پاڵی پێوەدەنان بۆ

خوێندن، پاڵنەرەکە لەنێو سنوری تواناياندا نەبوو، لەبەرئەوە بەرهەڵستییەکی ناوخۆیی لە دەروونی منداڵەکەدا دروستبووبوو, نەیدەزانی راستییەکەی چییە, باوکەکەش نەیدەزانی بەرهەڵستییەکە لەڕاستیدا دژی وانەکەیەو جۆرە بێزاربونێکە لە ژیان, ئەوەندەی پێناچێت کوڕەکەی لە خوێندنەکەیدا خەسارەتمەند دەبێتو لە فێربوونەکەیدا دوادەکەوێت، تووشی خەیاڵپلاوی و جمە کەمی دەبێت.

لەگەڵ ئەمەشدا منداڵەکە بۆئەوەی خۆی بخەڵافێنێت، جارنەجارێك پەلاماری خواردنی دەدا, بەڵێ هەوڵیدەدا لە سێ ژەم زیاتر نان نەخوات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، لەنێوانی ژەمەکاندا دەستبەرێت چکلێتێك یان چەند کڵۆ شەکرێك یان پارووپەك بخوات, ئەوەندەی پێناچێت خواردنی پارووپەك لەوێو خواردنی وشکەمەنییەك لێرەو خواردنی برمەیەك یان پاقلاوەیەك ئەمانە هەموویان کۆدەبنەوەو دەبنە هۆی مرۆشبوونی و کات بەسەربردنی و خۆخەریککردنی، چونکە هەستەکات ژیان لە ماڵدا بێزارییە, دڵتەنگییەو پیاچونەوەی وانەکانە، ئەمەش بە چاوێکی پڕ ترسو بە دڵێکی شپرزەوە داوای ئەمانەی لێدەکەن، گوزەرانی ماڵەوەش مرۆشی ناکاتو بە چاوێکی رەزامەندیشەوە تەماشای ناکەن، پیاچوونەوەی وانەکانیش لە خۆیاندا هەر بێزارییە، ئیتر ئەنجامەکەی چییە؟ ئەنجامەکەی ئەوەیە منداڵەکە خۆی لەبارەی دەروونییەوە ناحەوێتەوەو لەخۆی قایل نییە، لەمەوە حاڵەتێکی پەشێوی دەروونی بۆ دروستدەبێت بۆئەوەی ئەم پەشێوییە لابەرێت، ئەبێت کارێك بکات بەڵام چی بکات باشە؟ خواردن بخوات, بەڵام لە برسا خواردن ناخوات، بەڵکو هەر حەزەکات دەمی بجوڵێت، ئەگەر شتێك لە دەمیدابێتو بیجوێت، ئەوکاتە تەسکینی دێتو

هێندێك له پەشێوییەکەی لادەچێت، لەبەرئەوەی خواردن هۆیەکی باشە بۆ پەشێوی لابردنو مرۆشکارییەکی بەتامە، بەم چەشنە دەبێتە کەمخۆری دایمخۆر.

ئەمە بێجگە لە خواردنی سێ ژەمە, بەم چەشنە ئەو منداڵە ئەوەندە خواردن دەخوات زیاد لە پێویستی لەشی, ئەو کاتە قەڵەودەبێتو کێشی قورسدەبێت، بۆ نموونە کێشی لە (٦٥) کیلۆگرامەوە دەبێتە (٧٥) کیلۆگرام، لەبەرئەوەی (٧٥) کیلۆگرام لە (٦٥) کیلۆگرام زیاترە، پێویستی بە خواردن زیاتر دەبێت، ئا بەم جۆرە (ئاسیاو)ی گڕگڕ بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوەو کێشی بەردەوام زیاتردەبێت، باوکیش دەبینێت کێشی منداڵەکە زیادیکردووەو لە یاریو کۆششیشدا زیاتر خاووخلیچك بووە، دیاردەکانی داماوی بەئاشکرا لەسەر پووی هاواردەکەن, ئەویش دەست بە چارەسەری دەکات, بەڵام چ چارەسەرێك؟! بێئەوەی ئەم کارانە هەموویان پێکەوە ببەستێت باوکەکە جاربەجارێك پەنا بۆ پیاوانی دەروونزانی دەبات, بۆئەوەی ئاڕاستەی بکەنو گوێیان بۆ بگرێتو واز لە منداڵەکە دەهێنێتو ئەوەندە سەر ناخاتە سەری، بە دەروونێکی پڕ لە هاندانو لێ قایلبوون دەورەی دەدا، ئەوکاتە منداڵەکەش یاریدەکاتو بێتاقەتی خۆی دەردەکات، پەشێوییەکەی سوکتردەبێتو خواردنو گەڕان بەشوێن خواردندا کەمدەبێتەوە, ئەو کاتەش کێشی کەمدەبێتەوەو نیشانەکانی بەختیاریو کەیفخۆشی لەسەری دیاریدەدەن. لەنێوان باری دەروونی ئەم منداڵەداو زیادبوونی کێشیدا, پەیوەندییەکی راستی هەیە، دەمەوێت ئەم ئەنجامە بەسەر هەموو کەسێکدا دابڕم، بەڵام ئەوەی ئێمە لەم منداڵەدا تێبینیدەکەین، لەزۆر هەڵوێستی دیکەشدا تێبینیدەکەین.

دەرونبۆشی و ورگبۆشی

بۆ نموونە: تێبینی ئەو ژنە دەکەین کە مێردەکەی وازی لێهێناوە و شوپەکی دیکەی کردۆتەوە، زۆرجار هەست بە بۆشی دەروونی دەکات، ئەوساکە بەچەند رێگەیەکی دەروونی خۆی لە پەشێوییە دەروونییەکەی رزگاردەکات، وەکو جگەرەکێشان، زۆرخواردن.

لێرەدا تێبینی دەمیش دەکەین، وەکو دەست هۆیەکە بۆ لابردنی پەشێوی دەروونی، بۆ ماوەیەکی کاتی، جوولانەوەی دەست لە کاری چنینداو یان لە هەڵمەتی هەڵمەقۆکردن، بە تەزبیح یان بە جگەرە داگیرساندن و نەفەس لێدانیدا، یارمەتی خاڵیکردنەوەی هێندێك وزەی پەشێوی دەروونی دەدات.

هەروەها بەکارهێنانی دەمیش لە قسەکردنی زۆردا یان گەستن و بریندارکردندا یان لە جگەرەکێشاندا یان لە پەنجەکرۆشتندا یارمەتی کەمکردنەوەی هێندێك وزەی پەشێوی دەروونی دەدات، لەبەرئەوە تێبینیدەکەین ئەو ژنەی هەستەکات مێردەکەی خۆشی ناوێت، ئیتر ئەم هەستە بنچینەیەکی راستی هەبێت، یان درۆ، توشی پەشێوی دەروونی دەبێت و دەبێتە هۆی زۆرخواردن، ئەویش دەبێتە هۆی قەڵەوبوون، بەڵام ئەبێت ئەوەش بڵێین: ئەم یاسایە گشتی نییە، چونکە پەشێوی دەروون تەنها بە خواردن لانابرێت، بەچەند رێگایەکی دیکەش لادەبرێت، زۆرخواردن یەکێکە لەو رێگایانە، بەڵام لەبەرئەوەی خواردن بەئاسانی دەستدەکەوێت، خەڵکی زۆرتر پەنای بۆ دەبەن، ئەوەش هەیەو بڵاوە هێندە کەسانێك لەم حاڵەتەدا رەنگیان زەرد دەبێت، کێشیان کەمدەکات.

زۆرکەس لەو پیاوانە دەناسم کە دوای خەڕۆبونێکی زۆر لەگەڵ ژنەکانیاندا، ژنەکانیان مردوون، دوای ئەوە کێشیان زیادیکردووە، زۆر ئافرەتیش دەناسم دوای بەسەربردنی ژیانێکی بەختیاری، مێردەکانیان مردوون، دوای ئەوە کێشیان زیادیکردووە.

زانایەک لە زاناکانی قاهیرە دەناسم ژنێکی هەبوو پلەو پایەیەکی زۆر گەورەی هەبوو، ژنەکەی مرد دوای ئەوە کاتی بۆشایی خۆی بە جگەرەکێشانو مەینۆشین بەسەردەبرد، لەگەڵ ئەوەشدا لەوەوپێش نە جگەرەکێش بوو نە مەینۆش بوو، تەنها یاری تێنسی دەزانی، ئەم کابرایە پەنایبردە بەر زۆرخواردن، چەند ساڵێک بەم چەشنە مایەوە، تا ژنێکی دیکەی خواست، بەڵام نەگونجانو وازیلێهێناو گەڕایەوە سەر خووە تازەکانی جارانی، بەڵام کەم کەمیش دەیخوێندەوە.

سەبارەت بەمە، خاڵێکی دەروونی گرنگ هەیە، دووبارەی دەکەمەوەو دەیخەمە سەر ئەو خاڵەی لەوەپێش، هەروەکو چۆن خواردنو گەزتنو جووینو قوتدان، هێندێک پەشێوی دەروونی لادەبات، ئاوەهاش شتێکی هەرە گرنگی دیکەش لادەبات، ئەویش ئەوەیە کاتی بۆشاییش پردەکاتەوە، چونکە مرۆڤ لەکاتی وەڕسبووندا هەست بە بۆشاییەک دەکاتو دەیەوێت بەخواردن لەبری کارکردن پڕببکاتەوە، چونکە لەڕاستیدا ئەو هەوڵدەدات ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە دەروونی خۆیدا هەستیپێدەکات، ئەڵێی برا لە سکیدایە، بۆشایی سکی بە خواردنو خواردنەوە پردەکاتەوە، ئەوەندە دەخوات، هەتاکو هەستدەکات خواردن لە گەدەیدا بەستراوەتەوەو پاڵی بە دیواری گەدەیدا ناوە، ئەمجا هەست بە پڕبوونی دەکات.

بەڵام ئەوەندەی پێناچێت دووبارە وەڕسدەبێتەوەو هەست بە بۆشاییەکی دەروونی دەکاتو پەلامارەدەداتو فنجانێك قاوە هەڵدەقوڕێنێت, دوای ئەوەش جگەرەیەکیشی بۆ دادەگیرسێنێت, دوای ئەوە شتێکی سێیەمو هەروەها شتێکی چوارەمو دوای ئەوەش لەوانەیە بچێت بۆ سینەما یان بچێت بنوێت. ئەوە سەیرە ئەم کابرایە کە دەستیکرد بە خواردن بەئاسانی دەستی لێهەڵناگرێت، بەڵکو حەزدەکات بەردەوام دەمی تێژەنێت, ئەوەی کە (بوصیری)[١٥] وتویەتی: خواردن ئارەزووی زۆرخۆر زیاتردەکاتەوە, راستە.

لەزەتی خواردنو لەزەتی کارکردن

لەڕاستیدا کاتێك کە قوتابی بووم تێبینی خۆم دەکرد رۆژانی پشوو، لە رۆژانی کارکردن زیاترم دەخواردو لە کارکردن زیاتر لەزەتم دەچەشت, لەکاتێکدا کار تەواوبوایە، هێندێ جار خۆم بە خواردنەوەوە خەریکدەکرد، چونکە ئەوکاتە زیاتر هەستم بە برسێتی دەکرد، ئێستە لەوە دڵنیام ئەگەر کارم هەبوایەو مرۆش بومایە کەمتر هەستم بە برسێتی دەکرد، چونکە هەستکردن بە برسێتی شتێکی رووتی سەربەخۆ نییە, بەڵکو کارێکی (رێژەیی–نسبي)یە، ئەمە باسێکە دۆخی وەکو: دۆخی هەموو شتێك وایە, ئەمە پێویستی بە راڤەیەکی زۆرو باسێکی درێژ هەیە, چوونە ناوێوە کارێکی ئاسان نییە.

١٥- البوصيري (شرف الدين) (١٢١٣-١٢٩٥), ولد في بصير, شاعر عربي بربري الاصل، محدث, خطاط ماهر, له قصيدة (البردة). (وەرگێڕ)

ئەڵێم: ئەوەی لەبارەی خۆمەوە تێبینیمکرد، لەبارەی چەند خزمێکیشمەوە دووبارە تێبینیمدەکرد، یەکێك لە خانمەکانی خزمم چەند کاتێك بەخۆشی و بەختیارییەوە دەباتەسەر, دوای ئەوەش چەند کاتێکی دیکە بە خەمو پەژارەو پەشێوی و خەیاڵ پڕۆیشتنەوە دەباتەسەر, تێبینیمدەکرد لەماوەی یەکەمدا کێشی کەمیکردو لەماوەی دووەمدا کێشی زیادیکرد، ئەوە سەیرە ئەوانەی زۆرخۆرن و زۆر دەخۆنەوە، خواردن دووبارەدەکەنەوە, لەگەڵ ئەوەشدا وادەزانن هەر لە خۆیانەوە کێشیان زیاددەکات.

جارێکیان لە ماڵی ئافرەتێکی تەمەن بچوکی دیمەن جوانی قەڵەو بانگکراین بۆ نانخواردنی شێوان، بە ژنەکەی خۆم وت:

- ئەم ژنە چەند گوناهە, چونکە قەڵەوە!
- ژنەکەم وتی: لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەمخۆرە،
- لێم پرسی: کێ پێی وتیت ئەمە کەمخۆرە.
- وتی: لە خۆیم بیستووە.

لەدڵی خۆمدا وتم: بابزانم لە ئاهەنگەکەدا چی روودەدات، سەرنجی ئەدەمێ بێئەوەی هەستپێبکات, کاتێك ئێوارە چووینە ماڵەکەی تەماشامکرد چەند خوانێکی گەورەگەورە بەسەر چەند مێزێکی گەورەدا راخرابوو بە چەندەها خواردەمەنی جۆراوجۆر کە لە ژیانمدا وێنەی هەندێکیانم نەدیبوو، رازانرابوۆوە, لەکاتی خواردنەکەدا دانەنیشتین دەمانویست بەسەرەوە بگەڕێین و بسوڕێینەوە.

لە پشتی خانمەکەوە وەستام, تەماشامکرد بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر پارو پارو هەڵدەداتە بۆشایی قوڕگییەوەو قوتیدەدات, هەروا پلەگۆشت بوو بێئەوەی دانی پێدابنێ و بیجوێت یەکەندەردو

دەگەیشتە نێو گەدەی، چەند خولەکێك بەردەوام بوو لەسەر خواردن، بێگومان لەم ماوە کورتەدا بەئەندازەی ماوەی کاتژمێرێکی کەسێکی ئاسایی خواردنی ماشییەوە, دوای ئەوە بەبێدەنگییەوە بۆ خۆیشی و بۆ کەسانی دیکەش خۆی وادەردەخست هیچ ناخوات.

بە دەگمەن کەسێك دەبینین زۆر بخوات و زۆر بخواتەوە، دانی پێدابنێت. هەرچەند لە ژیانی ئەم خانمەم بە وردی نەکۆڵیوەتەوە بەڵام بۆم دەرکەوتووە, لە ژیانی ئێستەی و دواڕۆژیشدا بۆشاییەکی دەروونی هەیە، ئەویش دەیەوێت بە خواردن پڕیبکاتەوە.

ئێمە خۆمان دەزانین چۆن مرۆڤی وەرس ناوکە (چەرەس) دەقرتێنێت، زۆر مالّی کەسانێکی قەڵەو هەن بێ کیسەی ناوکەو چەرەس نین، هەروەها کچی بەژنرێك کاتێك کە چووە ناو سالّەوەو مێردی نەکردو نیزیك بوو هیوا ببڕێت، قەڵەو دەبێت, لەبەرئەوەی خۆی بە خواردنەوە خەریکدەکات, ئەوەش بەڵگەیەکە کە هەست بە بۆشاییەکی دەروونی دەکات.

ئەمجارەش ئەوە دووپاتدەکەمەوە, کە ئەمە ڕێسایەکی گشتی نییە, بەڵکو چەند بارێکە نیشانیان دەدەم، جۆرێکە لە هەوڵدان بۆ زانینی هۆی قەڵەوی. هەروەها دەبینین ئەو پیاوەی کە کاردەکاتو هەوڵدەداتو سامانێکی زۆر پێکەوە دەنێت، کەسانێك لە دەوروپشتی کۆدەبنەوەو خزمەتیدەکەن, بەرژەوەندی بەڕێوەدەبەن، لە ماندوبوون دەیحەوێننەوە، هێندەی پێناچێت هەست بە بۆشاییەك دەکاتو زۆر جار هەوڵدەدات بە خواردنو خواردنەوە پڕیبکاتەوە، لەبەرئەوەی لەمەدا بەردەوامدەبێت هەتاوەکو دێت قەڵەودەبێت، ئەو کاتەش دڵی

ناتوانێت فرمانەکەی خۆی ئەنجامبدات, دوای ئەوەی کە لەشی کەتەبوو لەشیشی لەکیسدەچێت.

هەروەها ئەو موچەخۆرەی پایەیەکی گەورە لە کارەکەیدا وەردەگرێت، خەڵکی هەموو پێشبڕکێ دەکەن، کاغەزەکانی بۆ کۆکەنەوەو بۆی هەڵگرنو پێویستییەکانی بۆ جێبەجێبکەن, ئەم فەرمانبەرە ئەوەندەی پێناچێتو ناتوانێت بەڕێوەبڕوات چونکە (ڕۆیندە – ئۆتۆمبێل) هەمیشە وا بەشوێنییەوەو ناتوانێت جانتاکەی خۆی هەڵگرێت، چونکە خەڵکی دوایدەکەونو بۆ ڕیایی و ماستاوکردن، خۆبردنەپێشەوە لەباتی ئەو جانتا هەڵدەگرن.

ئەگەر پێنوسەکەی لەدەست بکەوێتە خوارەوە لەباتی ئەو چەند کەسێك پەلاماریدەدەن بۆی هەڵدەگرنەوەو دەیدەنەوە دەستی, ئەم کابرایە هیچ ڕێناکات، شت هەڵناگرێت، هیچ دانانەوێتەوە، پێچناکاتەوە لەزەت لە جێبەجێکردنی ئەم پێویستییانە وەرناگرێت, بەمانەوەی لە چەند هۆیەکی دیکەوە بۆشایی لە ژیاندا دروستدەبێت، زۆری بۆ دێت بە چەند هۆیەك پڕیبکاتەوە، یەکێك لەو هۆیانە خواردنە. ئەو کتێبانەی بۆ ئەم مرۆڤە قەڵەوانە نوسراون ئامۆژگارییان دەکەن بۆئەوەی لاوازبنو قەڵەوییەکەیان نەمێنێت دەڵێن:

ئەم قەڵەوانە نابێت لەکاتی خواردندا خەیاڵیان بڕوات, نابێت لەنێوان نیمەڕۆژەو بەیانی و شێواندا، چێشتەڕۆژەو عەسرەڕۆژە بکەن، نابێت چەرەس بستەو چکلێت بخۆن، دەبێت چەوری و نەشا لەخۆیان قەدەغەبکەن، پێویستە ڕێچکەیەك بەپێی ئەو تاوزانەی لە هەر ژەمێکدا هەیە بۆ خۆیان دابنێنو لەسەری بڕۆن.

گرنگترین ئەم ئامۆژگارییانە ئەوەبوو, کە نابێت لەکاتی نانخواردندا مرۆڤ قەڵەوەکە خەیاڵی بڕوات، بەڕاستی ئەمەش کارێکە لەژێر (خۆویستی) ئەم جۆرە کەسانە دەردەچێتەدەرەوە، لەو کارانەشە پێویستیان لە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونی‌و چارەسەرێکی دەروونی قوڵ هەیە، ئەو ئامۆژگارییانەی کە ناتوانین دەستیان لێبکێشینەوە گەلێک زۆرن.

بەخۆڕایی بۆماوە تاوانبارەکەین

دوا وشەی من کە حەزدەکەم بۆتان هەواڵەکەم، پەیوەندی بە بۆماوەوەهەیە، منیش‌لەسەر تێبینییەکانی خۆم دایدەڕێژم، ئەمەیە:

هێندێک خێزان هەن، جۆرە خوویەکیان گرتووەو کردویانە بە نەریتی خۆیان, وەکو: ئەوەی گرنگییەکی زۆر بە خواردن‌و ئامادەکردن‌و دانانی دەدەن، بەپێویستیشی دەزانن هەموو خوانێک شیرەمەنی‌و چەورییەمەنی تێدا هەبێت, بەپێویستی دەزانن لە ئاهەنگ‌و شاییەکانیاندا هەموو جۆرە خواردەمەنییەکی تێدا هەبێت، هەموو ئارەزوکەرەوەیەکی خواردن, وەکو: ترشیات، (شۆرکراو)ی تێداهەبێت.

ئەندامەکانی ئەم جۆرە خێزانانە دەیانبینین زۆربەیان قەڵەون، لە نموونەی ئەم حاڵەتانەوە بۆمان دەردەکەوێت (بۆماوە) بێتاوانە، بەڵکو تاوانی ئەم قەڵەویە دەکەوێتە سەر تەنها ژینگە خۆی, کورتەی ئەوەی کە پێشکەشمانکردن ئەوەیە کە گرنگترینی کارکەرانی قەڵەونەبوون، هەوڵدانی لابردنی پەشێوییەو پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە دەرونییەی کە لەبێبەری بوونیەوە دروستبووەو بەخواردن‌و خواردنەوە پڕدەکرێتەوە.

بۆ رزگاربون لە کارکەرانی قەڵەوی‌و هەڵکەندنیان لە رەگ‌و ڕیشە, پێویستە پڕکردنەوەی (بۆشایی) بەڕێگەیەکی ڕاست بێت، پانۆڵەیی هەرچەند ئەنجامی، چەند پێشەکییەکی دەروونییە، بەڵام ئەویش بەلایەن خۆیەوە پێشەکییە بۆ چەند ئەنجامێکی دەروونی دیکە، چارەسەریشی لەسەر چەند بناغەیەکی دەروونی دادەمەزرێت, چەند ئەنجامێکی دەروونی جوانیشی دەبێت، هەروەکو چۆن پەیوەندیەکی ڕاستی هەیە بە تەمەن درێژبونەوە.

٤- سایکۆلۆژیای گریان

بۆ بیست ساڵ دەبێت خانمێك دەناسم کوڕێکی تاقانەی هەبوو مرد، خەفەتێکی یەکجار زۆری بۆ خواردو، تا ئەمڕۆش جلی ڕەشی دانەکەندووە, ئەوەندە خەفەتی بۆ خواردووە، دەموچاوی دیمەنێکی تایبەتی لێنیشتووە, ڕەفتارەکانی دەقی کۆمەڵێکی خەفەتاوی بەستووە کە لە دوورەوە دەجوڵێتەوە، دەبینیت خانمێکی دەموچاو خەماوی دەجوڵێتەوە، لەکاتێکدا پێیبگەیت‌و چاوت بە چاوی بکەوێت، مرۆڤ خۆی پێناگیرێت، بە دەنگێکی پڕ لە سۆزو بەزەییەوە ئەحوالّی دەپرسێت، ئەویش لەگەڵ وەڵامەکەیدا فرمێسك بە چاوەکانیدا دەڕژێتە خوارەوە, جاری وا هەیە دەتهێنێتە گریان, لەوانەیە ئەمە بۆ زۆر کەسمان فرەبارە بێتەوە، گریان تاقیکردنەوەیەکە بەهەموو یەکێکدا تێپەڕدەبێت، جارجار گەورە دەگری بچوك زۆرجار دەگری, ئافرەت لە پیاو زیاتر دەگری, پیاویش هەر دەگری, زۆر کەس هەن لە کەسانی دیکە زیاتر دەگرین، زۆری تریش هەن لە کەسانی دیکە خێراتر دەگرین, کەسانی دیکە هەن کە توانایان هەیە، کەی پێویستیکرد

بگرین، کەسی واش هەیە بە دەستی ئەنقەست دەگری, کەسی وا هەیە دەگری بۆئەوەی کەسانی دیکە بهێنێتە گریان.

گریان چەند شێوەو چەند جۆرو چەند پلەو فرمانێکی هەیە، هیچ گومان نییە لەوەدا کە گریان سەرنجی لێکۆڵەرەوە زۆر رادەکێشێت، بەڵام پیرکەرەوەکان زۆر جار لە خۆیان قەدەغەدەکەن کە قسەی تێدابکەن، لەبەرئەوە نییە کە بابەتێکی نادیارە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە بابەتێکی پڕ ئەندێشەیە.

ئێمە خۆمان لە دەروونزانییەوە دەزانین کە مرۆڤ هەر لە خۆیەوە (بێئەوەی مەبەستی بێت) لە بابەتی ئازاراوی دووردەکەوێتەوە نە نوسەرەکان لەبارەی گریانەوە دەنوسن، نەخوێندەوارەکانیش رووەدەکەنە سەر خوێندنەوەی بابەتی گریان, لەگەڵ ئەوەشدا من خوێنەران بانگدەکەم بۆ ئەوەی ئەم (وتارە) بخوێننەوە, چونکە زانستی لەبارەیەوە شتێکە دەبێتە هۆی گرتنیو بەئارەزوو هەڵسوڕاندنیو دەستبەسەراگرتنی, مانای وانییە من دەستێکی بالام هەیە لەم بابەتەدا، بەڵکو پێویستە دانبەوەدا بنێم زانینم لەم بابەتەدا کەمە, وەکو زانینم لە هەر بابەتێکی دیکەدا ناتەواوە سنوری هەیە.

راستییەکەی مەبەست لە گریان هاوارکردنە, ئەو منداڵەی کاتێك دەگریو دەتگبەرزدەکاتەوە, دەزوڕێنێتو هاواردەکات، بۆئەوەیە سۆزی دایکایەتی لە دایکیدا بجوڵێنێتو ئەویش پەلامارییدات و هەڵیبگرێتو بیپارێزێت.

یەکێك لە دەروونزانەکان دەڵێت: دەنگی زۆڕەی منداڵ، دڵی دایکی دەکاتەوەو یەکێکە لە پێداوەکانی خواوەند بە ئێمە، واتای وایە: خوداوەند وای دروستکردوین بتوانین بگرین بۆئەوەی بۆ پارێزگاریو

وریایی خۆمان بکەین‌و سۆز بەدەستبهێنین، چەندەها جار بە چاوی خۆمان بینیومانە منداڵی سێ ساڵان کە دایکی دیاربێت, ئەمجا زیاتر دەگری وەک لەوەی دیارنەبێت، یان لەگەڵ کەسێکدا بێت گوێی نەداتێ, زۆر منداڵ دەبینین بێدەنگن, بەڵام هەر کە دایکیان دەرکەوت دەستبەجێ دەستدەکەن بە گریان.

واتای وایە: گریان فرمانێکی هەیە، ئەگەر پەیوەندی ئەوو فرمانەکەی بڕا ئەوە گریانەکەشی دەبڕێت. جارێکیان منداڵێك لەبەرچاوی ئەندامانی خێزانەکەی دەستیکرد بە گریان، منیش هەستام بردم بۆ ژوورێکی چۆڵ، لەوێ پێموووت: بۆخۆت ئالێرەدا بگری، چ کاتێك ژێربوویتەوە ئینجا وەرەوە بۆ ناومان, تا ژێرنەبیتەوە نابێت بێیتەوە، ئەوکاتە بۆ خۆی بێدەنگ بوو.

مەبەست لە گریان جوڵانەوەی کەسانێکە کە گوێیان لێیەتی، کاتێك کەس دیارنەبێت گریان فرمانی نامێنێت‌و وندەبێت، یەکێك لە ڕێساکان ئەوەیە، کەی منداڵی گرینۆك دەستیکرد بە گریان, کارێکی وای لەگەڵ بکە فرمانەکەی لەکیس بچێت، کە ئەوەت کرد گریانەکەش نامێنێت, ڕێساکەش هەرچەندە لە داڕشتنەکەیدا ئاسانە, بەڵام پێویستی بە لێزانی‌و کارامەیی هەیە لەکاتی جێبەجێکردنیدا.

بەڵام بۆچی گەورە دەگری؟

گریان لای گەورە گەڕانەوەیە بۆ منداڵی, منداڵی پێویستی بە پارێزگاری هەیە، مانای وایە گریان گەڕانەوەیە بۆ ئەو قۆناغەی پێویستی بە پارێزگاری هەیە. لەکاتی نائومێدیو گیروگرفتدا گریان بەرپادەبێت، بەڵام کاتەکانی بێهێزی زیاتر هانی گریان دەدەن, گومان نییە لەوەدا ئەو شارەزاییانەی بە خوێنەردا تێپەڕبوون, بە منیشدا تێپەڕبوون.

کابرایەکم دەناسی بەشێوەیەکی ئاسایی وەکو من بزانم نەدەگریا، بەڵام نەخۆشییەکی زۆر قورسی گرتو لە جێگەدا خستی, هەرچەند یەکێك بوو لە پێشەوا وەرزشییەکان, بەڵام دروستی زۆر خراپ بوو، ئەوەندە لاوازبوو وەکو منداڵ، بۆئەوەی پێویستییە بایلۆجییەکانی جێبەجێبکات، پێویستی بە کەسانی دیکە هەبوو, لەم کاتەدا چوومە دیدەنی، هەر ئەوەندە چاوی بە من کەوت چاوەکانی پڕبوون، گلێنەکانی نوقمبووون و فرمێسك بەچاویدا دەهاتە خوارەوە، ئەوەندە کاریتێکردم منیشی هێنایە گریان.

دوای ئەوە گەڕامەوە لەنهێنی ئەم گریانە زۆر بیرمکردەوە, ئەوسا تێگەیشتم، کە چاوی بە من کەوت هێزو دروستیەکەی جارانی بیرکەوتەوە, خۆی بەلاوە حەیف بوو, لەوانەشە هەستی بە نائومێدی کردبێت، چونکە بەرەو چارەنوسی دوای خۆی دەڕۆیشت، ئەو چارەنووسە نە چارەسازی دەیگێڕێتەوە نە هاوڕێ بەریدەگرێت, نە منداڵەکانی رزگاریدەکەن, ئەمجا بۆ رژاندنی سۆزی خوداوەند, بەسەریدا دەگریا.

وەکو وتمان لەڕاستیدا گریان هاوارە, ئەمە کارتێکردنی دەروونییە لە دەروونداا، یان وەکو چۆن بە شێوازێکی جڵفە یەکێك ئاوەهای لێبێت بەخۆی دەڵێت: (حەیف بۆ خۆم).

دایکێك دەناسم هەمیشە دڵی لای منداڵەکانیەتی، شپرزەیە بۆیانو لە هەموو شتێك دووریاندەخاتەوە، یەکێك لە رێسا ئاشکراکانی دەروونزانی ئەوەیە: کەسی دڵەڕاوکێدار بەشێوەیەکی ئاسایی بێئەوەی خۆی پێبزانێت، دڵەڕاوکێکەی لە کەسانی دیکە کاردەکاتو تووشی دڵەڕاوکێیان دەکاتو لە ترسێکی بەردەوامدا دەژین، ئەم دایکە کاتێك کە کوڕەکەی بەلایەوە دانیشێت, ئەم بەردەوام بیریلێدەکاتەوەو چاوی تێدەبڕێت، بۆئەوەی هۆیەك دروستبکات، بۆ سکاڵاکەی لەبەرئەوە دڵگراندەبێتو دوای ئەوەش کوڕەکەی بۆی دڵگراندەبێتو چاوی پڕدەبێت لە ئاو، ئەوەندەی پێناچێت ئەمیش چاوی ئاودەکاتو هەردووکیان دەستدەکەن بە گریان، ئەمجا یەك بۆ یەك زیاتر دەگرینو دەبێتە شیوەنو رۆڕۆیەکی بەهێزو تاڵ، بەبێئەوەی هۆیەکی راستەقینەی هەبێت، هەر ئاوەهاش دایکەکە کردەوەی لەگەڵ کوڕەکەیدا دەکرد، بە شیرەخۆری، ئەترسا نەخۆشکەوێت, ئەترسا بمرێت, لە سێبەری ترسدا کوڕەکەی بەلاوە (حەیف بوو).

ئالەمەوە کوڕێکی هەستیاری دڵناسکی گرینۆکمان بۆ پەروەردەبوو. ئەمە حاڵەتی چەند حاڵەتێکی نەخۆشی هەر لە خۆوەیە، دەگمەنیش نین.

گریان و بێهێزی دوو هەستی هاوڵفن

کچێك دەناسم شانازی بە خۆیەوە, بە ژیرییەوە, بە جوانییەوە دەکرد، بەڵام چۆن شانازییەك! ئەم کچە زۆر خۆشەویست بوو لای باوك و دایکی، زۆر پارێزگارییاندەکرد و ڕێزیاندەگرت، ئەم کچە چارەنووس وایکرد شووبکات بە یەکێك لە خزمەکانی, لەڕاستیدا پیاوێکی چاك بوو، بەڵام ئەم لەناخی دەروونی خۆیدا هەستیدەکرد کە شوی بە کەسێك نەکردووە بەدڵی خۆی بێت, ئەمەش لەبەرئەوە نەبوو کەسێکی تایبەتی لە ژیانیدا هەبێت, بەڵکو لەبەرئەوە بوو ئەو ڕێزو پایەیەی کە لە منداڵیدا پێیدرابوو، وایلێکردبوو کە وابزانێت ئەو کەسەی شایانی ئەم بێت هێشتا تووشی نەبووە.

لە ژیانی هاوسەریدا وادیاربوو کە بە مێردەکەی و بەو کوڕو کچانەی بوویەتی قایلە, بەڵام هەمیشە هەستیدەکرد کە ستەملێکراوو مافخوراوە, تووشی ئەو سامانە نەبووە کە شایانی بێت.

ئەگەر لە ژیانی (نەستی) قوڵی ئەم ئافرەتە بکۆڵینەوە، دەبینین شوکردنەکەیشی و چوارمندانڵ بونەکەیشی بەشێوەیەکی بەرەودوام، هەموویان تەگەرەبوون لە ڕێگەی خوێندن و تەواوکردنەکەیداو ئەو هیوایەی کە خۆی بە خەیاڵ بۆ خۆی نەخشەی بۆ کێشابوو.

ئەم ئافرەتە لە پەروەردەی یەکەمیدا بەنازو ڕێز ئاگادارییەکی دڵەڕاوکێدارەوە دەورەدرابوو، بە هەستیاری بەرامبەر ئەو شتەی کە لە ژیانیدا ڕووەدات گەورەبوبوو, ئەگەر گوزەران بەگوێرەی هەستی ئەو نەبوایە, دەستیدەکردە گریان، ئەگەر کوڕەکەی نەخۆشبکەوتایە دەستیدەکردە گریانێکی زۆر, ئەگەر شتێکی لێ ونبوایە تاوانی بەختی ڕەشی خۆی دەگرت، ئەگەر خۆی نەخۆشبکەوتایە تاوانی چاوی پیسی

دەگرت, لە هەموو حاڵەتەکاندا فرمێسک خوێخوڕ بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە, بەم چەشنە گریان بوو بە رواڵەتێکی نەخۆشی نائاسایی و لە فرمانە سروشتییەکانی خۆی تێپەڕبوو.

دایکێك دەناسم کوڕێکی تاقانەی هەیە، داوێتی بە دایەنێك هۆگری بووە, بەهیچ کلۆجێك لێیناببێتەوە, رۆژێکیان دایەنەکە دیارنەبوو کوڕەکەی دەستیکرد بە وڕکگرتن و زۆر گریا, دایکەکەی فێڵ نەما بەکارینەهێنێت بۆئەوەی ژیریبکاتەوە, بەڵام هیچیان کەڵکی نەبوو، هیچ چارێ نەما دەستیکرد بە گریان، مانای وایە هەردوکیان دەستیانکرد بە گریان, منداڵەکە لەبەر دوو (هۆ) گریا، یەکێکیان راستییە ئەویش دیارنەمانی دایەنەکەیە، ئەویتریان کاتییە, ئەویش گریانی دایکەکەیەتی بۆئەوەی زاڵبێت بەسەر دەوروبەریدا.

دایکەکەش لەبەر دوو (هۆ) گریا یەکێکیان ئەوەبوو (خۆی بەلایەوە حەیف) بوو, کەوا بێدەسەلاتە و دەستەوئەژنۆ دانیشتووە بەرامبەر ئەم هەڵوێستە.

گریانی کوڕەکە لەبەر ئازارو بێدەستەلاتییە, یان بە دەستی ئەنقەستە، گریانی دایکەکە بێدەستەلاتی و سەرنەکەوتن و لاوازی و خەفەت لەخۆخواردنە.

گریانی کەسێك لەکاتی مردنی خۆشەویستێکدا لاوازی و نائومێدییە، ماناکەی بێدەستەلاتییە بەرامبەر گۆڕینی هەڵوێستەکە، مەبەستی نەستیشی سۆزڕاکێشانە. ئێمە دەزانین خزمی مردووەکە هەرچەند خەفەتبارە، بەڵام ئەگەر هەر خۆی بێت ناگری, ئەگەر بە خزمێکی بگات, یان بە بێگانەیەك دەستدەکاتە گریان، گریانەکە لە بینینەکەدا رووەدات, وەڵامی بەیەکگەیشتنەکە دەداتەوە.

زۆر کەس هەن رووداوەکە بە ئاسایی وەردەگرن و قبوڵیشیدەکەن, پێشی قایلدەبن, ئەوانە زۆر جار ناگرین, چونکە بەهێزن، گریان و هەست بە بێدەسەڵاتی، هاولفن، ئیتر هەست بە بێدەستەڵاتییەکە نەخۆشی بێت، یان مردنی خۆشەویستێك بێت, یان گیروگرفت بێت، یان نائومێدی، یان زیانکردن بێت، یان هەر شتێکی تر بێت.

هۆیەك بۆ بارسوکی دەروون

ئەوانەی کە زۆر دەگرین، بەشێوەیەکی ئاسایی دەموچاویان جۆرە دەربڕینێك دەگرێت و واش دەردەخات کە هەمیشە ئامادەیە بۆ گریان, لە رەفتارکردنیدا وادەردەکەوێت کە بەو بەشەی هەیانە قایلنین.
ئێمە لە کاتێکدا بمانەوێت باسی کەسێکی بێبەخت بکەین، بەشێوەیەك باسیدەکەین بڕێك لە قسەکانمان لە گریان و بەرەنوسکدانە, چونکە دەڵێن (گریانم دێت بۆ بێبەختی فیسارەکەس).

لاوێکی تەڕپۆش دەناسم هەمیشە هەوڵدەدات قسە لەگەڵ کچاندا بکات، ئەگەر یەکێکیان رووی لێوەرچەرخان ئەم دەستدەکات بە گریان، چونکە تێدەگات ئەمە مانای وایە بە ئێسك قورسی دادەنێت، ئەمیش خۆی بەلاوە حەیفەو یازوخ بۆ خۆی، وای بەسەردێت ناچار دەستدەکات بە گریان, هەر ئەم لاوە ناتوانێت هیچ جۆرە نائومێدییەك هەڵگرێت, لەبەرئەوە هەر کە زانی نائومێدی پەیدادەکات پێش ئەوەی توشی بێت دەستدەکات بە گریان.

لاوێکی دیکە هەیە هەر لە منداڵییەوە باوکی فوێتێدەکرد، دەیووت: پیاوەو مانای گریان نازانێت, گریان پیشەی منداڵەو پیشەی پیاو نییە، کاتێك کە گەورەبوو ڕاهات لەسەرئەوەی هەستی خۆی هاشاردات,

لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی، ئەوکاتەی تووشی تەنگەتاوییەکی دەروونی و جۆرە دڵتەنگییەك دەبوو، کاتێك کە لەگەڵی دادەنیشتم هەوڵمدەدا بیکەمە گری، لەبەرئەوەی دەمزانی گریان جۆرە بەتاڵکردنەوەیەکە بۆ پاڵەپەستۆی دەروونی، چونکە کە دەگریا باری سوك دەبوو تەسکینی دەهات و دەحەوایەوە.

لەم ڕووەوە ئەمە شیاوی ئەوەیە سوپاسی میسرییە فرعەونییەکان بکەین، چونکە لەکاتی مردنی کەسێکدا (پرسە)یان بۆ داناوە، لە پرسەکەدا خەڵکی کۆدەبوونەوەو دەگریانو یەکتریان دەخستە گریان. بەم چەشنە پرسە هەڵێکی باشە بۆ دەرکردنی وزەکانی هەڵچوونی لای زۆر کەس، ئەوەی لە میسر پێیدەڵێن (پرسە) لە سۆدان پێیدەڵێن گریان.

نهێنی سەرنجڕاکێشانی دراما

بەبۆنەی باسکردنی مەیتەوە ئەو پرسەدانانەی کە سودانییەکان ناویان ناوە (گریان)[١٦] ئەو گریانە مردووەکانی خۆمانمان بیردەخاتەوە، چونکە ئێمەش لەوکاتەدا پڕ قوڕگمان دەبێت لە گریان، زۆر جاریش دەستدەکەینە گریان، لەبەرئەوەی خەڵکی کۆدەبنەوە، مردومردنەکە، دەگۆڕێتو دەبێتە شیوەنو گریانو لاواندنەوە، هەرچەند لەڕاستیدا هەر کەس بۆ حاڵی خۆی دەگریو کوێرەوەری خۆی دەلاوێنێتەوە.

زۆر کەس هەن ناوێرن بچنە (سینەما) ڕۆمانێکی درامی خەفەتاوی تەماشابکەن، نەوەك ئەوانیش دەستبکەنە گریان، لەگەڵ ئەوەشدا بچنو

١٦- لە کوردستانی ئێمە بە پرسەی ژنان دەوترێت (شیومن)، چونکە پیاوان شیومن ناکەنو مردو ناڵاوێنەوە. (وەرگێڕ)

بگرین باشتره، لەوانەیە نهێنی نەمری‌و ڕەواجی ڕۆمانی خەفەتاوی ئەمە بێت, چونکە خەڵکی دەبزوێنێت‌و هەستیان دەجوڵێنێت‌و بەرەنیسکیان پێدەدات‌و دەیانخاتە گریان‌و فرمێسکیان پێهەڵدەڕێژێت‌و بەمە تەسکینیان دەدات.

هەرچەند دراما لە ڕواڵەتدا پڕە لە ئێش‌و ئازار, بەڵام ئەویش بەشی خۆی خۆشیش‌و چارەسەریشی تێدا هەیە. پێویستە لەسەرمان ئەوە بڵێین: ئەگەر بوونەوەری زیندەوەر، تەگەرەیەك لە ڕێگەیدا وەستا, ئەو ناوەستێت تاوەکو ڕاینەماڵێت‌و نەیشکێنێت‌و بەسەریدا سەرنەکەوێت.، ئەگەر هات‌و تەگەرەکان زۆربوون یان بەهێزبوون ئارەزووی ئەوە دەکات لێیان ڕزگاربێت‌ولەدەستیان ڕابکات، ئەگەر هەر زۆربون‌و زیاتر بەهێزبوون, نەیدەتوانی بەسەریاندا سەرکەوێت، ئەوکاتە حەزدەکات بزیڕێنێت‌و هاوارکات، لەوانەشە ئەم حەزەی بەدیبهێنێت, بەڕاستی دەروونزانی ئەم جۆرە هەڵوێستانەی خستۆتە ژێر تاقیکردنەوەیەکی وردەوە بۆیدەرکەوتووە کە تووڕەبوون دوای ئەوە ترس، دوای ئەوە هاوارکردن، ئەمانە واتای خۆیان هەیە لەم وتارەماندا.

گریان لە منداڵیداو لە گەورەییدا، کارێکی ئاساییە‌و کەڵکێکی گەورەی هەیە‌و فرمانێکی خۆی هەیە, وەکو هەموو ڕواڵەتێکی دیکەی دەروونی ئەشێت باش بێت, یان ناوێزە بێت.

لەکاتێکدا دەڵێن: گریان فرمانی بنچینەیی خۆی هەیە، بەڵگە بەوە دەهێنینەوە کە لە بەچکەی گیانەوەرەکاندا هەیە، چونکە تێبینیدەکەین دەگری‌و دەزیڕێنێت‌و پەنا بۆ دایکی دەبات‌و هاواری بۆ دەبات کە بیپارێزێت.

زیرە بۆ بە هاناچوونەوە، لای گیانەوەریش و مرۆڤیش لە هەموو چاخێکداو لە هەموو شارێک و لەلای هەموو بێچوویەک چ نێرو چ مێ ناسراوە, بەڵام ئەوەی هەیە چەند جۆرێک و چەند رەنگێک و چەند دیمەنێک و چەند پلەیەک و چەند فرمانێک و چەند پلەیەک لە خێرایی و هێواشی هەیە, هەروەها تقوس و نەریتی خۆی هەیە، هەروەکو چۆن لە چارەسەرکردنی مرۆڤو چارەسەری گیانەوەریشدا کەڵکی لێوەردەگرین.

٥- سایکۆلۆژیای زۆربلێیی و قسەکردن

کارێکی ئاساییە کاتێک خەڵکی پێکەوە دادەنیشن, پێکەوە قسەدەکەن و قسەکردن و گوێ لەیەککرتن چەند دیمەنێکی جۆراوجۆریان هەیە و چەند شێوەیەکی جیاجیایان هەیە, ئەگەر دانیشتووەکان شناسی لەوەوبەریان نەبێت, وەکو: ئەو کەسانەی لەناو فارگۆنێکی شەمەندەفەردا دادەنیشن, ئەوکاتە هەر یەکەیان خۆی بە خوێندنەوەی رۆژنامەیەک یان پەرتوکێک یان بە تەماشاکردنی دەرەوە یان بە جگەرەکێشانەوە خەریکدەکات, چونکە بەشێوەیەکی ئاسایی هەوڵدەدات, زمانی خۆی بگرێت و قسە لە کاروباری کەسانی دیکەدا نەکات، بەڵام ئەم خۆگرتنە زۆر ناخایەنێت و دەپچڕێت, هەموو کاتژمێرێک یان چەند کاتژمێرێکی پێناچێت, قسەکردن و دەنگەدەنگ لە فارگۆنەکەدا بڵاودەبێتەوە, تەنها لە هێندە حاڵەتێکدا نەبێت لە ئینگلستان یان لە ئەوروپای رۆژئاوادا, ئەویش بەپێی ئەو پەروەردەیەی لەسەری ڕاهاتوون.

ئەگەر هاتوو دانیشتووەکان پەیوەندییەکی ئاسایی لەنێوانیاندا هەبوو, لەگەڵ ئەوەشدا بە بێدەنگی دانیشتبوون, دەبینین ماتەمی و

خەمباری باڵ بەسەریاندا دەکێشێت‌و تاوەکو یەکێکیان دەیتەقێنێت یان دەکۆکێت یان دێتە قسەو باسی ئاوو هەوادەکات یان باسی باری گشتی خەڵکی دەکات، یان دەڵێت: خوایە هەر تۆ خوایە ئیتر هەمووی کاوو بایە, بە دەربڕینێکی دیکە یان بەڕێگەیەکی ئاسایی یان بە زەحمەت سەهۆڵەکە دەشکێنێت.

لە هێندە ماڵێکدا کۆمەڵی وا هەن، پێنج یان شەش کەسن, دوو دوو بەیەکەوە قسەدەکەن, ئەگەر لە دوورەوە بوەستیت (غەڵبەغەڵبێك) دێتە گوێت، یان دەنگێکی سەیر سەیر دێتە گوێت‌و بریتییە لە (هەراو هوریا)و کەس بە کەس نییە, لەبەرئەوە قسەکەرەکان زۆریان بۆ دێت دەنگیان بەرزبکەنەوە, زۆر جار ئەم جۆرە دانیشتنانەی بێئەوەی بەشدارەکانی پێبزانن تۆمارکراون کە دوایی لێدراونەتەوە زۆر خۆش‌و جێگەی پێکەنین‌و گاڵتەجاڕی بووە بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە دەنگیان تۆمارکراوە.

نموونەی ئەم جۆرە دانیشتنانە لەناو ژناندا زیاترن, لە میرییە بوژاوەکاندا زۆرترن, وەك لەنێو میرییە پێشکەوتووەکاندا, لە ئاهەنگەکانی (کۆکتێل)دا, زیاترن وەك لە ئاهەنگەکانی کەم بەشداربووەکاندا.

جۆرێکی دیکە لەم بەیەکگەیشتنانە لەگەڵ ئەو کەسەدایە کە لەسەر شەقامێك پێتدەگات‌و سەلامت لێدەکات‌و دەستدەخاتە نێودەستەوە‌و بەرینادات, نەوەکو لە دەستی ڕاکەی چیرۆکێکی دوورودرێژت بۆ دەگێڕێتەوە‌و هەر دەبێت گوێی لێبگریت, دوای ئەوە داخوازییەکی هەیە‌و پەیوەندی بە چیرۆکەکەوە هەیە, دەستت بەرنادات تا بەڵێنی

نەدەیتێ بۆی جێبەجێدەکەیت, کاتێك نەبێت خوانەخواستە ئەم کابرایە چیرۆکێکی دیکەی پێمابێت, یان چەند داواکارییەکی دیکەی هەبێت.
جۆرێکی سێیەم هەیە (تەلەفۆن)ی تێدابەکاردەهێنرێت, دەبینیت لەپڕ زەنگی تەلەفۆنی ماڵەوە لێدەدات, هەر ئەوەندە بیستك هەڵدەگریتو دەینێیت بە گوێتەوە, لەپڕ دەنگی کابرایەك دێتە گوێتو بەناوی خۆتەوە ناوت دەباتو تۆش بەڵێی بۆدەکەیت, لەبەرئەوەی دەزانیت بەلاتەوە ناشیرینە قسەکانی پێببڕیت, چونکە ئەو تەلەفۆنی بۆ تۆ کردووە, بێئەوەی دەموچاوی بناسیت, گوێت پردەکات لەو قسانە کە خۆی دەیەوێت, لەبەرئەوە هەوڵتو کاتتو پشوت بەفیڕۆدەدات و بەزۆر وات لێدەکات بەڵێنی بدەیتێو ئەگەر بە تەلەفۆن نەبوایە بەڵێنت پێنەئەدا.

قسەکردن لە تەلەفۆندا چەند جۆرێکی هەیە، جۆری وای هەیە پەشۆکێنەرە, جۆری واشی هەیە پەشۆکێنەر نییە، زۆر کەس هەن چاك لەبەریان کردووە. لە گۆڕەپانی قسەکردنو گوێگرتندا شێوە زۆرن, نامانەوێت لێرەدا سەرژمێریان بکەین, یان کۆیان بکەینەوە, بەڵام بڵاوترین شێوە لەو شێوانەی باسمان نەکردوون ئەوەیە کە لە هێندە دانیشتنێکدا دەبینین تەنها کەسێك دەستدەگرێت بەسەر قسەکردندا, ئەمجا جاری وا هەیە لەرێگەی دەنگ بەهێزییەوە خۆی بەسەر دانیشتواندا دەسەپێنێت، یان لەرێگەی ئاوازی بڵندی (بڕبڕی – نبرات)ی قوڵییەکی بەرەودوا، یان لەرێگەی پەیوەستی بەهێزی دەربڕینییەوە, بەجۆرێك هیچ کەس لە دانیشتوانی کۆمەڵ ناتوانن قسەکەی پێببڕنو لە دەمی بقۆزنەوە, دەبینین لەکاتی قسەکردنەکەیدا هەروەکو تەیمانێکی ئەستوور لە قسەکردن بەدەوری خۆیدا بکێشێت, بەهیچ جۆرێك نەبڕێت وایە.

لەبەرئەوە دەبینین کاتێک کە قسەدەکات نایەوێت بوەستێت, چونکە دەترسێت یەکێک دیواری قسەکانی بشکێنێتو بێتە ژووری دانیشتنەکەوە, ئەو جڵەوی قسەکردنی تاودات.

بەشێوەیەکی ئاسایی دەبینین ئەم جۆرە زۆربڵێیە لە کۆمەڵەکەدا دادەنیشێتو خۆی ماتدەدات, زۆرترین جار گوێ بۆ دەوربەری راناگرێت, بەڵکو خۆی ئامادەدەکات, هەر ئەوەندە قسەکەرەکە تۆزێک وەستا بۆئەوەی هەناسەیەک بدات، یەکەندەردو خۆی دەخاتە گۆڕەپانی قسەکردنەوەو قسەکەی لەدەم دەقۆزێتەوەو بە دەنگی تیژی، خۆی دەسەپێنێت بەسەر ئەوانی تردا.

ناشیرینترین نیشانە کە بەم کابرایەوە بلکێنرێت، نیشانەی ئێسک قورسییە, هۆی لکاندنی ئەم سیفەتە خراپەش ئەوەیە ئەم کابرایە لەپڕا خۆی هەڵدەقورتێنێتو هەناسەی دەخنکێتو دەیوەستێنێتو قسەی پێدەبڕێت.

ئەمیش بەهۆی بەردەواميیەوە ڕێ بە کەس نادات کە بەسەربەستی قسەبکات، لەگەڵ ئەوەشدا مافێکی ڕەوایەو پێویستییەکی دەروونییەو بناغەییە بۆ هەموو کەسێکو تورنادرێت.

ئەم جۆرە قسەکەرانە شێوازی تایبەتیو فێڵی تایبەتی خۆیان هەیە، لەبەرئەوە دەبینیت گوێت بۆدەگرێتو بەڵێت بۆ دەکات نەک حەز لە قسەکانت بکات, بەڵکو بۆئەوەی هەلێک بدۆزێتەوە، یان خاڵێک یان بیر تێپەڕێک، رستەیەک, بەڵگەیەک بدۆزێتەوە پڕپیابکاتو هەڵی قۆزێتەوەو بەهۆیەوە خۆی بگەیەنێتە سەر شانۆی قسەکردن، بۆ نموونە: دەڵێت من بەتەواوی لەگەڵتام هەر ئەوەندە تۆ وسکت بوویت,

ئەو بەقسەکردن یەکسەر لێڕدەبێتەوەو ئیتر بەرەوڕووی قسەکانی پێشەوە بێت، یان بەرەوڕوویەکی دیکە.

ئەگەر لە وێنەی ئەو کەسانە بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، ئەم جۆرە ڕەفتارانە یان تازە دەرکەوتووەو کاتییەو پەیوەندی بە بارێکی تایبەتییەوە یان گیروگرفتێکی تیژەوە هەیە, کە پەیوەندی بە تەگەرەیەکی پیشەیی یان خێزانییەوە هەیە، هیچ جۆرە کەسێتییەکی قسەکەر دەرناخات.

جاری وا هەیە ئەم جۆرە ڕەفتارانە فرەبارە دەبنەوە, ئەو کاتە ناتەواوییەك یان هەست بە کەمسەرییەك دەنوێنێت، لە خەڵکیدا کەسانێك هەن ئەگەر لەگەڵ کەسێکدا بکەونە قسەکردنەوە، بەبۆچوونی کەسەکە قایلدەبن، کەسانی دیکەش هەن بەلایانەوە زۆر ناخۆشە بە ڕای کەس قایلبن، چونکە ئەم لە ناخی دەروونی خۆیدا یان لە نەستی خۆیدا وادەزانێت زیرەکییەکەی و کردە بە جێکەیی و پێشکەوتنەکەی زۆر لەوە بەرزترە کە بە ڕای کەسانی دیکە قایلبێت, بەلایەوە پێویستە هەمیشە دەبێت وشەی ئەو لەپێشەوە بێت، دوا وتە، وتەی ئەو بێت، باشترین و راسترین ڕا، ڕای ئەو بێت, ئەم چەشنە کەسانە کە لە کۆڕی بچووك و کۆڕی گەورەدا دەیانبینین قسەکانیان لە باوەڕبەخۆبونێك و هەست بە خۆبەرزکردنێکەوە دێتە دەرەوە, لە هەست بە کەمی و هەست بە ناتەواویکردن گەلێك قوڵترە.

لەمەوە تێبینیدەکەین قسەکردن هۆیەکە بۆ خۆسەلماندن, ئالەمەوە دەردەکەوێت گوێگرتن و گوێشلکردن و وەرگرتنی ئەوەی دەووترێت, بەرزترین پلەیە لە پلەکانی قسەکەر رازیکردن. ئەوەش دەزانین ئەوە زۆر ئازار بە مرۆڤ دەگەیەنێت, ئەگەر قسەت بۆ کردو گوێی بۆ شل نەکردیت.

ئێمە دەزانین زۆر لە ماموستا بەڕێزەکان، جاران کە وانەکانیان دەووتەوە چاوەڕێی ئەوەیان لە گوێگرەکانیان دەکرد، کە بەگوێیان ببیستن و چاویان تێبڕن، ئەگەر یەکێک لەم ماموستایانە هەستیبکردایە کەسێک لە گوێگرەکان لەگەڵ کەسی تەنیشتیدا قسەدەکات، یان رۆژنامەیەک دەخوێنێتەوە، یان بە شتێکی دیکەوە خەریکە، زۆر تەنگەتاو دەبوو، هێندێک قسەکانی دەوەستان یان یەکجاری وانەکەی دەبڕی و ئەکشایەوە بۆئەوەی تەواویبکات، یان بەگژ ئەو جۆرە کەسانەدا دەچوو یان بێجگە لەوانە... خۆم بە چاوی خۆم لە ئینگلستان چەند شانۆگەرییەکم لەسەر شانۆ بینی و وەستێنراو نیشاننەدرا، چونکە ئەکتەرەکانی لە گوێگرتنی تەماشاکەرەکان قایل نەبوون.

ئا لەمەوە بۆمان دەرکەوێت ئەو قسانەی دەبنە هۆی گوێگرتن و گوێشلکردن، چەشنێکی باش وخۆسەلمێنەرو ئەوەش دەگەیەنێت لە قسەکە رازین.

هەروەها لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، پەرۆشبوون بۆ قسەکردن زۆر پەرشبوونە بۆ خۆسەلماندن، بە پەرشبوون بۆ خۆسەلماندن، زۆر جار (هەست بە کەمی داپۆشینە)، ئەم داپۆشینەش دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی نەستیی ئاسایی. لەبەرئەوەی بەپەرۆشی بۆ خۆسەلماندن لەڕێگەی قسەکردنەوە، داپۆشینی هەست بە کەمییە دەبینین قسەکردنێک لەسەر وتە بەجێیی داڕێژرابێت، کورت و بە کەڵکە، کەمو پڕ واتایە، شێنەیی و بێ هەرایە، لەبەرئەوە دەبینین ماموستای (وانەبێژ)ی زانای بەتوانا قوڕگی زۆر ماندوناکات، بەڵام ئەوانەی کە دەنگیان ماندودەکەن و دەنگیان بڵنددەکەنەوە و زۆر دەشیرێنن، لە خوێندنەکانیاندا، لە قسەکانیاندا قوڕگیان نەخۆشدەخەن، ئەوانە ئەوانەن کە قسەی بەجێیان

ناتەواوە, بەڵگەی ژیریانەیان لانەماوە, ئەگەر هاتو لە وتوویژێکدا بینیت هەڵچوونی لایەنێکیان بڵندبۆتەوە, ئەوە بزانە سەرچاوەی قسەبەجێیان وشکی کردووە, لەوانەیە ئەوە بگەیەنێت بەڵگەی لایەنە بەرامبەرەکەی سەرکەوتبێت.

ڕێسای گشتی وایە کە وتوویژی وشەبەجێیی زیاتر هێواشە, بەڵام ئەو وتوویژەی کە لەسەر وتەبەجێیی دانەڕێژرابێت یان لەسەر هەڵچوون و خۆسورکردنەوە هەڵچنرابێت, لەڕاستیدا وتوویژێکی زۆر تیژە, بەڵگەش بۆ ئەمە وتوویژە رامیارییەکانە, یان یارییەکانە, یان ئاینییەکانە, یان وتوویژەکانی نێوان خێزانە, یان وتوویژەکانی باسی پەیوەندی نێوان هاوڕێیانەو لەنێو ناحەزاندا.

زۆرڕێسەکان و زۆربڵێکان, هەمیشە لە هەموو کەس وتەی بەجێیان کەمترە, قسەکانیان دەهێنن و دەبەن, ئەمە کاتێك دەبێت ئامادەبووەکان لە کۆبوونەوەکەدا وەکو یەك وابن, هەروەها ئێمە دەبینین قسەی منداڵان و پیران جۆرە تۆندوتیژییەکیان تێدا هەیە, منداڵ لە قسەکردنیدا, لە پرسیارکردنیدا, لە وتەو رستەیدا لەڕێگەی خۆسەلماندندایە, هەوڵدانی منداڵ بۆ خۆسەلماندنی لەبەر چەند هۆیەکە.

ئێمە گوێنەگرتنمان لە قسەی منداڵ گەورەترین تاوانە بەرامبەری دەکەین, لە زۆر ناوچەی وڵاتانی عەرەب منداڵ فێردەکرێت لە ڕووی گەورەدا بێدەنگبێت, ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە, چونکە گوێگرتن لە منداڵ بەخشندەییەکی زۆر گەورەیە لە دروستکردنی بنچینەی کەسێتیدا, لە دروستبوونی باوەڕپێبونێکدا کە ئەو زۆر پێویستی پێی هەیە.

زۆر باوکو دایکی منداڵ بێزاردەبن لە پرسیارەکانی, لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرسیارانە بە گرنگترین هۆی گەشەپێدانی قەوارەی منداڵەکەو کەسێتییەکەی دادەنرێت. لەبارەی گرنگی قسەکردنی منداڵەوەو گوێ بۆگرتنی .بەلایەن گەشەکردنیەوەو پەروەردەکردنیەوە چەند لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ هەیە، لێرەدا ماوە نییە باسیانبکەین.

هەروەها مرۆڤە پیرەکانیش هەست بە تەنهایی دەکەن, لەبەرئەوەی گەنجایەتییە پتەوەکانیان بەجێیاندەهێڵن, ئەمجا زۆر کەس لەوانە دەبینین: کە هەلیان بۆ هەڵکەوت قسە زۆردەکەن. هێندێك لەو پیرانە کە باسی لاوێتی خۆیانو شارەزایی خۆیان دەگێڕنەوە, لاوەکان خۆزگەیان پێدەخوازن, بەڵام هێندێکیان کە قسە دەگێڕنەوە, پیریو بێهێزیو لاوازیی گیانی تەپیوی خۆیان بەئاشکرا پێوەدیارە.

ئەمجا هێندە پیرێك هەن گوێیان گرانە, ئۆقرەناگرن, ئەگەر قسەیەك لەبەردەمیاندا بکرێتو گوێیان لێنەبێت, ئەوە هەر کە دەستیان بە قسەکرد ئیتر نایبڕنەوە.

لەبەر ئەم نهێنیەیە, هێندێك لەو نەنکانەی کە دەچنە نێو سااڵوە گوێیان گران دەبێت, بەڵام هێشتا بیریان تیژەو پڕتەوییان تێداماوەو زۆر قسەدەکەنو چیرۆك دەگێڕنەوەو هەوڵدەدەن لە ژیانی تەنیایی دوورکەونەوە, دەگەڕێن بۆ کەسانێك گوێ لە قسەکانیان بگرن.

ئالێرەدا جێگەی بەزەییو جێگەی ئەوەن رازیبکرێنو مافی ئەوەشیان هەر هەیە, ئەگەر قسەکردن هۆیەك بێت بۆ خۆسەلماندن, قسەکردنی زۆریش (بری) کردنەوەی (کەمی)یەك بێت.

ئایا راستە ئافرەتان لە پیاوان زیاتر قسەدەکەن؟ ئەوانەش کە لەکاتی قسەکردندا دەمیان بەیەکدادێت، کاتێك هەلیان بۆ بڕەخسێت

بەلێشاو قسە لە دەمیان دێتەخوارەوە؟ ئەوانەش بەشێوەیەکی کرداری راستی خۆیان بە خەڵکی دەسەلمێنن, لەڕێگەی زمانیشیانەوە هەوڵ بۆ ئەمە دەدەن؟

مەبەست لە قسەکردندا, پەیامێکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە, بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکی دەروونی, لەڕێگەی وەڵامدانەوەی کەسی دووەمەوە. ئەم پێناسەیە هەتا مرۆڤ خۆیشی دەگرێتەوە, کە قسە لەگەڵ خۆی دەکات, لەلایەن خۆسەلماندنیش شێوازی قسەکردنەکە, بابەتەکەی و ئامانجەکانیش دەگرێتەوە, لەوانەی کە دەرگادەکەنەوە بۆ لێکۆڵینەوەی زۆر.

زۆرۆێژی زۆربڵێییە, قسەکردن لەخۆیدا شتێکی ئاساییە, بەڵام زۆر وتن ئاساییی نییە, ئەوە کارێکی ئاشکرایە قسەکردن وەکو: هەر رەفتارێکی دیکە، کارێکی ئاساییە کاتێك نەبێت کە زۆر بکرێت, ئەوکاتە لە ئاسایی دەچێتەدەرەوەو دەبێتە ناوێزە، (سوربون لەسەر قسە), رەفتارێکی ئاساییە, بەڵام کە زۆر بوو دەبێتە ڕژدی، وریاییش رەفتارێکی ئاساییە, کە زۆر بوو دەبێتە ترسنۆکی، بەزاتی رەفتارێکی ئاساییە, کە زۆر بوو دەبێتە نەفامی, لەسەرخۆیی سیفەتێکی ئاساییە, کە زۆر بوو دەبێتە (خاووخلیچکی – بلید), هەروەها لەوانەیە بیرکردنەوە ببێتە گۆشەگیریی, خۆخاوکردنەوە بگاتە شلوشێواوی, روخۆشیش بگاتە گاڵتەچێتی (فشقیات), (بەخشندەییش بگاتە دەستبلاوی), رێکوپێکی – النظام) بگاتە (وشکی – تزمت)، سەربەستیش بگاتە بەرەڵایی.

پێویستە لەسەرمان خوێنەری بەڕێز ئاگادارببکەینەوە, کە هەموو قسەکردنێکی زۆر, زۆربڵێیی نییە, بەڵکو پێویستە بزانین باسەکە چییەو بابەتەکەی چییەو لێیی بکۆڵینەوە پێش ئەوەی ناوی بنێین.

ئەو مامۆستایەی وانەیەکی زانستیانە بە وشەی پێکەوەبەستراوی رێکوپێك دەڵێتەوە, کاتژمێرێك یان زیاتر دەخایەنێت, هەرگیز ناتوانین بە چەنەبازی یان زۆروزێژی دابنێین, بەڵکو بە رەوشتێکی لەنگەردار دادەنرێت، پێویستە بە هەموو رێزێکەوە تەماشابکرێت.

- بێجگە لەمەیش دەبێت لوتهەڵکەین لەو بیرۆکانەی بۆ سەیروسەمەرە دەیانگێڕنەوە, کە گوایە یەکێك لە مامۆستا گەورەکان ژنەکەی لە ماڵەوە زۆر دەیچەوساندەوەو بیانوی پێدەگرت, رۆژێکیان ویستی بەنرخیی خۆی لە کۆمەڵدا پێبسەلمێنێت, رادەی بەڕێزیی خۆی لای خەڵکی تێبگەیەنێت, هەستا لەگەڵ خۆی بردی بۆ هۆڵی وانەوتنەوە, بۆئەوەی بە چاوی خۆی ببینێت کە چۆن قسەی رووندو رەوان دەکاتو چۆن قوتابی یان رۆشنبیران بەبێدەنگی گوێیلێدەگرنو بەڕێزەوە تەماشایدەکەن, کە گەیشتنە دالانی وانەوتنەوەکە، ژنەکەی لەپڕیزی پێشەوە دانا, ژنە تەماشایکرد سەدەها خەڵکی تەماشای مێردەکەی دەکەنو بە وردیو گرنگیو سەرسوڕمانو خۆشەویستییەوە گوێی بۆدەگرن. دوای کۆتاییهاتنی وانەکە, مامۆستا هەستاو قۆڵی کرد بە قۆڵی خێزانەکەیداو رووەو ماڵەوە کەوتنەوە ڕێ, لەڕێگە داوای لە ژنەکەی کرد پای خۆی دەربڕێت بەرامبەر وانە بەنرخەکەی, ژنەکە هاتە وەڵامو نەهاتە وەڵام, وتی: ئەوەی من بینیم دایچڵەکانمو دڵی داخورپانمو ژانی رەشی توشکردمو خەمباریو ماتەمینی بەسەردا هێنام! لەبەرئەوەی سەدەها کەسانی رێکوپێکو

ژیرم بینی، بەهێواشی‌و لەسەرخۆو بێدەنگ دانیشتبوون، تەنها مێردەکەی ئەو نەبێت یەک کاتژمێری رەبەق لەسەریەک چەنەیەداو هەروەکو شێت وڕێنەی دەکرد.

بێگومان ئەمە بیرۆکەیەکی دروستکراوەو نەفامی‌و نەزانی ژنێک دەگێڕێتەوە، کە لەڕاستیدا نرخی مێردەکەی خۆی نەزانیوە، چونکە قسەکردنی بەردەوام بەشێوەیەکی دوابەدوا لەم شوێنەدا رەفتارێکی ئاسایی رێکە، هەموو رێزو نرخاندنێک دەهێنێت.

بەبۆنەی ئەم وتارەوە، دەڵێن قسەکردنیش‌و گوێگرتنیش شێوەو رێساو نەریتی تایبەتی خۆی هەیە، پێویستە لێی بکۆڵرێتەوەو لاوەکانی لەسەر ڕابهێنرێت، هەردووکیان لایەنی چارەسەرکردنی دەروونی ئەوپەڕی گرنگیان هەیە.

٦- ئەگەر بحەوێتەوە ماندودەبێت، ئەگەر ماندوش بێت دەحەوێتەوە:

ئەم ناونیشانە وادەردەکەوێت جۆرە دژایەتییەکی تێداهەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ژیاندا بە کرداری راستی چەندەها جاربارەیش دەبێتەوەو وێنەیەکی راستی تەواو دەنوێنێت، بەڵکو هێشتا ناونیشانەکە ناتەواوەو پڕ بە پێستی خۆی نییە، ئەمجا بۆئەوەی تەواوی بکەین، دەڵێین لەڕاستیدا ئەو کەسە ماندودەبێت ئەگەر کەسانی دیکە ببینێت حەساونەتەوە، هەروەها دەحەوێتەوە ئەگەر ببینێت کەسانی دیکە ماندوبون، واتا تەنها بەماندوکردنی خۆی قایل نییە، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا کەسانی دیکەش ماندودەکات، ئەمەیە دەبێتە کانگای حەوانەوەکەو دڵخۆشبوون، هەست بە لەخۆقایلبوون‌و لە کەسانی دیکە.

ئەم جۆرە کەسانە ئەوەندە خۆیان ماندووەکەن تا دەگاتە رادەی بێزارەیی و بێخولکی و نەخۆشی و لاوازیش. لەوانەیە ئا بەمە لە خۆیدا هۆیەک بدۆزێتەوە و خۆیشی پێقایلبکات و لەدڵی خۆیەوە بڵێت: ئەگەر نەخۆشی نەبوایە فرمانی سەرشانی بەجێدەگەیاندو لەسەر کارەکەی بەردەوام دەبوو, هەوڵیدەداو خۆی زیاتر ماندووەکردو خەڵکیشی زیاتر ماندووەکرد.

ئەم جۆرە کەسانە ڕەفتاری ئەو (هندی)یانەمان بیردەخەنەوە, کە چەند ڕۆژێک لەسەریەک بەڕۆژوودەبن, بەچەند هەفتەیەکی لەدوای یەک لە خواردن و خواردنەوە و قسەکردن و خەڵک بینین و بەیەکگەیشتنی توخمی دوور دەبن, ئەمەش لەبەرئەوەی گوناهێکیان کردووە، یان بیرتێپەڕێک بە خەیاڵیاندا هاتووە, یان تەنها لەبەرئەوەی باوەڕیان وایە دەروونی مرۆڤ شەڕانی و کێوییە, ئەگەر بێت و پێشی لێنەگرین و ملکەچی نەکەین و نەیچەوسێنینەوە, ئەوە دەتەقێتەوە و سەرکێشیدەکات، کارەکە هەر بە ڕۆژووەوە ناوەستێت, بەڵکو تێدەپەڕێت بۆ خۆسزادان, بەوەی ئەو کەسە بەشێک لە لەشی بسوتێنێت, یان ئەگەر ئافرەت بوو بە موس و گوێزان پاک سەری بتاشێت, یان بەڕووتی بەناو کۆڵانەی ئاگردا تێپەڕێت, یان لەسەر تەختەیەکی بزمارڕێژ رابکشێت و بنوێت.

ئەمجا ئەمانە، کەی توانیان بەم شێوانە ئازاری خۆیان بدەن, ئەوکاتە هەست بە حەوانەوە و لەخۆقایلبوون دەکەن، واتا: ئەوانە بەڕاستی دەحەوێنەوە، چونکە ئازاری خۆیان داوەو توانویانەتەوە, پاکیانکردۆتەوە.

لەژیانی رۆژانەماندا چەند نموونەیەك دەبینین لە خۆئازاردان, ئەوەی کە ئاڵەتی تون دەکاتە خواردنەوەو دوای ئەوە دەیخواتو دەمو لێوی دەچوزێتەوەو دەسوتێتەوە, هەستەکات دەمولێوی لە تونیدا گرپیان لێدەبێتەوە, لەبەر تونی ئەو ئاڵەتو بەهاراتە چاوی فرمێسکدەکات, لەشی گەرم دادەگیرسێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەر دەخواتو دەخواتو دەڵێت: ئای چەندێك ئەم خواردنە بە تامو بەلەزەتە، ئا ئەمە جۆرێکە لە لەزەتی ئازاردان.

خۆئازاردانیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێتو جیاوازییەکی زۆر ئاشکرای هەیە, چونکە لە بەهێزیو بێهێزیدا جیاوازی هەیە لە جۆرەکەیدا جیاوازی هەیە, چونکە هێندە کەسێك ئەوەندە خۆیان ئازاردەدەن تا وەیان نامێنێت, یان تا نەخۆشدەکەون، هێندێکیان کەمتر خۆیان ئازاردەدەن, هێندە کەسێکیش هەن لەشی خۆیان خۆشدەوێتو لە هیچ شتێکدا خۆیان ماندوناکەن.

هەروەها خۆئازاردان لەبارەی جۆرەوە جیاوازی هەیە, چونکە هێندە کەسێك بە نەخواردن خۆی ئازاردەدات, هێندێکیش لە پۆشیندا خۆی ئازاردەدات, هێندێکیان سوێنددەخوات هاوسەر ناگرێت, هێندێکیان لە پیشەکەیدا خۆی دەپسێنێت, هێندێکیان لە خواپەرستیدا خۆی دەپوکێنێتەوە.

بۆئەوەی کەسێتی ئەو کەسەی خۆی دەپسێنێتو ئازاردەدات تێبگەین, پێویستە بۆ ئەو وێنە ئاشکراو ڕوونانە بگەڕێینەوە کە زاناکانی دەروونزانی تازەو کۆن بۆمانیان کێشاوە، دەروونی مرۆڤ یەك پارچە نیە, بەڵکو تێکەڵاوێکی دوو پارچەیە, ئەو کارکەرە

دەروونییانەی کاردەکەن دەروونی مرۆڤی ئاشکراو هەستی دەکەونە ژێر دوو جۆرە کارکەرەوە:

جۆری یەکەم: ئەو دەروونە سروشتییە سەرەتاییە، کە هەمیشە بۆ لەزەت, بۆ خۆشی و بەرەڵایی هەوڵدەدات, ئەوەی کە نە ڕێسای ئاین, نە ژیری, نە نەریتی کۆمەڵایەتی دەیبەستنەوە، ئەم دەروونە سەرەتاییە, سروشتییە, ئەوەیە کە دەیەوێت بدزێت، تاڵانبکات, داگیربکات, درۆبکات, ئەوە ئەوەیە کە دەیەوێت لە ناخافڵ بکوژێت, لەدواوە بکوژێت, ناموس بەرێت, ئەوەیە کە دەیەوێت پێبکەنێت، بگەپێ, گاڵتەبکات, تۆڵەبسێنێت, هەڵپەڕێت, ئەوەیە دەیەوێت تێر بپەڕێت بێئەوەی هیچ پەیوەندییەکی ئاینی, کۆمەڵایەتی بیبەستێتەوە, ئا بەمە بناغەی کۆمەڵ و خێزان و ئەوەی کە بەرەڵایی بگرێتەوە با بە ئەندازەی سەرە پەنجەیەکیش بێت بڕوخێنێت, ئا بەمە دەبینی جیهانی ئەم دەروونە جیهانێکی ژیانێکی گیانەوەری کێویانەی ڕووتە.

بەڵام جۆری دووەم: ئەوەیە کە ناوی دەنێت بە دەروونی باڵا, یان خۆیەتی باڵا, یان چاودێر, یان ویژدان, یان خۆمەکی باڵا.

ئەم چاودێرە ئەوەیە کە دەروونی سروشتی سەرەتایی دەبەستێتەوە, نایەڵێت بەبێ خوازی خۆی هیچ دەربڕێت، چاودێر لێکۆڵینەوەی زۆر بەهێزە، رازینابێت لەسەر زۆر لەو شتانەی دەروونی سەرەتایی حەزدەکات بیانکات، وەک: کوشتن, تاڵان و ئافرەت, بەڵێ چاودێر نایەڵێت هیچ بکرێت لە سنوری (شەرع) و یاساو لۆجیکدا نەبێت, ئەم چاودێرە سزای زۆر تووندوتیژە, ئەگەر هاتوو ئەم دەروونە گیانەوەرییە تاوانێك لەو تاوانانەی لەدەست دەرچوو، ئەوە خۆی دەیگێڕێتەوە، ئەوکاتە چاودێر، سزای (خۆیەتی – ذاتیة) تووندترین

سزادەدات, بە رۆژۆگرتن, یان بە خۆسزادان, بەخۆنائومێدکردن, بەخۆپساندن, ...و هتد.

جاری وا هەیە چاودێر سزادەدات بۆئەوەی کارەکە روونەدات، پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت.

کردەوەی چاودێر ئالەمەدا ئەو چیرۆکەمان دێنێتەوە یاد کە لەسەر زوبانی (مەلای مەشهورە)[17] وە دەیگێڕنەوە, کە گوایە ئەمری بە کوڕەکەی کردووە پەرداخێ ئاوی بۆ بهێنێو هەڕەشەیشی کردووە کە نەیشکێنێت, دوای ئەوە تا توانیویەتی شەپاللەیەکی لە ڕوومەتی داوە, خەڵکەکەش وتویانە مەلا بۆ لێی ئەدەیت خۆ نەیشکاندووە، ئەویش ئەڵێ: ئەی باشە بەڵکو شکاندی, وتیان خۆ جاری نەیشکاندووە, کە شکاندی ئەوسا سزایبدەو لێی بدە, ئەویش ئەڵێ: جا ئەو کاتە لێدانەکە چ کەڵکێکی هەیە! [18]

ئەو کەسەی کە بە سزا خۆی ماندودەکات، سزای خۆی دەدات، یاسای توندوتیژی بۆ خۆی دابیندەکات، خۆی بە کاری لۆجیکییەوە دەبەستێت، ئەو کەسە بەشێوەیەکی ئاسایی، لە سزای کۆمەڵو ئارەزوی حەیوانی خۆی دەترسێت، بەشێوەیەکی نهێنیش هەست بە تاوان دەکات، هەمیشە دەترسێتو خۆی دوور دەگرێت، بۆئەوەی نەکەوێتە گوناهەوە، زۆرجار داوای (گەردن ئازادی) دەکات لە خەڵکی، گوناهی کردبێت یان نەیکردبێت.

۱۷- میسریەکان بە مەلای مەشهور دەڵێن (جحا)، تورکەکان پێیدەڵێن (مەلا نصرالدین). (وەرگێڕ)

۱۸- پەندی کوردی هەیە، لەم واتایەدا، دەڵێت (دوای باران کەپنەک). (وەرگێڕ)

ئەم جۆرە دەبینین لەگەڵ خۆشیانداو کەسانی دیکەشدا هەر تووندڕەون و سزای خۆیشیان و کەسانی دیکەش دەدەن، گومان لە خۆیشیان و کەسانی دیکەش دەکەن، لە خۆیشیان و کەسانی دیکەش هەر دەترسن، خۆیشیان و کەسانی دیکەش تاوانباردەکەن، ڕەخنە لە خۆیشیان و کەسانی دیکەش دەگرن، خۆیشیان و کەسانی دیکەش لە شیاوی گوناهکردن دادەنێن.

دەبینین ئەم جۆرە کەسە بە ڕەخنەگرتن لە خەڵکی سزادانیان و بەهەڵە دەرخستنیان و دەرکەوتنیان دڵخۆشدەبێت، چاو لە گزی و دزی و هیچ گوناهێکی توخمی بەڵکو لە کەمترین لادان ناپۆشێت، وەکو لە ئەنجامدانی پێویستی سەرشان هەروەکو وتمان خۆی بۆ هەڵەی خەڵکی ماتەدات و بۆی دەگەڕێت و، تەنها هەڵەکانی مرۆڤ دیاریدەکات، هەرگیز لە کردەوەی خەڵکیدا کردەی باش نابینێت، بەڵکو چاوەکانی تەنها خراپە دەبینێت، هەروەها ڕێنادات بەخۆی پێبکەنێت، تا بە قۆشمەچی (فشقیاتچی) دانەنرێت، ڕێنادات بەخۆی یاریبکات، تا بە (مستهتر) دانەنرێت، نایەوێت گوێ لە گاڵتەوگەپێك یان نوکتەیەك بگرێت، یان شانۆیەکی گاڵتەجاڕی ببینێت، یان وێژەیەکی پوهەڵماڵراو بخوێنێتەوە، بەڵکو دەیەوێت هەر ڕاست و ڕەوان وشك و بەرین و ڕەق و ڕەوان بێت.

ئەگەر هاتو بەڕاستی یان بە ڕێتێچون یان گومان بووە هۆی چەوساندنەوەی کەسێکی دیکە، دەبینین بەزەییەکی زۆری پێدادێتەوە، بۆئەوەی ببێتە هۆی لێخۆشبوون لە گوناهەکانی، دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو تاوو لەزەت لە چەوساندنەوەو شکاندنی خەڵکی وەردەگرێت،

ئەگەر هاتو کە زانی بۆتە هۆی نەخۆشکەوتنی کەسێك لە ئەندازەبەدەر سۆزی بەسەردا دەکات, بەزەیی پێدادێتەوە.

لێرەدا حاڵەتێك هەیە وەکو: ئەم جۆرە حاڵەتانە وەهایە, ئەویش حاڵەتی پۆلیسێکە کە وازی لە پۆلیسی هێنابوو، دەستیکردبوو بە نەوت فرۆشتن بەهۆی تەنکەرێك کە کەر پایدەکێشا, هەستیکرد قازانجی لە جاران کەمترە بەڵام بڵێت چی؟ ئەوەندە هەیە دەیەوێت بازرگانییەکی بێ قازانج, بۆئەوەی لە گوناهە خەیاڵییەکانی خۆشبێت, ئەم کابرایە شەونخونییەکی زۆریشی لە خواپەرستیو و رۆژوگرتندا دەکردەوە, ریشێکی درێژی بەردابوەوە, بەرگی سۆفیاتی پۆشیبو, کوپێکی هەبوو هەموو جارێك هێندێك پارەی لە باوکی دەدزی.

دزیش لە دەروونزانیدا بە (رەمزی بریکردنەوەی خۆشەویستییەکی لەکیسچوو دادەنرێت)، هەر ئەوەندەی پێنەچوو باوکەکە دەستی کوپەکەی بە کۆڵەکەیەکەوە توندتوند بەستەوە, سێ رۆژ لەسەریەك لێدانێکی پڕئازاریکرد, شوێنی لێدانەکانی لەسەر لەشی دیاربوون, چونکە هەمووی شین بوبوونەوە هەر ژەمێك بەسەری قاچی، پارچە نانە رەقێكو کوچەڵە ئاوێکی لێنزیك دەکردەوە، ئەم بگرەو بەردەو کوێرەوەرییەیان چەند ساڵێك لەسەر یەك دەوامیکرد، تاوەك بەڕێکەوت توشیان بوو بە تووشی دەروونزانێکەوە, رێکیانی خست تاڕادەیەکی باش ژیانیانی باشکرد.

ئەو پیاوەی لە ناخی دەروونیدا هەست بە نرخی خۆی, یان بە کەمی فێربوونی یان هەست بە گیانەوەری بە گوناهەباری خۆی دەکات, بەشێوەیەکی نائاسایی دەیەوێت سزای خۆیشیو کەسانی دیکەش بدات, کەی ئەمەی بۆچووە سەر ئەوکاتە ماندووی دەحەوێتەوە, لەگەڵ

ئەوەشدا ژیانی بەشێوەیەکی ئاسایی بریتی دەبێت لە زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراو لەم جۆرە رەفتارانە, ئەویش ئەوەیە کە خۆیشی و کەسانی دیکەش ماندووبکات, ئەوسا تەسکینی دێت و دەحەوێتەوە, بەڵام کە بەڕاستی حەوایەوە ئەوکاتە بەشوێنی خۆماندوکردن و سەرئێشەدا دەگەڕێت لە هەر شوێنێك بێت.

٧- بلیمەتە چەوساوەکە

باوکی هەرچەندە نەخوێندەوار بوو, بەڵام تەنها بەخۆی دەنازی, هەمیشە لە دەستێ جلی چڵکنی بۆن ناخۆشدا دەتبینی, لە کارگەیەکی پێستەخۆشکردندا کاریدەکرد, بەڵام قازانجێکی زۆری پێدەگەیاند.

ئەم پیاوە دڵپاکە هەوڵدەرە سەرکەوتووە, ژنێکی لە چینی خۆی مارەکردبوو, بەڵام لەخۆبایی و لوتهەڵکەرو خۆبەزلزان بوو, قازانجە زۆرەکەی مێردەکەی لەمەدا یارمەتیدەدات, وایلێکرد کە خانوویەکی جوانی نوێ پڕ ڕێخەری چاکی بۆ دروستبکات, وایشی لێکرد کە بە پوویەکی تەپۆشەوە لە ئاسمانی گەورەی لەخۆباییبوون و لووتهەڵکردن دەربکەوێت, بەڵام پێوەی دیاربوو کە هەر نامۆیە, مێردەکەی هەرچەندە خۆی کۆڵەکەی گەورەی ئەم کۆشك و تەلارە بوو, خۆی دروستیکردبوو, ئەتوت برا خەڵکی ئەو ماڵە نییە، چونکە ژنەکەی زۆر بە چاوی سوك تەماشایدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا چەند منداڵێکی مێینەو نێرینەی بۆ هێنا, نۆبەرەکەی نێر بوو کە ناوی (مجدی) بوو، زۆری پێخۆش بوو کە نۆبەرەکەی نێر بوو لەبەرئەوەی ئەو فیزڵی و گەورەییەی لە باوکیدا دەستینەکەوتبوو, بەڵکو لەمدا دەستیبکەوێت.

هەموومان چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد کە ناوێکی ئاسایی لێبنێت, وەکو محمد, ئەحمەد, سید, کاتێکمان زانی ناوی نا (مجدی), ئەگەر لەم ناوە بیربکەینەوە ئەوسا دەزانین چەند ئامانجو هیوا لە سنگی ئەم دایکەدا پەنگیخواردۆتەوەو دەجۆشێت, هەموو سەرکەوتنو بڵندییەك کە لە کوڕەکەیدا بەدیدەکرد هەمووی بە مانّی خۆی دەزانی, (مجدی سامان ی من) دایکی (مجدی) بە خەیانّ شێوەی ئەفەنییەکی پاکوتەمیزی لە مجدی دا بەدیدەکرد, کە بەهیچ جۆرێك بۆنی پێستەی لێنەدەهات, کە لەبەردەم خەڵکیدا خەجاڵەتو ڕووزەردی بکات, چونکە حەزیدەکرد لەبەردەم خەڵکیدا گەورەیی و فیزلییەکەی نەشکێنێت, لەبەرئەوە لە کوڕەکەیدا وێنەی ئەفەنییەکی تەڕپۆشی فێست لەسەری بە جلی فەرەنگییەوە لە قوتابخانەدا دەخوێنێت, بۆئەوەی ببێتە کاربەدەستێکی حکومەت, لەبەرئەوە تەنها چاوی بڕیبووە کوڕەکەیو ئەوە دوای بەرەڵاکردبوو, هەرچەندە باوکەکە پێویست بوو زیاتر هەوڵبدات قازانج زیاتر بەدەستبهێنێت بۆئەوەی ئارەزووە چڵێسە زۆرەکانی دایکەکە تێربکات, بەڵام لەچاوی ژنەکەیدا لە جاران زیاتر پەڕپوتترو بێنرختترو رسواتر دەبوو.

دوای چەند ساڵێکی کەم, کوڕی یەکەم هەرچەند تەمەنی منداڵ بوو, بووە تاقە گەوهەری ماڵ, لەو کاتەشدا ڕاهات لەسەر بەدەستهێنانی سۆزو خۆشەویستیو نازو پیاهەڵدان, فێری ئەوەبوو کە هەموو ئارەزووەکانی بەبێ هیچ مەرجێك بەدەستبهێنێت.

جاری واهەبوو کە لەگەڵ منداڵانی دەرودراوسێدا یاریدەکرد, هەر ئەوەندەی تۆزقاڵێك ئازاری پێبگەیشتایە, یەکسەر هاواریدەکردو پەنای بۆ دایکی دەبرد, دایکیشی دادەواڵیو داوایلێدەکرد کە یاری

لەگەڵ ئەم منداڵانەدا نەکات, چونکە ئەم زیرەک و جوان و پاکوخاوێنە، جیاوازی هەیە لەوان، نەک هەر لە رەفتاردا بەڵکو لە ڕەسەن و وەجاخیشدا, لەبەرئەوە ئەوان هەموویان دەبەنگن, چەپەڵن, ناگونجێت (مجدی) وازییان لەگەڵدا بکات.

ئا بەم شێوەیە منداڵەکە لە دەوروبەرەکەیدا پەروەردە بوو, (مجدی) هەرچەندە کورتە باڵا بوو, لەگەڵ ئەوەشدا وشکی و فیزلی و شێوازی قشەڵی پێوە دیاربوو، قسەی وشک و کردەوەی نابەجێ, بە ڕەچەڵەک لە دایکییەوە وەرگرتبوو بۆی مابۆوە, سەرەڕای ئەمانەش هەموو خەڵکی بە سووک دەزانی, هەموو کەسێکی لەخۆ بە کەمتر دادەنا, باوەڕیشی وابوو زیرەکی و توانست و بلیمەتی لە دایکیەوە بۆی ماوەتەوە, کاتێک تەماشای خۆی ئەکرد ئەتوت برا (مەڵبەندی) جیهانە, تەنها گەوهەری زەمانە, تاکە مرواری نێوان دەریاکانە, دوای ئەوەش ئەوەبووە هۆی ئەوەی بەردەوامبوونی لەسەر خوێندن, بەڵام لەبەر بەختی ڕەشی تا ڕادەیەکی زۆر زەینی کوێربوو, ئەوە بووە هۆی دواکەوتنی لە خوێندنەکەیدا, ئەبوایە لە قوتابخانە روبەڕووی راستییەکی دیکەش ببوایەتەوە کە جیاوازبوو لەو راستییانەی لە ماڵەوە فێریان بوبوو, ئەبوایە بیزانیایە کە لەنێوان چوار دیوارەکانی پۆلدا کەسانێک هەن وەکو ئەو وان, بەڵکو لەویش زیاترن، ئەمەش راستییەک بوو بە گران وەریدەگرت, ئەو بناغە دەروونییە کە لە ناخیدا هەڵیچنیبوو ئەوەبوو کە لەسەر ڕووی زەمین لەو باشتر نییە, ئەمجا نەیدەیتوانی دەستکاری ئەم بناغەیە بکات تاوەکو لە بڕوای تازەوە بخرێتە ژوورەوە, دایکیشی لەمەدا پشتیگرت, بۆیشی دووبارە دەکردەوە کە ئەوانەی بە چاو لەو

سەرکەوتووترن بە مافی خۆیان نییە, دەبێت جۆرە پیلانگێڕاندن و چەوسانەوەیەك هەبێت, لە کینەبەرییەوە هەڵقوڵابێت.

مامۆستاکان مافی خۆی ئادەنێ, بەڵکو لایەنگری قوتابییەکانی دیکە دەکەن, مامۆستاکان و قوتابییەکانی دیکە هەموویان لە نزمترین ئەتەوەن, بەڵام ئەو رەسەن بڵندە, زیرەك بالایە, دیمەنی جوانە, رەوشت بەرزە, بەڵکو لە هەموو شتێکدا بلیمەتە, بەڵام بلیمەتێکی چەوساوەیە, هەموویان گەلەکۆمەیان لەسەر چەوسانەوەی ئەو کردووەو پیلانیان لێگێڕاوە، بەهۆی کینەبەری و رقەبەری و دڵپیسییانەوە, لەترسی ئەوەی نەوەکو دەرکەوێت و سەرکەوێت و پایەیەکی بڵند وەرگرێت, کە شیاوی ئەو بێت.

ئا بەم جۆرە، نائومێدبوونی (مجدی) لە خوێندندا بەهیچ جۆرێك هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆ خۆی, بەڵکو یەکەیەکە بۆ ئەو دەوروبەرە ڕزیوە دەگەڕێتەوە کە بلیمەتی ئەو تێناگەن و ڕێزیناگرن, بەڵکو دەیچەوسێننەوە, گەلەکۆمەکی لێدەکەن.

ئا بەم چەشنە کاکەی هاوڕێمان گەورەبوو, دەرنەچوونەکانیشی لە خوێندندا پێبەپێ لەگەڵیدا بوو, چەند بە تەمەن گەورە دەبوو دەرنەچوونەکانیشی لەپاڵیدا زۆر دەبوون, شێوازەکانی داپۆشین و پاراستنی لە گلەیی دەروونیی و رەخنەی خۆیەتی زیاتر دەبوون.

کاتێك هەڵی بۆ ڕەخسا, بەزۆر خۆی خستە باری رامیارییەوە, یەکەندەردوو خۆی لە بەندیخانە تووندکرد, ئا بەم شێوە بووە (پاڵەوان), کەمێك لە ئامانجەکانی هاتنەدی, لە چاوی خۆیدا کۆڵەکەیەك بوو لە کۆڵەکەکانی ڕاپەڕینی نەتەوایەتی لە میسردا.

لەو ماوەیەدا باوکی مرد, سامانی خێزانەکەی هەموو رۆیشت, چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە یەکێك لە پێشەواکانی نەتەوەی عەرەب پاداشتی بداتەوە, چونکە هەموویانی بە قەرزداری خۆی دەزانی و دەیویست بۆی ببژێرن, وایدەزانی هۆی دەرکردنی لە قوتابخانە لەبەر زەینکوێری نەبووە, بەڵکو لەبەرئەوەبوو خۆی کردۆتە قوربانی لە ڕێگەی نییشمانەکەیدا, بەردەوام خەباتیدەکرد بۆئەوەی پایەی خۆی لە کۆمەڵدا بگرێت.

لەدواییدا ناچاربوو بە (فرمانێکی نوسین – وظیفة کتابة)ی رازیببێت، هەر ئەوەندە دەستی بە کارەکە کردو نەکرد یەکسەر وایدەزانی هاوڕێکانی کینەبەری لەگەڵ دەکەن و گەورەکان لێیدەترسن, هەموویان گەلەکۆمەکی لێدەکەن.

ئەم (ڕووکارە – الاتجاه) چی هەوڵو تەقەلایەکی هەبوو هەڵیمژی, هەروەها بەردەوام سکالای زۆربوو, هەستیاربوو, بەڵام خۆبەزلزان و بلیمەتو لوتبەرزییەکەی جارانی هەر لەسەردا مابوو, لەسەروی هەرسێکیانەوە گەورەیی و بلیمەتیەکەی بەزۆر بەسەر خۆیدا دەسەپاند, ئەوەی کە بەپێویستی دەزانی بۆئەوەی لە قسەکردندا, لە ڕۆیشتنداو لە کردەوەکانیدا خۆی فشبکاتەوە, کورتە بالاییەکەی بوو, زۆر کەوتنەکانی لە خوێندندا زیاتر پاڵیانپێوەدەنا بۆ خۆفشکردنەوەو لووتهەڵکردن.

ئا بەم چەشنە (مجدی) هەموو ژیانی لە قێزکردنەوەو گومانبردن و چاك بەلاداکردنیدا بەسەربرد, دەیبینی بە ئاستەم لێکەوتن, ئیتر لە هەر کەسێکەوە ببوایە, بەس بوو بۆ تەقینەوەی, دەیبینی هەرچەند

بلیمەتو بەتوانستە, بەڵام هەمیشە دەچەوسێنرێتەوەو ستەمی لێدەکرێت.

ئەمە نموونەیەکە لەو وێنەیەی کە پێیدەڵێن: **کەسێتی چەوساوە**, لەڕاستیدا کە ئەم ناوەم بۆ هەڵبژاردە, مەبەستم ئەوە نەبوو کە ڕاستی دەربڕم, بەڵکو تەنها حاڵەتێکی دەروونی دەربڕم، چونکە نموونەی ئەم کەسێتییە کاتێك کە ڕەفتاردەکات, هەردەڵێی لە دەروونی خۆیەوە بەخۆی دەڵێت: (منم بلیمەتی چەوساوە).

ئەم نموونە دەروونییە دەگمەن نییە, بەڵکو بەزۆری هەیە, زۆر جار تووشی کەسێك دەبیت وریایەو خۆونکەرەو دوورەپەرێزە, خۆبەرزگرە, لەناخی ئەودا خەڵکی سوکن, لە قسەکردنو وشەکانیدا وشەی قورسو گران بەکاردەهێنێت, رستەکانی تێکەڵو قورسدەکات, گوماناوییان دەکات, ئەگەر هاتو زۆری بۆهات کردەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بکات, بە دەستو زوبان هێرشیان دەباتە سەر, لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی دیکە تاوانبارەدکات, کە گوایە دەستدرێژی دەکەنە سەریو مافیشی دەخۆن, ئەم جۆرە کەسانە زۆر لە نەخۆشی دەترسن, لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە نەخۆشن.

جۆری گەشەکردنی (بلیمەتی چەوساوە) یەك شێوەی نییە, بەڵکو گەورەبوونەکەی چەند وێنەیەکی جۆراوجۆری هەیە, جاری وا هەیە کوڕی گەورەیە, جاری وا هەیە کوڕی تاقانەی ناو چەند خوشکێکە, جاری وا هەیە کوڕی تاقانەی بێ خوشکە, جاری وا هەیە منداڵێکە لە جۆرە ژینگەیەکی نزمدا هەڵدەکەوێت.

ڕەفتارەکانیشیان یەك شێوازی نییە, بەڵکو چەند شێوازێکی هەیە, یەکێکیان سەرۆکێکی خراپە, یەکێکیان بەردەستێکی خراپە, یان

هاوڕێیەکەو حەز لە هاوڕێ ناکات, بەڵام ئاشکراترین ڕەفتاریان ئەوەیە هەست بە ستەم دەکەنو هەست بە بەختی ڕەش‌و ئارەزووی بەخت‌و بەختگرتنەوەو (بەووم)و گۆشگیری یان دەستدرێژی دەکەن, هێندێك لەو (بلیمەتە چەوسێنراوانە) حاڵەتەکانیان لەم سنورەدا ڕاناوەستێت, بەڵکو چەند حاڵەتێکیان لەلا دەردەکەوێت‌و گەشەدەکات, ئەمانە پێویستەکات جیابکرێنەوە, یان بنێردرێن بۆ دەستگا تەندروستی‌و نەخۆشخانە تایبەتییەکان.

٨- هەموو کەمئەندامێك بەزمبرە

ئەمە ڕاستییەکی بڵاوە, هەروەکو کۆمەڵێ (بیرساکان – المناطقة) دەڵێن: ڕوونییەکەی گەیشتۆتە سنووری ئەو (ئاسانانە – السهليات)ی کە پێویستیان بە بەڵگە نییە. زانستیش ئاوەها دۆخی هیچ ڕاستییەك ناسەلمێنێت, تا خۆی بە خۆی نەپێشکنێت‌و تاقینەکاتەوە, ئەوساکە لەبەر ڕووناکی ئەو بینراوو ڕوداوانە دەیسەلمێنێت.

زانست ئەوەش بە مەرج دەگرێت, کە ئەو بینراوو ڕووداوانە دەبێت ژمارەیان زۆربن, ئەمەش بۆ ئەوەی ژیری مرۆڤ لە ئەنجامگیری‌و بیردۆزداناندا یان لە یاسا کۆتایی زانستی یان شێوە کۆتایی داناندا, ڕێگەی لێ ون نەبێت.

یەکێك لە هەڵەکانی ئەنجامگیریی ئەوەیە کە خەڵکی منداڵێکی شەڵ زۆر زیرەك دەبینن, وادەزانن هۆی زیرەکیی‌و بەتواناییەکەی لەسەر بیرکردنەوەی شەلییەکەیەتی, هەمان هەڵەش دەکەن کە نابینایەك یان کەمئەندامێك, یان لاتێك دەبینن, بەڵام ئەوە نازانن کە لە پاڵ کەمئەندامییەکەیدا لە بەهرەدارە بەزەبرەکانە، کەمئەندامی

خاووخلیچکی دواکەوتوویش هەیە, کە هەمیشە پشت بە کەسانی دیکە دەبەستێت.

جارێکیان توشی قوتابییەکی نابینای زانکۆ بووم, تەماشامکرد خۆی وادەردەخات کە هەوێنی بلیمەتی تێدا هەیە, تەماشامکرد ئەمە دەیەوێت چاو لە نابینایەکی دیکەی زیرەکی بلیمەتی هەڵکەوتوو[١٩] بکات, کە وایلێهات بووە وێژەوانێکی جیهانی.

ئەمیش خۆی وادەردەخست کە هەوێنی بلیمەتی تێدا هەیە، بەڵام کۆمەڵگەی تاوانبار دەکرد کە هەڵی بۆ ناڕەخسێتو هانی نادات، چونکە خۆی نەیدەهێنا, ئەمانە هیچیان کەڵکی نەبوو, لە خوێندنەکەیدا هەر لە دواوە بوو, هەرچەند هۆیەکانی هەر دەدا بەسەر کۆمەڵو مامۆستاکانو کەسوکاریداو خۆیشی بە (بلیمەتێکی چەوساوە) دادەنا.

منیش لەلایەن خۆمەوە ویستم بەهرەکانی بەدەرخەمو رادەی زیرەکییەکەی تاقیبکەمەوە, هەستام بە زیرەکی پێوێك زیرەکیەکەیم پێوا, تەماشامکرد زیرەکییەکەی لەخواری ئاساییەوەیە, بەڵام باوەڕم بە زیرەکی پێوەکەی خۆم لەق بوو, وتم لەوانەیە درۆبکات, لەباتی ئەوە هەستام چەند پرسیارێکیشم ئاڕاستەکرد، یەکێك لەو پرسیارانە ئەوەبوو ئایا دەتوانیت هەڵبەست دابنێیت؟ وتی بەڵێ جۆرە هەڵبەستێك دەنووسم نە لە کێشو نە لە واتادا وێنەی نییە! داواملێکرد هێندێك لە هەڵبەستەکانی خۆیمان بۆ هەڵدات, وتی: بەخوا نایڵێم, ئەتووت برا

١٩- ناوینا زیرەکە سەرکەوتووەکە، لەوانە ڕاگری ئەدەبی عەرەبی (طه حسین) بێت، کە لە ئاسمانی ئەدەبی عەرەبیدا، وەکو ئەستێرە دەدرەوشایەوە. (وەرگێڕ)

ڕژدی لە گەوهەرو مرواریيەکانیدا دەکات, دوای پارانەوەیەکی زۆرو ڕوولێنانێکی خۆشەوە ئەمجا بەڵێنیدا.

دوای ئەوە بە ڕوویەکی پڕ لە مژدەو خۆشییەوە هەڵبەستێکی هەڵدا, لەڕاستیدا بۆئەوەی هەستی بریندارنەکەم، ناچار پەسەندیو سەرسامی خۆم دەربڕی, هەرچەند لە دڵی خۆمەوە کەوتمە قێزنەو بێزنەوە, لەبەرئەوەی واتاکانی شێواوبوون, کێشەکانی شکاوبوون, کۆتاییەکانی بە وردیی ڕێکنەخرابوون.

هەرچەند ئەم لاوە تەمەن بردییە پێشەوە، بێئەوەی خۆی هەست بە هیچ ئەنجامو دواکەوتنێك بکاتو بێئەوەی هیچ کەس نەدۆست نە ناحەز دانی پێدابنێت, لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لایەنێکی هێزو زەبرو زەنگی تێدا هەبوو, لەسەر کارکردن بەردەوامو بە پشوبوو, لە ناردنی سکاڵادا بۆ لای وەزیری زانستو وەزیری کۆمەڵایەتیو سەرۆك وەزیران، هەتا بۆ پاشا خۆی, بە پشوو بەردەوام بوو.

هەروەها سکاڵانامەی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان پێوە هەبوو وە ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان پێوە نەبوو دەنارد, لەگەڵ ئەوەشدا کەسێك لەوانە پڕکێشی نەدەکرد سەرزەنشتی بکات, یان سزایبدات, یان بە شوێنی خۆیدا بیگرێتەوە, بەهۆی ئەو سکاڵانامەو ڕەخنەو جنێوانەی کە دەیدان.

ئەم بارە باری لاوێکە, بەرپادەکات, خەباتدەکات, دەستدرێژی دەکات, بۆئەوەی بە مافی خۆی بگات, یان بە مافێکی زیاتر, کە لە ڕاستیدا پێی ڕەوا نییە وەریگرێت، بە ڕای من ئەمە جۆرێکە لە زەبرو زۆر.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کەمئەندامی زیرەك هەیە, زیرەکییەکەی ماوەی کورتە, جاری وا هەیە ئەوەندە ماوەی کورت دەبێتەوە, نیزیکی

نەمان دەبێتەوە, ئەمجا مرۆڤی کەم زیرەکیش دەبینین: کردەوەی ناشیرینە، تێگەیشتنی کەمە, توانستی لە تێگەیشتن و تێگەیاندندا کورتە, بەهەر حاڵ وێنەی ئەمانە کەمن, بە هەر جۆرێك هەبێت لەنێوماندا هەن, ئەوانەش وەکو: کەمئەندامە زەین کوێرەکان, ئەو (گێڵانەی – العبیط) کە لە لادێکاندا هەن, خەڵکی وادەزانن پیرۆزو بەبەرەکەتن، ئەمانەیان کەمئەندامێکانیان زکماکە, واتا زۆرترین جار لە سکی دایکیانەوە دەیهێنن, بەڵام کەمجوڵەو ملکەچ و گوێڕایەڵن، بەشێوەیەکی ئاسایی دەستدرێژکەرو زۆردارنین، هەرچەند حاڵەتەکانیان سەرنجی خەڵکی رادەکێشن بەزەییان پێیاندادێتەوەو چاودێرییاندەکەن و دەیانپارێزن. ئەمەش بەگوێرەی ویست و ئارەزووی خۆیان نییە, بەڵکو بە گوێرەی بەراوردی حاڵەتەکانیانە, بە حاڵەتی کەسانی دیکەی لەشساغەوە, بۆئەوەی بەزەییان پێیاندا بێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس لە کەمئەندامەکان دەبینین, بە ویستی خۆیان هەوڵدەدەن, خۆیان بە خەڵکی بسەلمێنن, بەسەر دەوروبەریاندا خۆیان بسەپێنن, بۆ نموونە: ئەو نابینایەی کە زیرەکییەکەی مامناوەندییە یان لە سەرووی مامناوەندییەوەیە, دەبینین خۆی بەسەر دەوروبەریدا دەسەپێنێت, هێندێك لەوانە لە گۆرانی و ئاوازدا یان لە وێژەو دواداو نوسیندا هەڵکەوتون, هەڵکەوتنێکی ئاوەها خەڵکییان والێکردووە گوێیان لێبگرن, بۆیان بخوێنندەوە, ڕێبەدێییان بکەن, لەسەر ڕێڕەویان بڕۆن.

ئەم جۆرە کەمئەندامانە ئەگەر خەڵکی لە دەوروبەریان کۆبنەوەو چەپڵەیان بۆ لێبدەن، باوەڕ بە قسەکانیان بکەن, سەریان لە دەربڕینەکانیان سوڕبمێنێت, دڵخۆشدەبن, بەڵکو سەرخۆشدەبن, چونکە

حەزدەکەن لەدوورەوە دەنگدانەوەی خۆیان ببیستنەوە هەرچەند دەنگدانەوەکانیان گەورەبێت, ئەوان ئەوەندەی دیکە هەست بە بەهێزی خۆیان دەکەن, بابەتەکەش بۆ هەست بەخۆکردنە، جێبەجێکردنی ئەمەش خۆچەسپاندنی تێداهەیە, هەوڵدان بۆ خۆچەسپاندن لە هەموو کەسێک لە ئێمەدا هەیە, بەڵام ئەوەندە هەیە کەمئەندامی لە هەر کەسێکدا هەبێت, هەست بە (بێهێزی) دەکات, ئەمەش خاوەنەکەی هاندەدات بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم هەستەدا.

ئەم کارەش بەشێوەیەکی ئاسایی نەستی لەکاتی هەستکردن بە ئازاری لاوازیو ڕقگرتن لەو کەسانەی ئەم وادەزانێت ئەوان هەست بە بێهێزییەکەی دەکەن ئەنجامدەدرێت.

(ئەم فرە هاندانە چەندانە – التحفز المضاعف) بۆ سەرکەوتنن بەسەر ئەم هەستەدا, جاری وا هەیە لە شێوەیەکدا بەدەردەکەوێت, کەڵک بە خەڵکیو کەڵک بە کەمئەندامەکەش[٢٠] دەبەخشێت, جاری واش هەیە لە شێوەیەکدا بەدەردەکەوێت زیان لە هەردوولا دەدات.

کەسێتیە کەمئەندامەکان چەندەها کەڵکیان بە ئەم کۆمەڵەمان گەیاندووە, لەبەرئەوەی ڕۆزفڵت کە کەمئەندامبووە خزمەتی چەندەها ملیۆن کەسی کردووە, هەروەها ئەبولعەلاو میلتۆنو بێجگە لەوانیش چ وێژەیەکی نەمرو فەلسەفەیەکی بەهێزیاُن بۆ بەجێهێشتوین.

کەمئەندامیش لادانێکی بەرەو (بری) کردنەوەی تێدا هەیە, هەروەها جاری وا هەیە سۆزێکی بەهێزو هەست بەبەزەیی هاتنەوە

٢٠- نموونەی کەڵک بەخشین, وەکو/ ئەو کەمئەندامەی هەوڵدەدات ببێتە شاعیر، نموونەی زیانگەیاندن, وەکو/ ئەو کەمئەندامەی لە هەوڵەکەیدا دەبەزێتو گۆشەگیر دەبێت. (وەرگێڕ)

لەگەڵ خۆیدا پەیدادەکات, هەروەکو چۆن مرۆڤە کەمئەندامەکە هێزی دەست بەسەراگرتنیشی تێدا دروستدەبێت. بۆ نموونە: ئەگەر کابرایەکی چاوساغ دەستدرێژی کردە سەرت, تۆیش دەستدرێژی دەکەیتە سەری و تۆڵەی لێدەکەیتەوە, بەڵام ئەگەر ئەو دەستدرێژکارە نابینابێت, یان شەل بێت, لێی دەبوریت چونکە بەزەییت پێیدا دێتەوە.

ئەمجا مرۆڤی کەمئەندام دەرکی ئەو خاڵە دەکات, کە خەڵکی لەڕاستی بێتوانایەکەی ئەم بێهێزن، ئەوساکە ئەم هێزێکی بەرامبەر پەیدادەکات, جاری واهەیە ئەم هێزەی زیاد لەپێویست یان زیاد لە گوێرەی خۆی بەکاردەهێنێت, لەبەرئەوە دەبینیت کەسێکی ئاسایی رەخنەگرێکی ئاساییە, بەڵام دەبینیت مرۆڤی کەمئەندام رەخنەگرێکی توندڕەوو جوێن فرۆشێکی جەرگبڕە.

یەکێك لەو حاڵەتانەی کە لێم کۆڵیەوەتەوە, باری منداڵێکی شەل بوو, لەپێشدا بە گۆچان دەڕۆیشت بەڕێوە, دوای ئەوە چاك بۆوەو فێری خێرا ڕۆیشتن بوو, گۆچانەکەی فڕێدا, ئەم منداڵە فێربوو لەسەر عەرەبانە دەستگێڕەکان میوەی دەفڕاند، خاوەنەکانیان بەزەییان پێیدا دەهاتەوە, دەنگیان نەدەکرد.

حاڵەتێکی دیکە لەو بارانەی لێم کۆڵیوەتەوە, باری منداڵێکی ڕۆح سوکی دەمو چاوجوان بوو, ڕۆژی بە (٢) دوو قروش[٢١] لەلای پێڵاوفرۆشێك شاگردی دەکرد, ئەم منداڵە جارێکیان ویستبوی سواری (ترام)[٢٢] بێت, لەلای چەپەوە سەرکەوتبوو، لەبەرئەوە کەوتبوە ژێر

٢١- قرش, قروش؛ هەر قرشێك دە فلسی عێراقییە. (وەرگێڕ)

٢٢- ترام؛ جۆرە شەمەندەفەرێکی زۆر بچوکە لە زۆر وڵات لەبێو شارە گەورەکاندا لەباتی (پاس) بۆ گواستنەوە بەکاریدەهێنن, بەڵام بە کارەبا دەڕوات. (وەرگێڕ)

ترامەکەوە لەبەرئەوە قۆڵێکی بڕابۆوە, ئەمجا هەر خزمێکی چاوی پێیدەکەوت بەزەیی پێدادەهاتەوەو دراوێکی دەداپێی, ئەمیش بۆیدەرکەوت لەڕێگەی سۆزڕاکێشانەوە زیاتری دەستدەکەوێت, وەی لەوەی شاگردی بکات, لەبەرئەوە لە ڕێگەوبانەکان دەستیکرد بە سوالکردنو ڕێگرتن لە خەڵکی, هەرکەس چاوی بە دەموچاوە جوانە خنجیلانەکەی بکەوتایە دوای ئەوە چاوی بە قۆڵە بڕاوەکەی بکەوتایەو گوێی لە قسە شیرینەکانی بگرتایە, بە لێشاو پارەی لە گیرفان دەردەکردو دەیکردە دەستییەوە.

لە ساڵانی جەنگی ڕابردوودا سەربازە ئینگلیزەکان زۆربوون, بە بینینی ئەم مندااڵە جوانە قۆڵبڕاوە خەم دایدەگرتن, مندااڵەکەش بە فێربوونی بنچینەکانی زمانی ئینگلیزی ترشو خوێی پێوەدەکرد, بەم چەشنە قازانجێکی زۆری لە سوالکردن دەکرد.

لەڕاستیدا هەوڵێکی زۆرم لەگەڵدا, کە سوالکردنی پێتەرککەم, بەاڵم نەمتوانی, کاتێك بۆیدەرکەوت کە بەهیچ جۆرێك کۆڵنادەمو وازی لێناهێنم, بە بەڵگەی زیرەکانەو بەهێزەوە هاتەپێشەوە, وتی: چاوەڕێی ئەوە مەکە واز لە سوالکردن بهێنم, دەچێتە ئەقڵتەوە (٤٠) قروش دراو چنینەوە, بدەم بە (٢) قروش کارکردن؟!

سەیرترین کار لەوەدا بوو, ئەم مندااڵە لای ئێوارە کۆمەڵێك هاوڕێی خۆی بانگدەکردو دەچوون بۆ (سینەما), ئەم مندااڵە نموونەیەك بوو بۆ کەسێك، بێهێزی خەڵکی بەکاردەهێنا بۆ خزمەتی (بێهێزی) یەکەی خۆی, ئەم خەڵك دۆشینەی کانگەی هێزەکەی بوو.

باڕێکی دیکەش هینی مندااڵێکی (الڵ) بوو, بە کراسێکی هاودامانەوە لە بازاڕی (مؤید) گیرابوو, مندااڵەکە زۆر زیرەك بوو,

هەرچەند تەمەنی (١٢) ساڵ بوو, بەڵام زیرەکی لە ئاستی زیرەکی منداڵێکی (١٥) پانزە ساڵدا بوو.

ئەم منداڵە تا تەمەنی (٢٥) ساڵی بەشێوەیەکی ئاسایی گەورەبوو, ئەوسا تووشی تاوتێی (کڕکڕاگە دڕکاوی) بوو, ئەم نەخۆشییە تووشی کەپۆلاڵی کرد, منداڵەکە لە گەڕەکێکدا دەژیا پڕی لە فرۆشیاری گەڕۆک بوو, کە پێیان دەووت: گەڕەکی (میسری یە کۆنە) ئەم فرۆشیارانە لە زیرەکی و تواناکەی سەریان سوڕمابوو, لەبەرئەوە هانیاندەدا بۆ شت دزین و شت فڕاندن, هەتا وایلێهات ڕاهات لەسەر ئەم خووەو چەندەها ڕێگای بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنا, ڕێگای وای بەکاردەهێنا گەیشتە ئەوپەڕی وردەکاری.

نامەوێت درێژە بە چیرۆکەکە بدەم, بەڵام لەبەر تواناداری و کارامەیی ئەم منداڵە لە دزیدا, بووە کانگای خۆشەویستی لەلایەکەوە, لەلایەکی دیکەشەوە بووە کانگای زنۆق چوون, بەجۆرێکی ئاوەها کە بووە شاگرد لە کارگەیەکی پێڵاودروستکردندا، زۆرترین کەرەسەو دەستکەلاکانی دزی و لە بازاڕدا فرۆشتنێوە, هەتا خاوەن کارگەکە گرتی و لێدانێکی زۆرچاکی کرد, ئەوساکە هەموو شتە دزراوەکانی پێووت و دیاریکرد, بەڵکو بە زیرەکی خۆی شوێنی چەندەها شتی دزراوی دیکەی کە لە شوێنانی دیکە دزیبوونی پێی نیشاندا, بەم چەشنە وای لە خاوەن کارگەکە کرد کە ئەم کارەی زۆر پێ خۆشبێت.

وای لێهاتبوو دەچوو دەستدرێژی دەکردە سەر مردووەکان و خشڵەکانیانی دەدزی, جارێکیان نەیتوانی ئەنگوستیلەیەك لە پەنجەی مردوویەك دەربکات, هاتبوو بە گوێزان پەنجەکەی بڕیبووەو فڕێیدابوو, ئەوجا ئەنگوستیلەکەی دزیبوو, کاتێك کە پرسیاری

لێکرابوو، لە وەڵامدا وتبووی: زیاتر بە زیندوو لە مردوو ڕەواترە، هەردوکمان بە (هێما – إشارة) لەیەکتری دەگەیشتین، لەبیرمە جارێکیان بیرم لە (هێما – إشارة)کانی دەکردەوەو دوایی وتم: تێگەیشتم، کەچی وتی: نەخێر تێنەگەیشتوویت، لەڕاستیدا ئەو ڕاستیکرد، جارێکی دیکە مەبەستەکەی بۆ ڕوونکردمەوە.

نموونەی ئەم حاڵەتانە وا لە خەڵکی دەکەن ڕووداوەکە گشتی بکەنو بڵێن: هەموو کەمئەندامێك بەزەبرە، ڕاستییەکەی کەمئەندام جاری وا هەیە بەزەبرە، زەبروزەنگەکەشی بەرەو ڕووکاری چاکەیە, یان بەرەو ڕووکاری خراپەیە.

٩- بڕیکردنەوە

دەڵێن: هەموو کەمئەندامێك زۆرداڕە، ئەم قسەیە لە دەروونزانیدا بنچینەیەکی هەیە, کەمئەندامەکە دەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسایی بڕی ئەو ناتەواوییەی کە هەیەتی بیکاتەوە, دەشتوانێت لەمەشدا بە فرەشێوە بگاتە چەند ئاستێکی[٢٣] باڵا، ئەمە مانای ئەوە نییە مرۆڤە ناتەواوەکە لەپێشدا بیردەکاتەوە ئەمجا نەخشە دەکێشێت، دوای ئەوە بڕیکردنەوەکە جێبەجێدەکات، بەڵکو مانای وایە بڕیکردنەوەکە بەشێوەیەکی نەستیش بەبێ هیچ ڕاوێژو تەگبیرێك بەشێوەیەکی ئاسایی ڕوودەدات.

٢٣- ئاستی باڵا، وەکو/ هونەر، وێژە، داهێنان، ...هتد، چونکە هەست بە کەمیەکەی باڵی پێوەدەنێت بۆئەوەی بە چالاکی دیکە پڕیکاتەوەو بڕیکاتەوە. (وەرگێڕ)

لەبیرمە کە تەمەنم حەوت ساڵ بوو کابرایەکی خزممان هاتە شایی (اسیوط)[٢٤]، باوکم دیدەنی ئەم کابرایەی پێخۆش نەبوو، چونکە رۆژانی هەینی دوای نوێژکردنی هەینی، لەبەردەمی مزگەوتی (جلال الدین السیوطي)ی دادەنیشت، بە کارامەییەکی زۆر ورد چەند جوولەیەکی تەنیا بە هەردوو قاچی نیشانی خەڵکەکە دەدا، چونکە هەردوو قۆڵی نەبوو، هەر بە زکماکی بەبێ قۆڵ لەدایك بوبوو, بەڵام لە شوێن قووڵیدا لەسەر شانی دوو زیادە گۆشت هەبوون, وەکو گرێی پەنجە وابوون، ئەم کابرایە سەری تاڵە دەزوویەکی بە پەنجەی قاچیەوە دەگرتو ئەوەندەی چاو بتروکێنیت سەری دەزووەکەی دەکرد بە کونی دەرزییەکەدا، کە بە پەنجەی قاچەکەی دیکە گرتبوی بەبێ یارمەتی وەرگرتن لە هیچ کەسێکەوە، ئەم کابرایە قەڵەمو دوێتو کاغەزی خۆی پێبوو, هەر بە پەنجەی قاچەکانی بەهێواشی سەرقاپی دوێتەکەی لادەبردو سەری قەڵەمەکەی لە دوێتەکە هەڵدەکێشا, دوای ئەوە کاغەزی هەڵدەگرتو بە پیتی جوانی ورد دەینووسی بەشێوە نوسینی (ثلث)و (رقعة)و فارسیو کوفی دەینووسی، کە بیرت لە نووسینەکەی دەکردەوە، هەروەکو وتم: جوان بوو, راست بوو، بچوکو ورد بوو، لە هەموو لایەنێکەوە تەواو بوو.

کابرا هەژار بوو، رواڵەتەکەیشیو وردەکارییەکەیش کارێکی وایان دەکرد ئەوپەڕی سۆزو سەرسوڕمانی خەڵکیان بەسەریدا دەباراند، خەڵکیش پارەیان پێدەدا بۆئەوەی پێی بژی.

٢٤- شارێکە لە میسر.

ئێمە نەمانزانی ئەم کابرایە خەڵکی (قوص)و خزمی باوکمەو لە گوندەکەی ئەوەوە هاتووە، ئا ئەم نهێنییە بوو باوکم لێی رازی نەبوو, لە هاتنی لە (قوص)ەوە بۆ (أسیوط)یش هەر رازی نەبوو، باوکم ئەم گەڕانەی ئەوی پێ خۆش نەبوو, خۆدەرخستنی خۆیشی لەبەردەم خەڵکیدا بەم شێوەیە هەر پێ خۆش نەبوو، حەزینەدەکرد کە ناوی خۆی‌و ڕەسەنی خۆی ئاشکرابکاتو ئەوپەڕ بێشەرمی‌و ئەوپەڕ ڕووزەردی بەسەر خێزانەکەدا بهێنێت، باوکم حەزیدەکرد ئەم کابرایە خۆی لە ڕواڵەتی زانا ڕەوشت بەرزە قورسەکاندا دەرخات، هەرچەند باوکم هەڕەشەی لێدەکردین توخنی ئەو شوێنانە نەکەوین کە ئەم کابرایەی لێیە، بەڵام هەر خۆمان بە دزییەوە دەچووینە دیدەنی ئەو شوێنانە لەگەڵیدا دادەنیشتین، چونکە حەزماندەکرد ببینین‌و قسەشی لەگەڵ بکەین.

شتی زۆر سەیرمان لەبارەی توانستەکانێوە دەبینی, بە قاچی پاکەتە شقارتەکەی دەردەکرد، هەر بە قاچی دەیکردەوە‌و زۆر بە وردی دەنکێ شقارتەی لێ دەردەکردو بێئەوەی دەنکەکانی دیکە بڕژێت‌و بلاویانبکاتەوە، زۆر بە وردی دایدەگیرساندو گڕی ئاگرەکەی پێ‌هەڵدەکردو (گومگومە)ی قاوەی دەخستە سەری‌و قاوەی بۆ میوانەکانی لێدەنا, بەبێ زیادو کەم, ئەبوایە تێکیشی بدایەو لەسەر ئاگرەکە بەرزیشی بکردایەتەوەو دایشی نایەتەوە بۆئەوەی هەڵنەچێت.

ئەمانە هەمووی دەکرد، زۆر بە وردیی‌و کارامەیی‌و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک تەنها قاچیشی بەکاردەهێناو جموجۆڵی وایدەکرد بە خێرایی‌و لەنگەرداریی، بە وردیی‌و چوستی لە باری مرۆڤی دەستداری تەواودا نەبوو.

ئەو هاتۆچۆیانەی کە بۆ لای ئەم کابرایە دەمانکردن نهینی بوون, تا ئەمڕۆش ئاشکرامان نەکردوون، کەسیش نەیزانیون، ئەگینا لەلایەن باوکمانەوە توشی رۆژێکی رەش دەبووین، ئەوەی کە باوکمان بەردەوام بۆی دوپات دەکردینەوە: خێزانەکەمان خێزانی زانستو رەوشتو ئایینە، ئەو کابرایە لە ئاستی ئێمەدا نییە کە خزمێمکان هەبێت, کارامە لەشییەکانی خۆی بۆ خێرپێکردنو سوالکردن لەبەردەمی خەڵکیدا دەربخات, لەگەڵ ئەوەشدا کابرا جێگەی سەرسوڕمانێکی گەورەمان بوو، ئێمەی منداڵان ئەوپەڕ بلیمەتیمان تێدا بەدیدەکرد، سۆزو بەزەییمان پێدادەهاتەوە, ڕێزمان بۆ ئەو توانستە خوداوەندییە هەبو کە لەم کابرایەدا بەدیهێناوە.

ئەم کابرایە بەبێ دەست لەدایك بوو، باوکی زانایەکی داهێنەری گەورەبوو, لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی خۆیدا دەچوو بۆ حوجرە, هەوڵیدەدا فێربێت، لەباتی دەستی بە قاچی دەینووسی، قەڵەمو کاغەزو تەختەی بەکاردەهێنا, هەوڵیدەدا بە وردی فێری نووسینو خوێندنەوە بێت، زۆرباش فێریان بوو، قورئانو تەجویدو کتێبی لەبەرکرد، هیچی لەوان کەمترنەبوو، بەڵکو لەوان زیاتر بوو بەڵکو توانی بیشیان بەزێنێت، ئا بەمە (بری) ئەو کەمییەی کە هەیبوو دەکردەوە، بەلاّم ئەوپەڕ (بریکردنەوە).

دەڵێن: جموجۆڵی هەردوو دەست, هەردوو قاچو هەموو ئەندامەکانی دیکەی لەش، مێشك دەیبابەڕێوەو بەشداریان تێدادەکات، هەروەها هەموو ئەو هەستانەی کە پێیان نازانین پەیوەندییان بە مێشکمانەوە هەیە, هەرچەند هێندێکیان چەمکن بەلاّم زۆربەیان چەمك نین.

لێکۆڵینەوە تازەکان رایانگەیاندووە کە وزەی مێشك بەشداری هەیەو لەوانەیشە کە کاربکاتە سەر لایەك, ئەگەر بەشێك لە لەشی لەکاربکەوێت, دەتوانرێت وزەی مێشکەکە بۆ بەشێکی دیکە لە لەشی بەکاربهێنرێت, بێ هیچ ناتەواوییەك، ئەو کابرایە کە دەستی لەکیس چووە خۆ هەردوو دەستیش دەستکەوتی مێشکن.

بۆ نموونە: ئەگەر مێشك دەستکەلای هەردوو دەستی نەما، بۆ دەستکەلایەکی دیکە دەگەڕێت, ئەویش قاچە، بەڵکو دەبینین بە ئەوپەڕی هەوڵو تەقەلاوە بۆ دەستکەلایەکی دیکە دەگەڕێت, ئەم هەوڵو تەقەلایەش ئەنجامێکی زۆرچاکی هەیە. ئەمجا لەبەرئەمەیە کەمئەندامەکە یەکەمە لە بریکردنەوەی ناتەواوییەکەیدا.

هەر بەم ڕێگەیە نابینا لەبارەی لێکەوتنو جووڵاندنەوە هەستێکی سەیری بۆ دروستدەبێت، هێندێك لەو کەسانەی نابینا بوون، هەرئەوەندە دەستدەخەنە نێو دەستی برادەرەکانیانەوە، یەکسەر دەیانناسنەوە, دەیانبینیت بە پارە ئاڵوگۆڕدەکەنو جل و شتومەك تاقیدەکەنەوە، هەموو کارێك کە چاوساغ دەیکات ئەوانیش دەیکەن، هەستیارییان ئەمەندە بەهێزە، گۆچان ناگرن بە دەستیانەوە، کە دەگەڕانە راست دیوارێك پێش ئەوەی لێی بکەون، خۆیانی لێ لادەدەن, بەڕاستی زۆرجار مرۆڤی نابینام بینیوە لەکاتی ڕۆیشتندا لای راستی گرتووە، دواجار لای چەپی گرتووە, ئەمجا لای راستی گرتۆتەوە، هەروەها تا گەیشتۆتە مەبەستەکەی, بەڵکو نموونەی بێ چاوانمان بینیوەو بیستووە، لەکاتی ئاهەنگ گێڕاندا سەمادەکەن, بینیمانن کە چۆن پیاوی نابینا بەجووت لەگەڵ هاوڕی ئافرەتە نابیناکەیدا یان چاوساغەکەیدا سەمایکردووە، بێئەوەی بپەشۆکێت یان بکەوێت،

لەڕاستیدا کار بە (هێڵین کیلەر)[٢٥] ی کەڕوکوێڕی بلیمەتی جیهانی گەیشتە ئەو رادەیەی کەوتە پەرتوک دانانو ئاواز ڕێکخستن، چەندەها پارچە مۆسیقای جوانی دانا، بەڵکو لەم بارەیەوە چەندەها وانەی وتەوە، هەر بەوەوە نەوەستا پێشەوایی باشترین جموجۆڵی زانستیانە فێربوونی مرۆڤە کەمئەندامەکانی ئەمریکای کرد.

هەروەها ئەو کەڕانە دەبینیت: کە قسەت لەگەڵ دەکەن، هەر دەڵێیت گوێیان لە هەموو قسەیەکە کە لە دەمت دێتەدەرەوە، لەڕاستیدا ئەمانە گوێیان لێت نییە، بەڵکو چاویان لێتە، کە تەماشات دەکەن, چاویان لە جموجۆڵی دەموچاوتە، چاویان لە لێوتە، ئەو کاتە تێدەگەنو بەو گوێرەیە وەڵامی گونجاوت دەدەنەوە.

لە مرۆڤە ناتەواوەکاندا، چەندەها وزەی شاراوە هەن، دروستنییە بۆ ڕێکەوتی ڕووتیان جێبهێڵین، بەڵکو پێویستە بیانگرینە خۆمانو بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بە گشتی پەرەیان پێبدەین, بەتایبەتی بۆ قازانجی کەمئەندامەکە خۆی, لەبەرئەوەی ئەو مرۆڤێکی تەواوە، هیچ کەموکوڕییەکی تێدانییەو لە ئێمە کەمتر نییە, بەڵکو چەند شتێکیشی لە ئێمە زیاترە, بەڵام ئێمە ئەوپەڕیان نازانین, هەر بۆ خوداوەندە دۆخی هەموو دروستکراوەکان.

٢٥- هێلین (١٨٨٠-١٩٦٨ ز) لە ئەمریکا لەدایکبووە، لە تەمەنی دوو ساڵیدا بە نەخۆشی کەڕیش و کوێڕیش و لاڵیش بوو، بەڕێکەی لێکەوتن، (سلڤانا) ی خزمی فێری خوێندنی کرد، ساڵی ١٩٠٤ بروانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی (رادکلن) وەرگرت. (وەرگێڕ)

١٠- خەیاڵ ڕۆیشتن:

خەیاڵڕۆیشتن نزیکە ببێتە کانگایەکی گشتی سکاڵاکردن, چونکە مامۆستا لەکاتی ڕاڤەکردنی وانەکەدا سکاڵا لەدەست خەیاڵڕۆیشتنی قوتابییەکە دەکات، باوك تێبینی کوڕەکەی دەکات لەکاتی پیاچوونەوەی وانەکانیدا خەیاڵی دەڕوات, هەموویان دووپاتیدەکەنەوە: ئەگەر قوتابی خەیاڵی نەڕوات, ئەو کاتە بەباشی وانەکانی تێدەگات، ڕاهێنانەکانی بیرکاری بەباشی شیتەڵدەکات، جێگەی دڵنیایی و قایلبوون دەبێت, زۆرترین لەوانەی کە خەیاڵیان دەڕوات, سۆزو بەزەیی مرۆڤ هەڵدەسێنن, بۆ نموونە: قوتابییەك هەیە تەمەنی یانزە ساڵە، هەر ئەوەندە لە قوتابخانە گەڕایەوە، جلەکانی گۆڕی و پەرتووکەکانی کردەوە و دوو دێڕ یان سێ دێڕی خوێندەوە، یەکسەر خەیاڵی دەڕوات، لە کتێبەکەی دووردەکەوێتەوە، دوای ئەوەی کە وریابۆوە، دوو دێڕی دیکەش دەخوێنێتەوە, دوو دێڕی دیکەش دەخاتە پاڵیان، یان ناخاتە پاڵیان, جارێکی دیکە خەیاڵی دەڕواتەوە، ئا بەم شێوەیە نزیکەی (٥) پێنج کاتژمێر بەشێوەیەکی کت و پڕ دەباتە سەر, بێئەوەی ئەنجامێك بداتە دەستەوە.

ئەگەر داوای لێبکەین و پەرتووکەکە دابنێت و هەستێت یاریبکات، یان بحەوێتەوە، یەکسەر شپرزەدەبێت و وازناهێنێت، ئەمجا بەپەڕۆش و هەڵمەتەوە ڕوودەکاتەوە سەر کارەکەی، ئەگەر لە باوکی ئەم قوتابییە بپرسیت پێت ئەڵێت: کوڕەکەی کۆششدەکات و هەموو هەوڵێك دەدات، بەڵام ئەنجامی نییە, پێشت دەڵێت: کوڕەکەی هەژارو داماوە, بە باشترین ڕێگە بە ئەرکی سەرشانی هەڵدەسێت، پێشت دەڵێت: کوڕەکەی هەوڵدەرو کۆششکەرو پەرتووکیشی خۆشدەوێت و حەزیش

لە یاری ناکات، دوای ئەوەش پێت دەڵێت: کوڕەکەی هێمنو هێواشو دڵپاکە، ئارەزووی تێکەڵبوونی کەسانی دیکە ناکاتو هاروهاج نییەو دایکو باوکو مامۆستا تەنگەتاو ناکات.

لەڕووی دەروونییەوە دەبینین: هەڵوێستی منداڵەکە ساقە, خەڵکی لێی رازین, چونکە ئەوپەڕ هەوڵدەداتو ئیتر گلەیی لەسەر ئەو نییە, لەبەرئەوەی سۆزو بەزەیی خەڵکی دەبزوێنێت, لەبەرئەوەی بەرهەمەکەی بەگوێرەی هەوڵە زۆرەکەی نییە، هەر لەبەرئەمەیە هەست بە ئازارو بەریبوونو نائومێدی باری دەروونی منداڵەکەو کەسانی دەوروبەری دەکەین.

ئەگەر زانیمان ئەم قوتابیە زیرەکییەکەی مامناوەندییە, باری ژیانگەی ماڵەوە ئاساییە, بۆمان دەردەکەوێت نهێنی خەیاڵ رۆیشتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی حەزی لە یاریو گەمەیە، بەڵام ئەم حەزکردنەی لەلایەن باوکو مامۆستاکانیەوە بەتەواوەتی هاندراوە، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش هەوڵی بەڕێەرچدانەوەی دراوە، ئەم بەڕێەرچدانەوەش لەلایەن کەسێکەوە بووە کە کانگای سۆزیشو کانگای دەستەڵاتیشە، بەلایەن منداڵەکەوە ئەو کەسەش باوکێتی, بەڵام بە (ئاماژە – إیحاء)ی یەکێك لە هاوڕێکانی لە بیرتێپەڕی باوکەکە – بەشێوەیەکی نەستی دەبوریت، لەبەرئەوەی باوکی دانبەوەدا دەنێت، کە کوڕەکەی بێدەنگو دڵپاکو حەز لە یاریش ناکات.

مادام وایە باوکەکە لە بەرپاکردنی بیرتێپەڕەکەدا هیچ گوناهی نییە، باوکەکە لەگەڵ ئەوەی لەجێگەی دەستەڵاتی کوڕەکەیدایە، خۆشیشی دەوێتو سۆزیشی بەسەردا دەکات، ئەم کارەی باوکەکە رێگەی بۆ کوڕەکەی خۆشدەکات بەبی چەنو چوون بیرتێپەڕەکەی

باوکی وەرگرین، چونکە کوڕەکە وادەزانێت باوکەکە بڕیارێکی راستی داوە، هیچ ڕێگەیەکی نییە، چەندوچوونی مەلابەزێنی لەگەڵدا بکەیت.
بەڵام خەیاڵکردن لەم حاڵەتەدا چۆن پەیدادەبێت، ئەم منداڵە وەکو هەموو منداڵێکی دیکە حەز بە جموجۆڵ و یاریکردن دەکات، کرداری قوتابخانەیشی لەسەر تێگەیشتن و گێڕانەوە لەبەرکردن وەستاوە, لەگەڵ کرداڕە ئاساییەکانی قوتابخانەدا هیچ هەلێك بۆ منداڵەکە ڕێکناکەوێت ئارەزووی خۆی لێ تێربکات, لە جموجۆڵ و چالاکی و یاریکردن و پەیوەندیکردن بە کەسانەوە، بە شتەکانی دەرەوە، ماوەی دەربڕین و سەربەستی بەرەڵابکات.

ئەمجا منداڵەکە کە لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە لە ماڵیشەوە ئامادەی پێدەدرێت کە بەردەوام بێت لەسەر هەمان کرداری قوتابخانە، هەرچەند دەروونی بێزاربووە لە خوێندنەوە و پیاچوونەوەدا، بەتایبەتی ئەگەر هێندێك وانەیەکی وشك بێت بەلایەوە و بەڕێگەیەکی وشکیش فێری بووبێت، ئەمجا کە دەیبینێت بەزۆر پاڵپێوەدەنێن بۆ ئەم کارانە، ناچار لە دڵی خۆیەوە خۆزگە بۆ یاریکردن و قسەکردن و چالاکیکردن دەخوازێت، کاتێك دەزانێت ئاوات بە خۆزگە نایەتەدی و ئامادەی بۆ کراوە حەز لەمانە هیچیان نەکات, ئەی باشە بۆ کوێ راکات, ئەگەر ڕێگەیەك بۆ دەری لەشی نەبێت لێوەی راکات، ناچار ڕووەو ناوخۆی خۆی ڕادەکات, ئەویش خەیاڵکردنە.

ژیانی ژیری منداڵ لەکاتێکدا کە چاوی بەسەر پەڕەکانی پەرتوکەکەیەوەیەتی، خەیاڵی دەڕوات، تاڕادەیەکی زۆر لە ژیانی ژیری لەکاتی خەونبینینی شەوانەدا دەردەچێت، لەبەرئەوە ئەو هێنانە پێش چاوانەو خەیاڵکردنانەی (کەڵکەڵەدا – شرود الذهن) هەموویان

ناوەبرێن بە خەونبینینی بێداری، منداڵ لە جیهانێکی وشک‌و ئاومێدی‌و قەدەغەو ئازارکێشانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ جیهانێکی دیکەی کە هەموو ئەوانەی لە ژیانی راستیدا لێیان بێبەری بووە بریبانبکاتەوە، لەبەرئەوە کاتێك ئەو منداڵە دەبینیت پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بڕیوە، وەکو: ڕاڤەی وانەکردن لەلایەن مامۆستاوە, یان قسەکردنی باوك، یان وشەکانی نێو کتێبەکە، چالاکییە ژیرییەکانی دەگۆڕێت بۆ ئەو کارو دۆخە ناوخۆییانەی کە خۆی دروستیکردوون، چونکە ئارەزووی هەیەو تووڕیە بۆئەوەی خۆیانی لێ تێربکات، لەبەرئەوە منداڵەکە بەخەیاڵ خۆی دەبینێت: تەماشای زۆرانبازییەك دەکات، یان بۆتە دواندەرێك، کاردەکاتە سەر جەماوەرو هەموو چەپڵەی بۆ لێدەدەن، یان خۆی دەبینێت گەورەترین پایەی فەرمانبەرێتی وەرگرتووە، بە هێڵی گەورە گەورە کردەوەکانی دەنووسرێن‌و بڵاودەکرێنەوە، یان خۆی دەبینێت بۆتە پاڵەوانێکی وەرزشی، بە ئازایی‌و وردەکاری یاریدەکات, بەجۆرێك کە لەوەوپێش لە جیهاندا نەبووە, هەموو پاڵەوانەکانی جیهانی بەزاندووە.

هەروەها جاری وا هەیە بە خەیاڵ خۆی دەخاتە دەریاوەو بۆئەوەی لە ژیانی پڕ ئازار رزگاری بێت، لەبەرئەوە باوکی تووشی خەمباری دەکات، ئەمجا لاشەکەی خۆی دەبینێت، هەزارەها خەڵکی دوای کەوتوون، دەیبەن دەینێژن، ئەمجا هەر بە خەیاڵ دەبینێت: لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان هەموو پڕن لە هەواڵی مردنی ئەم بلیمەتە بێ هاوتایە، جاری وا هەیە کە لەم خەونانە بێداردەبێتەوە، تەماشادەکات بەڕاستی بۆ خۆی دەگەڕی.

یەکێکی دیکە لە هەرزەکارەکان بە خەیاڵ کوڕی باوکی خۆی نەبوو، کوڕی کابرایەکی دیکەو دایکێکی دیکە بوو، چەند برایەکی دیکەی هەبوون، لە ماڵێکی پڕ لە سەیرو خۆشی‌و سۆزو ڕێزو یاریکردن‌و سەربەستیدا دەژیا، هەرچی ئارەزوویەکی دەروونی هەبوایەو لە ژیانی ڕاستیدا بۆی نەگونجایە تێڕیان بکات‌و جێبەجێیان بکات بە خەیاڵ تێڕیدەکردن‌و بەم بیرکردنەوەیە ڕایەڵی دەکردن‌و دەیچنین.

بەکورتی دەڵێین: خەیاڵکردن ڕۆیشتنە لەتاو ژیانی ڕاستی‌و هەڵێکیشە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئارەزوانەی کە لە ژیانی ئاساییدا جێبەجێ نابن بە خەیاڵکردن نەبێت.

لە قوتابخانەکانماندا، لە ماڵەکانماندا نموونە زۆرن بۆ چەند هەڵوێستێکی دیکە، لە جۆرەها ئەوانەی هەمان ئەنجام دەدەن، چونکە ئەو قوتابییەی کە لە مامۆستاکەیەوە سۆزو چاودێریی‌و گرنگی بەدیناکات، جاری وا هەیە خەیاڵی دەڕوات بۆ جیهانێکی دیکە، لەوێ تام لەوانە وەردەگرێت کە لەنێو پۆلدا دەستیناکەوێت.

هەروەها ئەو قوتابییەی زۆر هەوڵدەدات لە ئەنجامدانی کارەکەیداو کارەکەیشی لە سەروی ڕادەی توانستی ژیرییەوەیەتی، ناچار چالاکییەکەی دەگێڕێتەوە بۆ چالاکییەکی خەیاڵکردنی ناوخۆیی، ئەوەی بەسەر کارێکی زۆر قورسدا جێبەجێدەبێت، بەسەر کارێکی زۆر سوکیشدا جێبەجێدەبێت، چونکە ئەو قوتابییە زیرەکەی کە کرداری قوتابخانە (بەرهەڵستی – تحدي)ی زیرەکییەکەی ناکات، دەبینین لەم کارە ئاسانەوە بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ چەند کارێك کە ژیرییەکەی تامی لێوەردەگرێت، لەبەرئەوە کۆکردنەوەی زەین ڕۆشنەکان‌و زەین کوێرەکان لە یەك پۆلدا، تەلقینە ڕێگە چاولێکەرییەکانی تێدا

بەکاربهێنێت، دەبێتە هۆی گەڕانەوەی زەین رۆشنەکانیش و زەین کوێرەکانیش لە وانەکاندا، لەبەرئەوەی مامۆستاکە وانەکەی لەگەڵ قوتابیە مامناوەندییەکاندا دەگونجێنێت، ئەوکاتە وانەکە بەگوێرەی زەین کوێرەکان قورس دەبێت و بەگوێرەی زەین رۆشنەکان ئاسان دەبێت، ئەمانیش ئارەزووی گوێ پێنەدان دەکەن و زۆرترین جار ئارەزووی خەیاڵکردن دەکەن.

هەروەها تێبینی قوتابییان دەکرێت خەیاڵیان لەو وانانەی کە پێیان دەڵێن: وانەکانی سەرزاری دەڕوات، بەڵام لە وانەکانی کرداریدا, وەکو: نواندن, ئاواز, وێنەگرتن، پەیکەرتاشی، قوتابییان بە گرنگیدان و گوێپێدانەوە کاردەکەن.

دەبینین: هەر ئەمەش رووەدات، لە وانە کردارییەکانی سروشت و کیمیا و (تەکنیکی) و میکانیکیدا، بەڵام لەو وانانەی کە ناودەنرێن بە سەرزاری، قوتابی ئارەزووی خەیاڵڕۆیشتنی هەیە، ئەوانیش وەکو وانەکانی زمان و وانە کۆمەڵایەتییەکان و ئەوانەی ئاوەهان.

لەکاتێکدا قوتابییەکە گەورە دەبێت و دەچێتە پەیمانگا باڵاکان، هێندێك سەربەستی بەدەست دەهێنێت، قوتابییان دەبینین: بە لەش و بە خەیاڵیش لە ژووری وانەکانی کۆلیجە سەرزارییەکان خەیاڵدەکەن، بەڵام نایانبینین ئەمە بکەن لە کۆلیجە کرداریەکاندا، هەرچەند ئەو کۆلیجە کردارییانەی کە ماوە بە مامۆستاکان دەدەن, بۆئەوەی هانی قوتابییەکان بدەن بۆ لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوە، خۆیشیان و قوتابییەکانیشیان بە پەرۆش و گرنگییپێدانەوە لەسەر کارەکانیان بەردەوامن و قوتابییەکان بە خەیاڵ ناڕۆن، بەڵام ئەگەر قوتابییەکان بە تەلقیندادان و نوسینەوە مرۆش کرێن، ئەوە خەیاڵیان دەڕوات.

هەروەها ئەو مامۆستایەی کە لە قوتابخانە (ناوەندی- الثانوية)یەکاندا وانە دەڵێتەوەو خۆی قسە زۆردەکاتو ڕاڤەی زۆر دەکاتو (إملاء)ی زۆر دەکات، ئەگەر قوتابییەکانی گوێشی بۆ بگرن، بە زۆر گوێی بۆ دەگرن، ئەوکاتە مەودای خەیاڵ پڕۆیشتن هەیە، بەڵام ئەو مامۆستایەی ڕاڤەو قسەی کەم دەکات، لەباتی ئەوە قوتابییەکانی دەئاڵۆزێنێت بۆ وتوێژکردنو بیرکردنەوەو ئەنجام دەرهێنانو قسەکردن، ئەوکاتە قوتابییەکانی بە پەرۆشو گرنگیپێدانەوە گوێی بۆ دەگرن.

بەکورتی ئەو قوتابخانەیەی پەنا دەباتە سەر وروژاندنی چالاکی قوتابییەکانی، بە شێوازە کردارییەکانو بە پشت بەخۆبەستن لە کەمکردنەوەی ڕواڵەتی خەیاڵکردنەوەدا سەردەکەوێت، لەبەرئەوە ئەگەر هاتو (ژینگە)ی قوتابخانەکە پڕبوو لە گیانی سۆزو ڕێزگرتنو پڕبوو لە سەربەستی، لەگەڵ ئاڕاستەکردنێکی تیژو بەردەوام، ئەوکاتە ڕواڵەتی خەیاڵ تا ڕادەیەکی زۆر بێهێز دەبێت، لەسەر ئەمەشەوە پێویستە لەسەر قوتابخانە کارەکانی جۆربەجۆر کات، بەجۆرێك چالاکی کۆمەڵایەتیشو زانستیش بگرێتەوە، لایەنەکانی کرداریو هونەریو ژیریش بگرێتەوە، پێویستە ئەمانە هەموویان بە جۆرێك دابەشبن، قوتابییەکان تێیاندا هەست بە دەستهێنان، سەرکەوتن، بەرهەمدانان، خۆسەلماندن، بەبێ هیچ قەدەغەیەكو پساندنێك، بکەن.

ئەمەیە بەباشی دەزانین، کە (ژینگە)ی قوتابخانەی لەسەر بێت، بەباشی دەزانین ژینگەی ماڵیشی لەسەر بێت، ئەو باوکانەی کە ڕەفتارێك لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەکەن، پڕیەتی لەسەربەستیو سۆزو ڕێزگرتن، واش لە منداڵ دەکەن باوەڕی بە خۆیو بە دەوروبەری

هەبێت‌و خۆشیانی بوێت، دەبینین: منداڵەکانیان زۆر پڕتەو چالاکن‌و ئارەزووی گۆشەگیری‌و چوونە ژێری‌و خەونی بێداری ناکەن.

١١- شێتەڵی حاڵەتی خوێندکارێکی خوێندنگایەکی ناوەنجی کێشەدار

(حسن) خوێندکارێکی پۆلی دووەم بوو، لە یەکێك لە خوێندنگا ناوەنجییەکانی قاهیرەدا، دوا رۆژی رۆژانی خوێندن، یەکێك لە کارگوزارەکان دەچێت بە سەریدا، خەریکە چەکمەجەی پەرتوك‌و پەڕاوەکانی خوێندکارەکان دەکاتەوە‌و دەیاندزێت، کابرای کارگوزار بۆقەتەی ملی دەگرێت‌و بە کتێب‌و دەفتەرە دزراوەکانەوە دەیباتە خزمەتی جەنابی بەڕێوەبەر.

جەنابی بەڕێوەبەریش راستە‌و ڕاست پۆلیسخانە ئاگادارەکات‌و پۆلیس دەیگرێت‌و ئەویش لەگەڵ تاوانبارو دزۆزنەکاندا لە پۆلیسخانە شەودەکاتەوە. خوێندکارەکە تەمەنی تەنها (١٤) ساڵ بوو، ئەوەی کە پاڵی بە بەڕێوەبەرەوە نا کە ئەوەندە دڵڕەق بێت لەگەڵیدا، ئەوەبوو لەو چەنانەدا پەرتوك‌و پەڕاوو قەڵەمێکی زۆر لە خوێندکارەکان دەدزران، بەتایبەتی (حسن) سکاڵای زۆری دەکرد لە دەستی کتێب دزران.

لەوانەیە بەڕێوەبەر وای بۆ چوبێت کە هەموو دزراوەکان ئەم خوێندکارە دزیونی، سکاڵاکانیشی بۆ جێ‌ونکێ بوون، هۆیەکی دیکەش کە وای لە جەنابی بەڕێوەبەر کرد توندوتیژی بنوێنێت لەگەڵ (حسن)دا، ئەوەبوو هەمیشە دەستی تاوانی بۆ کارگوزارەکان ڕادەکێشا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەبوایە جەنابی بەڕێوەبەر هەرگیز پەنای نەبردایەتە بەر پۆلیسخانە، لەگەڵ خوێندکارێك لەم تەمەنەدا، ئەبوایە خۆی بە یارمەتی مامۆستاکانی کێشەکەی چارەسەربکردیە.

با واز لەو خاڵە بهێنین, بێینە سەر لێتوێژینەوەی خوێندکارەکە خۆی، بەڕاستی بەختمان هەبوو کە ئێمەش لەگەڵ پۆلیسدا بەشداری ئەم کارەمان کرد. ئێستە با بزانین (حسن) هەر ئەمجارە دزیکردووە، یان چەند جارێکی دیکەش بێجگە لەم جارە، چونکە ئەگەر دزی یەکجار بکرێت بە رووداوێکی ئاسایی دادەنرێتو چارەسەرەکەی بە ئاسانتر دەکرێت، بەڵام ئەگەر چەند جارێك یان چەندانە بوبێتەوە، ئەو چارەسەرانەی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی قوڵتر هەیەو چارەسەرەکەی گرانترە، لەلایەکی دیکەوە پێویستە منداڵەکە بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو لایەنێکەوە بکۆڵرێتەوە، بۆ نموونە: لە بارەی فێربوونو نمرەوە، لەبارەی پەیوەندی بە هاوڕێکانیو مامۆستاکانیەوە، لەبارەی ئاستی کۆمەڵایەتیو وەرزشییەوە لە خوێندنگادا, هەروەها لەبارەی تەندروستییەوە...هتد.

مەبەست لەمانەش ئەوەیە کە دیمەنێکی گشتی بکێشین لە ژیانی خوێندنگەو ماڵەوەو دەری خوێندنگەدا، کاتێك توانیمان بەتەواوەتی ئەم دیمەنانە بکێشین، ئەوساکە دەتوانین ڕێگەو شوێنی دزییەکە دیاریبکەین.

کوڕەکە زیرەکییەکی مامناوەندی بوو، تەمەنیشی چواردە ساڵان بوو، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ساڵی خوێندنی لە پۆلی دووی ناوەنجییە، لەگەڵ توانای ژیریدا ڕێکەوتووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەمترین نمرەی هەبوو لە پۆلەکەیدا، ئاستی فێربوونی لاواز بوو.

ئەم نمرە کەمەیش چاوەڕێ نەدەکرا لە کوڕێکی ئەم تەمەنەدا، کە زیرەکییەکەی وەکو زیرەکی ئەم وابێت و تەندروستی باش بێت و لەشی ساق بێت و هەستی بەهێزبێت و خۆیشی بەهێزو پڕتەوو چالاک بێت...هتد.

لەسەر ئەمانەوە کوڕەکە کورتەباڵا بوو، ئەو جلوبەرگانەی کە لە بەریدا بوو لە خوار مامناوەندییەوە بوون، کەمدەرامەتی پێوەدیاربوو. مااڵەکەیان لە خوێندنگاکەوە زۆر دوور بوو، ئەبوایە نزیکەی دوو کیلۆمەتر بە پێ بڕۆیشتایە, ئەوسا دەگەیشتە ئیستگەی (ترومای)[٢٦] و سواردەبوو، دوای ئەوە دادەبەزی و سواری (ئۆتۆبیس) دەبوو، نزیکەی (٣٢) ملیمی[٢٧] لە هاتوچۆی رۆژانەدا بۆ گەیشتن بە خوێندنگەو گەڕانەوە بۆ مااڵی خەرجدەکرد.

باوکی خوێندکارەکە هەژار بوو، دەستکەوتی مانگانەی لە پێنج جونەیهی[٢٨] میسری زیاتر نەبوو، باخەوانی حکومەت بوو, خێزانەکەی لە خۆی و ژنەکەی و کوڕەکەی و کچی بچوکی پێکهاتبوو. ئەم باوکە کابرایەکی زۆر وشك بوو، هەمیشە لەدەستی بەختڕەشی خۆی واوەیلای بوو، باوەڕی وابوو بلیمەتی نادیارەو نەیخوێندووە، ئەگەر بهاتایەو بیخوێندایە، ئەبووە یەکێك لە پێشەوا گەورەکانی جیهان، کابرا زۆر ڕەق بوو بەزۆر پاڵی بە کوڕەکەیەوە دەنا بۆ خوێندن، چەند مامۆستایەکی سەرەتایی داوەشێنی بەکرێ گرت بۆ فێرکردنی کوڕەکەی بە وانەی

٢٦- ئۆتۆبیس لای خۆمان پێیدەڵێن (پاس)، ترۆمای شەمەندەفەری دوو فارگۆنیە لەسەر هێڵی ئاسن، لەناو شاردا بەکارەبا کاردەکات. (وەرگێڕ)

٢٧- (١) ملیم بەرامبەر (١) فلسی عێراقییە. (وەرگێڕ)

٢٨- یەك جونەیە یەکسانە بە یەك دیناری عێراق سویسری. (وەرگێڕ)

تایبەتی، ئەوانیش لێیانئەداو تێیان هەڵئەدا، بەناوی فێرکردنو سەرپەرشتیکردنەوە.

لەنزیك مالّی (حسن) چەند خوێندنگایەك هەبوون, بەڵام باوکی هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی کوڕەکەی بگوێزێتەوە بۆ یەکێك لەو خوێندنگایانە، چونکە هەمیشە هەڕەشەو گوڕەشەی ئاڕاستەی بەڕێوەبەرەکان دەکردو لەحاڵێکدا کە کوڕەکەی وەرنەگرن.

لەبەرئەوەی بەروبوومی خێزانەکە رادەی کەم بوو، کوڕەکەیشی دەیویست وەکو کوڕە دەوڵەمەندەکان لێخوڕێت، بەڵام بۆی نەدەلوا، ناچاردەبوو لەناخافڵ پەرتوکو پەڕاوەکانی هاوڕێکانی دەدزینو دەیبردن بۆ بازاڕی (درب الجماهیر)[٢٩] دەیفرۆشتنو بە پارەکەی جگەرەی دەکڕیو لەگەڵ هاوڕێکانیدا پێیدەچوون بۆ سینەما.

لەڕاستیدا (دزی) فرمانێکی هەیە، چونکە هۆیەکە بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکی دەروونی، ئەویش ئەوە بوو خۆی پێدەبردە ریزی هاوڕێ سامانداڕەکانیو خۆی بە دەوڵەمەند دەردەخست لەپێش چاویان.

لەگەڵ ئەوەشدا (دزی) فرمانێکی دیکەشی هەیە، ئەویش فرمانێکی تۆڵەسەندنە، چونکە باوکی ڕەفتاری خراپی لەگەڵ دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بەراوردی دەکرد بە خوشکە زیرەکەکەیەوە، لەبەرئەوە پێویستە کوڕەکە تۆڵە لە باوکی بسێنێت، بەڵام دەسەڵاتی نیەو ناتوانێت تۆڵە لەو بسێنێت، ناچار ڕوویدەکردە خوێندنگەو دەستەڵاتدارەکانی.

٢٩- درب الجماهیر، وەکو (بازاڕی خومەینی)ی سلێمانی، یان وەکو (بازاڕی شێخولاّ)ی هەولێر وایە. (وەرگێڕ)

کەواتە (دزی) دوو فرمانی هەیە، یەکێکیان (وەردەگەڕێت بۆ تۆڵەسەندن)، ئەوی دیکەیان (بریکردنەوەیەکی سودبەخشە). ئەی بۆچی (دزی)یەکە رووبەرووکردە پەرتوکو پەڕاوەکان؟ لەوانەیە ئەمەش بێ مەڵامەت نەبێت، چونکە مەودای تۆڵەسەندنەکە، مەودایەکە کە باوکەکە گرنگی پێئەداو حەزی لێدەکرد، بەڵام کوڕەکە تێیدا دەکەوت.

تێبینی ئەوەش دەکرا کە باوکەکە خۆی بە بلیمەتێکی شاراوە دەزانی، باوەڕی وابوو ئەگەر بیخوێندایە رۆڵێکی هەرە گەورەی دەبینی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی نەستی دەیویست ئەوەی لەخۆیدا نەهاتبووە دی لە کوڕەکەیدا بیهێنێتە دی، ئەوەندە حەزی لە فێربوون بوو، ژنە نەخوێندەوارەکەی فێری نوسینو خوێندنەوە کرد، هەموو مێردێك ئەوەی لەدەست نایەت خۆی بکاتە مامۆستای ژنەکەی، باوکەکە ئەوپەڕی دڵڕەق بوو لەگەڵیدا، بۆ نموونەی دڵڕەقییەکەی: جارێکیان چوو بۆ خوێندنگە ئەنجامی تاقیکردنەوەی کوڕەکەی وەرگرێتەوە، کاتێك کە تەماشایکرد کەوتووە (راسب) بووە، کوڕەکەی لە خوێندنگاکەوە گرت، هەر لەوێوە بە شەقو بە زلله هێنایەوە تا گەیاندییە ماڵەوە.

مێژووی ژیانی کوڕەکە: دایکی حسن پێش حسن دوو منداڵی مردبوو، لەبەرئەوە ئەوپەڕ نازداربوو، چونکە لەو سەردەمانەدا باوکی باری ئابووری باش بوو، ئەمیش تاقە کوڕ بوو، لەبەرئەوە چەندێك نازیان دەکێشا، خۆیشی ئەوەندە نازی خۆی دەکێشا، تا تەمەنی گەیشتە (٦) ساڵیو خوشکێکی بوو، باوکیشی لەو پیشە باشەوە

گوێزرایەوە بۆ سەر پیشەیەکی دیکە. باری ئابووری زۆر خراپ بوو، تا بەمە کۆپەکە توشی نائومێدی بوو، چونکە ئەو نازو نیعمەتەی جارانی نەما، بەتایبەتی گەیشتە قۆناغی هەرزەکاریو چاوی کرایەوەو چووە جیهانێکی دیکەوە، جیهانێکی پڕ جگەرەو سینەماو هاوڕێو هاولفی ساماندار، وای بە پێویست دەزانی کە لەگەڵیدا بڕواتو هاوسەر کەم نەبێت، باشترین ڕێگە بە ڕای خۆیو ئاسانترین ڕێگە ئەوەیە، پەرتوکو پەڕاوی هاوڕێکانی بدزێت، لای فرۆشیاری پەرتوکە کۆنەکان بیانفرۆشێتو بە پارەکەی ئارەزووەکانی بهێنێتەدی.

چارەسەر: هەوڵماندا چارەسەری ئەم کەموکوڕییە بکەین بەم ڕێگایانە:

١- یارمەتییەکی دراوی بۆ دابینبکەین.

٢- پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ باوکیدا باش بکەین.

بەڵام سوربوونی باوکی لەسەر ڕەفتارە ڕەقەکانی لەگەڵیدا، پاڵپێوەنا بۆئەوەی واز لە خوێندن بهێنێتو ڕاکاتو بڕوات کارێك بدۆزێتەوە لە سوپاگەی هاوپەیمانەکاندا لە (حلوان)[٣٠] و (المعادي)، لەم ڕێگەیە تووشی چەند کارێکی ترسناك بوو، ڕاکردنەکەشی لەبەر دوو هۆ بوو:

١- خۆی دوورخاتەوە لە مەودای نائومێدیو بێ دەستەڵاتیو سزای نێومااڵ.

٢- پەیداکردنی دەستکەوتێك لە دراو، ئارەزووەکانی پێتێربکات لە جگەرەکێشانو چوونە سینەما.

٣٠- حەلوان و مەعادی، دوو ناوچەن، وەکو (سەرچنار) و (بەکرەجۆ)ی جاران، کە کەوتبونە پەڕی شارەوە. (وەرگێڕ)

بەشی دووەم

چەند راوەرگرتنێکی دەروونی

١) کچێکی زۆر شەرمن
٢) کوڕێکی زۆر شەرمن
٣) عاشقبوون لەیەکەم بینیندا
٤) شوکردن بەزۆر
٥) کوڕە هەژارێکو کچە ساماندارێک
٦) چەند دەنگێک وازم لێناهێنێت
٧) دەستپەڕ (خوی نهێنی)
٨) هەست بە گوناە دەکەمو تاوانیشم دژی کەس نەکردووە
٩) کوڕی گەورە
١٠) جارێکی دیکە کوڕی گەورە
١١) برا تاقانەکەی حەوت خوشک
١٢) خوێندنی زانکۆ باشترین رێگە نییە
١٣) لاوان لە ژیان باشتر فێردەبن
١٤) ترسی دایکو تووڕەیی باوک
١٥) باری هەرزەکارێک
١٦) ترسی منداڵ

١- کچێکی زۆر شەرمن

من کچێکی تەمەن (١٨) هەژدە ساڵم، تا رادەیەکی زۆریش جوان‌و بەڕەوشتیشم, ئەمساڵ بڕوانامەی ئامادەییم وەرگرت‌و لە کۆلێژی بازرگانی وەرگیرام, هەرچەند گەیشتوومەتە ئەم قۆناغە، بەڵام ئەم گرفتەم هەیە:

زۆر شەرمنم، بەڕادەیەکی ئاوەها لە کچەکانی هاوڕێم ئەوانەی لە ڕەگەزی خۆمن زۆر شەرم دەکەم، ئەمجا ئێستا سەرسامم لە کۆلێژەکەدا لەگەڵ کوڕەکانی هاوڕێمدا کە لە ڕەگەزێکی دیکەن چیبکەم؟!

ئەوەندە شەرمنم، کە یەکێك لە ماڵەوە دیدەنیمان دەکات کوڕ بێت یان کچ، لەڕووم نایەت بچم بەخێرهاتنی بکەم‌و تەوقەی لەگەڵ بکەم، ئەم ڕادە شەرمنییەم وایلێکردووم لە خەڵکی دووربم، ئەگەر بێت‌و ڕێکەوێت‌و لە کۆمەڵێکدا دانیشم‌و قسەیەك بەسەر دەممدا بێت، وادەزانم ئەو کەسانەی کە دانیشتوون هەموویان تەماشام دەکەن، ئەگەر بێت‌و قسە لەگەڵ کەسێکدا بکەم، دەمم بەیەکدا دێت، ئایا دەزانن خەڵکی چیم پێدەڵێن؟ پێمدەڵێن من کچێکی فیزلم، هەرچەند زۆریش شەرمنم.

لەبەرئەوە ئەوەندەی دیکە زیاتر شەرمدەمگرێت، چونکە ناتوانم لەگەڵ ئەو کەسەدا قسەبکەم‌و بڕۆم، لەبەرئەوە دەبینین لەم جۆرە هەڵوێستانە خۆم دووردەخەمەوە‌و لەگەڵ کەسیشا دانانیشم با لە خۆیشم منداڵتر بێت، بە گۆشەگیرم دادەنێن.

ئەمە گیروگرفتەکەمە, دەینێرم بۆ ئێوە بۆئەوەی بە (ڕا) راستەکانتان رابەریمبکەن.

ا-م-ف

شەبرا

وەڵام:

بۆ کچێك له تەمەنی تۆدا بێت، شەرمنی کارێکی ناوێزە نییە، ئەویش لەو نیشانانەیە کە لەم تەمەنەداو پێش ئەم تەمەنە دەردەکەون، دوای ئەمەش پرشو بلاودەبنەوە، وردەوردە بەتەواوەتی هەر نامێنن. ئەوەی دووپاتیدەکاتەوە نامێنن، حەزکردنی خۆتە لە نەمانی، بەڵێ چەند حاڵەتێك هەن شەرمنی تیایاندا زیاتر بەردەوام دەبێت، تۆ خۆت دەڵێیت:

تا رادەیەکی زۆر جوانی، بە رەوشتی، ئەمە وادەگەیەنێت تۆ بە جوانییەکەت زۆر هەستدەکەیت، هەستکردنی مرۆڤ بە نیشانەیەك کە تێیدا هەبێت زۆرجار وایلێدەکات بپەشۆکێت، بەڵێ کچانی زۆر جوان هەن، هەست بە جوانیەکانیان دەکەن، دەستی بەسەردادەگرنو بە هەوەسی خۆیان هەڵیدەسوڕێنن، بەڵام هەڵسوڕاندنێکی وەستاوی چەسپاو، وەکو ئافرەتە ئەکتەرەکانو ئافرەتانی تری، بەڵام وا بڵاوە کە ئەو کچەی هەست بە جوانییەکەی دەکات وا هەستدەکات گەردوون بەو جوانییە دەلەرزێت، لەهەمان کاتیشدا دەترسێت رووندات، هەستکردن بە هێزو هەستکردن بە ترس لە بێهێزبوون، ناڕێکییەك لە لەنگەری دەروونداو دروستدەکات، لەم حاڵەدا پێیدەڵێن (شەرمنی).

لەگەڵیشیدا چەند گۆڕانێکی دەماریو لەشیش پەیدادەبێتو روومەت سووربوونەوەو جمەناڕێکی لەڕووی خەڵکیدا بەدوایدا دێت، لە دەقی دەربڕینەکەیدا دەڵێت: وا بۆم دەردەکەوێت هەر کەس لەگەڵمدا دانیشێت تەماشای من دەکات، ئەگەر قسە لەگەڵ یەکێکدا بکەم دەمم بەیەکدا دێت، ئەمەش لەنگەر تێکچوونو جمەشێوانە، یەکێك لەوانە قسەی من بەهێزدەکەن کە دەڵێم: زۆر هەست بە جوانی خۆت دەکەیت

ئەوەیە کە خەڵکی تاوانبارت دەکەن بە فیزڵی، ئا ئەمەیە لایەنە بەهێزەکە، چونکە هەموو شەرمێك لایەنی بەهێزی هەیە، ئەویش مەترسییە لە کارتێنەکردن، لەبەرئەوە بیردەنگی بەباش دەزانێ.

تۆ دەڵێیت: هیچ قسە نازانم تا لەگەڵ ئەو کەسەدا لەگەڵی دادەنیشم بیکەم، ئەمەش لەبەرئەوەیە زەینت چەقیوەتە سەر تەنها بیرکردنەوەکەت لە جوانییەکەت. من داوات لێناکەم شانازی بە جوانییەکەتەوە نەکەیت، بەڵکو بەپێچەوانەوە من باوەڕم وایە جوانی لە دەستمایەی کچانە، خۆ بە جوانزانیش هانیدەدات بۆئەوەی پارێزگاریبکات.

ئامۆژگاریتدەکەم کە فێری تێکەڵاوی خەڵکی ببیت، هەروەکو چۆن منداڵ فێری ڕۆیشتن دەبێت، لەسەرەتاوە بە یارمەتییەکەوە فێریدەبێت، دواجار بەسەربەخۆ دەڕوات، لەسەرەتاوە کەم کەم دەڕوات، دوای ئەوە ڕۆیشتنەکەی زۆرترو جوانترو خێراتردەبێت، هەروەها تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا، تێکەڵاوی لەگەڵ دوو کەس بکە، دوایی لەگەڵ چواردا، کاتێك هەر خۆت دەبیت وشەو ڕستەی زۆر فێربە، خۆت ڕۆژنامە بخوێنەرەوەو بەباشی بیگێڕەرەوە، چونکە ناوەڕۆکی هەیە, پڕیان لە هەواڵو پرۆژەو چیرۆك و نوکتەیە، لەگەڵ هاوڕێکانتا چیرۆك بۆ یەکتری بگێڕنەوە، نوکتەیەك بۆ یەکتری بڵێن، هەواڵ بگێڕنەوە بە هەواڵ.

نەکەیت باسی خۆتو کەسانی دیکە بکەیت، بەڵام دەتوانی هێندە شارەزاییەکی خۆت بگێڕیتەوە، بەمەرجێ زۆر شانازیو سنگ هەڵکێشانی تێدانەبێت، بەڵام خۆزگایە قسەی خۆشی وەهای تێدابوایە خەڵکی بهێنایەتە پێکەنین، ئەگەر خەڵکی لەو شارەزاییانەی بەسەریاندا

تێدەپەڕێت بیردەکەنەوە، دەبینین زۆر شتی تێدا هەیە بەکەڵکی گێڕانەوە دێت‌و بەکەڵکی ئەوە دێت ببەستڕێت پێکەوە، بتکاتە قسەکەرێکی قسەناسک، ئەوکاتە خەڵکی بۆ قسەکانت زیاتر وریادەبنەوە، لەوەی بۆ دیمەن‌و جلەکانت ئاوڕبدەنەوە، هەرچەند دیمەن‌و جل قسەو واتاکانی جوان دەکەن، مادام چوێتە ژیانی زانکۆوە گرنگی بە زانست‌و زانیاری زیاتر دەدەیت، بەڵام بچوێتایەتە ژیانی سینەماو شانۆ یا جل نیشاندانەوە، ئەوکاتە دیمەن‌و جوانیت لە تیشکۆدا دەبوو، ئائەمە ئاڕاستەکردنمە بۆ تۆ، ئەگەر پێوێستییەکەتی جێبەجێکرد ئەوە باشە، ئەگینا من ئامادەم هەر بەردەوامبم لە لێکۆڵینەوەدا، بۆئەوەی یارمەتیت بدەم لە یارمەتیدانی خۆتدا.

٢- کوڕێکی زۆر شەرمن

گیروگرفتەکەم لە جۆرێکی سەیرە... سەیرێکی باشە، گرنگ ئەوەیە من گیروگرفتەکەم دەزانم‌و نازانم هەڵیوەشێنم، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر گیروگرفتەکەم دەئاڵۆسکێنم، من حەز بە تەنهایی دەکەم، بەدەوری خۆمدا خۆم دەپێچمەوە، گۆشەگیری تەنها تەسکینیدەرمە، لەهەمان کاتیشدا خەڵکیم خۆشدەوێت، خۆشەویستیەکی زۆر، حەزدەکەم تێکەڵاوییان لەگەڵ بکەم، ئەگەر مامۆستا پرسیارێکم ئاڕاستە بکات، ئەشڵەژێم‌و دەموچاوم سورهەڵدەگەڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا من هەوڵدەدەم هەموو کاتێك یەکەم بم، لە قوتابخانەیەکدا بووم کچانی تێدابوو، زۆر رقم لێیان بوو، کە دەمبینین لێیان پەستدەبووم، بەڵام لە دڵی خۆمدا ئاواتەخوازبووم لەگەڵ یەکێکیاندا سۆز بگۆڕینەوە، ئەو نازەم بداتێ، کە بە مردنی دایکم پێنج ساڵ لەمەوبەر لەکیسم چووە، من خوێندنی

ناوەندیم لەبەرچاو کەوتووە، نزیکیشە ببمە مامۆستای ناوەندی، ئەترسم بەردەوام هەروا بخوێنم، لە ژیانما چەند دیاردەیەکی نوێی ترسناک دەرکەوتووە، شتێك پەیدابووە زۆرم لێدەکات کە واز لە پیاچوونەوەی وانەکانو واز لە خوێندن بهێنمو ژیان ببێزێنم، چونکە دەبمە مامۆستا، لە بەربەرەکانی قوتابییەکان ئەترسم، لە کەوتن ئەترسم.

زۆر حەزدەکەم ناسیاوی لەگەڵ کچاندا پەیدابکەم، جاری واهەیە دەمەوێت تەنها بە مەبەستی قسەکردن لەگەڵ کچێکدا بچمە دەرەوە، بەڵام هەر ئەوەندە لە دەرەوە چاوم پێیکەوت، هەست بە تەنگەوتاوییەك دەکەمو رادەکەمە دواوەو دێمەوە جێگەکەی خۆم، ئەمە کارێکەو سەرسامم دەکات.

بەڕاستی ژیانم بێزاندووەو خەڵکیشم بێزاندووەو هەموو شتێکم بێزاندووە، بەڵام ژیانم بێتاوانە، خەڵکیش بێتاوانن، هەموو شتێك بێتاوانن، هەوڵمدا لەگەڵ خەڵکی تێکەڵاوی بکەم، هەوڵمدا لە هەر یانەیەکدا بێت بەشداریبکەم، هەوڵمدا هاوڕێ بگرم، هەوڵمدا چیرۆك بخوێنمەوەو بنووسم، چێژی سەرکەوتنی نوسینیم بە دڵە، بەڵام دووبارە ئەویش تەنگەتاوم دەکات، واملێدەکات حەز بە رك‌و تەنگەتاوی بکەم، هەستدەکەم جیهان بۆ من دروستنەکراوە، بەڵکو بۆ کەسێکی کۆمەڵایەتی‌و روخۆش دروستکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا من ئامادەم ئەو کەسە بم، بەڵام ناتوانم، تۆ بڵێیت بەهۆی ژیانی پێشەوەم نەبێت؟ ئەشێت وابێت، چونکە بیستوومە ژیانی منداڵیم زۆر سەیربووە، ئەڵێن: بە درێژایی رۆژ بەبێ مەمك فرێیان دەدام بێئەوەی گریان لە زارم بێتە دەرەوە، کە تۆزێك گەورەبووم، رکم دەهاتەوە لەگەڵ منداڵان یاریبکەم دەچووم لەگەڵ خوشکە

بچووکەکەمدا یاریمدەکرد، کاتێك کە مرد حەزم نەدەکرد یاری لەگەڵ هەردوو ڕەگەزەکەدا بکەم، دوای ئەوەش دایکم مرد، ڕکم لە هەموو کەس دەبووەوە. ئێستەش حەزدەکەم خەڵکی هەست بە بوونم بکەن، دەمەوێت ببمە ئەندام لەم کۆمەڵەدا... نازانم چی بکەم؟!

م – ع – م

وەڵام:

ئەوەی لەسەرەتاوە دەریدەخەم، ئەوەیە پێرۆزباییت لێدەکەم، لەبەرئەوەی ئەم وێنە باشەت کێشاوە لەبارەی گیروگرفتەکەتەوە، لەبەرئەوەی یارمەتیت ئەدات بەسەر سەرکەوتنیدا. تۆ خەڵکیت خۆشدەوێتو تەنیاییشت خۆشدەوێت، کچانت خۆشدەوێتو ڕکیشت لێیان دەبێتەوە. ئەمە کارێکی سروشتییە، چونکە خەڵکی تەنها خۆشەویستی ناکەن، یان تەنها ڕکەبەری ناکەن، بەڵکو هەردووکیان دەکەن، بۆ نموونە تەنها کەسێکی دیاریکراو، خەڵکیشی خۆشدەوێتو ڕقیشی لە خەڵك دەبێتەوە.

بەڕاستی کاتێك کە تۆ ئارەزووی گۆشەگیری دەکەیتو ناتوانیت تێکەڵاوی بکەیت، پێویستە فێری تێکەڵاوی بیت، هەروەکو چۆن لەسەرەتاوە منداڵ فێری ڕۆیشتن دەبێتو فێری قسەکردن دەبێت، پێویستە وردە وردە فێری تێکەڵاویکردن بیت، پێویستە لەسەریشت بزانیت لەکاتی تێکەڵاویکردندا چی دەکەیت، زۆر کەس هەن کاتێك بیانەوێت قسە لەبەردەم خەڵکی بکەن ئەگەر بزانن شەرمدەکەن و دەپەشۆکێن، هەڵدەستان مەشقیان دەکردو خۆیان ڕادەهێنا، تا وردە وردە بەسەر شەرمکردنەکەیاندا سەردەکەوتن.

باسی گیروگرفتەکەت ناتەواوییەکی زۆری تێدایە، ئەبوایە ژمارەی براو خوشکەکانتمان بزانیایە، لە نامەکەتدا وادەردەکەوێت کە تەنها خوشکێکت هەبووە، یاریت لەگەڵ کردووەو دوایی مردووە.

چەند برات هەیە؟ ئایا یارییان لەگەڵ دەکەیت؟ لە رووڕکردنەوەی گیروگرفتەکەتدا ناتەواوییەکی زۆر هەیە، بۆ نموونە نەمانزانی دایکت ژنی دووەمی باوکتە یان تاقە ژنێتی؟ ئەوە باسی باوکت هەر نەکردووە, لە نامەکەتدا وادەردەکەوێت لە دەوروبەرێکی کچانەدا گەورەبوویت، دایکیشت بۆ هەر کارێك رۆیشتبێت ناچار بەبێ مەمك بەجێی هێشتویت، ئەوە کارێکی سروشتییە منداڵێك بۆماوەیەکی زۆر بەجێبهێڵرێتو نەگری, یان وێنەکێشانەکەت فیشاڵی تێدا هەیە، واتا بۆیان گێڕاویتەوە کە گوایە بەدرێژایی رۆژ بەبێ مەمك بەجێهێڵراویت، بێئەوەی گریان لە زارت بێتە دەرەوە, لەوانەشە راست بێت.

بەهەرحاڵ بێت، زۆر جوانە کە دەڵێیت: حەز بە تێکەڵاوی دەکەم، حەز بە دانیشتن لەگەڵ خەڵکی دەکەم، مادام وایە پێویستە هەل بۆ خۆت رێکبخەیت بۆئەوەی لەگەڵ خەڵکی قسەبکەیتو دانیشیت، بەڵام قسەکردنیش پێویستی بە ئازووقە هەیە، ئەمجا چەند بابەتێکی گشتی یان تایبەتی, یان هەردووکیان بزانیت، ئەمجا ئەگەر مرۆڤ کاتی تەنیایی بتوانێت رۆژنامەکانی رۆژانە بخوێنێتەوەو هەواڵەکانی رامیاریو دەرەوەو ناوخۆ بزانێتو رووداوەکان بخوێنێتەوە، ئەوساکە دەتوانێت لەگەڵ هاوڕێکانیدا باسی بابەتی خۆش بکاتەوە، یان باسی ئەوانە بکات کە لێیان دەپرسێت، بەم جۆرە دانیشتنەکەی وەرگرتنو پێدانیشی تێدا ئەبێت، بەم چەشنە پەسندەبێت لای خەڵکی، خەڵکیشی لەلا پەسندەبێت.

حەزدەکەم ئەوە بزانیت کە گۆشەگیری هەلێکی زۆرباشە بۆ خۆئامادەکردن بۆ تێکەڵاوی، وەکو کاتی پیاچوونەوەی پێش تاقیکردنەوە وایە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: مرۆڤ فێری تێکەڵاوی دەبێت، هەروەکو چۆن منداڵ فێری قسەکردن دەبێت، فێری ڕۆیشتن دەبێت. فێربوونی تێکەڵاوی، پێویستی بەئارەزوبوون و ئامادەبوون، مەشقکردنی هێدی هێدی هەیە.

تۆش ئارەزووش و ئامادەبوونیشت تێدا هەیە، تەنها ئەوە ماوەتەوە بەرەبەرە خۆت رابهێنیت، هەروەها بشزانە کە گۆشەگیریی بەکاردەهێنرێت بۆ خوێندنەوە و بیرکردنەوە و کەڵک لێوەرگرتن و خۆڕاهێنان بۆ کۆبوونەوە و تێکەڵوێکردن بە خەڵکی و خۆسەلماندن بەوان، ئا بەمە وردە وردە لە گۆشەگیری ڕزگارت دەبێت، گۆشەگیرییەکەیشت دەبێتە هۆی خۆڕاگرتن, نەک ڕاکردن.

هەروەها تۆ دەڵێیت: حەزدەکەم قسە لەگەڵ کچاندا بکەم، ئەمەش کارێکی ئاساییە، تەنها پێویستی بە شێوازێکی وا هەیە، بێشەرمانە و بەبێ پەشۆکان قسەیان لەگەڵ بکەیت، هەروەهاش قسەکردن بۆ کچان پێویستی بە ئارەزووبون و توانابوون و ڕاهێنانی وردە وردە هەیە، هەروەها پێویستە سەرەتا قسەکردن لەگەڵ کچاندا لە بارەکانی توخمیەوە دووربێت، واتا ئەشێ مرۆڤ بۆ کچە خزمێکی یان هاوڕێیەکی یان بۆ کچە فرۆشیارێك لە فرۆشگایەکدا قسەبکات، پێویستە ئەم جۆرە سەبارەتانە تاقیبکەینەوە، ئەگەر تووشیان نەبویت و بۆت نەڕەخسا پێویستە خۆت هەوڵبدەیت بۆ خۆتیان بڕەخسێنیت، بۆئەوەی هەل بۆ خۆت هەڵخەیت و لەگەڵ کچاندا قسەبکەیت، بەمەرجێك بابەتی قسەکردنەکەت لە باسی توخمییەوە بەدووربن.

بەشێوەیەکی گشتی چەند ئامۆژگارییەکت دەکەم:

١- وەکو مرۆڤێکی ناوێزە تەماشای خۆت مەکە، کە لە هەموو کەسێك جیاوازیت هەبێت.

٢- خۆت سەرشۆڕی حاڵەتی گۆشەگیری مەکە، کە ئێستە تێیدا دەژیت، بەڵکو هەوڵبدە لێی دەربچیتو سەرکەویت بەسەر گیروگرفتەکانتا.

ئا بەم چەشنە هەستیارییەکەت کەم دەبێتەوەو لەگەڵ کەسانی دیکەو ژیانیشا دەگونجێت.

ئەمەی بە تۆی دەڵێنو تاقیشکراوەتەوە، هەر لە راستیدا زۆر لە گەورەکان بە خۆڕاهێنان وردە وردە لێوەی فێری تێکەڵاویبوون، لەگەڵ توخمی دیکەشدا فێری قسەکردن بوون، بەڵام دوور لە باسەکانی باری توخمی.

هەر کاتێك چارەسەرت کارێکی (نەکردە - محال) بوو هەرچەند باوەڕناکەم هەروەکو لە نامەکەتەوە دەردەکەوێت، ئەوساکە گرفتەکەت پێویستی بە چارەسەری تایبەتی هەیە.

ئەگەر خۆیشت ئامادەدەکەیت ببیتە مامۆستای ناوەندی، پێویستە لە قوتابخانەی باڵای ئامادەکردنی مامۆستایاندا بخوێنیت، ئەوکاتە لەناو مامۆستاکانا مامۆستای وا هەن پەروەردەو دەروونزانی دەڵێنەوە، ئەوان دەتوانن یارمەتیتبدەنو بتخەنە سەر ڕێگەی راست.

لە قوتابخانەی ئامادەکردنی مامۆستایان هەلێکی باشت لەپێشەوە هەیە, بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانت، ئەویش ئەوەیە هەڵی راهێنانی کرداریت بەدەستدەکەوێت، ئەویش هەلێکە مەودای ئەو راهێنانە، ناوبەناوو بەرەبەرەیەی، هەیە کە باسمانکردن.

خواوەند سەرتخاتو یارمەتیشت بدات.

٣- عاشقبوون لە یەکەم بینیندا

ئەمە چیرۆکێکە لە برا بچووکەکەم رویداوە، پزیشکە دەروونیەکان لە چارەسەرکردنیدا سەریان سوڕماوە.

منو سەمیری برا بچوکم کە قوتابییە لە ئەندازەی دەریایی, لە ئەسکەندەرییە پێکەوە دەژین، سەمیر کە لە زانکۆی ئەسکەندەرییە دەخوێنێت نزیکەی مانگێك دەبێت چوو بۆ قاهیرە، هەفتەیەکی پێنەچوو، کاتێکم زانی گەڕایەوە دواوە، بێئەوەی هۆی گەڕانەوەکەیم پێبڵێت، کاتێك کە چاوم پێیکەوت بینینم باری زۆر گۆڕاوە. ئەو زەردەخەنەیەی جاران لەسەر لێوی بوو، ئێستە نابینرێت، دوو رۆژی پێچوو تەماشامکرد بەدەم خەوەوە وشەی (محاسن) دەڵێتەوە، لەبەرئەوەی دەمزانی دڵداری زۆرن ئەوەندە گوێم نەدایە، کاتێکم زانی وایلێهات لە ژیان بێزاربوو، شەوان بەدەستی ئەنقەست خۆی دەکردە خەو، ئاگام لێبوو بە کوڵ دەگریا، دوایی وای لێهات خۆی دەخنیە ژوورەکەیەوەو دەگریا بە ئامانو زەمان بەجێی نەدەهێڵا، تەماشامکرد ناوی (محاسن) لەسەر پەرتووکو هەموو یادگارەکانی نوسراوەتەوە، هەوڵمدا شتێك لەبارەیەوە بزانمو بزانم (محاسن) ناو کێیە؟

کەڵکی نەبوو نەخۆشکەوتو لە جێگەدا کەوتو تووشی هەوکردنی سی بوو، (زکرو فکری) وشەی (محاسن) بوو، هەروەکو چۆن پزیشك ئامۆژگاریکردم جارێکی دیکە باسی (محاسن)م لەگەڵ نەکردەوە، دوای ئەوەی دروستی هاتەوە سەر خۆی، یەکێك لە هاوڕێکانی توانی بزانێت (محاسن) کێیە، پێی وتبوو (محاسن) کچێکە لە باخچەی گیانلەبەرانی (جیزە)، چاوی پێی کەوتووە، منیش لە کاری خوداوەند سەرم سوڕما وتم: ئەمە ئەو سەمیرەیە کە لە یەك کاتدا (١٥) دۆستی هەبوو، ئێستە

ئەم شیوەنە بۆ کچێك دەکات تەنها دوو کاتژمێر لەگەڵیدا دانیشتووە! لەم جیهانەدا بێجگە لە سەمیری برام کەس شك نابەم، هەرچیم هەبوو لە ڕێگەی بەختیاریو فێرکردنی ئەودا کردمە قوربانی، هەوڵێکی زۆرم لەگەڵدا کە شتێك لەبارەی کچەکەوە بزانم، بێجگە لەوەیش خەڵکی گەڕەکی (سەیدە زەینەب)یش لە قاهیرە، هیچی لەبارەوە نازانن، بۆ هەر شوێنێکیش کە پزیشکەکان وتیان بردم بۆ سەیرانو گەڕان، بەڵام هیچ باری نەگۆڕا.

پێم بڵێن: چی بکەم، ئامادەم ژیانم لەڕێگەیدا بەختبکەم.

نێرمر

ف – زکی

وەڵام:

گیروگرفتەکەت لەوەدایە کە براکەت تا ڕادەیەکی زۆر بە (محاسن) پێکراوە، ئەوەندە کاریتێکردووە لە تاوانا لەنگەری وەرگەڕاوە، ئەمەش کارێکی سەرسوڕهێنەر نییە.

تۆ دەڵێیت براکەت دۆستی (١٥) کچی دیکەیە.

ئەمە بەس نیە بۆئەوەی نەکەوێتە خۆشەویستی یەکێکی تایبەتییەوە، بەم شێوەیە بێت.

تۆ دەڵێیت: تەنها جارێك لە باخچەی گیانلەبەران چاوی پێیکەوتووە، ئەویش بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بووە.

دەشێت ئەمە تەنها بەس بێت بۆ کەوتنە خۆشەویستییەوە، ئەمەش مانای وایە زۆر جوانو دڵفڕێنە، لەبەرئەوەی هەزارەها کەسیش دەیبینن‌و هیچ جۆرێك کاریشیان تێناکات.

خۆشەویستی و کەوتنە خۆشەویستییەوە بەپێی پێوانەکانی جوانی، لە جوانییەوە پەیدانابێت، ئەگینا زۆر لە کچان تووشی کڵۆڵی و بەدبەختی دەبوون، چونکە بەپێی پێوانەکانی جوانی، ئافرەتی زۆر جوان دەگمەنن، ئەمجا کەوتنە خۆشەویستییەوە بەم جۆرە بابەتێکی ئاساییە، ئەویش بۆ سەرەتای گەشەکردنی منداڵی مرۆڤ دەگەڕێتەوە.

منداڵ لە سەرەتای ژیانیەوە لە مەمک مژین و باوەشکردنەوە، دایکی خۆشدەوێت، بەڕادەیەکی واش خۆشی دەوێت تێکەڵی هەموو ژیانی دەبێت، کە منداڵەکە گەورەبوو، بووە هەرزەکارو باڵق، ئەمجا چاو بۆ کچانی دەوروبەری دەگێڕێت، لەپڕ کچێک دەبینێت، بەبێ ئەوەی هەستیپێبکات، خۆشەویستییەکەی منداڵی دەیجوڵێنێت، چونکە تێکەڵاوی سۆزی توخمی دەبێت، جاری وا هەیە ئەم جوڵاندنە لەبەر هۆیەکی زۆر هیچ و پووچ دەستپێدەکات، جاری وا هەیە تەنها دەنگ لەیەکچوون بەسە بۆ ئەمە، جاری واش هەیە تەماشاکردنی بەسە، یان چاو لەیەک چونێک، یان رۆشتن لەیەک چونێک، جاری واش هەیە کەمترین پلەی لەیەکچوون کە تێکەڵ بە هەستی نوێی توخمی دەبێت، بەسە بۆ جوڵاندنی ئەم سۆزە کۆنەی کاتی منداڵی.

ئەمە رووەدات بەبێ ئەوەی کەسەکە درێژی رووداوەکە بزانێت، لەبەرئەوەی خۆشەویستی منداڵەکە بۆ دایکەکەی هیچ پەیوەندییەکی نییە بە توخمەوە، بەڵام خۆشەویستییە نوێیەکە ئەم پەیوەندییەی هەیە، ئا لەمەوە هەستنەکردن بە پەیوەندییەکە پەیدادەبێت، چونکە تەنها دایکیش لە سەرەتای ژیاندا نییە، بەڵکو جاری وا هەیە دایەنیش هەیەو دادەش هەیەو پوریش هەیەو مامۆستاش هەیە.... .

دەروونزانەکان کاری زۆریان کردۆتە ئەو وشەیەی کە ناوی دەنێن خۆشەویستی لە یەکەم چاوپێکەوتنەوە، شیتەڵیان کردووەو گەیشتوونەتە ئەوەی کە باسم کرد، ئەم لێکۆڵینەوانە پێیان دەوترێت: (**کیمیاگەری خۆشەویستی**)، چەندەها بەشیان لەم بارەیەوە هەیە، ئێستە ناتوانرێت بەرپایان بکەین، گرنگ ئەوەیە گوێی لەم بڵاوکراوەیە هەبێتو ئەم ڕایەش بزانێتو بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوی خۆی، بۆئەوەی ئەوانەی لەیەکدەچنو یان ئەوانەی لەیەك جیاوازن بزانێت، تکام وایە براکەت ئەوە بزانێت کە لەمەودوا توشی چەندەها (محاسن)و بێ لە (محاسن) دەبێتو هەمان سۆزی تێدا ببزوێنێتو چەرخیش (کفیل)ی ئەمەیە، ئیتر هیچ پێویست ناکات بابەتەکە بگۆڕین پێویست بەوە ناکات جێگۆڕکێ بە براکەت بکەیت، ئەمانە هیچیان کەڵکیان نییە، پێویست ناکات تووشی دڵەڕاوکێ بن، چونکە دڵەڕاوکێکەتان زۆرتر پەرەدەسێنێت، دڵنیابە لەوەش بێجگە لەو کەسی دیکەش دەبینیت لەو بچێت، یان هەر تۆش ئەو دەبینیتەوە، کارەکە بدەنە دەستی زەمانە، چەرخیش (کفیل)ە کە بە شێوازەکانی خۆی چارەسەریان بکات.

باشترین کار کە ڕوبەڕووی دەبیتەوە لەبارەی ئەم (محاسن)ەوە وەکو: گوناهێك یان تاوانێك ڕوبەڕووی مەبەرەوە، بەڵکو بە شتێکی زۆر ئاسایی بیگرەو ڕوبەڕووی بەرەوە.

گرنگ ئەوەیە شپرزەمەبە، هەڵوێستێکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەبێ دڵەڕاوکێ چارەسەری بکە، بەرەوڕووی گیروگرفتەکە بە هێمنی بەرەوە، واز لە گرفتەکەش بێنە بۆ زەمانە، ئەوە تۆش شتێك لە کیمیاگەری خۆشەویستی کتوپڕی تێگەیشتیت.

مەترسە، چەندەها دڵی زامدار زامەکانیان ساڕێژبووە، خوداوەند زامنی بەندەکانێتی، بۆئەوەی لەو روداوانەشدا کە وەکو: رووداوەکانی نامەکەی ئێوە وان، رزگاریانبکات.

٤- شوکردن بەزۆر:

گیروگرفتێکی ترسناکت بۆ دەردەخەم، ئەمانە دڵەڕاوکێیەکی زۆریان تووشکردووم، خواردنم کەم بووە، لەشم لاوازبووە، تووشی ئازارو نەخۆشییەکی زۆر بووم، ئەم نەخۆشییانەش چەندە نەخۆشییەکی دیارینەکراون، سەرئێشە، پشت ئێشە، جومگەشکاوی.

لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا کاتێك خوێندنی ناوەندجیم تەواوکرد، شوم بە ئامۆزایەکی خۆم کردو بڕیارمدا لەسەر خوێندن بەردەوام بم، لەبەرئەوە شاردمەوە کە شومکردووە، هەر خوێندم تا خوێندنی بالاّم تەواوکرد، ئەوجا بە فەرمانبەر دامەزرام، کوڕێك‌و دوو کچی زۆر جوانم هەیە، ئێستەش تەمەنم نەگەیشتووەتە (٣٠) ساڵ، وا هەستدەکەم خەڵکی شکڵم بە ناشیرین دەزانن.

باوکم زۆر خۆشدەویست زۆر رێزی لێدەگرتم‌و بۆ زۆر کاریش ڕای وەردەگرتم‌و پێویستییەکانی بۆ جێبەجێدەکردم، کاتێك باوکم وەفاتیکرد، چەند برایەکی بچوکی بەسەرمدا جێهێشت، میراتییەکی زۆریشی بۆ جێهێشتین، مانای وایە پێویستی سەرشانم پارە نییە، بەڵکو پەروەردەو سەرپەرشتییە، بەڵاّم لەو رۆژەوە باوکم مردووە من ژیانم لا تاڵ بووە، خۆشم‌و منداڵەکانیشم تامی ژیانمان نەکردووە، کارەکەیشم لەلا بێتامە، هیچ شتێك بەلای منەوە تامی نییە، جاری وا هەیە ئەمەوێ خۆم بکوژم، بەڵاّم ترسنۆکم‌و تووشی دڵەڕاوکێ دەبم، زۆر

بە زەحمەت شەوان خەوم لێدەکەوێت، جاری وا هەیە دەرمانی خەولێکەوتن بەکاردەهێنم، جارێکیان سنگم تووشی پەستانێك بوو، وامزانی دڵم تووشی نەخۆشییەکی ترسناك بووە، لە قاهیرە رۆیشتمە لای باشترین پزیشك، دڵنیایکردم کە لەشم نەخۆش نییە, لەگەڵ ئەوەشدا زۆر تەنگەتاوم، هەست بە سەرئێشەو ئازار دەکەم، ئارەزووم لە خواردن، لە کارکردن، لە ماڵ، لە هەموو شتێك لە جیهاندا گیراوە.

جاری وا هەیە خۆم بە چوونە سەر گۆڕی باوکمەوە مرۆش دەکەم، خۆزگە دەخوازم بمرم.

ژیانم دۆزەخە نازانم چی بکەم؟ نازانم ئەوەی ویستومە بینوسم هەمویم نوسیوە؟ چونکە وا هەستدەکەم شتی یەکجار زۆر هەیە، بەڵام ئەمە بەسە بۆئەوەی گوێ لە ئامۆژگاری بگرم.

ف - غ

لە حەلوان

وەڵام:

خانمە بەڕێزەکەم: بێگومان چەند کارێکی زۆر هەن پێویستە بزانرێت، بۆئەوەی حاڵەتەکەی تۆ بە وردی وێنە بکێشرێت، بێگومان تۆ خەمباریت، تۆ تەنگەتاویت، بەڵام گرنگترین باس ئەوەیە تۆ باسی خۆت کردووە، ئەوەش مانای وایە تۆ خەریکیت لە بەندیخانە دەردەچیت، ئەو بەندیخانە دەروونییەی کە تۆیان بەزۆر تێخستووە.

یەکەم شتی گرنگ ئەوەیە کە لە نوسینەکەتا دەڵێیت: باوکت زۆری خۆشویستویتو ڕای تۆی لە هەموو کاروبارێکدا وەرگرتووە، ئەمە مانای وایە (ڕێزی) تۆی داوە بەسەر هەموو براو خوشکەکانتا، بۆیە کاتێك کە مردووە، بۆشاییەکی زۆری لە ژیانی تۆدا دروستکردووە، چونکە ئەو کانگای چاودێریتو ڕێزگرتنتو سۆزت بووەو لە کیست

چووە، ئا ئەمە هۆیەکی زۆر گرنگە لە هۆیەکانی دڵتەنگیت، بەڵام ئەوە تەنها هۆ نییە، بەڵکو تۆ زۆر حەز بە سەرکەوتن (طموح)دەکەیت، بەڵگەش لەسەر ئەمە سوربونتە لەسەر خوێندن تەواوکردنت، لەگەڵ ئەوەشدا شوتکردووە، ئەم حەز بە سەرکەوتنەت وام لێدەکات بڵێم: قایل نیت بە بەشی خۆت، قایل نیت بە کاری خۆت، قایل نیت بە خۆت. قایل نەبونت بە کاری خۆت، لە خۆت، لە خێزانی خۆت، ئەمانە هەموویان وات لێدەکەن هەست بە تەنگەتاوی بکەیت، وابزانم تۆ بە ئارەزووی خۆت شوتنەکردووە، چونکە دەڵێیت: لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا، بە منداڵی شوتکردووە بە ئامۆزای خۆت.

ئەشێ ئەمە ئارەزووی کەسوکارەکەتو باوکت بووبێت، ئەم جۆرە شووکردنە لەلایەن کەسێکی (طموح)ەوە زۆرجار دەچێتە ناو چوارچێوەی قایلنەبوونەوە، ئەم شوکردنەشت بۆتە هۆی منداڵبوونت، لەمەشدا قایلنەبوون هەر هەیە، چونکە ئەگەر منداڵ نەبوایە دەتتوانی سیستمی ژیانت بگۆڕیت.

بەڵێ کەسێتیەکی وەکو کەسێتی تۆ وادەزانێت ئەگەر لەم تەمەنەدا شووینەکردایەو وا زوو منداڵی نەبوایە، لەوانەبوو دوای تەواوکردنی خوێندن لە (نێراوێك – بعثة)دا بۆ دەرەوەی ولات بڕۆیشتایەو چەند پلەیەکی بالای بەدەست بهێنایە، بۆ نموونە وەکو: بڕوانامەی (دکتۆرا). بەڵگەشم لەسەر ئەمە ئەوەیە کە دەڵێیت: دەمەوێت رابکەمو بەرەڵابم، بێگومان تۆ حەزدەکەیت گەشت بکەیت، زۆر لە ماڵ دەرچیت، چەند باش بوو گەشتی دەرەوەی ولات بکەیت.

بیرکردنەوە لە خۆکوشتن، بیرکردنەوەیە لە خۆڕزگارکردن لە تەنگەتاوی، بیرکردنەوەیە لە خۆڕازینەبوون، بیرکردنەوەیە لە

رزگاربوون لە ژیان، بەڵام نەخۆشییە زۆرەکانت لەئەنجامی چەند باریکی دەروونیدایە، ئەم نەخۆشییانە هەرچەندە لەپوالەتدا لەشین، بەڵام لەڕاستیدا نەخۆشی دەروونین‌و فرمانیشیان هەیە، فەرمانەکانیشیان راکێشانی ئەو جۆرە سۆزەیە کە بە مردنی باوکت لەکیست چوون، چونکە ئەشێت نەخۆش سەرنجی دیکە بۆلای خۆی رابکێشێت.

گرنگ لە حاڵەتەکەی تۆدا ئەوەیە کە ڕێزو سۆزێکت لەکیس دەچێت، تۆش تا ئێستا کەست نەدیوەتەوە کە هەستبکەیت ڕێزت بگرێت، تەنها باوکت نەبێت ئەویش مرد، حاڵەتەکەی تۆش شتێکی دیکەشی تێدا هەیە، ئەویش ئەو ئاستەی کە تۆ ئەتەوێ هەتبێت، یان لەسەری بیت، لەو ئاستە بڵندترە کە توانای ژیانی راستی بۆت دەگونجێنێت، واتا: هەستدەکەیت، ئەو بارە ژیرییەو دەروونییەو گیانییەو دیمەنییە گشتیەی کە تۆ هەتن، لەوانەن ژیان‌و ڕێزێکی باشترت بدەنێ، لەمەی ئێستات، لە هەمان کاتدا هەستدەکەیت ناتوانیت بگەیتە ئەو ئاستەی کە تۆ ئەتەوێت پێبگەیت.

ئا ئەمە کارگەی هەموو تەنگوچەڵەمەکەیە، هۆکەشی ئەوەیە ئاستی هەوڵدانت(طموح) بۆ بەرزی لە رادەی راستی، کە تۆ کچە گەورەی بالأترە، ئەمەش بێگومان لەکاتی مندالێیدا باوک‌و دایکت ئەم هەستەیان لەتۆدا چاندووە.

گرنگترین ئەوەی پێویستە بیکەیت، ئەوەیە پێویستە راستی وەرگریت, ئەم راستییەی کە تێیدا دەژیت راستییەکی چاکە، پارە, میرد, خێزان, منداڵ، کار، هەمووی هەیە دوای ئەمەش تۆ منداڵیت ئەگەر بتەوێت دەتوانی بەردەوام بخوێنیت.

ئامۆژگاریت دەکەم لەبارەی خۆتەوە، هەستتەوە, بنوسیت، ئەمەش لە تەنگەتاویت کەمدەکاتەوە، خۆزگە بۆ رۆژنامەکانت دەنووسی بۆ بڵاوکردنەوە، ئا بەمە هەستدەکەیت نرختو هەندێ لە ئارەزووەکانت جێبەجێ بوو، بۆیە ئەمەت پێدەڵێم چونکە لە نامەکەتدا وادەردەکەوێت کە توانستی نوسینت تێدا هەیە، بنوسە خۆت لا پەسەندبێت، راستی خۆت بزانە، ئا لەمەدا دڵنیایی و بەختیاری تێدا هەیە.

٥- کوڕە هەژارێك و کچە ساماندارێك

کاتێك کە تەمەنم گەیشتە (٢١) ساڵی حەزم لە کچێك کرد، ئەو کچەم هەر لە منداڵییەوە دەناسی، ئەم خۆشەویستییەم لای کەس نەدرکاند, نە لای کچە, نە لای کەسی دیکە، ئەم کچەش تا رادەیەك جوانو دەوڵەمەند بوو، بەڵام خۆشەویستییەکەم بۆ خۆیەتی نەك بۆ سامانەکەی، لەسەرەتاوە ئەویش وەك من هەژار بوو، بە منداڵی پێکەوە یاریماندەکرد، کاتێك کە گەورە بوو خۆشەویستییەکەم زیادیکرد، هیچ هەوڵێکم نەدا تێگەیەنم، چونکە لەوە دەترسام گاڵتەی پێببێت، چونکە دڵنیابووم لەوەی نابێتە ژنم، تا من هەژار بم و ئەو ساماندار بێت، بەبۆنەی ئەم خۆشەویستییەوە ژیام تا تەمەنم گەیشتە (٢٨) ساڵی.

ئێستەش هەرچەند کچە شوێکردووەو بە کەمی دەیبینم، بەڵام هەرچەند یەکێك لە خزمەکانم یان هاوڕێکانم باسی ژنهێنانم لەگەڵ دەکەن هەست بە تەنگەتاوییەك دەکەمو دەڵێم: ژن ناهێنم، هەروەکو بڵێیت تووشی نەخۆشییەکی دەروونی بوبێتم وایە. هەرچەند نازانم ئایا چارەسەری ئەم نەخۆشییە دەروونییە سامناکە کە دەیەوێت بمخاتە مۆلەکەوە، دەستدەکەوێت یان نا؟ ئیتر سوپاس

م . م

لە گەڕەکی زەیتون

وەڵام:

تەمەنت (٢٨) ساڵە هەست بە خۆشەویستی کچێك دەکەیت کە لە (٢١) ساڵیدا خۆشتویستووە، وا دەردەکەوێت هەر لە منداڵییەوە خۆشتویستووە, لەوکاتەوە پێکەوە یاریتان کردووە.

تۆ کەسێکی هەستیاریت، تۆ حەزلێکردوویت، ناشوێریت راستییەکەی بە کەس بڵێیت، لەگەڵ ئەم هەستیاریەتدا تاڕادەیەکیش پێتدەوتریت گۆشەگیر، ئەویش لەزۆر شاردنەوەی هەستی خۆتدا دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەی گۆشەگیریت تۆزێکیش چەپگریت (سەلبیت)، چەپگریش کەم زاتییەو بەرەو پێشەوە نەچوونە.

تۆ دەڵێیت: من هەژارمو ئەو زەنگینەو دەڵێیت: من نامەوێت ژن بهێنم، چەند جارێکیش ئەمە دووبارەدەکەیتەوە، لەوانەیە سوێندیش بخۆیت کە مرۆڤێکی ڕێکیت.

هەستیاریو چەپگیریو هەست بە پشت گوێخستن، ئەمانە هەموویان لەگەڵ ئەوەدا پێکەوە ڕێکدەکەون، کە تۆ هەست بە تەنگەتاوییەك دەکەیت، هەست بە تەنگەتاویش لەوەوە پەیدادەبێت کە مرۆڤ خۆی بەندو تەنگەتاو دەکات.

مەبەست ئەوە نییە ئەم بەندیو تەنگەتاوییە بە مەبەستو دەستی ئەنقەستە، بەڵام زۆر کەس هەن کاتێك دەژین هەر وەك لە بەندیخانە بن وان، ئەمانە دەبینین لە تەنگەتاوییەکدان لەناوخۆی خۆیاندا، هەستەکانی خۆیان بەندو تەنگەتاودەکەن لەگەڵ ئەو هەستیاریو گۆشەگیریو چەپگیریو تەنگەتاوییەدا، تۆزیکیش هەست بە (کەمسەری- شعور بالنقص)و باوەڕبەخۆنەبوونو لاوازیو قایلنەبوون، بە لاوازییان دەچێتە سەر.

تۆ خەفەت بۆ خۆت دەخۆیت (خۆت بەلاوە حەیفە).

ئەمانە هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ نێو خێزانو پەیوەندی لەگەڵ دایکو باوکدا, یان یەکێکیان.

چارەسەری بەلای منەوە ئەوەیە، کە تۆ روبەڕووی راستی بیتەوە، تۆ حەزت لێکردووە بێئەوەی ناوی ببەیت، بێئەوەی بزانیت ئەو هەمان هەستی هەیە یان نا؟ دوای ئەوە تۆ حەزت لێکردووە شویکردووەو ڕێگەی خۆی بڕیوە، مادام وایە راست وایە کردارێکی راستی بکەیتو هەستی خۆشەویستییەکەت بەرامبەری نەهێڵیتو رویبکەیتە لایەکی راستی کە کەڵکی بۆ تۆ هەبێت.

من پێت ناڵێم دڵسۆز مەبە، چونکە دڵسۆزی لێرەدا ئەو جۆرە خەیاڵە نموونەییەیە کە دەتکاتە قوربانی بێئەوەی هیچ ئەنجامێکت دەستبکەوێت.

من ناڵێم ئەوەی خۆشتویستووە لەبیرخۆتی بەرەوە، بەڵام دەڵێم:

بە سۆزو دڵت مەیهێنەرەوە یادی خۆت، بەڵکو تەنها بە ژیریت، ئەویش وەکو: ڕوداوێکی خۆشەویستی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان توشت بووە، بیهێنەرەوە یادی خۆت، یادگارێك لەبارەی ئەم خۆشەویستییەوە بنوسەرەوە، هەستەکانت بۆ هاوڕێیەکت هەڵبڕێژەو لە پارچە پەڕاوێکدا بینوسەرەوە، ئەوساکە ڕووبکەرە ئاکارێکی راستیو وریای کارەکە بەرەوە، قوتی خۆت پەیدابکە, ڕووەو خۆشەویستییەکی دیکەو ژنهێنانێکی دیکەو خێزان دروستکردنێکی دیکە هەنگاوبنێ.

بەڵام ئەگەر هاتو وەڵامەکەت لەسەر ئەمە ئەوەبوو کە ناتوانیت خۆت بگریتو جڵەوی خۆت بە دەستی خۆت نییە، ئەوکاتە خۆت نیشانی پزیشکێکی دەروونی تایبەتمەندی باش بدە، بۆئەوەی لەم ڕووکارەوە یارمەتیتبدات.

خواوەند سەرت خاتو هەنگاوەکانت بچەسپێنێت

٦- چەند دەنگێك وازم لێناهێنێت

تكا لە جەنابتان دەكەم كە بفەرمون چارەسەری ئەم گیروگرفتەم بۆ بكەن، چونكە لە چەندەها دەرگام داوەو لەپرووەدا داخراوەو بەداخەوە نەمتوانیوە چارەسەری بكەم.

گیروگرفتەكەم دەگەڕێتەوە بۆ كاتێك كە قوتابی بووم لە قوتابخانەی ناوەندیدا، كاتێك كە چوومە تاقیكردنەوەی ئامادەیی گشتییەوەو دەرچووم، بەڵام نمرەكانم ئەوەندە نزم بوون، نەمتوانی بچمە كۆلێژێكی كرداریيەوە، لەبەرئەوە بڕیارمدا ساڵەكە بگێڕمەوە بە (خارجي) لەبەرئەوە لە سێ مانگی یەكەمدا دەستمكرد بە هەوڵو كۆشش لە پیاچوونەوەی وانەكاندا لە ماڵەوە بەگوێرەی دڵی خۆم.

دوای ئەو سێ مانگە تووشی حاڵەتێكی سەیربووم، چونكە وادەزانم سێ كەس، كە دەیانناسم بۆ هەر شوێنێك بڕۆم بە شوێنمەوەن، ئیتر لە ماڵەوە بم یان لە دەرەوە بمو جنێوی پیس پیسم پێدەدەن، ناتوانم باسیبكەم، ئەمساڵ بە مانگێك پێش تاقیكردنەوەی گشتی، ئەم بارە پەرەی لێسەندم، هەتا وایلێكردم وازم لە پیاچوونەوەی وانەكان هێنا، بەجۆرێك نەمتوانی هیچ كتێبێك بۆ خوێندنەوە بگرم بە دەستمەوە، ئەمەش لە كۆتایی ئەو ساڵەدا بوو كە تێیدا پێویستم بە تەنها خولەكێكیش هەبوو بۆ پیاچوونەوەی وانەكانم، ناچاربووم بە یەكجاری وازم لە پیاچوونەوەی هێنا، بۆئەوەی تەنها جارێكیش بێت خۆم نیشانی پزیشك بدەمو چەند جارێكیش بچمە لای نەستێرەگرەكان، بۆئەوەی رزگارم بێت لەم دەنگانە، كە بەردەوام لە گوێمدا دەزرنگێنەوەو بێوچان دەنگدەدەنەوە، لەتاواندا بێوەستان لەگەڵ رۆژاندا دەستمكرد بە پێشبڕكێ بۆئەوەی ئەمساڵم لەكیس

نەچێت، بەتایبەتی منیش ئەمساڵ دوو ساڵەم، بەڵام بەداخەوە لەم هەموو چارەسەرکردنە نەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە من دەمەوێت، ئەم دەنگانە لێمنابنەوە کاتێك نەبێت کە دەنووم، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا خواوەند پشتی بەرنەدام، چونکە پەنای گەورەمان ئەو بوو، ئەمساڵ چوومە تاقیکردنەوەوە دەرچووم، ڕێژەی نمرەکانم لە ٧٠٪ بوو, بەڵام ئەو کەسانەو ئەو دەنگانە بەردەوام بۆ هەر کوێ ئەڕۆم بە جنێوە پیسەکانیانەوە دوامدەکەون.

ئێستەش دەمەوێت لەم دەنگانەی کە شەوو ڕۆژ لە گوێمدا دەزرنگێنەوەو لەکاتی خەودا نەبێت وازم لێناهێنن, رزگارم بێت، هەرچەند ئێستە سوپاس بۆ خوا حاڵەتەکەم کەمێك چاکترەو لە جاران سوکترە.

ئەوەشتان پێبڵێم ئێستە تەمەنم (١٨) ساڵە، ئایا ئەم حاڵەتەی من لای ئێوە چارەسەری هەیە یان نا؟

خواوەند لە خراپە بتانپارێزێت

م. ح. ش

وەڵام:

ئەم بارەی تۆو ئەم گیروگرفتەت بە ڕابەریکردن چارەسەرناکرێت، بەڵکو پێویستە خۆت نیشانی تایبەتمەندێك بدەیت لەبارەی دەروونییەوە، ئەگەر چوپتەتە زانکۆ پێویستە (ڕاگر)ی کۆلێژەکەت یان پسپۆڕێك لەبارەی کۆمەڵایەتیو دەروونییەوە یارمەتیتبدات، دوای ئەوە پێویستە دەنگەکان دەستنیشان بکرێت، ئەو کەسانەی کە شوێنت دەکەون دەستنیشان بکرێنو جۆری پەیوەندییەکانت لەگەڵیانا بزانرێت، ئەگینا بە نوشتەو جادو چارەسەری گیروگرفتەکەت ناکرێت.

٧- دەستپەڕ (کاری نهێنی)

من لاوێکم تەمەنم (١٩) ساڵە, گیروگرفتێکم هەیە، لەوانەیە ژیانم بخاتە دۆزەخێکی بەردەوامەوە، وابزانم ئەو لاوانەی کە لە تەمەنی مندان، هەموویان جۆری ئەم گیروگرفتەیان هەیە، کاتێك تەمەنم گەیشتە (١٦) ساڵی باڵق بووم، تووشی ئەم خووە بووم.

ئەمجا چارەسەرێکی خێرام دەوێت، چونکە حاڵەتەکەم ترسناکەو ناتوانم بەباشی ژیان بەرمە سەر, وام لێهاتووە هەمیشە بیر لە خۆکوشتن دەکەمەوە، بۆئەوەی لەم دەردەسەرییە رزگارم بێ، وام لێهاتووە هەمیشە بیر لە بارەی توخمەوە دەکەمەوە.

من ئازارێکی زۆر دەکێشم چونکە ئەم خووە کە کاتی هات خۆم پێناگیرێتو دەیکەم، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم گوناەو تاوانە، ئەمەش لەبەرئەوەیە ناتوانم خۆم بگرمو خەفەکردنی توخمی بکەم، تکام وایە هێمنکەرەوەیەکی باشم نیشانبدەیت بۆئەوەی هەرچەند ئارەزووم هەستاو بیرم لێکردەوە ئەو هێمنکەرەوەیە بخۆمو بمگەڕێنێتەوە، چونکە ئەم خووە ناشیرینە بووە هۆی ئەوەی کە نمرەی کەم بهێنمو لە هیچ کۆلێژێك وەرنەگیرێم، ئێستە زۆرم بۆهاتووە جارێکی دیکە بچمەوە تاقیکردنەوەی قبوڵەوە.

سزادار

ح. ف. أ

لە گەڕەکی زەیتون

وەڵام:

باش وایە خۆت نیشانی تایبەتمەندێکی دەروونی بدەیت، بۆئەوەی باسی گیروگرفتەکەتی بۆبکەیت، بۆئەوەش ئاڕاستەیەکی دەقاودەقت بە گوێرەی حاڵەتەکەت بکات.

کاتێك كه دەستپەڕكردن نەخۆشی بێت، چارەسەرەكەشی بەپێی ئەو نەخۆشەی كه سكالای هەیه له دەستی ئەم خووه ناشیرینه دەگۆڕێت، لێرەدا تەنها چارەسەرێك نییه، یان تەنها رەچەتەیەكی چەسپاو چەسپ نییه كه لەوەدا بەئاكام بهێنرێتو لەگەڵ باوو حاڵەتی تۆدا بگونجێت، حەزدەكەم ئەوەشت پێبڵێمو وریاشت بكەمەوە كه چارەسەركردنی دەستپەڕ كاری گران نییه، بەڵكو به پێچەوانەوە كارێكی ئاسانه، بەڵكو وەكو چارەسەركردنی هەموو نەخۆشییەك دەكەوێته سەرنەخۆشەكه خۆی.

تێبینییەكی دیكەمان هەیەو باسیدەكەین، ئەویش ئەوەیه كه دەستپەڕ دیاردەیەكه كه چەندەها خوو دیاردەی دیكەی لەگەڵدایه, وەكو: چوونەژێری (خەیاڵكردنی زۆر)، گۆشەگیری، دوورەپەرێزی، شەرمنیو بێجگه لەمانەش دەستپەڕ كاتێك چارەسەردەكرێت، كه چارەسەری كەسێتی بەكورتی بكرێت.

كارێكی دیكه هەیه بەڵایەنییەوە وریاتدەكەمەوە، ئەویش ئەوەیه من حەزدەكەم خوی نهێنیو خووەكانی دیكەی هاوڕێی، پێكەوە چارەسەربكرێن، نەك لەبەرئەوەی تۆ ئەتەوێت له تاقیكردنەوەدا سەركەویت، بەڵكو لەبەرئەوەی ئەتەوێت پارێزگاری دروستی خۆت بەشێوەیەكی گشتی بكەیت، بەڵام هێمنكەرەوە نۆشداریەكان نرخێكی لاوازی كەمیان هەیه، بناغەی چارەسەكردنەكەش هەمووی هەوڵو تەقەلای تایبەتی نەخۆشەكه خۆیەتی لەگەڵ چارەسەركاری دەروونیدا.

٨- هەست بە گوناه دەکەم و تاوانیشم دژی کەس نەکردووە

ئەم گرفتەت بۆ باسدەکەم، چونکە بەلای منەوە وەکو گێژاوی سەرەمەرگ وایە، کاتێك کە بۆتی باسدەکەم تکام وایە سەبەتەی پشت گوێخراوەکان جێگەی چارەنووسی نەبێت.

من قوتابییەکی زانکۆم، لەگەڵ خێزانێکی مامناوەندیدا گوزەران دەبەمە سەرو دەژیم، هەرکاتێك ناکاتێك دەکەومە گێژاوێکی بیرکردنەوەی بەهێزەوە، ویژدانم لەسەر شتی پرۆپوچ سزامەدات، بەڵام من ناتوانم لەبارەی ئەم بیرکردنەوەوە هەرگیز بنوسم، نموونە بۆ ئەمەش ئەوەیە: ئەگەر وشەیەکی (بێئەدەبی) ئاڕاستەی کەسێك بکەمو بیناسمو نەیناسم، یان پەنجە راکێشم بۆ ئەو شتانەی تایبەتین بەوەوە، دوای ئەوەی بەجێیدەهێڵم، وادەزانم شکاندومە، دەستدەکەم بە لۆمەکردنی دەروونی خۆم لەسەر ئەمە، دەستدەکەم بە بیرکردنەوە لە چەند شتێك، هێنانەپێش چاوی چەند شتێکی دیکە، کە لەڕاستیدا نین، لەکاتێکدا ئەگەر بیری ئەو کەسە بخەمەوە تەماشادەکەم ئەو لەبیری نەماوە، هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەداوە، هەروەها زۆر شت هەن بیریان لێدەکەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شیاوی سزای هیچ ویژدانێك نین.

یەکێك لەو شتانەی کە لەسەریان لۆمەی دەروونی خۆم دەکەم ئەوەیە، ئەگەر براکەم لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانمدا هەڵە بکات، لەو کاتەدا وام لێدێت لەم جیهانە هەمووی رابکەم.

لەبەر خوا رێگەیەکم نیشانبدە رزگارم بکاتو لەم داماوییە قوتارم بکات, لەگەڵ ئەوەشدا من زۆر شەرمنم، واش دەردەکەوێت من بە(زۆر هەستیاریو ویژدان وریایی) نەخۆشم، هەروەکو لە هێندە گۆڤارێکدا خوێندومەتەوە.

سەرلێشێواو ج. ش لە زەقازیق

تێبینی: لەکاتێکدا ئەم نامەیەم بۆ تۆ دەنووسی، دەستمکرد بەگریان، سوێند بەخواوەندی گەورە، نازانم بۆچی؟ تکام وایە بە گورجی وەڵامم بدەرەوە.

وەڵام:

تۆ دەڵێیت: لەکاتی نووسینی ئەم نامەیەدا دەستت کردووە بە گریانو هۆی ئەمەش نازانیت، ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر بوونی سێ شت، یان سێ کار:

یەکەمیان:

خۆت بە لاوە یازوخە، واتا: خۆت بە شایانی ئەوە نازانیت کە لەم حاڵەتەدا بژیت، بە دەربڕینێکی دیکە خۆت بە لاوە حەیفە کە لەم داماویو سزایەدا خۆت دەبینیت، تۆ بۆ خەفەتباریت؟ لەتاواندا زۆرت بۆ دێت دەگریت.

کاری دووەم:

ئەوەیە مرۆڤ لەکاتی نائومێدیدا دەگری، چونکە مرۆڤ لەکاتێکدا دووچاری گیروگرفتێك دەبێتو چارەسەری نییە، ئەشێ بگری، هەڵوێستی لێرەدا وەکو هەڵوێستی منداڵێك وایە کە گیروگرفتەکەی بەلاوە گەورەبێت، مرۆڤ بۆ مردوویەکی خۆشەویستی خۆی دەگری چونکە گریان لێرەدا تەنها رێگەیە.

کاری سێیەم:

کاتێك کە مرۆڤ گریا خەڵکی بەزەییان پێیدادێتەوە، گرینۆکیش بەشێوەیەکی ئاسایی بە گریانەکەی سەرنجی کەسانی دیکە بۆ لای خۆی رادەکێشێت.

جاری وا هەیە ئەم سێ کارە هەرسێکیان پێکەوە کۆدەبنەوە، یان دوانیان بەشێوەیەکی جیاواز، بەڵێ لێرەدا حاڵەتێکی چوارەم هەیە ئەویش حاڵەتی گریانی بەقەستییە، کە مەبەستێکی دوایی هەیە، ئەوەش ئەوەیە کە گریانی نواندنییە، ئەمەش ناچێتە نێو باسی بابەتەکەی ئێمەوە.

گریانەکەی تۆ سۆز ڕاکێشانو نائومێدیو بەزەیی هاتنەوەی تێدا هەیە، بەڕای خۆیشت ڕەوای ئەم کردەوە شوورەییە نیت، یەکەم چارەسەرکردنت ئەوەیە لە خۆت بکۆڵەرەوە، هەروەکو چۆن نامەکەت بۆ من نووسیوە لە ئێستگە, ئاوەهاش پەڕاوێك ئامادەبکە هەموو ڕۆژێك چی لەم جۆرە هەڵوێستانەو هەستیاریو سزادانی ویژدان هەیەو لەوانەی پێویستە ئاگاداریان بیتو کەسانی دیکە لە تۆدا گومانی دەکەن، تێیدا تۆمارکە, ... هتد.

ئەم هەڵوێستانە هەموو تۆمارکەو لێیان بکۆڵەرەوە، بەم شێوەیە لە زۆریان ڕزگارت دەبێت، بەتایبەتی کاتێك دەزانیت پەیوەندییان بە رابوردوتەوە هەیە.

وا دەردەکەوێت تۆ لەگەڵ دایکێکی زۆر هەستیاردا ژیاویت، ئەو جۆرەی کە هەزار ژمارە دادەنێن بۆ قسەی خەڵکی ئەوانەی وایان لێکردویت هەموو کارێکی بچوك یان گەورە بە گوناهێکی گەورە دانێیت، لەوانەشە ئەوان ئەمەیان بە مەبەستێکی باش کردبێت، چونکە هێندێ باوکان منداڵەکانیان لەگەڵ وریاکردنەوەی بەردەوام لە هەموو شتێك پەروەردەدەکەن.

ئەو کاتە کوڕەکانیان وا پەروەردەدەکەن لەو شتانە بترسن کە شایانی ترس نین، زۆر باوکانیش هەن کە هەڵەکانیان لەپێش چاو منداڵەکانیان زۆر بە گەورە دەردەخەن.

هەروەها زۆر باوکان هەن هەستدەکەن منداڵەکانیان حەز بە هەڵەکردن دەکەنو چارەسەریش نییە بۆ راستکردنەوەیان، هێندێکی دیکە هەن کوڕەکانیان والێدەکەن کە لە قسەی هەموو کەس بترسن لە رەخنەکانیشیان. ئەمانە هەمویان دەشێن کە مرۆڤی گەنج لە منداڵیدا توشی بێتو تیایشیدا جێگیربێت، لە هەموو هەڵوێستەکانی ژیانیدا خاودەبێتەوەو کاری خۆی دەکات.

وادیارە بیروڕای خێزانو خاوێنی خێزانو رەوشتباشی خێزانو ترسان لە کەوتنە هەڵەی خێزانەوە، ئەمانە هەموویان بنچینەن، ئەوەش بە بەڵگەی ئەوەی کە تۆ گوناهی خۆیشتو براکەیشت دووبارە هەڵدەگریت. پەڕاوێك بۆ خۆت ئامادەبکە، تەنها خۆت بە دریژی ئەو هەڵوێستانەی تەنگەتاوت دەکەنو ئازارت دەدەن تۆماریانبکە، بۆیشت دەردەکەوێت نوسینەکانیان کارێکی ئاسان نییە, بەڵکو پێویستە هەوڵدەیت، ئەمجا دوای نوسینەوەیان لێیان بکۆڵەرەوەو هێندێکیان بە هێندێکیانەوە ببەستەرەوەو وابزانە کە لە خۆتدا نین، ئەوکاتە بۆت دەردەکەوێت ئەمە زۆر بارت سوکدەکات، دوای چەند مانگێکی کەم بۆمان بنووسەرەوە، بۆئەوەی ئەنجامەکەی بزانین، بۆئەوەی بەپێی توانامان یارمەتیتبدەین، بۆ ئەوەش بزانین دوای ئەوە چیدەکەیت.

داوای سەرکەوتنو دەرچونت لە خوداوەند بۆ دەکەین.

٩- کوڕی گەورە

من لاوێکی تەمەن (١٧) حەڤدە ساڵم، باوکم پزیشکێکی سەرکەوتووەو (عیادة)یەکی سەرکەوتووی هەیە، ئەمساڵ بڕوانامەی ئامادەیی گشتیم وەرگرتو ئارەزووی کۆلێژی ئەندازەم هەبوو، بەڵام باوکم ئارەزووی کۆلێژی پزیشکی هەبوو، دوای وتووێژێکی زۆر پەنامانبردە بەر دەروونزانێك، ئەو بڕیاریدا بە ئارەزووی من بکرێتو بچمە کۆلێژی ئەندازە، بەڵام دوای ئەوەی ئەنجام دەرچوو، تەماشادەکەم ناوم لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی (عین الشمس) دەرچووە، هەموو ئەندامەکانی خێزانەکە گەشانەوەو خۆشیو شادییەکی زۆریان تێکەوت.

لەڕاستیدا من باشییەکانی کۆلێژی ئەندازە سەردەخەم بەسەر باشییەکانی کۆلێژی پزیشکیدا، بەتایبەتی کۆلێژی (پزیشکی) پارەی زۆر تێدەچێتو باوکیشم منداڵی زۆرەو ئەرکێکی زۆری بەسەر شانەوەیە، منیش گەورەترین منداڵیم.

ئێستە من لەنێوان دوو ڕێگەدام، کۆلێژی پزیشکیو ئەشتوانم بیگۆڕم بە کۆلێژی ئەندازە، تکام وایە ئامۆژگاریم بەچی دەکەیت؟

پزیشکزادە

وەڵام:

گیروگرفتەکەت گران نییە، بەڵام تۆ زیاد لە پێویست هەستیاریت، مرۆڤی زۆر هەستیاریش جاری وا هەیە زۆر لە هەڵکەوتەکانی لە کیس بچێت.

باوکت حەزدەکات بچیتە کۆلێژی پزیشکییەوە، لەبەرئەوەی خۆی نۆشدارەو ئەتوانێت لە وانەکانتا یارمەتیتبدات، دوای ئەوە دەتوانیت لە (عیادة)کەی باوکتدا زۆر شت فێربیت, وەکو: تاقیگەیەك لەبەرئەوەی

لە تاقیگەکانی کۆلێژی نۆشداریدا لەوانەیە ئەو کەڵکە زۆرە وەرنەگریت چونکە ژمارەی قوتابییەکان زۆرن.

تۆش حەز لە کۆلێژی ئەندازە دەکەیت، لەبەرئەوەی دواڕۆژی رووناو ئاشکراترە، چونکە هێندە کۆلێژێك دواڕۆژی مسۆگەر نییە، هەرچەند دواڕۆژ بەدەستی خودایە.

ئەوەش بزانە گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت خزمەتی وڵاتەکەی خۆی بکات، کارەکەی بە وردی فێربێتو بزانێت، هەر کارێك بە وردی فێری بیت دواڕۆژێکی باشت بۆ مسۆگەردەکات.

لەوانەشە حەزکردنی خێزانەکەت بە کۆلێژی پزیشکی لەبەرئەوە بێت سامانو دراوی باشی تێداهەیە، لەوانەشە باوکت پزیشکێکی زۆر سەرکەوتووە، دەیەوێت کوڕەکەشی لەسەر خۆی بڕواتو کتومت لەخۆی بچێت.

بەلایەن دراوتێچوونەوە تۆ هەڵەیت، چونکە ئامرازو پەرتوکو کەرەستەکانی پزیشکی باوکت ئەوەندە زۆرن، ئەم لایەنەت بۆ دەگێڕنەوە.

تۆ کوڕی گەورەیت، کوڕی گەورە زۆر هەستیارە، جاری واش هەیە خۆی دەکاتە قوربانی لەڕێگەی خوشکو برا بچوکەکانیدا، جاری واش هەیە ئەوەندە خۆپەرستی لێدەردەچێت، خۆی نەبێ کەسی دیکەی خۆشناوێتو کەسی دیکەی ناوێت، هەرچەند ئەمە یاسایەکی گشتی نییەو لە هەموو کەسێکدا کە کوڕی گەورەبێت هەبێت.

دەرچوونی ناوەکەت لە کۆلێژی پزیشکیدا، وادەردەکەوێت شێوەی پرکردنەوەی فۆرمەکە وایکردووە دەرچێت.

ئایا دەزانیت هەر کۆلێژێك رادەی ژیری و فێربوونی زانستیانەی خۆی دەوێت؟

ئایا دەزانیت هەر کۆلێژێك توانست و توانای تایبەتی خۆی پێویستە بۆ قوتابییەکە کە تێیدا سەرکەوێت؟

ئەبێ ئەمانەت هەموو تەتەڵەکردبێت.

بەهەر حاڵ پێرۆزبایيت لێدەکەم کە لە کۆلێژی پزیشکی وەرگیراویت، کە باوکت و ئامرازەکانی پشتێکی گەورەتن بۆ سەرکەوتن، پێرۆزبایی ئەو هەستەت دەکەم کە پیر لە ئەرکە گەورەکانی سەرشانی باوکت دەکەیتەوە، کە منداڵی زۆرن و پەروەردەیان پێویستە، بەڵام زۆر هەستیار مەبە.

١٠- جارێکی دیکە کوڕی گەورە

ئەمە نامەیەکە لە لاوێکەوە هاتووە تەمەنی (١٧) ساڵە، نمرەیەکی زۆری هێناوە لە بڕوانامەی (ناوەنجی - ثانوي) گشتیدا، دوای ئەوەش چۆتە کۆلێژی پزیشکییەوە، بەڵام ئاستی زانستی زۆر لاوازو نزمە، زۆرجار شەو تا بەیانی خەوی لێناکەوێت، لەترسی ئەوەی ئەمساڵ کە یەکەم ساڵێتی لە خوێندنی کۆلێژدا بکەوێت و لەدڵی خۆشیدا دەیشارێتەوە و لای باوکی دەنگ ناکات و نایەوێت بە گیروگرفتەکەی بزانێت، چونکە ئەو وادەزانێت کوڕەکەی زۆر پێشکەوتووەو هەرگیز ناکەوێت.

دەڵێت: توشی گیروگرفتێکی زۆر دەبێت لەکاتی کۆششکردن و پیاچوونەوەدا، زۆرجاریش تووشی جۆرە بارێکی دەروونی دەبێت، دەڵێت وادیارە هۆکەی ئەو تووندوتیژی و زۆر چاودێرییەیە کە باوکی

خستوویەتیە سەری لەکاتی کۆششکردندا، دەشڵەژێت، باوکی زۆر پیرە، دروستی باش نییە، خۆیشی تاقانەیەو تەنها دوو خوشکی هەیەو لە خۆیشی بچوکترن، بەڵام لەو بەختیارترو روخۆشترن، ئەمجا داوایکردووە کە کەسێك ئاڕاستەی بکات بۆ ڕێگەیەکی بەختیارترو بەرهەمدارتر.

وەڵام:

یەکەم: مزگێنیت دەدەمێ کە تۆ لاوێکی زەین ڕۆشنی، هەروەها مزگێنی ئەوەشت دەدەمێ کە حەزدەکەیت باری ژیانت بگۆڕیت، هەروەها ستایشی ئەوەیشت دەکەم کە ناتەوێت باوکت بە گیروگرفتەکانت بێزاربکەیت.

بابەتەکەت ئاشکراو ڕوونەو وێنەی تۆ زۆر هەن، واش دەردەکەوێت باوکت ژیانی هاوسەری درەنگ دەستپێکردووە، یان لای کەمی درەنگ لێپرسینەوەی منداڵی هەڵگرتووە.

واش دەردەکەوێتو ئاشکراشە چوونە تەمەنی باوکتو دواکەوتنی دروستی وایان لێکردووە بۆ منداڵەکانیو پاشەڕۆژیان بەتایبەتی بۆ تۆ شپرزەبێت، لە پەروەردەکردنتانو تەواوکردنی خوێندنتان هەوڵێکی چڕ بدات، بۆئەوەی کات بەسەر نەچێت، لەبەر ئەم هۆیە پاڵی پێوەناویت، بە گرتنی مامۆستای تایبەتیو چاودێریکردنی زۆرو هاندانی خوێندنی ئامادەیی زۆر زوو لە تەمەنێکی بچوکدا تەواوبکەیتو بگەیتە پۆلی یەکەمی زانکۆ.

ئەم چاودێرییە باڵایە ئەم دڵەڕاوکێ زۆرە وایان لێکردوویت بە دوو (ئاکار – إتجاه) ڕووبکەیتە زانکۆ.

یەکێکیان پشت بە راڤەکردن بەستنو ئەو گرنگیدانەی کە لە قوتابخانەی ناوەندیدا پێتدراوە.

(ئاکاری) دووەمیشیان ئەوەیە هێندە جارێکیش پشت بە (إملاء) لەبەرکردن بەستن، بەڵام وانەکانی (زانکۆ) پشت بە (وانەبێژی) دەبەستن. شێوازی وانەفێربوون لە زانکۆدا پشت بە پیاچوونەوەو کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە دەبەستێت. ئەم شێوازە گۆڕانێکی تەواوی هەیە لە شێوازی وانەوەرگرتن لە قۆناغی ئامادەییدا.

هەروەها گوزەرانی زانکۆو گوزەرانی ناوەندیو ئامادەیی جیاوازیەکی زۆری هەیە، چونکە گوزەرانی زانکۆ داوای سەربەخۆییەکی فراوانتر لە قوتابی دەکات، جیا لەو قوتابییەی کە لە قۆناغی ناوەندیو ئامادەیی تا بیناقاقای لە وریایی و چاودێری گیراوە. بڕوانامەی ئامادەییت بە پلەی باش لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا وەرگرتووە، بەڵێ لەم تەمەنە بچوکەدا لەم تاقیکردنەوەیە دەرچوویت، بەڵام ئەوە بزانە بە چاودێری زۆرو پاڵنانو وانەی تایبەتییەوە دەرچووی، هەرچەند خۆیشت توانات هەبووە.

بەڵام ئایا ئەمە واتای وایە تۆ دەتوانیت لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی باڵادا بە هەمان پلەو هەمان خێرایی دەرچیت؟

وەڵام: نەخێر، لێرەدا نموونەیەکی ئاسان هەیە، بگرە یاریزانێك دەچێتە پێشڕکێی (١٠٠) مەترییەوەو پلەی یەکەمیش دەبڕێت، ئایە ئەگەر چووە پێشبڕکێی میلێکەوە هەمان پلە دەبڕێت بە یەکەمی؟ ئەمە مەرج نییە.

ئەگەر قوتابی بە تەمەنیشو شارەزایش ماتەیدا، ئەوکاتە لەسەر بەرەنگارکردنی هەڵوێستەکانی خوێندنی زانکۆی توانادارتر دەبێت،

لەبەرئەوە من پێڕۆزباییت لێدەکەم کە لە پۆلی یەکەمی کۆلێژی پزیشکی وەرگیراویت، بەڵام کاروبار تۆزێك بەهێواش بگرە، هیچ زیانێکی تێدا نییە، ئەگەر ئەمجارە لەم تەمەنە بچوکەدا بکەویت (راسب بیت) بۆئەوەی جارەکانی داهاتوو سەرکەویت.

تکات لێدەکەم: ئەوە بزانە کۆششی سااڵی یەکەمی پزیشکی، بۆ تەمەنی تۆو کەسێکی وەکو تۆ کە بە چاودێرییەکی زۆرو وانەی تایبەتی فێرکرابێت، هەوڵێکی ئاسان نییە، ئەگەر خوێندنی سااڵێك بە دوو ساڵ ببڕیتو بگەیتە دوا سەڵەف، گەلێك باشترە لەوەی لە کۆلێژ دەرکرێیت، بەڵێ چەند گیروگرفتێکی دیکەت هەیە، هۆکەشی ئەمانەیە: کوڕی یەکەمیتو تاقانەیت، باوکیشت هەموو ئومێدێکی بەستووە بە تۆوە، ئەیەوێت زوو گەورە بیتو فێربیت بۆئەوەی لە لێپرسینەوەدا شوێنی بگریتەوە, ئەمە هەموویان کانگای گیروگرفتەکانە، بەڵام کاتێك ئەمەت زانی دەستەاڵت پەیدادەکەیت بەسەر هەڵوێستەکاندا.

لێرەدا چەند گیروگرفتێکی دیکەش هەنو تامۆزاییەکانیان لەوەوە بەدیدەکرێن کە باوکت درەنگ ژنی هێناوە، یان درەنگ لێپرسینەوەی ماڵو منداڵی کەوتۆتە سەرشان، ئەگەر هۆیەکی ئابوری خێزانی نەبوبێت، ئەوکاتە ئەمە بەرژەوەندی تۆی تێدا دەبێت، الموایە تۆش لەگەڵمدای، هیچ باکمان نییە دینارێك بدۆڕێنین، بەڵام (١٠) دینار ببەینەوە، هەروەها باکمان نییە ئەگەر سااڵێك بکەوین، بەڵام سااڵەکانی دیکە سەربکەوین.

ئەمە ئامۆژگاریمە:

بە هەرچۆنێك بێت كاتی خۆت رێكبخە، هەوڵی زیاتر بدە, تەمەڵ مەبە، بە وانەكانتا بچۆرەوە، ئەگەر دەرچووبت ئەوە باشە، ئەگەر دەریش نەچوبت ئەوە هەلت بۆ هەڵدەخات بۆ سەركەوتنێكی دیكەی گەورەتر (لەوانەیە شتێكتان پێناخۆش بێتو ئەویش خێری ئێوەی تێدا هەبێت – وعسى أن تكرهوا شيئا وهو خير لكم)، خواوەندیش رێنماییت بۆ شتێك دەكات كە سەركەوتنی تۆو مسۆگەركردنی دواڕۆژی بەختیاری تێدا هەبێت.

١١- برا تاقانەكەی حەوت خوشك

گەورەم من قوتابییەكم لە ناوەنجی گشتی، ئەمساڵ مامەوە، لە تاقیكردنەوەدا سەرنەكەوتم، تەمەنم ئێستە (١٨) ساڵە، نزیك دوو ساڵ لەمەوبەر هاوڕێیەكی خۆم ناسی، كەمێك لە من منداڵتر بوو هەموو خۆشەویستییەكی خۆم پێی بەخشی، بە برای خۆم دانا، سوپاسی رۆژگارم كردو رەحمەتم بۆی نارد، چونكە برایەكی پێبەخشیم، دوای ئەوەی لە برای دایكوباوكی بێبەریكردم، دوای ئەوە هاوڕێیەتیمان بەردەوام بوو، تاوەكو چارەنووسی زەردەخەنەیەكی زەردی كرد، هاوڕێیەتیمان نەما تەنها لەلایەن ئەوەوە رووخا، ئەمەش ساڵی پار بوو، لە یەك پۆلدا بووین، تەنها (٢٥) سانتیمەتر لەیەكەوە دووربووین، كاتێك لەیەك زویربووین هەفتەی جارێكیش چاوم پێی نەدەكەوت، چەند جارێك هەوڵمدا ئاشتمان بێتەوەو دەستپێشخەری لەلایەن منەوە بوو. بەڵام كەڵكی نەبوو، هەوڵمدا لەبیری خۆمی بەرمەوە، بەڵام هەموو شتێك كارتێكردنی خۆی هەیە، خۆشیش پاشماوەی زەردەخەنەی

هەیەو خەفەتیش نیشانەی فرمێسکی هەیە، دڵسۆزیم چاندو ناپاکیم دوورییەوە، بێجگە لەمەش چارەنوس دای لە قاقای پێکەنینو ئەو لە ئامادەیی سەرکەوتو من مامەوە، ئەو بەجێیهێشتم، رۆیشت بۆ خوێندنی زانکۆیی. گەورەم نازانم چی بکەم بۆئەوەی لەبیرم بچێتەوە؟ رزگارم بکە گەورەم.

پڕ ئازار

س. م. ع

ئیسماعیلیە

وەڵام:

رۆڵە گیروگرفتەکەت ئەوپەڕی قورسە، ئەگەر خۆت بخەیتە ژێر دەستییەوە، ئەوپەڕیش ئاسانە ئەگەر زاڵبێت بەسەریداو بەسەر خۆتدا, باشترین ڕێگەش بۆئەوەی زاڵبیت بەسەر خۆتدا ئەوەیە، ناتەواوییەکانی خۆیی و لایەنە لاوازەکانی و کانگای دڵەڕاوکێکەت بزانیت، ئەوساکە هەوڵبدەیت بۆئەوەی بە ئارەزووی خۆت بیانجوڵێنیت، چونکە تەنها زانین بەس نییە.

نامەکەت هەرچەند درێژ نییە، بەڵام لە ناوەختی نامەکەتەوە زۆر شت وەردەگرین، هەرچەند وەرگرتنیش زۆرجار بەرەنگاری هەڵە دەبێت، لاوێك تاقەبرای حەوت خوشك بێت، بێگومان ئەمە شوێنی بێت، زۆر دەستکەوتی باشی بەدەستدەکەوێت، لای کەمی ئەو پایەی دەستدەکەوێت کە کوڕی نێوان حەوت کچە، ئەم جۆرە جیاوازییانە لە وڵاتی ئێمەدا هەن، کوڕی تاقانەی نێوان حەوت خوشك هەموو پێویستییەکی وەڵام دەدرێتەوە، ئەوەندەش نازی دەکێشرێت تا وای لێدێت نازی خۆی دەکێشێت.

واتای چییە کە مرۆڤ نازی خۆی بکێشێت؟

واتای وایە بەرامبەر پێداویستیەکانی لاوازە، واتای وایە بەرگەی هیچ سەرسمدانێك ناگرێت، هەرچەند بچوك بێت، واتای وایە هەروەکو چۆن دیارە لەنێو خوشکەکانیدا، ئاوەهاش دەیەوێت لەنێو هاوڕێکانیداو کۆمەڵەکەیدا دیاربێت.

ئەم کەسە لەکاتی منداڵیدا ئەوەندە گرنگی پێدراوە، لەبەردەم هیچ بەزینێکدا خۆی ڕاناگرێت، بچوك بێت یان گەورە، چونکە زۆر هەستیاری دەکات.

ئەمانەش هەموو لەو کوڕەدا پەیدادەبن، کە لەنێو خێزانیکدا گەورەبێت کە هەموویان کچ بن، چونکە کوڕ دەبێ زاڵبێتو زاڵبن بەسەریدا، وەرگرێتو ببەخشێت، هێندێ جار پشتگوێ بخرێتو هێندێکیش بەرچاو، هەروەها پێویستە لە منداڵیدا تاڵیو شیرینی بچێژێت، چونکە ژیان لە منداڵیدا هێندێکی تاڵەو هێندێکی شیرین، هێندێکی سەرکەوتنەو هێندێکی ژێرکەوتن، هێندێکی خۆشیو هێندێکی ناخۆشیو تەنگانەیە، هێندێکی سەربەستیو هێندێکی بەرەڵایی و پێوەندە... هتد.

لەبەرئەوە ئەو گیروگرفتانەی لە نامەکەتدا باست کردوون، بەڵای کەسانی دیکەوە ئاسانن، هاوڕێیەك وازی لە هاوڕێیەتیت هێناوە، هینی دیکە هەن، کەوتن لە تاقیکردنەوەیەکدا رووبداوە چەندەها سەرکەوتن هەن لە داهاتووی نزیکدا.

ئەمڕۆکە فرمێسکە، سبەی شادییە، چەندەهاش هەن دەکەونو بەخەیاڵیانا نایەتو نائومێدیش نابن، زۆر کەسیش هەن ناتەواوییەکی زۆر لە هاوڕێکانیاندا شکدەبەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر هاوڕێیەتیان دەکەن.

جیاوازی نێوان هەردوو کەسەکە ئەوەیە کە تۆ خاوەن کەسێتییەکی ناسکی نازداری هەستیاری لەبارەی دەروونییەوە، بەڵام ئەویان خاوەن کەسێتییەکی کۆڵنەدەری قایمو بەهێزە لەبارەی دەروونییەوە.

بیرکەرەوە تۆ سبەینێ گەورەدەبیتو کاریش لەگەڵ چەندەها هاوڕێی جۆراوجۆردا دەکەیت، توشی خراپو باشیش دەبیت، توشی چاکو ناچاک، پاکو ناپاک دەبیت، ئەو هاوڕێیە چاکە کە راستو پاکو راستبێژو دڵسۆزبێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا نامانەوێت ببینە خاوەن کەسێتییەکی (نموونەیی – مثالية)یەکی کوێرانە، نمونەیەکەت بەرت لێبگرێت، کە راستی ژیان ببینیتو لایەنە جۆربەجۆرەکانی بزانیت، حیساب بکەیت بۆ هەموو لایەنێکی.

ئەم هاوڕێیەی تۆ کە وازی لە هاوڕێیەتیت هێناوە، دوورنیە تاوانی تۆ نەبێت، دوای ئەوە ئەوەندە جنگزبوونی پێناوێت، لەوانەشە هاوڕێتی کردنت لە جۆری بەستراوە بێت، لەوانەشە تۆ هاڕێیەکت بوێت کە تەنها هینی خۆت بێتو هاوڕێیەتی کەسی دیکە نەکات، هەرچەند لەوانەیە من بە هەڵەداچووبم، بەڵام هاوڕێیەتی چەند جۆرێکی هەیە:

هاوڕێیەتی هەیە لەگەڵ سەربەستیدا، هاوڕێیەتی هەیە لە کۆیلەکردن دەچێت، تۆ لە هاوڕێیەکی زۆردار دەچیت، لەوانەیە پێم بڵێیت: وانییە، منیش دەڵێم لەوانەیە خۆت بە راستی نەناسیت، چونکە ئەگەر خۆت بەڕاستی بناسیایە، لە سزای دەروونی زۆر رزگارت دەبوو، بەزەیی یەزدان بەسەر ئەو کەسەدا دەڕژێت کە توانای خۆی دەزانێت.

تۆ زیاتر لە زیندەوەرێك دەچیت بە کەمترین لەرینەوە هەستەکاتو دەچێتەوە قاوغەکەی خۆیو هەمیشە ئاواتەخوازە لێی بێتەوە دەرەوە. ئێستە تۆش لە قاوغەکەی خۆت بێرە دەرەوە، روبەڕووی ژیانی راستی بەرەوە، پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە بکە، دڵنیابە لەوە هێندێ جار سەردەکەویتو هێندێکیش ژێردەکەویت، هەموو سۆزێکت مەڕێژە نێو تەنها هاوڕێیەتییەکەوە.

ئا بەم جۆرە زاڵدەبیت بەسەر خۆتدا، خەیاڵەکانت فڕێدەدەیتو وریای کارەکانتو پیاچوونەوەی وانەکانت دەبیتەوە، دەروونیشت گەورەدەکەیتو کەسێتیشت گەشە پێدەدەیت، هەروەها بێتەوە بیرت کە تۆ تاقانەی بەسەر (٧) کچدا، ئەو هەست ناسکییەی کە لە تۆدا دروستبووە هینی زۆر نازدارکردنو پیاهەڵدانو پاراستنو پارێزگاریکردنی زۆرە.

ئەگەر زانیت ئەم قسەیەی من کەڵکت پێدەدات با کەمیش بێت ئەوە باشە، ئەگینا پەنابەرە بەر تایبەتمەندێکی دەروونی زۆر شارەزا، تکام وایە پێویستت بەمە نەبێت، بە هەوڵی خۆت لە ژیانتاو کارەکانتا سەرکەویت.

١٢- خوێندنی زانکۆیی باشترین ڕێگە نییە

نامەیەکمان لە باوکێکەوە بۆ هاتووە، کوڕەکەی بڕوانامەی ئامادەیی گشتی بە نمرەیەکی کەم وەرگرتووە، باوکەکە دەیەوێت کوڕەکەی لە هەر زانکۆیەك بێت وەربگیرێت، ئیتر دیمەشق بێت یان ئەسکەندەریە یان قاهیرە، یان ئەسیوت، خەرتوم، بیروت، لە دەرەوەی

ولات بێت یان له ناوەوە، بەمەرجێك دوایی بیگوێزێتەوە بۆ (قاهیرە) بۆئەوەی له نزیك خۆی بخوێنێت.

دوایی دەڵێت: کوڕەکەی ئەمە دووەم ساڵێتی کە خۆی دەهێڵێتەوە، ئایە ئەمسالیش بۆ سێیەم ساڵ خۆی بهێڵێتەوە بۆئەوەی نمرەکانی ساڵێکی دیکە بەرزکاتەوە باشتر نییە؟

کوڕەکەی ئارەزووی وایە بچێتە کۆلێژی فڕۆکەوانی چونکە ئەوێ قوتابی بە نمرەی کەمیشەوە وەردەگرێت، بەڵام باوکەکەی نایەڵێت، دەڵێت: فڕۆکەوانی پیشە نییەو کوڕەکەی زوو خانەنشین دەکرێت، چونکە قورسەو کە مرۆڤ چووە تەمەنەوە ناتوانێت پێی هەستێت، بەڵکو پێویستە بچێتە کۆلیژەکانی دیکەوە, وەکو: پارێزەری، پزیشکی، ئەندازیاری، کوڕەکە تاقانەیەو تەمەنی (١٧) ساڵە، باوکەکەش سەرسامە چۆن سەرسامییەك! دەڵێت: خۆیو خێزانەکەی لەوانەیە شێت بن، لە نامەیەکدا لۆمەی (یاسا) دەکات، کە نایەڵێت زانکۆ بە شێوەیەکی باش (دوودەری) بۆ هەموو قوتابییەك لەسەر پشت بکاتەوە. ئەمە کورتەی سکاڵای باوکێکە کە گیروگرفتی کوڕەکەی ئەوپەڕی تەنگەتاوی کردووەو توشی دڵەڕاوکێی کردووە.

وەڵام:

لەو باوکەمان دەوێت ئەوە بزانێت، کە کوڕەکەی هیچ کەڵکێك وەرناگرێت ئەگەر ساڵی سێهەمیش خۆی بهێڵێتەوەو بچێتە تاقیکردنەوەوە، چونکە دەرکەوتووە بەشێوەی سەرژمێری ئەوانەی نمرەکانیان بۆ ساڵی دووەمو سێیەم بەرزکردۆتەوە، رێژەیان زۆر کەمە، بۆ نموونە (٥٪)ە، بۆ نموونە: ئەو قوتابییەی ساڵی یەکەم وانەی (٥٠)

نمرەی بەرکەوێت سالّی دووەم یان هەر (٥٠) یان (٥٥)ی هێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا قوتابییەکە لە پیاچوونەوەو خوێندنەوە زۆر وەرس بووە.

دوای ئەوە بۆچی بەرهەڵستی ئارەزووی کوڕەکەیان دەکەنو نایەڵن بچێتە کۆلێژی فڕۆکەوانی؟ بە بەڵگەی ئەوەی کە فڕۆکەوانی پیشە نییە. ئەم کارەیان ئەوە دەگەیەنێت کوڕەکەیان تاقانەیەو دەترسن رۆژێك لە رۆژان لە رووداوێکی ئاسمانیدا بکەوێتە خوارەوە، بەڵام باوەڕ بە خوداوەندو چارەنووس وامان لێدەکات کە بڵێین مردن بۆ مرۆڤ دەرەخسێت با لەسەر سیسەمیش بێت، با لەسەر شەقامیش بڕوات بەڕێوە، دوای ئەوەش فڕۆکەوانی وا هەیە تا تەمەنی (٨٠) ساڵیش دەژی، فڕۆکەوانیش لە کارەکانی دیکە ترسناکتر نییە، بە ڕای من خوێندنی زانکۆیی باشترین ڕێگە نییە بۆ دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژێکی باش، زۆر لەوانەی لە زانکۆ فێربوون لە ژیاندا سەرنەکەوتوون، زۆریشیان بەباشی سەرکەوتوون.

١٣- لاوان لە ژیان زیاتر فێردەبن

لە پۆلی یەکەمی کۆلێژی زانستی قوتابی بووم، بەڵام لە تاقیکردنەوەدا دەرنەچووم، لەبەرئەوەی لە کۆلێژەکە دەرکرام، ئێستە من دەزانم نە لە کۆلێژی دیکە وەردەگیرێم، نە هیچ کارێکم دەستدەکەوێت، لەبەرئەوە هەست بە بێزاریدەکەم و هەست بە گۆشەگیریدەکەم.

هەوڵمدا بچمە یەکێك لە پەیمانگا باڵاکانی سەر بە وەزارەت، هەرچەند لەوێ وەرگیرام، بەڵام حەزناکەم دەوامی تێدا بکەم، بەڵکو حەزدەکەم دەوام لە یەکێك لە کۆلێژە تیۆرییەکاندا بکەم، منیش

کوڕێکی تاقانەم، نە خوشکم هەیە نە برا, منداڵ بووم باوکم مردووە، دوای ئەوە دایکم شوی کردۆتەوە، بەڵام لە شوی دووەمی نە کوڕی بووە نە کچ، ئێستە منیش‌و دایکیشم بێزارین، دایکم دەیەوێت پەیمانگایەك تەواوبکەم، من دەمەوێت ناوی خۆم لە کۆلێژێکی دیکە بنووسم، ئێستە من سێ گیروگرفتم هەیە، گیروگرفتی خوێندن، دەروونی، سێیەمیش پەیوەندیم بە دایکمەوە، ئایا بە ڕای تۆ چی بکەم؟

وەڵام:

تۆ بە هەڵەداچوویت کاتێك وا دەزانیت خوێندنی باڵا هەموو شتێکە، چونکە ئەو لاوەی لە زانکۆ دەرناچێت، پاشەڕۆژەکەی دوایی نەبڕاوەتەوە, لاوان ئەوەندەی لە ژیانەوە فێردەبن ئەوەندە لە فێرگاکانەوە فێرنابن، زۆر لاو هەن کە لە زانکۆ دەردەچن کاری سەربەست دەکەن، وەکو: پیشەسازی، بازرگانی، لە دەستگادا، لە ئوتێلدا کاردەکەن، زۆر لاو دەناسم بە سەرمایەیەکی زۆر کەمەوە دوکانی بازرگانیان داناوەو بەڕێکوپێکی‌و دەستپاکی خزمەتی جەماوەر دەکەن، لە کۆمەڵدا پایەیان زۆر بەرزبۆتەوەو بونەتە خاوەن سامانێکی زۆر گەورەش.

دوای ئەوەش بەلایەن تۆوە پەیمانگای پیشەسازی زۆر هەن، هەیانە فێری دروستکردنی کەرەسە وردەکانیان دەکەن وەکو: دروستکردنی چاویلکەو دواڕۆژێکی گەورەی هەیە، هەروەها پەیمانگای ئەندازیاری هەیە دەرچووەکانیان دادەمەزرێنن بە یارمەتیدەری ئەندازیار، بۆ قوتابی ئازاو بە زات هەڵی باش هەڵدەکەوێت، بەڵام دەترسم نە ئازا بیت‌و نە بە زات، چونکە تۆ دەڵێیت

لە یەکێك لە پەیمانگاکاندا وەرگیراوم بەڵام ناچم دەوام بکەم، لامواببێت تۆ ناتەوێت لەگەڵ قوتابییەکانی دیکەدا بیت، واتا تۆ ناتەوێت لەگەڵ کەسی دیکەدا بەراوردبکرێیت، چونکە بەراوردکاری هەڵناگریت، چونکە تۆ تاقانەی دایکتی، باوکت مردووە، دایکت هەر تۆی هەیە، هەر بە تۆوە خەریکە، ئینجا منالّی تاقانە لەبەر چەند هۆیەك ناتوانین درێژەیان پێبدەین و باسیان بکەین، بەرگەی بەراوردکاری ناگرن.

لەبارەی ئەوەی کە ناوت لە کۆلێژێکی دیکە تۆماردەکەیت ئەگەر دەگونجێت ئەوە باشە، دەتوانیت خۆت بە خۆت بخوێنیت، دەتوانیت بڕیارێکی دایکت بکەیت، ئەگەر هات و زانیت توانات لەسەر بەراوردکاری ئاسان نییە ئەوکاتە قایلببیت.

دەرنەچوونت لە پۆلێ یەکەمی کۆلێژی زانستی و دەرکردنت، ئەوە دەگەیەنێت هەرچەند نمرەکانت کاتی وەرگرتنت بڵندبووە، بەڵام رادەی خوێندت کزبووەو لاوازبووە، وادەردەکەوێت بە وانەی تایبەتی توانیوتە ئامادەیی گشتی ببڕیت، چونکە ناتوانیت پشت بە خۆت ببەستیت.

١٤- ترسی دایك و توڕەیی باوك

کوڕێکم هەیە لە هەموو کوڕەکانی ترم گەورەترەو تەمەنی لەنێوان (١٤-١٥) سالّ تێناپەڕێت، ئەم کوڕەم هەمیشە لە دەرەوەو ماڵەوەدا یاریدەکات، ناگەڕێتەوە ماڵەوە کاتێك نەبێت هەست بە برسێتی بکات و بێتەوە نانبخوات، ئەگەر بێت و رێکەوێت و چێشتێکمان هەبێت بە دڵی نەبێت، ئەوا لە ماڵدا گۆڵمەزدەنێتەوەو دەیکاتە فەرتەنەو هەموو دراوسێکانم لێ تێدەگەیەنێت، ئێمە هەژارو نەبووین ناتوانین هەموو

پێداویستییەکانی بە زیادەوە بۆ جێبەجێبکەین، بەڵام ئەو هەر چەند دەکەم تێناگات و دەرکی ئەمە ناکات، دراوی رۆژانەم بەزۆر لێدەسێنێت، بەبێئەوەی باوکی بزانێت، لەلای دراوسێکان دایدەنێت، ئەم کارانە هەمووی دەگوزەرێنم، بەبێ ئەوەی باوکی پێبزانێت، چونکە زۆر تووڕەیە، کاتێک دێتە لێدانی سوێنددەخوات نابێت کەس دەستیبگرێت، دەترسم باوکی بە لێدانی ئاوەها توند، ئازاری پێبگەیەنێت؟! لەلایەکی دیکەوە دەترسم ئەگەر باوکی پێنەزانێت، کوڕەکەم لەسەر ئەم خووە ناشیرینانە بەردەوام بێت و منداڵە وردەکانم چاوی لێبکەن و ئەوانیش هەمان ڕێڕەو بگرن، ئێستە ئەم کوڕەم لە پۆلی دووی ناوەندیدایە.

من ئێستە دوو دڵم، ئایا باوکی ئاگاداربکەم، یان نا؟ ئێستە چی بکەم ڕێگەم نیشانبدە؟ سەرلێشێواو لە مەنصورە

س.د

وەڵام:

ئەی خانمەکەم لە شاردنەوەدا هیچ کەڵکێک وەرناگریت، هیچ مانای نییە، هێندێک شت هەن دایک بیزانێت و باوک نەیزانێت، یان بە پێچەوانەوە کوڕەکەت هەل لەو لایەنە لاوازە دەدۆزێتەوە کە لە خێزانەکەتدا هەیە، ئەو لایەنە لاوازەش بریتییە لە ترسی دایک و دەمارگیریی و تووڕەبوونی باوک، ڕەنگە هێندێک وا بزانن ئەمە بەهێزی باوکە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوپەڕی بێهێزیە، تووڕەبوون لێرەدا ئەوپەڕی بێهێزییە، مانای وایە ناتوانێت جڵەوی خۆی بگرێتەوە و خێزانەکە لەسەر ڕێسایەکی گۆشەڕوون بەڕێوەبەرێت، کە چەسپاوو دادپەروەرانە

بێت، بەگوێرەی هەموو، هەموو شتێك رووندبێت بە ئاشكراو تەواو وتووێژی تێدابكرێت.

ناتوانم هیچ ئامۆژگارییەكت بكەم، چونكە ئامۆژگاری لێرەدا دەوەستێتە سەر چەند كارێكی زۆر، بەڵام لەسەر رووناكی ئەم ئاڕاستەكردنە دەتوانیت رەفتاربكەیت.

١٥- باری هەرزەكارێك

باری ئەم لاوە بچوكە زۆر لە باری نموونەكانی خۆی جیاوازی نییە، قۆناغی هەرزەكاری پردێكە لەنێوان ئەم دوو قۆناغەدا، لەبەرئەوەیە دەبینین دایكی وەكو: منداڵ رەفتاری لەگەڵ دەكات و داوای ملكەچی و ملشۆڕكردنی لێدەكات، كەچی ئەو پێویستی بەوە هەیە دووربێت لە باوەشی دایكی و ببێتە پیاوێكی سەربەست، هەروەها دەبینین زۆرجار باوك و دایك لە كردەوەكردن لەگەڵ كوڕەكانیاندا, سەركەوتن هەڵەیان دەكات، هەروەكو چۆن كوڕانیش زۆر جار سەركەوتن هەڵەیان دەكات و دووردەكەونەوە و رێگە هەڵەدەكەن، لەكاتی چەسپاندنی كەسێتییانداو پیاوەتیانداو كاتێك دەیانەوێت سەربەخۆبن، ئەوانیش وەكو پیاو پارەی خۆیان هەبێت و سەربەستی خۆیان و شتی خۆیان هەبێت، هێندێك جار ئەوەی گەنجان بە سەربەخۆیی و سەربەستی دادەنێن لەوانەیە دایكان بە یاخیبوون و بە چەتەیی دابنێن، ئەوەی دایكان بەئاڕاستەكردن و سۆزو وریایی دادەنێن، لەوانەیە گەنجان خۆیان بە زۆرلێكردن و شكاندنی دابنێن.

ئالێرەدا هەردوولا وادەزانن لەسەر راستن، لەبەرئەوە گەیشتن بە ئەنجام لەڕێگەی وتووێژكردنەوە و وتەی ئاسایی و رەوانەوە كارێكی

گرانە. لەبەرئەوە پێویستە لەسەر دایك لە هێندێك لەوەی ناوی دەنێت دەستەڵات دابەزێتە خوارەوە، هەروەکو چۆن پێویستە لەسەر کوڕ لەم ژیانە ئاڵۆسکەدا پەلەی سەربەخۆیی و پیاوەتی و بەتەنها وەستان نەکات.

ئەگەر لەباری ئەم کوڕەمان بیربکەینەوە کە لەپێشەوە باسمانکرد، دەبینین چەند کارێك هەن مافی ئەوەیان هەیە بیریان لێبکەینەوە. دەبینین بچوکترین منداڵە، بێگومان بە قۆناغێکدا تێپەڕیوە کە هەموو ئەوانەی لە ماڵدا بوون نازیانداوە پێی، بەڵام دوای مردنی باوکی بەشێك لەو نازەی نەماوە، واش دەردەکەوێت دایکی دوای مردنی باوکی سزایەکی سۆزی زۆری کێشاوە، وادەردەکەوێت دوای مردنی مێردەکەی زۆر نوساوە بە کوڕە بچوکەکەیدا، با هەتا ماوەیەکی کەمیش بوبێت، مادام وایە دەردەکەوێت سۆزێکی زۆرو نازێکی زۆری پێدراوەو وایلێکردووە ئەویش خۆی نازی خۆی بکێشێتو نەتوانێت خۆی نائومێدبکات لەوانەی حەزیان لێدەکات، لە سەربەستی و پارەو هاوڕێو سینەما، ... هتد.

دەریشدەکەوێت دایکەکە لەبارەی ئەم کوڕەیانەوە بەشێوەیەکی تایبەتی تۆزێك توشی دڵەڕاوکێ بووەو ویستویەتی پەلەبکات لە خوێندنەکەیدا، بۆئەوەی لە تەمەنێکی زووتر بڕوانامە وەربگرێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە ئێستە لە ساڵی چوارەمدایە لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی لە (١٣) ساڵی تێنەپەڕیوە، هەرچەند لە پۆلی دو و سێشدا ماوەتەوە.

مانای وایە پێش تەمەنی (١١) ساڵی بڕوانامەی (٦)ی سەرەتایی وەرگرتووە، زیانی پەلەکردن لە خوێندندا لە ساڵانی کۆتایی و ناوەندی و زانکۆدا دەردەکەوێت، ئەم بەزۆر پێشخستنە لە خوێندندا، واتای بەریکردنی منداڵەکەیە لە یاریکردن و بەستنەوەی بە وانەی

تایبەتییەوە، هەرچەند لە منداڵیدا ملکەچدەکات دەچێتەوە بە وانەکانیدا، بەڵام کە گەورەبوو بووە هەرزەکار یاخیدەبێت و بەرهەڵستیدەکات.

لەوانەیە کەسێک پرسیارمان لێبکات، ئێستە لەم هەڵوێستەدا چی بکەین؟

وەڵام بۆ ئەمە ئەوەیە:

ئێمە دەبێت هەل بۆ گەنجەکە هەڵبخەین بۆئەوەی کۆبوونەوە بە براکانی بکات، هێندە کەرەتێک سەرپەرشتیانبکات، هەروەها بە ڕای خۆی بنازێت و شانازی بە خۆیەوە بکات، بە مەرجێک ئەمانە هەموویان لەژێر سەرپەرشتی خۆماندا بێت، پێویستە لەسەر دایک یان باوک بە چاوێکی وریایی کوڕەکەی بکات و چاوەکەی دیکەی لە ئاستی بنوقێنێت، بە گوێیەکی گوێی لێبگرێت و گوێیەکەی تری لێکەڕبکات، هەروەها پێویستە زمانی تۆزێک لە ڕەخنە بگرێتەوە، وە دەستیشی لە بەستنەوەی لێدان بگرێتەوە، هەرچەند باوک و دایک لە جێبەجێکردنی ئەم ئامۆژگارییانەدا تووشی گیروگرفت دەبن، هەروەها پێویستە لە سەریان ئەگەر کوڕەکانیان یاخیبوون لێیان یاخود لە قوتابخانە کەوتن، پێویست ناکات سەرکوێریان بکەن و سۆزیان لێببڕن، چونکە لەم تەمەنەدا پێویستی زۆریان بە سۆز هەیە و بە ئاڕاستەکردن و هاوڕێیەتی کردنی باوکان هەیە.

ئەو باوکەی خۆی لە شوێن براگەورە دادەنێت، باشترە لەو باوکەی کە خۆی لەجێگەی دەسەلاتدار دادەنێت، ئێمە ئەمانەوێت منداڵەکانمان بە گوریسی ڕیشاڵی دارخورما بە خۆمانەوە نەبەستین، بەڵکو ئەمانەوێت بە جۆرێک سەربەستیان بدەینێ نێوانی ئێمەو ئەوان

بەجۆرێك بێت لە تاڵە دەزوویەك باریکتر بێت، تا بەرەو تەمەن بڕۆن باریکتر بێتەوە.

ئەگەر هاتو کوڕەکەت سوربوو لەسەر واز لەخوێندن هێنانو دامەزراندن لەسەر کارێك هیچ رێی لێمەگرە، بەمەرجێك خۆی بەرپرسیاربکەیت بەرامبەر ئەنجامەکەی, چەندەها گەنجی بچوك وازیان لە خوێندن هێناوەو لە سەرەتاوە توشی گیروگرفت بوون، دوایی خۆیان راستکردۆتەوەو لە ژیاندا سەرکەوتوونو ئەمجا گەڕاونەتەوەو خوێندنیان تەواوکردووە، چەندەها گەنجی دیکەش گیروگرفت لەناوی بردوون، ئیتر خوێندەوار بووبێتن یان نەخوێندەوار، لەم بارانەدا پێویستە لەسەر دایکوباوك کەمێك سەر نەرم بن.

ئامۆژگاریم بۆ دایکو باوك ئەوەیە: هەوڵبدەن خۆیان لە توندوتیژی دامالن، نەك خۆیان لە توندوتۆڵی سۆز دامالن، چونکە یاسای پەروەردەکردن گورجوگۆڵییەکی بێتووپەییەو سۆزێکی بێ لاوازییە.

١٦- ترسی منداڵ

بەڕاستی گوێتان لەو زنجیرە قسانەبوو کە لە دەوری منداڵ دەسوڕایەوە، بەشێوەیەکی گشتی گوێتان لە باسی منداڵی گرفتاوی بوو، زانیشتان هێندێ جار گرفتاوی نییە، بەڵکو باوکی منداڵەکە یان دایکی یان هەردووکیانە، یان ئەو دەوروبەرەیە کە منداڵ تێیدا دەژی گرفتاوییە، دوای ئەوەش گوێتان لە باسی ئەو منداڵە بوو کە لە قوتابخانە ڕایدەکرد، بۆیشیان دەرکەوت کە راکردن لە قوتابخانە وەکو راکردن لە هەموو شتێکی دیکە وایە، لە ترسایە، لەم بارەدا ترسەکە ترسی کەوتنە، یان بەستنەوەیە، یان سزادانە، یان سەر پێشۆڕکردنە

یان بێزاری دەربڕینە، بەشێوەیەکی ئاسایی قوتابی بۆ شوێنێک رادەکات کە ئەوەی لە قوتابخانە بۆی نەگونجێت لەوێ بۆی بگونجێت. لە قوتابخانە ڕاکردنیش وەکو لە جەنگ، لە بەند، لە سزا ڕاکردن وایە، راکردن بەشێوەیەکی گشتی بنچینەکەی ترسە.

لە وتارێکی دیکەدا گوێتان لە باسی ئەو منداڵە بوو کە مان لە خواردن دەگرێت، ئەم مانگرتنەش جۆرێکە لە نارەزایی دەربڕین، هۆیەکە بۆ سەرکەوتن بەسەر دایکو باوکدا، بەوە منداڵەکە خۆی دەگەیەنێت بە لاوازترین گۆشە لە دایکو باوکیدا، بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریدێنێت، بەمە دەیەوێت بگاتە ئەوەی دڵنیاتربێتەوە، لەسەر ئەو بەرژەوەندییەی کە دەترسێت لە کیسی بچێت لەبەرئەوە پەنادەبات بۆ مانگرتن.

هێندێک لە لێکۆڵەرەوەکان دەڵێن: هەموو بارێک لە بارەکانی پەشێوی دەروونی لە گەورەدا بێت یان لە بچوکدا، هۆکانیان جۆرێکن لە جۆرەکانی ترس، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە دەزانین، کە ترس کارێکی سروشتییەو پێویستە هەبێت، جاری وا هەیە دەگونجێت ئاسایی‌و بەجێو پێویست بێت، مرۆڤەکە لەو مەترسیانە بپارێزێت کە لەوانەیە زیانی پێبگەیەنن، چونکە کارێکی ئاساییە مرۆڤ لە نەخۆشییە تەشەنەکەرەکان, درندە سروشتییەکان‌و رقی کۆمەڵ بترسێت، بێجگە لەوانەش کە لە شێوە سروشتییەکەیدا ناویان دەنێن خۆپاراستن‌و وریایی، بەڵام ئەوەی کە پەنجەی بۆ ڕادەکێشین ترسی ناوێزەیە، ناوێزەش لە ترساندا یان تونديیەکەیەتی یان کەوتنە ترسی زۆرەوەیە, زۆرجار دەبینین منداڵ لە باهەڵکردن دەترسێت، یان لە سیسرک یان لە پشیلە، یان لە تاریکی یان لە مرۆڤە نەناسراوەکان دەترسێت، کاتێک بیوروژێنین دەبینین ترسەکەی دەردەکەوێت، چونکە هەڕەشەکردن لە

منداڵ بە دیۆ یان بە پۆلیس یان بە سوالکەر یان پزیشك یان بە دەرمان یان بە مەیمون یان هەر شتێکی تر دەبێتە هۆی ترساندنی، ئەگەر بەمانە زۆر هەڕەشەی لێبکەیت، یان ترسەکەی زیاددەکات یان گوێی پێنادات.

هێندێ باوك یان هێندێ بەردەست هەن، لەکاتی توڕەبوندا بۆیان دەردەکەوێت منداڵ لە هێندە شتێك زیاتر دەترسێت، ئەوانیش ئەم هەلە بەکاردەهێنن‌و دەیترسێنن‌و بەو شتانە دەیوروژێنن، بۆئەوەی نەیەڵن یاریبکات یان دەنگەدەنگ بکات، یان بۆئەوەی بەقسەیان بکات‌و کارەکانی ڕێکوپێك بێت، ئەم کارەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، بێدەنگ بونێك لەترسانا‌و بێدەنگ بونێك بە ئارەزوو بێت جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا، باشترین کار ئەوەیە منداڵەکە رابهێنیت لە شوێنێکی تایبەتیدا‌و کاتێکی تایبەتیدا یاری‌و دەنگە دەنگ بکات، زۆر هەڵەیە ئەگەر منداڵ بە چەند شتێکی کەڵکدار بترسێنین وەکو دەرمان، پۆلیس, نوشدار, مامۆستا‌و قوتابخانە.

دوورنییە گرنگترین کانگەی ترسی منداڵ ترسنۆکی گەورە نەبێت، چونکە ترسەکە یەکسەر تووشی منداڵەکە دەبێت‌و بۆی تەشەنەدەکات، ئەو باوکەی کە لە سەگ یان لە نەخۆشییەکانی خەڵك دەترسێت لەوانەیە ترسەکەی تەشەنەبکات ماڵەکە هەمووی بگرێتەوە، ئەو دایکەی کە زۆر لەبەر کوڕەکانی دەترسێت لەوانەیە ئەوانیش تووشی ترس بکات، زۆر جۆری دڵەڕاوکێ هەیە کە منداڵ توشیان دەبێت لەڕاستیدا لە باوك‌و دایکیانەوە تەشەنەی کردووە بۆیان، خراپترین ترسی منداڵ ئەو جۆرەیە کە منداڵ باوەڕی بەخۆی نەمێنێت، کانگەی ئەمەش ڕەخنەی زۆرو سەرزەنشتی زۆرو وپاکردنەوەی زۆرە.

دایك زۆر جار چاودێرییەکی زۆری کوڕەکەی خۆی دەکات‌و بەردەوام وریایدەکاتەوە، نایەڵێت شت تاقیبکاتەوەو چاونەترس بێت‌و تامی سەرکەوتنەکانی بکات، ئەو کاتە باوەڕی وادەبێت کە خۆی بێهێزە، ئەو کاتە لە هەموو تاقیکردنەوەو قسەکردنێك دوورەدەکەوێتەوەو زۆرجار وایلێدێت بەدەوری خۆیدا لولەبێت‌و سەر بە هیچ لایەکدا دەرناکات.

ترسی منداڵ لە خەونبینینە ناخۆشەکانیداو لە باوەڕبەخۆنەبوندا، لە دواکەوتن لە خوێندندا، لە درۆکردندا دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەوەی کە پێیدەڵێن: درۆی خۆپاراستن.

حەزدەکەم پەنجە بۆ چەند ترسێکی تایبەتی‌و ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان ڕابکێشم، چونکە ترسی وا هەیە کە لەو گیانەوەرانەیە کە لەبەر چاون، باشترین ڕێگە بۆ ئەم جۆرە ترسانە ئەوەیە شتەکە والێبکەین منداڵان تێیبگەن، بۆ نموونە ئەو منداڵەی کە لە سەگ دەترسێت، دەتوانین وایلێبکەین سەگی خۆشبوێت‌و سەگێکی پاکی خونکی بۆ ڕابگرین، هەروەها وێنەی سەگی بۆ پەیدابکەین‌و فیلمەکانی ببینێت، خووەکانی بزانێت، بەم شێوەیە هەڵوێست‌و هەڵچوونی دەگۆڕین بۆ هەڵوێستێکی زانستی، ئەوەش ڕێسایەکە لەوانەیە گشتی بێت، بەڵام ترسناکترین ترس، ترسانە لەو شتانەی کە نادیارن، وەکو ترس لە دێو، لە مردن، لە دۆزەخ، ترسی منداڵ لەم جۆرە شتە نادیارانە دەبینین گەورەترین کاری قوڵ دەکاتە منداڵ،

لەبەرئەوەی هیچ رێگەیەك نیە بۆ تێگەیاندنی منداڵو لێکۆڵینەوەی، ئەمجا پێویست وایە منداڵ هەرگیز نەشڵەژێنرێت، ئەگەر هەیە پێویستە لە هۆی دروستبوونی بکۆڵرێتەوە، ترسەکەی لە بنچینەدا لابرێت، لەگەڵ راڤەکردنی راستییەکەیدا بەپێی توانا، بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ رادەی ژیری منداڵەکەدا، هەروەها پێویستە ماوەی بدەیت قسەی تێدابکات، نەوەك لە نەستیدا خەفەی بکات، لە ترسە تایبەتییەکانی منداڵە: ترس لە نوستن، ترس لە مردن, ترس لە تاریکی، هێندە منداڵێك شەوان بە ئاسانی ناخەون، ماوەیەك لەلای منداڵانی دوو سێ ساڵی ئەمە روودەدات، ئەوەش لەبەرئەوەیە دەچێتە گۆڕەپانێکی نەزانراوەوە، کە لە چوونەژوورەوەی دەترسێت، دوای ماوەیەکی کورت ئەمەی نامێنێت.

بەڵام ترس لە مردن پەیوەندی بە هەژانی باوەڕی مرۆڤەوە خۆیەوە هەیە، مردنی خزمێکی منداڵەکە وایلێدەکات هەستبکات بە شوێنەکەی کە نزیکە، ئەمیش توشی ئەم لەرینەوە بەهێزە ببێت، بۆئەوەی کە لە ماڵەوە جۆرە دوورخەرەوەیەك هەبێتو منداڵەکە لەم جۆرە ترسانە دووربخاتەوە، بێگومان هەر دەبێتو رێکدەکەوێت گیانلەبەرێکی ماڵی مرداربێتەوە، یان بنوێت، ئەوکاتە منداڵەکە بۆیدەردەکەوێت مردن کارێکی سروشتیی بێدەنگە، مردنی ئەم گیانلەبەرەش ئەو مردنەی مرۆڤ نییە کە شیوەنو واوەیلاو ڕۆڕۆ بەرپادەکات، بەڵکو مردنێکی

بێدەنگە، ئەوکاتە ئەوەندە لە مردن خۆی ناپارێزێت، ئەوەندەش بە روداوێکی گەورەی دانانێت، چارەسەرکردنی ئەم بابەتە لێرەدا بە ئاسانی چارەسەردەکرێت، بەڵام ترس لە تاریکی جاری وا هەیە کارێکی سروشتیەو جاری واش هەیە کارێکی ناسروشتییە، بەهیچ جۆرێك نابێت منداڵ لە تاریکیدا بنوێنرێت، ناتوانم درێژە بەم بابەتە بدەم، هەرچەند گرنگە، بەڵام وتەکەم بەمە تەواودەکەمو دەڵێم: ئەو باوکەی کە ترس لە دڵی منداڵەکەیدا دەچێنێت، گەورەترین تاوانەکات، چونکە لە دەروونیدا ناتەواویەکی هەمیشەیی بەجێدەهێڵێت، بەهەموو واتای قسەکە دەستەوسانی دەکات.

بەڕاستی قورئانی پیرۆز زۆری بە دەروونی ئارامگری دڵنیادا هەڵداوە، کە بە قایلبوون بگەڕێتەوە بۆ لای خوای خۆی, ئەم دەروونە دڵنیا ئارامگرەش دووڕە لە هەموو ترسێکەوە.

بەشی سێیەم

کۆمەڵە پرسیارێك

١) دەروونزانی و خەونبینین

٢) خەیاڵبزرکاندن

٣) قورئان و دەروونزانی

٤) هاوسەری و هاوژینگەبوون

٥) وتەی ناشیرین و کارتێکرنیان لە منداڵەکانمان

٦) مێردەکەم زۆر دروزنە

٧) جگەرەکێشان

٨) کۆڕی زار

٩) لاوێك سکاڵا لە گۆشەگیرییەکەی دەکات

١٠) ئامادەکردنی گیان (الروح) بۆی هەیە؟

پرسیاری یەکەم

رای دەروونزانی چییە لەو خەونانەی کە لە خەودا دەیانبینین، بەتایبەتی ئەوانەی کە دێنەدی، وەکو: رووداوەکەی خەونەکەی (فیرعەون)ی میسر، کە یوسف بۆی لێکدایەوە؟ خەونەکانی یوسف لەبارەی خۆیی و براکانی و دایکی و باوکیەوە؟

وەڵام:

یەکەم / باسی خەون بەشێوەیەکی گشتی:

خەونبینین، دوو دیوی هەیە، دیوی یەکەمیان: وێنەو خەیاڵە، بینینی باوکی مردووی مرۆڤ بە چەند رێگەیەك رووەدات، جاری وا هەیە مرۆڤ بە رۆژ دادەنیشێتو دەچێتە خەیاڵەوەو باوکە مردووەکەی بە خەیاڵ بە چەند شێوەیەك دێتەوە پێش چاو.

ئەمەش نزیکە لە هەموو کەس رووبدات، ئەمەش نزیکە لە هەموو مرۆڤێك رووبدات، هەموو مرۆڤێك بۆی هەیە هەست بە هێنانەپێش چاوی چەند شتو رووداوێك بکات کە لەوەوپێش رووياندا‌وە.

دیوی دووەمیان: مرۆڤ لە خەیاڵدا ئەو شتانە دەبینێت کە حەزدەکات بیانبینێت، بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەو شتانە بە خەیاڵ دەبینێت کە لەڕاستیدا جێبەجێبوونیان دوورە، مرۆڤی هەژار بەخەیاڵ خۆی بە دەوڵەمەند دەبینێت، کەم هێز خۆی بە بەهێز دەبینێت، هەرزەکار خەون بە کچێکی جوانو دواڕۆژێکی باشو هێزێکی گەورەوە دەبینێت.

چوار هەفتە لەمەوبەر واپرۆیدا هاوڕێیەکمان تووشی رووداوێکی ئۆتۆمبێل بوو، بووە هۆی ئەوەی لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە، بووە هۆی ئەوەش هەموو جموجۆڵێکی لێ قەدەغە بکەن، چونکە هێندێك لە ئەندامەکانی لەشی لە گەچ گیرابوون، شەو لە خەوندا خۆی بینیبوو کە چووە بۆ گەشتو سەیران بۆ شوێنێکی هەرە دوور، هەروەها خۆی بینیبوو بە لەشێکی سوك‌و سۆڵەوە بەخێرایی پاردەکات، هەردوو لایەنەکەی هەموو خەونێك ئەوەیە کە مرۆڤ دیمەن‌و خەیاڵاتی زۆر دەبینێت، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی ئەوانە دەبینێت حەزدەکات بێنەدی، مرۆڤ بۆی هەیە بە ئاشکرا وێنە ببینێت، چ لە خەوندا بێت یان لە بێداریدا بێت، بۆی هەیە لە بێداریدا وێنەکان ئەوەندە ئاشکرابن بگەنە پلەی تەنداری تەواوەتی، چونکە ژنەکەی (کە دە ساڵ لەمەوبەر مردووە) بەتەواوەتی وەکو خۆی دەیبینێت.

ئەم وەڵامدانەوەیە هێندێك لە گوێگرەکان رەخنەی لێدەگرن‌و دەڵێن:

هێندێك جار خەون بە هێندێك شتەوە دەبینین‌و لەگەڵ ئەوەشدا حەزناکەین رووبدات، جاری وا هەیە مرۆڤ خەوندەبینێت بە مردنی براکەیەوە یان بە کوشتنی خوشکەکەیەوە، کارێکی سروشتییە مرۆڤ مردنی براکەی‌و کوشتنی باوکی بەئاوات ناخوازێت.

بەڵام لێرەدا جیاوازیدەکەین لەنێوان ئەوانەی ناویان دەنێن (ئارەزووی هەستی)و ئەوانەی کە ناویان دەنێن (ئارەزووی نەستی)، ئێستە ماوە نییە لێرەدا بۆئەوەی درێژەی پێبدەین.

لەبارەی خەون هاتنەدی لە ژیانی ئاساییماندا ئەگوێزینەوە بۆ خاڵێکی دیکە، ئەوەی دەیزانین خەون پەیوەندی بە ئێستەو رابوردووەوە هەیە، چونکە مرۆڤ خەون بەوەوە دەبینێت خۆزگەی بۆ

دەخوازێت، بەپێی شارەزایی و ئێستەو رابوردوی، لەبەرئەوە برسی خەون بە نانەوە دەبینێت، منداڵ خەون بە بۆری ئاوەوە دەبینێت، ئەگەر بەریدەتەوە لەباتی ئاو (شیرەمەنی) ڵێبێتە خوارەوە، بەڵام جاری واش هەیە رێدەکەوێت مرۆڤ خەونێك دەبینێت لەمەودواش دێتەدی.

بەڕاستی منداڵێك لە خەونیدا دوکانێکی بازرگانی دانابوو، ئەسپێکی کڕیبوو ناوی نابوو (سعیدە)، لەگەڵ ئەوەشدا دوای چەند ساڵێك خەونەکەی هاتەدی.

دەتوانرێت لێرەدا بوترێت: ئەو پەیکەرە بەهێزەی وایلێکردووە خەونەکەی ببینێت، هەر ئەوانەش پاڵیان پێوەناوە خەونەکەی بێتە دی, وەکو پرۆژەیەك کە بە بیردا تێپەڕێتو دوای ئەوەش دەبێتە وێنە، دواییش دەبێتە راستی.

هەروەها جاری وا هەیە خەونێك دێتەدی کە دەستەڵاتی ئێمەی تێدانییە، وەکو ئەوەی کەسێك لە خەوندا براکەی دەمرێت، کاتیك دوای چەند هەفتەیەك تەماشادەکات دەمرێت، ئەمە ئەوەیە کە ناودەنرێت پێزانینی نەستی, لەوانەشە براکەی لاوازبێت، یان نەخۆش بێتو وا بگەیەنێت کە بمرێت، دوای ئەوەش رووەدات کە جێبەجێبێت، ئەمجا وا دەزانێت کە مرۆڤەکە خەونەکەی بینیوە بۆیە ئەو مردووە، ئەوسا خاوەن خەونەکە هەست بە گوناهکردنێکی گەورە دەکات، لەوانەشە لەم خەونەدا دوو لایەنی تێکەڵ هەبن کە بۆ خاوەنەکەی دەرنەکەوتوون، ئەوانەش ئارەزووی نەستیو پێزانینی نەستییە، رێکەوتیش کەوتۆتە پاڵیان، لەسەر ئەمەیشو ئەوەیشەوە مرۆڤ ئارەزووی ئەو لێکدانەوانە دەکات کە بە کەسێتییەکی نادیاری ونیدەکات، لەبەرئەوە بەم

لێکدانەوەی ئێمە قایل نابێت‌و دەڵێت: نەخێر بەهیچ جۆرێك براکەم نەخۆش نەبووە، هیچ ئارەزوو زانینێك لە ئارادا نەبووە.

ئەمەش هەرچەند ئێمە دەڵێین: وا زانینەکە نەستی بووەو ئارەزووەکەش هەر نەستی بووە، خۆ نادیاریکردنی مرۆڤەکە خۆی جۆرێکە لە خۆبەگەورەدانان، ئەبێت تێبینی ئەوەش بکەین کە بە هیچ جۆرێك مرۆڤێك ناتوانێت خەونێك دووجار، بە یەك دەق وەکو یەك بگێڕێتەوە، بۆ تاقیکردنەوە، پێنووس‌و کاغەزێك لای سەرینەکەتەوە دابنێ، کە لە خەو هەستایت پێش ئەوەی سیستەمەکەت جێبهێڵێت دەقی خەونەکەت بنووسەرەوە، دوای چەند رۆژێکیش بۆ هاوڕێیەکتی بگێڕەرەوە، ئەوجا هەردوو دەقەکە بەراوردی یەکتری بکە، ئەمجا ئەو جیاوازییە گەورەیەی کە لە نێوانیاندا هەیە تێبینی بکە.

ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ژیری (بێئەوەی هەستی پێبکەیت) حەز لە گۆڕینی راستییەکان دەکات، بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ ئەوەی خۆی ئارەزووی لێدەکات.

بەڵام خەونەکەی (فیرعەون)و لێکدانەوەی (یوسف) هاتنەدی، خەونەکە لەبارەی باوکی‌و براکانییەوە، بەدیهاتنی ئەمە دوای چەند ساڵێك، ئەم دوانە ناخرێتە نێو ئەم گۆڕەپانەوە، لەبەرئەوەی ئێمە هەوڵدەدەین روالەتە سروشتییەکان رۆژانە باسبکەین، بەڵام کردارەکانی پێغەمبەرەکان، نێررراوەکان، خاوەن موعجیزەکان، ناتوانین باسیانبکەین، چونکە ئەگەر بتوانین راڤەی موعجیزەکان بکەین، نیشانەی نەتوانینی تێدانامێنێت، هێزەکەی بەسەردەچێت‌و دەستەڵاتەکەی هەڵمدەکات.

پرسیاری دووەم

چۆن دەتوانم لەو خەیاڵبزڕکاندنە دەروونیانە رزگارم بێت کە پوناکی ژیانیان لێ لێکردووم؟

وەڵام: من حەزمدەکرد ئەمانە لەبارەی تۆوە بزانم:

یەکەم: چەند نموونەیەک لەم خەیاڵبزڕکاندنە دەروونیانە

دووەم: ئایا ئەم خەیاڵبزڕکاندنانە دووبارە یان زیاتر دەبنەوە، ئایا هەیانە لەوانی دیکە زیاتر فرەبارە بێتەوە یان دێنو نامێنن.

سێیەم: ئەگەر هەیان بێت لەوانی دیکە زیاتر فرەبارەبێتەوە، ئایا دەتوانیت ئەو بارە تایبەتییانەی کە دەوری خۆتو کارەکەتو خێزانەکەتو هاوڕێکانتی داوە دیاریبانبکەیتو ئەوانەی کە بە شێوە ئاسایی ئەو خەیاڵبزڕکاندنانەیان تێدا دەردەکەوێت دەزانرێت؟

لێرەدا پرسیاری زۆر هەن کە بە سەبارەتی ئەم پرسیارەتەوە ئاڕاستەت بکرێن، بەڵام لەم شوێنەدا جێگەیان نابێتەوە ئاڕاستەبکرێن، بەڵام ئێستە لێرەدا وازدەهێنم، تۆزێک بە شیتەڵکردنی تۆوە خەریکدەبم، ئەوەش ئەوەیە کە تۆ گەرەکتە رێگەیەک بدۆزیتەوە لەو خەیاڵبزڕکاندنانەی تەنگەتاویان کردویت رزگارت بکات، بەڵام گەرەکت نییە باسی ئەو خەیاڵبزڕکاندنانەو باسی هۆیەکانیان بکەیت، تۆ لەمەدا ڕاستدەکەیت، چونکە ئەم خەیاڵبزڕکاندنانە (کارێکی ئاساییە) بە ئاسانی دانیان پێدانانرێت، بۆ نموونە: یەکێک لەوانە ئەوەیە مرۆڤ وا دەزانێت مامۆستاکەی یان سەرۆکەکەی دەیچەوسێنێتەوەو تەگەرە دەهێنێتە رێگەی ئەگەر خۆی فەلە بوو سەرۆکەکەی موسڵمان بوو، بە پێچەوانەوە ئەگەر خۆی موسڵمان بوو وادەزانێت لەبەرئەوەیە ئەگەر

هاتو سەرۆکەکەی (فەلە) بوو، هەروەها بەپێچەوانەوە ئەگەر لاوێکی زانکۆ بێت‌و سەرۆکەکەی زانکۆی تەواونەکردبێت وادەزانێت لەبەرئەوەیە، جاری وا هەیە مێردی ژن بۆ بەڵگەیەك دەگەڕێت بەشێوەیەکی نەستی کە گوایە ژنەکەی خۆشیناوێت‌و ڕێزی لێناگرێت، یان ژن بۆ بەڵگەیەك دەگەڕێت پێی بسەلمێنێت کە مێردەکەی خۆشیناوێت‌و ئارەزووی ئافرەتانی دیکەدەکات، هەروەها دەبینین ئەم جۆرە کەسانە گومانەبەن، تاوانبار دەکەن، ژیرییەکەیان بۆ پڕوپووچترین هۆ دەگەڕێت‌و بەشێوەیەکی ئاسایی دەیدۆزێتەوە، خەیاڵبڕکاندن‌و گومانەکانی لەسەر کەڵەکەدەکات، خەیاڵبڕکاندنیش چەند جۆرێکی هەیە:

هەیانە وادەزانێت نەخۆشدەکەوێت، هەشیانە وادەزانێت دەمرێت، هەشیانە وادەزنێت کارەساتێك ڕوودەدات، هەشیانە وادەزانێت تووشی بەڵایەك دەبێت، یان بەڵایەك تووشی کەسێکی دەبێت. لەگەڵ وازانینی ڕوودانی خراپەدا گومانبردنیش پەیدادەبێت، کەسی وا هەیە تەنها پرتەقاڵ‌و هێلکە نەبێت نایانخوات، چونکە لەوانەیە ئەوانی دیکە ژەهراوی بن، دوای ئەوەش بیرتێپەڕەکەی گەورەدەبێت وادەزانێت، پرتەقاڵیش بە ژەهراوی دادەنێت، چونکە لەوانەیە بە دەرزی (شرنقە) ژەهری تێکرابێت، بێئەوەی کەس دەرکی پێببکات، دوای ماوەیەك هێلکەیشی تەرککرد، وتی: نەوەکو بە دەستی پیس پاککرابێت.

لەمەش مەبەستمان ئەوەیە بڵێین: کە ئەم کەسە بۆ هۆیەك دەگەڕێت بەشێوەیەکی ئاسایی لەوانەیە تامۆزاییەکی بەدەستکەوێت. بەڕاستی کار گەیشتبووە لاوێك, کە گومانبەرێت دایکی ژەهری تۆزی بۆ دەپرژێنێتە هەواوە.

ئەمەیە گەورەم هێندە خەیاڵبزڕکاندنێك، ئەگەر رووداوێکی کاتی بێت، ئەوە گوێ مەدەرێ، بگەڕێ بۆ کارێکی خۆش کە دەروونت بکاتەوەو خەفەتەکانت بڕەوێنێتەوە، بەڵام ئەگەر لەو جۆرە بوو زۆرجار فرەبار دەبۆوەو ژیانی مرۆڤو ئەوانەی لە دەوروبەرین تاڵدەکرد، تکات لێدەکەم پەیوەندی بە پسپۆڕێکی دەروونییەوە بکە، تکاشم وایە کە بە پشووبیت.

پرسیاری سێیەم

ئایا لە قورئاندا شتێك هەیە پەیوەندی بە دەروونزانییەوە هەبێت؟ ئایا قورئان گرنگیداوە بە چارەسەری دەروونی، بەڵگەبێت بۆ وتەی بڵندبو (وشفاء لما في الصدور – چارەسەرە بۆئەوەی لە سنگدا هەیە)؟

وەڵام:

هەرچی لە قورئاندا هەیە پەیوەندییەکی زۆری بە دەروونزانییەوە هەیە، ئیتر بە دەروونی تاکەوە بێت، یان بە دەروونی کۆمەڵەوە بێت، ئیتر بە دەروونایەتی هەستییەوە بێت، یان بە دەروونایەتی نەستییەوە بێت, ئەگەر ئەتەوێت بەڵگە بە قورئان بهێنمەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو زاراوانە ئێستە لە دەروونزانیدا بەکاردەهێنرێن بەتەواوەتی ئەوانەی ناو قورئان ناگرنەوە، لەبەرئەوە کاتێك لە قورئاندا باسی دڵو سنگ هاتووە مەبەستی پێی باری دەروونییە، وەکو فەرموودەی خواوەندی گەورە کە دەفەرموێت (وإذ زاغت الابصار، وبلغت القلوب الحناجر – کاتێکیش بینایی بەقوڵداچوونو دڵانیش گەیشتنە قوڕگ).

هەروەکو فەرموودەی خواوەندی بڵند (والذين في قلوبهم مرض – ئەوانەی کە نەخۆشی لە دڵیاندا هەیە).

لێرەشدا چەند دەربڕینێکی زۆر پووبەپوو هەن، وەکو فەرموودەی خواوەندی بڵند (لايكلف الله نفسا الا وسعها – خواوەند پوو لە دەروونێك نانێت بەگوێرەی توانای خۆی نەبێت)، هەروەکو وتەکەیشی (وفي انفسكم افلا تبصرون – ناتەواوییەکە لە خۆتاندایە، ئایا نایبینن).

بەڵام ئەو ئایەتەی کە دان بەوەدادەنێت: بەڕاستی یەزدان روو لە هیچ دەروونێك نانێت بەگوێرەی توانانەبێت، بەڕاستی کارێکی دەروونیی بەهێزەو توانستێکی ژیرییە.

ئەوەی بڵاوە کە هەموو مرۆڤێك توانستی ژیری تایبەتی خۆی هەیە، لەگەڵ تەمەنو شارەزاییو توانستە سروشتییەکانی کە یەزدان پێی بەخشیون دەگونجێت، ناشێت لە سەرووی توانای کەسەکەوە داوای لێبکرێت، ئەشێت (لێکدەرەوەکان – المفسرون) بڵێن: مەبەست بە (دەروون) لێرەدا تاکە.

ئەمەش قەدەغە نییە لەوەی ئایەتەکە لێرەدا واتایەکی گشتی هەبێت، بە مەعنا هەموو بوویەکی دەروونیو لەشیش بگرێتەوە، هەروەهاش هەموو کاتو شوێنێك بگرێتەوە، بەڵام ئەو ئایەتەی کە دەقەکەی (وفي انفسكم افلا تبصرون – ناتەواوییەکە لە خۆتاندایە، ئایا نایبینن)، بەڕاستی من هەموو لێکۆڵینەوەیەکی نەستی نوێی داهێنراوی تێدا بەدیدەکەم، مەبەستیش بەوە ئەوەیە کە بەڕاستی مرۆڤ ئەوەی لەناوەوەی دەروونیایەتی نایبینێت، هەروەها مەبەستیش ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت ئەمەی ئەوتۆ کە لەنێو دەروونیایەتی دەیبینێت، ئێمەش لەمەدا ناوی دەنێین: (بیناییە دەروونیانە) یان

(بینینە نێو ئەقڵیانە)، هەروەها فرەبوونی بینایی دەروونیانە بە مەرجێکی بنچینەیی لە مەرجەکانی گەڕانەوە بۆ دەروون دروستی دادەنێین، بەڕاستی فەیلەسوفی ئەگریکی[٣١] وتویەتی (لە ناسینی دەروونەوە دەستپێبکە)، نێرراوی خواوەندیش وتویەتی: (خواوەند بەزەیی بەکەسێکدا دێتەوە ئاستی دەروونی خۆی زانیبێت).

ئەم ئایەتەش هانی مرۆڤ دەدات لەسەر ئەوەی بیر لە خۆی بکاتەوەو لێی بکۆڵێتەوە، بینایی ئەوەبکات کە تێیدایەتی، بۆئەوەی لەنگەری بۆ ڕاستبکاتەوە, لەبەرئەوە من لەم ئایەتەدا دوو واتەی گەورەی تێدا بەدیدەکەم، یەکێکیان ڕاستی دەروونی نەستی دەگەیەنێت، ئەوەکەیان ڕووی چارەسەری دەروونی زانستی تەواو دەگەیەنێت، ئایەتێکی دیکە هەیە، هەموو ئەوەی ناوی دەنێن: بەربەرەکانی دەروونی تێدا بەدیدەکەم، ئەو ئایەتەش ئەمەیە، (ما جعل الله لرجل من قلبين في جوفه – یەزدان دوو دڵی بۆ پیاوێك لە هەناویدا دانەناوە)، من وای تێگەیشتم کە گەیینی دەروونی (لەنگەری دەوونی)، لەگەڵ دووڕوی جیاوازدا ڕێناکەون، چونکە بۆ مرۆڤ ناشێت، پاڵ بە دوو لایەنەوە بدات، یان دوو لایەنی خۆشبوێت، یان ئەوەی لەمانە بچێت، بەڕاستی خۆم هەست بە پوچی وەڵامەکەم دەکەم، لەبەرئەوەی قورئان هەروەکو وتم: هەمووی پەیوەندی بە بارەکانی دەروونییەوە هەیە، چونکە ئەو ڕابەریمان دەکات، بۆ باوەڕو ڕێبینیو نەلەرزین ئامۆژگاریمان لە ڕەفتارکردندا دەکات، جۆرەها دەروون شیتەڵدەکات،

---

٣١ – مەبەستی بەو فەیلەسوفە (سوکرات)ە، (٤٧٠-٣٩٩) پ.ز ، کە لە ئەسینا لەدایکبووە، خۆناسینی مرۆڤی کردە ناوەندی فەلسەفە، دەرمانخواردکرا لەبەرئەوەی ڕەخنەی زۆری ئاڕاستەی کاربەدەستان کرد. (وەرگێڕ)

لە ژیانمدا شیتەڵم نەدیوە جوانتربێت لەو شیتەڵە هاتووەی کە لە سەرەتای (سورەتی یوسف)ەوە هاتووە، ئەویش شیتەڵکردنی کینەکێشی براکانیەتی، لە یوسفو ترسیان لە باوکیانە، کە سورە لەسەر سەلامەتی یوسف لە دەست براکانی (إذ قال يوسف لأبيه يا أبت إني رأيت أحد عشر كوكبا والشمس والقمر رأيتهم لي ساجدين، قال يا بني لا تقصص رؤياك على إخوتك فيكيدوا لك كيدا إن الشيطان للانسان عدو مبين – کاتێك یوسف بە باوکی وت: ئەی باوکە بەڕاستی من یازدە هەسارەم بینی، لەگەڵ خۆرو هێڤیشدا سوجدەبەری من بوون، وتی: ئەی ڕۆڵە خەونەکەت بۆ براکانت مەگێڕەوە، چونکە فێڵێکت (تەڵە) بۆ دەنێنەوە، بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرای مرۆڤە).

لە قورئاندا شیتەڵکردن بۆ هەموو ئەو بارە دەروونیانە کە ناسراون هەیە، ئاڕاستەکردنێکی دەروونی زۆر جوانی تێدا هەیە، لەوانەی وتومنو لەوانەی نەموتوون، بەڕاستی بەڵگەی سەلمێنەرن بۆ وتەی (وشفاء لما في الصدور – چارەسەرە بۆئەوەی لە سنگدایە).

بەڵام کاتێك هێندێ کەس، ئایەتەکانی بیرخەرەوەی زۆر بەجێ بەکاردەهێنن و دەیکەنە پاساو بۆ کارکردنە سەر مرۆڤە سادەکان و خاوەنی ئەقڵە لاوازەکان، بێجگە لەو بۆچوونانەی من مەبەستم کردن، ئابەمە خواوەندی خاوەن هەشتا هەزار جۆر لە دروستکراوان هەرگیز پێی قایل نییە.

پرسیاری چوارەم

ئایا دەگونجێت گەنج کەسێك بخوازێت کە خۆشی بوێت و دڵسۆزی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ژینگەی هەردووکیان لەیەك جیاوازبێت؟

وەڵام:

هەموو ئەو شتانەی لە کوڕو کچدا، لە یەکتر خواستندا حەزی لێبکرێت ئەوەیە: ڕێکەوتنو گونجاندنە، ئەگینا ئەمانە هەموویان ڕاوەستاونەتە سەر کارکەر، وەکو: کارکەری خۆشەویستی، بەڵام هەموو تۆخمەکانی دیکە نانوێنێت.

جاری وا هەیە ئەوەی خەڵکی بە خۆشەویستی دەزانێت، خۆشەویستییەکی تەواو نییە، بەڵکو تەنها سەرنجڕاکێشانێکی تۆخمییە، سەرنجڕاکێشانی تۆخمی – هەرچەند بەشێکە لە تۆخمەکانی خۆشەویستی – بەڵام هەموو تۆخمەکانی خۆشەویستی تێدا نییە.

چەندەها گەنج هەیە وای زانیوە کچێکی بەتەواوەتی خۆشدەوێت، کچەکەش هەروای زانیوە، بەڵام دوای ماڕەبڕینو گواستنەوە، بۆیان دەرکەوتووە ئەو خۆشەویستییە ڕەویوەتەوەو نەماوە.

ئا تۆ کاتێك خۆشەویستی هاوڕێکەتو خۆشەویستی هاوسەرەکەت شیتەڵدەکەیت، ئەوساکە خۆشەویستی هاوسەرەکەت بۆ دەردەکەوێت، چونکە هاوڕێکەت کە تۆ خۆشتدەوێتو خۆشیدەوێیت، ئەوەیە کە دەیسەنگێنیتو دەتسەنگێنێت، ڕێزتدەگرێتو ڕێزیدەگریت، بۆ بەرژەوەندیت هەوڵدەداتو بۆ بەرژەوەندی هەوڵدەدەیت، لەڕێگەیدا خۆت بەختدەکەیتو لەڕێگەتدا خۆی بەختدەکات، دڵنیادەبیت لەگەڵیداو دڵنیادەبێت لەگەڵتدا، تێتدەگاتو تێیدەگەیت.

ئەمانە هەموویان توخمێکی بنچینەیینو بونیان پێویستە، بۆئەوەی پەیوەندی بەهێزببێت لەنێوان هەردوو هاوڕێکەدا، لەپاڵ ئەم هەموو تۆخمانەدا، پێویستەسەرنجڕاکێشانیڕەگەزیلەنێوانژنو مێرددا هەبێت.

چەندێك ژینگەی ژن‌و مێرد لەیەك نزیکبنەوە لە ڕێزگرتنی یەکتریداو لەیەك تێگەیشتنداو لە هەڵسەنگاندنی هەڵوێستدا، نیزیکدەبنەوەو پلەی متمانە بەیەك بونیان زیاددەکات لەسەر پلەیەکی باوەڕی گەورەتر بن، بەڵام لەکاتی جیاوازی ژینگەی ژن‌و مێرددا، چەند بارێك تێبینی دەکرێت: چونکە کەمێك دوای گواستنەوە، دوای ئەوەی هەر یەکەیان لەسەر سروشتی ڕاستی خۆی بۆ ئەوەی دیکەیان دەرکەوت، لەیەکتر گەیشتنیان قورسدەبێت، هەروەها ناتەواوی ڕێز لەلایەن ئەو کەسەیانەوە کە خۆی لەوی دیکەیان بە گەورەتر دادەنێت تێبینی دەکرێت.

لەبەرئەمە حەز بەمە دەکەم، لە وڵاتێکی وەکو میسردا، کێشێکی گەورەتر بە نزیکبوونەوەی ژینگە بدرێت، ئەوەش لەبەرئەوەیە نەریتەکانمان تا ئێستاش ئەو بەیەکگەیشتنە سەربەستە ئاشکرایە قەدەغەدەکات، ماوەی ئەوە نادات کە هەر لایەك شارەزای ئەوی دیکە بەباشی‌و بە سەربەستی ببێت، لەبەرئەوەش ئەو نەریتەی کە من پێی قایلنیم تا ئێستا لە میسردا باوە, ئەویش ئەوەیە کە کچی مووچەخۆر حەزدەکات شو بە کوڕی مووچەخۆر بکات، با مووچەکەیشی کەم بێت، نایەوێت شو بە پیاوێك بکات کارێکی سەربەست بکات، با دەستکەوتەکەشی گەورەتر بێت، ئەوەش لەبەرئەوەیە نەریت تا ئێستەش کێشێکی گەورە بۆ دەمارە گرێکانی خێزانی دادەنێت.

هەروەها لە میسر تێبینی دەکەین، کە جیاوازی نێوان ژینگەیەك‌و ژینگەیەکی دیکە دەکرێت، ئیتر لە بنچینەی خێزانیدا بێت یان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بێت، یان لە ئاستێکی پێشکەوتندا، یان لە ئاستی خوێندەواریدا بێت.

زۆرجار دەبێتە هۆی هێندێك لە رێز نەمانو نەسەنگاندنو تێنەگەیشتن لەنێوان ژنو مێرددا، وتم (زۆر جار دەبێت) چونکە هەمیشە نابێتە هۆی, بەڵام زۆرترین جار دەبێتە هۆی. لەسەر ئەوەی پێشەوە وا دەبینم، کە گەنج کەمێك ڕاڕابێت لەو هاوسەرگرتنەی کە تەنها لەسەر ئەوەی کە پێیدەڵێن (خۆشەویستی) داڕێژراوە، بەو نیازەی کە ڕێزو سەنگاندنو ئەوانی دیکە هەردەبێت بەدوایدا بێن.

بەڵام ئەم پەیوەندیە پێویستییانە ئەگەر لەم گوزەرەشدا هەبن، بەڕاستی وەکو بنچینەیەك ناشێن، بەڵام وەکو حاڵەتێکی جیاواز هیچ بڕیارێکی بۆ نییە.

پرسیاری پێنجەم

منداڵێك زۆرجار جنێو دەفرۆشێت، هۆیەکەی چییە؟ چارەسەریشی چییە؟

وەڵام:

زۆرجار منداڵ بە براکەی یان هاوڕێکەی دەڵێت: نەعلەت لە باوکت... هەروەها جاری وا هەیە بە ئاشکرا جوێنەکەی دەدات، جاری واش هەیە لەژێر لێوەوە، جاری واش هەیە بە هەردووکیان ، باوکیشی دەڵێت: بێگومان کوڕەکەی ئەم جنێوانە لە دەری ماڵەوە فێربووە، دوور نییە لە تێکەڵاوبوونی منداڵە نزمەکان، منداڵانی قوتابخانەوە فێرنەبووبێت.

واتای وایە کوڕەکەی ئەوە لە منداڵە بەرزەکانی گەورەکانی نەتەوە بێتو خۆیشی لە پیاوە بەرزەکانی، ماقوڵانی، هەڵبژێررراوەکانی نەتەوەکە بێت، ئاوەها هێندێ باوک بیردەکاتەوە.

دەروونزانیش ڕای خۆی هەیە بەسەر ئەم جۆرە بیرکردنەوانەدا، زۆر کەس هەن، هێندێ جار پرسیارم لێدەکەن لەبارەی ڕادەی کارتێکردنی ئەو جنێوانەی کە لە دەرەوەی خێزاندا منداڵ دەیبیستێتو کاری تێدەکات، لەکاتی پرسیارەکانیاندا ڕستەی (دەرەوەی خێزان) زۆر دووبارە دەکەنەوە، ئەم جنێوانەش جاری وا هەیە لە منداڵانی دراوسێوە دەیبیستن، جاری واش هەیە لە منداڵانی خزمانەوە، یان هاوڕێیەوە یان لە خزمەتکارەوە یان لە هی دیکەوە دەیبیستن.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، یەکەم جار دوو پرسیار ئاڕاستە دەکەم:

یەکەم: ئایا تا چ ڕادەیەک بە ئاشکرا یان بە نهێنی جنێو لە باوکان خۆیانەوە دەردەچێت؟

دووەم: ئەو ڕامیارییە کامەیە، باوکان بەکاریدەهێنن لەکاتی بیستنی ئەم وشانەدا؟

ڕێسای گشتی ئەوەیە: ئەگەر باوکان بەرامبەر ئەم وتانە، ڕامیارییەکی چەسپاوی تایبەتییان هەبێت، پەیوەندیان بە منداڵەکانیانەوە، کردەوەکانیان لەسەر سۆزو خۆشەویستی بێت، نەوەک لەسەر زۆرلێکردنو ئازاردان بێت، ئەوکاتە منداڵەکانیان بەم ڕامیارییە بێداردەبن.

ئەگەر هەر یەک لە باوکو دایک ئەم وتانە لە دەمیان نەیەتە دەرەوە، نە لەگەڵ فرۆشیاردا، نە لەگەڵ منداڵدا، نە لەگەڵ کەسانی دیکەدا،

بەهیچ جۆرێك نە بەدەستی ئەنقەستو بێ ئەنقەست نە جارێك نەزیاتر, ئەوە هیچ ترسێك لەسەر ئەو منداڵەی لە دەرەوەی خێزاندا گوێی لە جنێو دەبێت نییە، بەتایبەتی ئەگەر گوزەری ماڵەکە پربێت لە سۆزو سەربەستیو ڕێزو ئاڕاستەکردن، بەڕێگەی قایلکردنێکی هێواشی پەسەندکراو.

ئا من لەمەش دوورتر دەڕۆمو دەڵێم: بەڕاستی باش وایە هێندێ جار منداڵ لە دەرەوەی ماڵ گوێی لە هێندێك لەم جنێوانە بێت، بە مەرجێك وەکو وتمان: منداڵی ماڵێك بێت جنێوی تێدا نەدرێت, ماوەش نەدرێت بە بیستنی, چونکە بەوە شارەزایی منداڵەکە فراوان دەبێتەوە، چونکە لە ماڵەوە گوێی لە وشەی جوان دەبێتو بەکاریدەهێنێتو ڕەفتاری پێدەکات، لە دەرەوە ماڵیشدا گوێی لە وشەی نزم دەبێت, واتەی وایە گوێی لە دوو جۆر وشە دەبێت، گۆڕەپانی قسەکردنی فراوانتر دەبێت وەك لەوەی کە لە یەك گۆڕەپاندا کورتبکرێتەوە، جاری وا هەیە ئەم وشانە دەباتە ماڵەوە بۆئەوەی تاقییانبکاتەوە، ئەگەر تاقیکردنەوەکەی سەرکەوتو بە پەسەندیو ئێسك سوکییەوە پێشوازی لێکرا...هتد، ئەمە یارمەتیماندەدات بۆ چەسپاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی، ئەگەر سەریشی نەگرتوو بە ناڕەزایی دەربڕینو ڕوگرژکردنەوە (نەك لە منداڵەکە بەڵکو لە جنێوەکان) پێشوازیکراو باری ناشیرینیەکەی ڕوونکرایەوەو دانیش بەوەدا نرا کە ئەم جنێوانە لەلایەن دایکو باوکەوە هەرگیز دانی پێدانانرێت، ئەوکاتە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی دەسڕێتەوە، بەڵام ئەوکاتە کاردانەوەیەکی باش دەکەوێتەوە، ئەویش ئەوەیە بەراورد دەکات، لەنێوان وتە بڵندەکانی خێزانەکەیو وتە نزمەکانی دیکەدا، ئەوکاتە هەڵسەنگاندنێکی قاییلدار

دەبێت و لەسەر شارەزایی کەسێتی راستەوخۆدا دادەمەزرێت، نەوەکو لەسەر تەلقین دادان و تەمێکردن و ئاڕاستەکردنی زاری داڕێژرابێت، کە ئەویش لاوازترین جۆرەکانی پەروەردەیە، بەڵکو لە چاوی منداڵ بێنرخە.

ئێستە بەراوردێکە لەنێوان دوو جۆر منداڵدا، یەکێکیان لە ماڵێکی بڵندی دوور لە کۆمەڵ پەروەردە دەکرێت، واتا بەڕاستی لە سنورێکی تایبەتیدا گەورە دەبێت، تەنها جۆرە وشەیەک بەشێوەیەکی سارد دەچەژێت، لەبەرئەوەی جۆرە وشەیەکی دیکەی هەرگیز نەچەشتووە، جۆرەکەی دیکەیان لەنێو خێزانە پێوانەدارە چەسپاوەکەیداو رامیاری دیاریکراوەکەیدا، پەروەردە دەبێت، بەڵام ماوەی دەدرێت پەیوەندیبکات بە گۆڕەپانێکی فراوانترەوە، کە شارەزاییەکی دیکەی لێ وەردەگیرێت، جیاوازی هەیە لە شارەزایی ژینگەکەی خۆی، ئەنجا ئەنجامی ئەم شارەزاییەی دەهێنێت بۆئەوەی بەراوردیبکات، بە تەرازووەکانی خێزانەکەیەوە و دەیشی پێوێت بە کێشانەکانێوە.

ئا بەمە سەنگی خۆیشی و کەسانی دیکەش دەزانێت, ئەوکاتەی بۆی دەگونجێت کرداریکی سەرکەوتو لە گۆڕەپانێکی فراوانتردا بکات، ئەوەش بەهۆی چەسپاندنی پەنابەرەکانیەوە (باوک، دایک)، بەڵام وادانێ باوک و دایک تەنها جنێو بە بەردەستەکانیان دەدەن، دوای ئەوە ئەگەر منداڵەکە جنێوی پێدان و دایکوباوکەکە پێیانوت: جنێومەدە، ئەوکاتە دەپرسێت، ئەی خۆیان بۆ جنێودەدەن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەوکاتە رامیاری ناو ماڵ نییە کە لەسەری بڕۆن، ئەگەریش هەبێت مانای وایە یەک نییە و پەشێوە.

پرسیاری شەشەم

مێردەکەم زۆر درۆزنە، لەگەڵ ئەوەشدا من هیچ تەنگەتاوی ناکەم و ئەوپەڕی کردەوەی ناسکی لەگەڵ دەکەم، هۆی درۆزنییەکەی چییە؟ ئایا چۆن دەتوانم چارەسەری بکەم؟

وەڵام:

پێش ئەوەی هەوڵدەم و وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە، حەزمدەکرد هێندێك زانیاریم لەبارەیەوە بزانیایە.

یەکەم: ئایا لەگەڵ تۆو کەسانی دیکەشدا هەر درۆدەکات، یان هەر لەگەڵ تۆدا؟ بەواتایەکی دیکە ئەگەر لەگەڵ هێندێ مێواندا چووە ناو باسێکەوە کە پەیوەندی بە تۆوە نەبێت، ئایا قسە وەکو خۆی دەگێڕێتەوە، یان قسەی زیادی دەخاتە سەر؟

دووەم: ئایا پێش ئەوەی تۆ مارەبکات درۆیدەکرد یان نا؟ ئەگەر لەمێژەوە درۆبکات، لەوانەیە هۆکەی هەر لە منداڵییەوە تێدا چەسپیبێت، پەیوەندیشی بەو کەسانەوە هەیە کە لەگەڵیاندا گەورەبووە، لەبەرئەوە گوزەرانی باش لە ماڵدا، ئەو گوزەرانەی منداڵ بە تەواوەتی رۆشنبیرێکی تەواودەکات، باوەڕی بەخۆی تێدا دروستدەکات، هەرگیز منداڵ فێری درۆو دەلەسە ناکات.

سێیەم: ئەگەر تەنها لەگەڵ تۆ درۆدەکات، ئایا درۆکانی گشتین، یان تایبەتین؟ مەبەستم بە درۆی گشتی ئەوەیە درۆکان پەیوەندی بە دراوو ئەو شوێنانەی کە هاتوچۆیان دەکات هەبێت، بە ئەو هاوڕێیانەی

که توشیان دەبێت، ئەو نامانەی که بۆی دێن، یان ئەو دەیانئێرێت، بەو کارانەی که ئەنجامیان دەدات،...هتد.

درۆی تایبەتیش ئەو درۆیەیە تەنها لایەنێك دەگرێتەوە، وەکو تەنها پارە یان تەنها دیاریکردنی شوێنو کاتی چاوپێکەوتن، ... هتد.

ئەگەر تەنها درۆ لەگەڵ تۆ دەکات، ئیتر گشتی بێت یان تایبەتی ئەوە لە تۆ دڵنیا نییە، ئەگەر وەکو ئەو داتدەنێت وابێت، دەست بەرەڵابێت, ئەوە کارێکی ئاساییە لەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە دراوەوە هەیە، راستت لەگەڵ ناکات، ئەگەر (رکت) لەوە بێتەوە کە پەیوەندی بە کەسوکاریەوە بکات، ئەوە لەمەدا درۆت لەگەڵ دەکات، بۆئەوەی نە تۆ بڕەنجێیت نە کەسەکانی ئەو, ... هتد.

تۆ بەسەربەستی لەم بارەیەوە بکۆڵەرەوە، وای لێبکە لێت دڵنیابێت، لە رەفتارەکانت قایلبێت، هەر بەوەی کە تۆ گەرەکتەو ئەوەی دەیکەیت قاییل بێت، لەوانەیە لەمەدا پێویستت بەوە هەبێت کە ڕای خۆتو ڕای ئەو پێکەوە بگونجێنیت، ئەمەش زۆرجار پێویستە، دوای ئەوەش دەتوانیت درۆکە بە ڕاستیو ئاشکرا بەهێواشی دەربخەیت، بەبێئەوەی هەستی بڕوشێنیت، بێئەوەی پەنجە بۆ ئەوە ڕاکێشیت کە لە چاوی تۆدا ئاستی کەمدەبێتەوە، ئەگەر ئەمەت کرد، ئەگەر واتکرد دڵنیابێت لێتو لە رەفتارەکانت, ئەوکاتە تۆ چارەسەری دەکەیت.

ها، نەکەیت چارەسەری درۆکەی بە درۆکردن بکەیتەوە، چونکە لەوەدا وێرانکردنی هەموو خۆشەویستیو هەموو هاوڕێیەتییەکی تێدا دەبێت.

پرسیاری حەوتەم

چۆن لە جگەرەکێشان رزگارم بێت؟ هەرچەند وازی لێدەهێنم بۆ ماوەیەکی کورت خۆم دەگرم، دوایی نەوسم تێیدەچێتەوەو هەڵیدەگرمەوە.

وەڵام:

ئەوە کارێکی سروشتییە مرۆڤ دەتوانێت لە هەموو خوویەك لە خووەکان رزگاری بێت، بەمەرجێك ئەو خووە نەبەسترابێت بە پێویستییەکی بنچینەییەوە، مرۆڤ ناتوانێت واز لە خواردنو خواردنەوە بهێنێتو واز لە جل پۆشین بهێنێت، هەرچەند دەرکەوتووە لە هێندێ باردا، دەتوانرێت بۆ ماوەی هەفتا رۆژ زیاتر مرۆڤ لە خواردن بەپۆژو بێت.

ئەگەر هاتوو خووەکەش پێویست بوو، بۆ بەربەستی پێویستییەکی بناغەیی مرۆڤ، ئەوە رزگاربوون لێی گرانە. ئەگەر خووی جگەرەکێشان بگرین، دەڵێین: بێگومان رزگاربوون لێی دەتوانرێت، بەڵام تێبینیدەکرێت جیاوازییان هەیە لەبارەی توانستی خۆگرتنەوەو گونجاندن لەگەڵ رووبەرێکی نوێدا.

توانستی مرۆڤ لەسەر گرتنەوەی نەوسو ئارەزووەکانی، کارێکە راڤەکردنی زۆری پێدەچێت، ئێستە کاتمان نییە. ئەوەی لە جگەرەکێشاندا هەیە، ئەوەیە لەش فێریدەبێتو دەروون لەسەری زادێت، فێربوونەکە دەگاتە رادەیەکی ئەوتۆ, وادەریدەخات- کە پێویستە بۆ لەنگەرگرتنەوەی لەشو لەنگەرگرتنەوەی دەروون، بەڵام لەنگەر تێکچوونەکە ئەوەندە گەورە نییە کە مرۆڤ نەتوانێت زاڵبگرێت، ئۆقەرە

نەگرتنی مرۆڤ لەسەر جگەرە نەکێشان - ئەگەر بیەوێت - جۆرە لاوازییەکە پێویستە مرۆڤ لەبەردەم خۆیدا دانی پێدابنێت.

هاندەر بۆ جگەرەکێشان لە کرداری جگەرەکێشانەکەدا خۆی نییە، بەڵکو لە دەرکردنی جگەرەکەدایە، لە پاکەتەکە خۆیدایە، لە گرتنەکەیدایە بە لێو، لە دەرهێنانی پاکەتو ئاگرەکەدایە، لە داگیرساندنی دەنکە شقارتەکەدایە، لە داگیرساندنی جگەرەکەدایە، لە دانانی دەنکە شقارتەکە لە تەپڵەکەکەدایە، لە هەڵمژینی دووکەڵەکەو هێناوەیدایە، لە دەم یان لوتەوە، یان لە هەردووکیانەوە، بە جارێك یان بە چەند جارێکدایە، هەروەها لە تەماشاکردنی و بیرلێکردنەوەو هێندێك خەیاڵ رۆیشتندایە.

ئەم کردارانە هەموویان چەند جۆرە چالاکییەکن، کەڵك دەدەنە هێندێك کەس لە هێواشبوونەوەی دەمارگرییدا، لەبەرئەوە دەبینین خەڵکی لەکاتی چەند هەڵوێستێکی رووزەردیدا یان لەکاتی هەڵچوونێکی دەروونی شاراوەدا، یان توڕەبوونێکی دەرنەبڕاودا یان قێزکردنەوەیەکی ئاشکرانەکراودا، یان لەکاتی چەند هەڵوێستێکی وەرسبوونی ئەوتۆدا کە قەدەغەبێت دەروون هەستێت بە جۆرە چالاکییەك کە حەزیلێدەکاتو جگەرە دەکێشێت، لەبەرئەوە ئەگەر پرسیار لە جگەرەکێشان بکەین، دەڵێین بۆ تەسکینیدانو کات بەفیڕۆدان، یان بۆ خەمڕەواندنەوە، یان بۆ ئەوەی هەست بە بێزکردنەوەو قێزکردنەوە نەکەین جگەرە دەکێشین.

جاری وا هەیە جگەرەکێشان بۆ چاولێکەریو ئارەزووکردنە لە بەشداریکردنی کۆمەڵایەتیدا، ئەگەر توانیمان هۆی جگەرەکێشانی خۆمان دیاریبکەین، ئەوە دەتوانین بە چەند شێوازێك بەرەنگاری

ببینەوە، مرۆڤ دەتوانێت کۆمەڵایەتی بێت، ببێتە قسەکەرێکی خۆش، یان گۆێگرێکی چاك، یان لە رێگەی چەند بارێکی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوانیش زۆرن، .....هتد.

مرۆڤ دەتوانێت بە هەزارەها رێگەی دیکە خەمەکانی بڕەوێنێتەوە، دەتوانێت خۆی لەوانە دوورخاتەوە کە قێزیان لێدەکاتەوە، یان بەو شێوازانە کە مرۆڤ دەتوانێت بیریان لێبکاتەوە.

بۆ رزگاربوون لە جگەرەکێشان، بۆ هەڵنەگرتنەوەی پێویستە ویستێکی راستیت هەبێت، ئەبێت باوەڕت بەبوونی زیانەکانی هەبێت، باوەڕێکی راستیشت بە خۆت هەبێت، ئەگەر مرۆڤ بەرامبەر ئەم جۆرە هەڵوێستانە لاوازبێت، ئەوکاتە خۆی بە سوك ئەزانێت، ئەگەر گەڕایەوە سەری.

دوای ئەوەش پێویستە چەند تەسکینیدەرێك پەیدا بکەیت، بۆئەوەی بری ئەو تەسکینییانە بکەوێت لە جگەرەکێشاندا هەن، هێندێك دەڵێن: تەسکینی لە چەرەسو تروکاندنیدا هەیە، بەڵام گرانی لەوەدایە کە جگەرەکێشان لە کۆمەڵدا پەسەندترە لە چەرەس تروکاندنو لە پارچە حەڵوا قوتدان.

ئامۆژگاری سێیەم ئەوەیە کە پشت ببەستن بە هاندانی کۆمەڵی، یان سێ هاوڕێ، یان چوار، هانیِ یەکتری بدەن لەسەر جگەرە تەرککردن.

بۆ هەموو کەسێك دەگونجێت تۆمارگەیەکی هەفتانە رێکبخات، ئەو جارانەی تێدا تۆماربکات کە پەیمانەکە دەشکێنێتو دەگەڕێتەوە سەر جگەرەکێشان، ئەوکاتە بەپێی ئەوە لۆمەی خۆی بکاتو خۆی

بشکێنێت، یان ڕێزی خۆی بگرێت، یان لەگەڵ خۆیدا پەیمان تازەبکاتەوە یان بڕیاری خۆی بەهێزبکات.

ئامۆژگاری چوارەم: ئەوەیە شکاندنی یەکەم جار زیانێکی زۆری هەیە، لەبەرئەوە دەبێت کۆمەک کردنەکەی زۆر بەهێزبێت.

ئەی پرسیارکەری بەڕێز: ماوەبدە پێت بڵێم تۆ لەوانەی کە پەیمانەکە دەشکێنیتو لۆمەی خۆشت دەکەیت، لەوانەیە تۆ فێری ئەم دووانە هەردووکیان بوبێتی، فێری گەڕانەوەی سەر جگەرەکێشانو فێری خۆلۆمەکردنیش پێکەوە بووبێتی.

پرسیاری هەشتەم

ڕاتان چییە لە (زار)دا وەکو هۆکارێکی پزیشکی، بۆ چارەسەری هێندێك نەخۆشیی دەروونی؟

وەڵام:

ئەمە بابەتێکی زۆر درێژە ناتوانین بە بەڵێو نەخێر وەڵامی بدەینەوە، ئەوەش لەبەرئەوەیە (زار) لایەنێکی راستو لایەنێکی هەڵەی تێداهەیە، هەردوولایەنەکە زۆر تێکەڵاون. ئەگەر بێتەوە بیرمان (زار) بریتییە لە ئاهەنگێڕانو سەماکردنو دەربڕین بۆ هەموو جۆرە خەڵکیو گەلانێك، دەبینین جۆرەها میزاجو جۆرەها باری دەروونی تێدا دەردەبڕێتو هەن، ئا ئەمە سەمایەکی حەبەشیانەیە لەسەر ئاوازێکی حەبەشی، ئا ئەوە سەمایەکی سودانیانەیەو لەسەر ئاوازێکی سودانیانەیە، لەباری یەکەمدا جنۆکەیەکی حەبەشییە وەڵام دەداتەوە,

لەباری دووەمدا جنۆکەیەکی سودانییە وەڵام دەداتەوە، چونکە لێرەدا جنۆکەی فەلە هەیەو جنۆکەی هاوواڵاتی هەیەو جنۆکەی سور هەیە.

زۆرترین جۆرەکانی جنۆکەن دەچنەوە سەر کۆمەڵگە کۆنەکانی ئەفریکاو ئاسیای کۆنەوە، بەڵام جیهانی نوێ لەلای ئێمە جنۆکەی نییە، مانای وایە جنۆکەی ئوسترالی نییەو جنۆکەی ئەمریکی نییە.

واتای وایە جۆرەها ئاوازی مۆسیقامان هەیە، ئەم جۆرانە لەوانەیە هەیان بێت جیهانی بن و کەسەکە وەڵامی هێندێکیان بداتەوەو وەڵامی هێندێکیان نەداتەوە، کەی وەڵامی دایەوە دەوترێت ئەوە جنۆکە لە لەشی دەرچوو.

ئەمە ئەوەیە لە دەروونزانیدا پێیدەڵێن: بەتاڵکردنەوەی هەڵچوونی دەروونزانی نوێ، بۆ ئەمە پەنادەباتەبەر مۆسیقاو سەماکردن، لەسەر بنچینەیەکی زانستی، من پام وایە بەهیچ جۆرێك ناشێت خەڵکی بۆ چارەسەرکردنێکی دەروونی، خۆیان بخەنە ژێر دەستی بەکرێگیراوەکانی (زار)ەوە لەبەرئەوەی کەڵکەکەی رێکەوتەو مسۆگەرنییە. ئێمە دەزانین هێندێك کەس لە (زار) کەڵکیان وەرگرتووەو هێندێکیش کەڵکیان وەرنەگرتووە، لەوانەشە کەمەکەیان ئەوانەبن کە کەڵکیان وەرنەگرتووە.

کاری دووەم: ئەوەیە کە لێرەدا چەند نواندنێك دەکرێت بۆ چاووپراوکردن و بۆ شاردنەوەو داپۆشینی دەستپێنەکەو روکەشکردنی بە ئاهەنگێڕانی زارەکەوە تێکەڵاودەکرێت، وەکو مریشکی سور، یان چاوی چەپی ئەو مریشکە فەیومییەی، تەمەنی دوو مانگو دوو رۆژە، داواکارییەکانی خێوەکان یان جنۆکەکان لە خشڵو دیاریو دەهەنەو

جل، بێجگە لەمانە لەو هەڵو سەبارەتانەی کە کۆدییەکان (مەعمیلەکان)ی تێدا توشدەکەن.

کاری سێیەم ئەوەیە : بەڕاستی (زار) پشت بە خەڵەفاندن و خەڵەتاندن دەبەستێت، لەوانەیە لەم ڕێگەیەوە بەشێوەیەکی کاتی کەڵک بداتە ئەو کەسە. بەڕاستی (زار) هەڵێکە بۆ جێبەجێکردنی هێندە پێویستییەکی دەروونی نەخۆشەکە، لە زاردا ئاهەنگێکی تایبەتی و چاودێرییەک و هەوڵێکی تێدا هەیە، چەند کەسێکی گەورە پێی هەڵدەستن، ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە گرنگی بە نەخۆشەکە دەدرێت، دراوو بارگرانییەکی زۆریش دەکەوێتە سەر باوکی یان مێردی ئافرەتەکە، واتا: هەڵێکی زۆر باشە بۆ سزادانی مێردەکەی یان باوکی، جنۆکەکە یان کۆدییەکە دەبێتە تەتەر (دەڵاڵ) بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی نەخۆشەکە، چونکە ئەگەر پێویستییەکەی ئەڵقەی ئاڵتون بوو، یان دەستێک جلی ڕەنگاوڕەنگ بوو، ئەوکاتە بەناوی دێوەکانەوە بۆی ئامادەدەکرێت، مێردی ئافرەتەکە یان باوکی لەترسی جنۆکەکان ئەم شتانە ئامادەدەکەن، نەوەک لەبەرخاتری نەخۆشەکە بێت و بەزەییان پێدابێتەوە؟

ڕێکدەکەوێت کەسانی دیکە ئامادەی زارەکە دەبن، بێئەوەی نەخۆش بن، وەڵامی مۆسیقاکە دەدەنەوە، خۆیان وادەردەخەن کە خێویان تێدا هەیە، بەبێ حاڵی دەچنەدەرەوە، دوای ئەوەی بە ئاسایی چوونەژوورەوە، دوای ئامادەبوونی چەند زارێک ڕادێن لەسەری، ئەمەیان بەهێزترین زیانەکانی زارە،

زیانێکی دیکە لە زیانەکانی زار ئەوەیە، هێندێك لەوانەی کە توشی دەبن (بڕئەوەی پێبزانن) تووشی بێهێزی دڵ دەبن، چونکە هەڵدەستن بە سەماکردنێکی کتوپڕی بەهێز، حاڵەتیان خراپتر دەکات.

زار (توخم – عنصر)ی باشی تێدا هەیە، بەڵام لە دەستی نەزاندایە، ئەویش لە ڕای منداوەکو: داخکردنی پزیشك وایەو بەڵام جادوگەرێك بیکات، یان وەکو لەگەچگرتنی پزیشکی وایەو مرۆڤێکی نەزان بیکات، نموونەکەی وەکو نموونەی نەشتەری پزیشکی وایە، کە لە دەستی پزیشکێکی کارامەدا نەبێت، بەڵکو لە دەستی جادوگەرێکی نەزاندا بێت، بێگومان نەشتەری پزیشك زۆر بەکەڵکە، بەڵام بەدەستی کێوە بێتو بۆ کێ بەکاربهێنرێت؟

پرسیاری نۆیەم

ئایا مرۆڤی نابینا چۆن دەبینێت؟ وەکو ئێمە دەیبینێت؟ یان بە جۆرێکی تایبەتیتر دەیبینێت؟

وەڵام:

وەڵامی ئەم پرسیارە بەگوێرەی ئەو تەمەنەی کەسەکەی تێدا کوێربووە دەگۆڕێت، ئەوەی بە کوێری لەدایکبووە، جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو کوێرەی لە سەرەتای منداڵییەوە یان کە گەشەی تەواوبووە کوێربووە, هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە لە خەونەکانماندا چەند دیمەنێکی زەین بەکاردەهێنین، کە پەیوەندییان بەو کۆئەندامە هەستیانەوە هەیە کە بەکارمان هێناون، یان بەکاریان دەهێنین،

بەڕاستی لە (هێلێن کیللەر)[٣٢] ئەو خانمە ئەمریکاییە کوێرەم پرسی: کە لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە کوێربووەو کەڕیش بووە، لەبارەی خەونەکانییەوە، وتی: لەکاتێکدا کە خەون دەبینێت، لە خانویەکدا دەسوتێت، یان پشیلەیەك بە چڕنوکەکانی ئازاریان دەدات, ئەویش لەمەدا هیچ دیمەنێکی بێزراوی نەدەبینی، بەڵام تەنها هەستی بە دیمەنی لێکخشانی پێستی جمەیی دەکرد، وەکو سوتاندن، چنگڵیدان، هەروەها وابزانم دیمەنی چەشتنو بۆنکردنی ناوخۆیشی دەبینی، کە پەیوەندی بە برسێتیو تێرخواردنەوە هەیە، هەروەها... ئەگەر بزانین ژیانی مرۆڤی کوێر لەسەر ئەم هەستانەی لێکخشانو جوولەو چەشتنو بۆنکردنو هەست بە برسێتیکردنو تێربوون دەوەستێت، هەروەها تا ڕادەیەکی گەورە لەسەر لایەنەکانی هەڵچوونی دەروونی لە تەنگەتاوبوونو توڕەبوونو دڵخۆشبوونو هیتر دیکەش بوەستێت، دەتوانین بڵێین، خەونەکانیان لەسەر ئەم پەیدابوونە دەوەستێت:

ئەوان خەون بە ڕۆیشتنەوە، بە ڕەوتکردنەوە، بە هەڵهاتنەوە، بە بەندکردنەوە، بە ئاگرەوە، بە کەوتنە نێو چاڵێکی قوڵەوە، بە قسەکردنەوە، بە گۆرانی وتنەوە، بە هاوارکردنەوە، بە داوای یارمەتیکردنەوە,... هتد دەبینن.

بەڵام ئەگەر لە پێشاندا شارەزایی کرداری بینینیان هەبێت، ئەشێت بچێتە نێو خەونەکانییەوە, بەڵام ئێمە خەوەکانمان بە بینینە، بە بیستنە، بە دەستلێدان بە جوڵانەوەیە...هتد، ئەوەش لەبەرئەوەیە ئێمە هەموو کۆئەندامەکانی هەستمان تەواوە.

٣٢- لە باباتی بریکردنەوەی کەمئەندامدا، کورتەیەکی ژیانیمان باسکرد. (وەرگێڕ)

پرسیاری دەیەم

قوتابییەک لە یەکێک لە قوتابخانە ناوەندییەکاندا، سکالاّ لەوەدەکات کە ناتوانێت لەگەڵ خەڵکدا بگونجێتو هۆگریان بێت، ئەم بارە گۆشەگیرییە وایلێکردووە کە هەستِ بە تەنگەتاوییەکی گەورەو بە ناتەواوییەکی زۆر بکات، دەڵێت: ئایا ئەمە چارەسەری هەیە؟

وەڵام:

دەتوانیت پەیوەندییەکەیت بە تایبەتمەندێکی دەروونیەوە، بۆئەوەی لە بارەکەت بکۆڵیتەوەو ئاڕاستەت بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەتوانین چەند ئاڕاستەیەکت بکەین.

یەکەم: دەتوانیت بە وەرزشکردن، بە گەشتکردن، بە چوونە ئۆردوگاکانی قوتابییان، خۆت بخەڵافێنیت، هەروەها تێکەڵاوی بکەو ویستت بەهێزبکە، دەمارەکانت بە حەوانەوە خاوبکەرەوە، بە تەنها کارمەکە، بەڵکو تا دەتوانیت بە کۆمەڵ کاربکە.

دووەم: لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین پەنجە بۆ هێندێک لەو ئاڕاستەکردنانەی کە لەبارەکانی گۆشەگیری سوکدا کەڵکیان لێوەردەگیرێت راکێشین، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە پێویستە ئەو کەسە خۆی چەکداربکات بە ئامرازەکانی پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە، وەکو: قسەکردنی جوانو چیرۆک گێڕانەوەو جوان گوێگرتن.

سێیەم: یەکێکی دیکە بەشداریکردنە لە ئاهەنگدا، لە مۆسیقادا، لە گەشتو سەیراندا.

هەروەها با هاوکاریبکات، یارمەتیبدات، یارمەتیوەرگرێت، بەشداریبکات لە پرۆژەیەکدا، لە پرۆژەکانی قوتابخانەکەیدا، ئەو

کەسەی بێەوێت فێری کۆمەڵایەتی بێت، وەکو کەسێك وایە بیەوێت فێری مەلەوانی بێت، چونکە مەلەوانەکە پێویستی بە ڕاهێنان هەیە، ئەویش پێویستی بە ڕاهێنان هەیە.

پرسیاری یازدەیەم

زۆرجار لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا، باسی قسەکردن لەگەڵ ڕوحی مردوودا دەخوێنمەوە، ئایا ڕاستە؟ ڕاتان چییە لەبارەی بانگکردنی ڕۆحی مردوو قسەکردن لەگەڵیدا بە شێوەیەکی زانستییانە؟

وەڵام:

ئەگەر وامان دانا وەڵامدانەوەکەم لەبارەیەکی زانستییەوە بێت، مەبەستم بە بارەی زانستی ئەوەیە، کە چەند بەڵگەیەکی (ماتریالیستی) بینراوی تەواومان هەبێت، بەهۆیانەوە بە نەبوون یان بە بوون یان بە گومان وەڵامبدەینەوە، هەروەها مەبەستمان بە هەڵوێستی زانستی ئەوەیە کە لێرەدا شتێك هەبێت ڕێکیبخەینو شتێك هەبێت جێبەجێببکەین.

واتای ئەوەی دەیڵێم ئەوەیە وادێت:

ئایا دەستکەوتنو بینینو بیستنی ئەو ڕۆحە ئامادەکراوە تەندارانە توانراوە؟

دوای ئەمە ئایا بەجۆرێکی ئاوەها تەواوبووە کە بیسەلمێنینو بڵێین: ئەم دیمەنو دەنگو وشانە، بەڕاستی هینی مردوەکان خۆیانن؟ بەجۆرێك ڕێنەدات بۆ ئیحاو هاندانو فێڵکردن کە مەودایان بڵاوو فراوانە؟ دوای ئەوەش ئەگەر وامان دانا ئامادەکردنی ئەم دیمەنو ئەم

دەنگانە توانران، ئایا دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکە بەهۆی هەر زانایەکەوە بێت، دەتوانرێت چاویش بپۆشین لە کات و شوێن؟

دوا پرسیارمان لەبارەی ئەو شوێنە بێدەنگە، نیوەتاریکەوەیە و ئەو مۆسیقا و گوزەرانەوەیە، کە هەل بۆ خەیاڵکردن و گوێخستن ڕێکدەخەن. ئایا ئەمە گوزەرێکی چاکە بۆ ئامادەکردنی ڕۆح یان گوزەرێکی باشە بۆ سەلماندنی بابەتەکە، یان بۆ هەردووکیان؟

ئەمانە هەموویان چەند پرسیارێکن دەمانخەنە گومانەوە، وامانلێدەکەن بە ئاسانی باوەڕ بەوانە نەکەین، کە گوێمان لێیان دەبێت، ئەوانەی کە پێیان دەوترێت (ڕوح ئامادەکردن) و ئەگەر بەچاوی خۆمان نەیانبینین، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پێویست ناکات (فکرە)کە بە تەواوەتی وازلێبهێنین، لەبەرئەوەی زۆر نزیکە زانست (کاری نەکردە – مستحیل) نەزانێت، چونکە لەم گۆڕەپانەدا، چەند ڕواڵەتێك هەیە شایانی گێژو تەتەڵەیە و شایانی لێکۆڵینەوەیە، سەرچاوەکانیان شایانی ڕێزن، بەڵام تەنیا بەس نین بۆ سەلماندنی تەواوەتی.

بەڕاستی چەند کۆمەڵەیەکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم ڕواڵەتانە دروستکراوە، دروستبوونی ئەم کۆمەڵانە لە ئینگلستان و ئەمریکا واتای وا نییە بوونی ئەم ڕواڵەتانە گومانیان تێدانییە، بەڵکو دروستبوونی ئەم کۆمەڵانە واتای وایە، لێرەدا پێویستی هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتەو پاکژکردنی و پاککردنەوەی لە چەندەها (بژار)ە زۆرەکانی و گواستنەوەی لە قۆناغی گومانلێکردنەوە بۆ قۆناغی سەلماندن، کە چەند ڕواڵەتێکن هەن، ئا بەمە مرۆڤایەتی لە

گومانکردنێك رزگاریدەبێت، كە ژیانی چەندەها كەسی تاڵكردووەو دەیانخاتە داوی دەستپرو فێڵبازەكانەوە، كە ئەوانیش زۆرن.

هەرچەند ئەو دەنگانەی كە دەیانبیستن لێكدانەوەی زۆر ئاسانە، بەڵام ئەو ئەكتۆپلازمەی كە لە دەمو لوتی (كودی)یەكانەوە دەردەچن، لەكاتی ئامادەكردنی رۆحی مردودا، بە ڕای من ئەوە بە هیچ جۆرێك زۆر لە مرۆڤ ناكات قبوڵی شتێكی رۆحی بكات، بەڵكو ڕوالەتێكە پێویستی بە لێكۆڵینەوە هەیە لەلایەن چەند پسپۆڕێكی فیسیۆلۆژییەوە، نەزانینی راستی رەسەنو بنچینەی ئەم دەنگانە مانای وانییە كە لە (غەیب)ەوە دێت، بەڵكو مانای وایە شوێنێكی نادیاری هەیە.

دوا تێبینیمان ئەوەیە، ئەو كەسانەی كە خۆیان تەسلیمی ئەم كارانە دەكەن، ئەوانەن كە خاوەنی سۆزێكی (ترشو تاڵن)، وەكو ئەو ئافرەتانەی كوڕیان مردووە، یان ئەو كچانەی برایان مردووە، وەك كچەكەی (بۆستۆن) كە ناوی (مارجۆ)یە، یان وەكو پیاوێك كوڕەكەی لە جەنگدا كوژرابێت، وەك (ئۆرڤێرلودگ) یان كەسێكی نەخۆش كە لە مردن بترسێت، یان وەك كەسێكی تەمەن درێژ حەزكات تەمەنی درێژتر بێت.
جۆرەكانی ئەم هەڵچوونانە بە پلەیەكی وا بڵاون، وا لە خەڵكی دەكەن ببنە زەمینێكی بە پیت بۆ بڵاوكردنەوەی ئەم جۆرە بیركردنەوانە.

له مێژووی پوالّه‌ته رۆحیه‌کاندا، چه‌ند کارێك هه‌ن مافی سه‌رسوڕمانیان هه‌یه، خه‌ڵکی ده‌خاته هه‌ڵوێستێکی سه‌رسوڕهێنه‌ره‌وه، به‌ڵام له‌م مێژووه‌دا زۆر له فێڵو فه‌ره‌ز هه‌ن، ئیتر به ده‌ستی ئه‌نقه‌ست یان نائه‌نقه‌ست بێت، نموونه‌یان ناسراوه‌و تۆمارکراوه‌و ناژمێررێن.

بیرکردنه‌وه‌ی ئاماده‌کردنی (رۆح) زیاتر له باوه‌ڕپێنه‌کردنه‌وه نزیکتره وه‌ك له باوه‌ڕپێکردن، به‌ڵام تکام وایه گومانبردنی زانستی وه‌رنه‌گیرێت‌و نه‌کرێته مه‌ودایه‌ك بۆ ده‌ستبڕه‌کان، سوالّکه‌ره‌کان لێیه‌وه بێنه ژووره‌وه، له مرۆڤدا ئه‌وه‌نده لایه‌نی لاواز هه‌یه، که یارمه‌تی ئه‌وانه بدات، که ته‌شه‌نه‌بکه‌ن‌و دزه‌بکه‌ن، بچنه نێو ئه‌قڵو ده‌روونیه‌وه.

بەشی چوارەم

چەند وتەیەك بۆ لاوان

١) ئەو تاقیکردنەوانەی فێریانکردم

٢) چۆن دەخوێنیتەوە

٣) خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە

٤) کاتی بۆشی

ئەو تاقیکردنەوانەی فێریانکردم

یەکێك لەوانەی کە بە تاقیکردنەوە بۆم دەرکەوتووە، ئەوەیە کە هەموو کەسێك شێوازێکی گشتی خۆی هەیە. کەسی وا هەیە لەگەڵ خۆیشی و کەسانی دیکەشدا زۆر وردە لەسەر هەموو گەورەو بچوکێك چەن و چوون دەکات، بۆ خەڵکی وادەردەکەوێت ئەوپەڕی خاوێن و رەوشتپاك و بەویژدانە، ئەمانە زۆر بە وردی پێویستییەکانی سەرشانیان ئەنجامدەدەن و نوێژەکانیان لەکاتی خۆیاندا دەکەن.

ئەم جۆرە کەسانە ئەوپەڕی ڕەقن، لەگەڵ خۆیانداو لەگەڵ کەسانی دیکەشدا، ڕەقیەکەشیان تەنها ئەوە نییە خۆیان ماندوودەکەن لە کارەکانیاندا، بەڵکو جاری وا هەیە خۆیان لە هەموو خۆشییەك نائومێددەکەن، زۆر کەس لەم جۆرە دەناسم، خۆیان لە کۆڕی سەیروخۆشی دوورەدەخەنەوە، دەڕۆن بۆ کۆڕی زانستی و گورجوگۆڵی، هیچ تامو لەزەتێك نابینن لە گوێگرتن بۆ قسەی خۆش، لە گوێگرتن بۆ چیرۆك، ئەم جۆرە کەسانە، هەیانە زۆر کەم پێدەکەنێت، ئەگەریش پێکەنی کتوپڕ قاقاکەی دەبڕێتو دەگەڕێتەوە پێش ئەوەی بگاتە کۆتاییەکەی.

ئەمە جۆرێکە لە خەڵکی لە منداڵیدا وشکە، لە خۆشەویستیدا, لە خواردنیدا، لە ڕقەبەریدا، لە قوتابێتیدا، لە ژیانی پیشەییدا، لە ژیانی هاوسەریدا، لە پەروەردەی منداڵیدا، لە پەیوەندی بە یەزدانەوە لە هەموو شتێکدا دەبینین وشکە.

لە شێوازە گشتییەکانی ڕەفتار کە بۆم دەرکەوتوون، شێوازی پشت بە خەڵك بەستنە, ئەم کەسانە دەیانبینین بەسەر خەڵکەوە دەلەوەڕێنو

لامێژی دەکەن، لامێژیکردن، یاخود مشەخۆری بەسەر خەڵکەوە، چەند جۆرێکی هەیە، وەکو **قوتابی لامێژ**، ئەو قوتابییانەن ناتوانن لە خوێندنەوەو بیرهێنانەوەو پیاچوونەوەو کۆششکردندا پشت بە خۆیان ببەستن و کاریان ئەوەیە گوێ لە قوتابی دیکە بگرن و تەنها پشت بە ڕاڤەکانی مامۆستا ببەستن و لەکاتی تاقیکردنەوەدا بینوسنەوە، هەروەها وەکو هێندە قوتابییەکی زانکۆ، دەیانبینین هەمیشە پشت بە (کورتکراوە – ملازم) دەبەستن و بەشوێن ئەو کورتکراوانەدا دەگەڕێن کە بگونجێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بکرێن بە وەڵامی پرسیار لەکاتی تاقیکردنەوەدا.

ئەم جۆرە قوتابییانە بۆ فێربوون و زانستی ناگەڕێن، بەڵکو تەنها بۆ بڕوانامەو فەرمانبەری دەگەڕێن. هەروەکو چۆن قوتابی لامێژ هەیە، **زانای لامێژیش** هەیە، زانای لامێژ بەتەواوەتی وشەی زانای بەسەردا نابڕێت، ئەم چینە دەچنە نێو قوواڵایی پەرتوکەوەو لێی وەردەگرن و کەمێك دەیگۆڕن و دەیکەنە هینی خۆیان و پێشکەشیدەکەن، بەم شێوەیە بە هەوڵێکی کەم، دەستکەوتێکی بێ کۆششی دەبێت.

بێجگە لەمانە **سەرۆکی لامێژ** هەیە، سەرۆکە لامێژەکان ئەوانەن کە خۆیان هیچ شارەزاییەکیان لە کارەکانیاندا نییە، بەڵام کەڵك لەو کەسانە وەردەگرن کەوان لە خواری خۆیانەوە لە پلەی فەرمانبەرێتیداو ئەمانیش دەیکەنە کاری بەڕێوەبردن و شارەزایی خۆیان.

هەروەها لە شێوازە گشتییەکانی ڕەوشتە، ئەوەی کە پەیوەندی بە هەڵوێستی مرۆڤەوە هەیە بەرامبەر خۆی, چونکە زۆرجار کەسی وا هەیە حەزدەکات خۆی بخاتە مۆلەکەوە، لەبەرئەوە پارێزگاری دروستی

خۆی ناکات، بە لایشیوە گرنگ نییە کاربکاتو دراو پەیدابکات، ئەگەریش پەیدایکرد زۆر زوو بە فیڕۆی دەداتو لەکیس خۆی دەدات.

هێندێك لەم جۆرانە بەلایەوە گرنگ نییە پارێزگاری ناوی باشی خۆی بکاتو پارێزگاری لەسەر شەرەفو ئابڕوی خۆی بکاتو بیپارێزێت، بەپێچەوانەوە هەندە پڕوپوچی دەکات هەر نایهێڵێت، جۆری ئەمە گوێنادات بە شتێك تایبەتمەند بێت بە خۆیەوە، نموونەی ئەم جۆرە کەسانە زۆرن، هەیانە **چاونەترسنو جگەرەکێشو مۆڵەکایین، ئارەزووی مەینۆشی** زۆر دەکەن، خواردەمەنی تووند زۆر دەخۆن، حەز لە ئارامگرتنو ژیانی هاوسەری ناکەن.

ئەگەر یەکێك لەمانە ژنبخوازێت، حەز لەو ئافرەتە دەکات کە حەز لە ژیانی ئاڵۆزو بێئارام دەکات، لەبەرئەوە ئەگەر ژنێکی هێواشو هێمنو ڕەوشت باشی خواستو پێویستیەکانی سەرشانی بەرامبەر مێردەکەی جێبەجێکردو ماڵەکەی بەجوانی بەڕێوەبرد، دەبینین ئەوکاتە مێردەکەی لێی بێزاردەبێتو دڵی پیادانانێت، دوای ئەوەش ڕکو کینەبەری لەگەڵ دەکات، ئەمجا بۆ ئافرەتێکی دیکەی ڕسوا دەگەڕێت، ئەگەر بەرەنگاری بوو سەرنجی ڕاکێشا، بەلایەوە جوانترو پڕتەوترە، لەبەرئەمە یەکەم بەرەلاّدەکاتو دووەم مارەدەکات.

بەم چەشنە خۆی دەخاتە ژێردەستی کەسێکەوە، ماڵەکەی بەفیڕۆدەداتو هەوڵەکەی بەبادا دەداتو دروستی دەخاتە مۆڵەکەوە. ئەم جۆرە کەسانە هەیانە بەوە خۆی دەخاتە مۆڵەکەوە کە مەی زۆر دەنۆشێت، زوو زوو لە کارێکەوە دەگوێزێتەوە بۆ کارێکی دیکە، لە ژیانێکەوە بۆ ژیانێکی دیکە.

تەماشادەکەین ئەمانە هەموو ناودەنێت تاقیکردنەوەو چاونەترسی، ئێمەش ناویدەنێین: بە پوالەتی شێوازێکی ناچەسپیو، کە پاڵ بەو کەسەوە دەنێت بۆ خۆ بەفەتارەتدان.

لاوێکی دیکە لەم جۆرە کەسانە لە گوزەرێکی ئاساییدا هەڵکەوت، بەڵام دەستیکرد بە **جگەرەکێشانێکی زۆرو مەی نۆشییەکی** یەکجار بێ هەموارو قومارکردنو شەونخونی، تا دروستی نەما هەرچی پارەی هەبوو بەفیڕۆیداو دواییش دەستیکرد بە قەرزوقۆڵە، هەموو پارەو دراوێکی لە مەلەوانیو ئۆتۆمبیلو ماتۆڕ لێخوڕیندا بە بادا، دوایی ڕایکرد ڕۆیی کە فێری فڕین بێت، بە فڕینەوە نەوەستایەوە هەستا بازی بەسەر ئۆقیانوسەکاندا دەدا بەهۆی چەتری نیشتنەوە، لە یەکێك لە کارە چاونەترسییەکانیا لە ئۆقیانوس گیانی لە لوتییەوە دەرچوو مرد، لە هەموو ژیانیدا ئەتووت برا خۆی بە دەستی خۆی بە شوێن مردندا دەگەڕێت.

یەکێکی دیکە لە شێوازە گشتییەکانی ڕەوشت، **ئەو کەسە ناسکەیە** کە هەمیشە لە نەخۆشی دەترسێت، توشی نەخۆشیش دەبێت یان بە زۆری توشی ئەوانەی دەوروپشتی دەبێت چونکە لێرەدا چەند مانێك هەن، زۆر نەخۆشدەکەونو پزیشك زۆر هاتوچۆیان دەکات، یان خۆیان زۆرهاتوچۆی پزیشك دەکەن، بەڵام مانی واش هەن بە دەگمەن نەخۆشی ڕوویانتێدەکات، لەمەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت خێزانیش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو شێوازە لە شێوازی خێزانەکانی دیکە جیایدەکاتەوە.

لەو شێوازە ناسراوانەی کە لەناواندا زۆرن، ئەو کەسەیە کە **بەردەستێکی داماوە** بۆ سەروی خۆیەوە، سەرۆکێکی زۆرداڕە بۆ

خواردەستی خۆیەوە، یان هاوڕێیەکە دەیەوێت لەسەر شانی هاوڕێکانی خۆی بەرزبێتەوە و خۆی دەرخات.

خۆزگە ئەو کەسانەی باسی خەڵکی دەکەن، خۆیان و خێزانەکانیان بەپێی ئەو شێوازە رەفتارە کتومتانەی کە خۆیان باسیدەکەن، وابونایە خۆزگە هەموو کەس رەفتاری خۆی بناسیایە، چونکە ئەو کاتە خۆشی و خەڵکیش دەحەوانەوە.

بەزەیی خوداوەند لەسەر ئەو کەسە بێت ئاستی خۆی دەزانێت.

چۆن دەخوێنیتەوە؟

یەکێک لەوانەی کە زۆرجار تێبینیان دەکەم، ئەوەیە کە زۆر کەس هەن لەوە تەنگەتاودەبن کە حەز لە خوێندنەوە ناکەن، ئەوەش لەبەرئەوەیە نازانن چی بخوێننەوە و چۆن بخوێننەوە، یان لەبەرئەوەیە بە خەیاڵی خۆیان هەموو پەرتوکێک وەکو پەرتوکەکانی پەیڕەوی قوتابخانەکانیان وایە، خوێندەوەیان بێتام و لەزەتە.

لەسەر مرۆڤ پێویستە بزانێت کەی دەخوێنێتەوە و چی دەخوێنێتەوە، ئا ئەم جۆرە مرۆڤە دەتوانێت بۆ خوێندنەوە ئارەزوو دروستبکات، دەتوانێت کەڵکەکانی خوێندنەوەش ئاشکرابکات.

هەر چەند زۆر کەس هەن هەر لە خۆیانەوە بیئەوەی پێبزانن، دەزانن چۆن بخوێننەوە و کەڵکەکانی خوێندنەوەش دەزانن، بەڵام زۆری دیکە هەن نە دەزانن بخوێننەوە، نە کەڵکەکانی خوێندنەوە دەزانن، ئەمجا ئەگەر بهاتایەو ئەمانە بیانزانیایە چۆن دەخوێننەوە لەسەر خوێندنەوە بەردەوامدەبوون و وازیان لێ نەدەهانی و کەڵکێکی زۆریان لێوەردەگرت، چونکە خوێندنەوە گەنجینەی زانستی و زانیاری لەبەردەم

خوێنەردا هەڵدەڕێژێت، لەکاتی تەنیایی‌و خەمناکی‌و وەرسبووندا خەمی دەرەوێنێتەوە.

ئێمە حەزمان دەکرد میسری، گەلێك لەمە زیاتر خوێنەرەوە بێت، حەزمان دەکرد لە خوێندنەوەدا وەکو گەلی ئینگلستانی وابوایە، چونکە کابرای ئینگلستانی دەبینین لە ترۆمادا، لە پاسی ئۆتۆبیسدا، لە فارگۆنی شەمەندەفەردا، هەمیشە رۆژنامەو پەرتوك‌و گۆڤار دەخوێنێتەوە، کەم کەسیان هەیە لە قسەکردنی پرۆپوچدا یان لە بیرکردنەوەیەکی بێکەڵکدا یان لە باسی ناتەواوی خەڵکدا گەشتەکەی بەفیڕۆبدات.

ئەوکەسەی دەزانێ بخوێنێتەوە، کاتێکی زۆری تێدا بەسەردەبات، دەبینین قسەی خۆشە، سەرنجی گوێگرەکان رادەکێشێت، چونکە دەربڕینەکانی پڕ لە بیرکردنەوەی جۆراوجۆرن، لەبەرئەوە چووە هەر کۆمەڵێکەوە گەرمیدەکات، ئەو کەسەی کەم دەخوێنێتەوە بەپێچەوانەی ئەمەوەیە بیروڕاکانی پرۆپوچن، زەینیشی لێڵە.

یەکێك لە کانگاکانی بێهێزی، لە خوێندنەوەدا هێواشییە لە خوێندنەوەداو کەم تێگەیشتنە لە واتادا. ئەگەر دەتەوێت بزانیت مەبەست چییە لە خوێندنەوەی هێواشی‌و خوێندنەوەی خێراو چۆن چۆنی بخوێنیتەوە، تۆو هاوڕێکانت هەستن پەرتوکێك بهێنن‌و پێکەوە دەستبکەن بە خوێندنەوەی، بەڵام بە هێواشی, دەبینین هێندێکتان لە هێندێکی ترتان زووتر لە پارچە نووسراوەکە دەبنەوە، ئەگەر بیر لە خۆتان بکەنەوە دەبینن هێندێکتان وشە وشە دەخوێنێتەوە، هەستیش بە جوڵاندنی کۆئەندامی سایەکردنی دەکات بە سوکی، هێندێکتان وشەکان دەچێنن، هێندێکتان بەهێواشی سایەی وشەکانی دەکرد،

هێندێکیشتان تەنها بە جمەی لێوی وازدەهێنێت، ئەمەیان هێواشترین جۆرەکانی خوێندنەوەیە، چونکە سایەو چپەو هەولّی چپە ئەوانی دیکە هەموویان گرفتن بۆ خوێندنەوەی خێرا، هەروەها تێبینیدەکەن کە هێندێکتان هەموو دێرەکە بە دووجار یان سێجار یان زیاتر دەبڕێت، ئەگەر دووجار چاو جولاّ، ئەوە هەر جارەو پێنج تا شەش وشە بە یەکجار وەردەگرێت، ئەمە پێیدەڵێن: خوێندنەوەی خێرا.

هێندێك کەس چاوی جولّەیەکی گەورە دەکات، زۆرێك دەچێتە پێشەوە, کە کاتێك دەوەستێت کەمێ دەگەڕێتەوە، دوای ئەوە زۆرێك دەچێتە پێشەوە هەروەها، ...، ئەم کەمە چوونە دواوە جولّەیەکی تەگەرەیە پێویستە نەهێڵرێت.

مانای وایە لە خوێندنەوەی خێرادا پێویستە کۆئەندامی سایەکردنی بەتەواوەتی بوەستێت، تەنها پشت بە جولّەی چاوو پەیکردنی مانا ببەسترێت. پێویستە خۆت ڕابهێنیت لەسەر چەسپاندنی چاو لە دێڕێکدا جارێك یان دووان. هەروەها پێویستە سەرکەویت بەسەر جمەکانی چونەدواوە بەشێوەیەکی تەواوی.

بەڵام تێبینیدەکەین چۆنێتی خوێندنەوەی کەسێك دەکەوێتە سەر ئەو بابەتەی دەیخوێنێتەوە، لە بابەتە سوکەکاندا بە خێرایی دەخوێنێتەوەو کۆئەندامی سایەکردن بەکارناهێنرێت، بەڵام بابەتە قورسەکان وشە وشە دەخوێنێتەوە، ئەو وشە تازانەی کە لەوەوپێش نەیبینیون پیت پیت دەیانخوێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی ئاسانی ناسراو گەورە خوێنەوارەکان بە خێراییەکی لەیەك جیاواز دەیخوێننەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش:

تۆو هاوڕێکانت هەستن پەرتوکێك بهێنن، بابەتێك بخوێننەوە کە لەوەوپێش خوێندبێتتانەوە، لە کۆتایی بابەتەکەدا بوەستن، ئەوسا بۆتان دەردەکەوێت کە جیاوازیتان لە خێراخوێندنەوەدا هەیە.

مادام وایە پێویستە مەشق بکەن لەسەر خێرا خوێندنەوە، تێبینیشدەکەین خوێندنەوەی (نهێنی) لە خوێندنەوەی (بەدەنگ) سێ تا چوار ئەوەندە خێراترە.

هەروەها تێبینیدەکرێت تێگەیشتن لە خوێندنەوەی خێرادا لە تێگەیشتن لە خوێندنەوەی هێواش کەمتر نییە، بەڵکو زۆرجار زیاترە.

هەڵکەوتووەکان

تێبینیشدەکەین هەڵکەوتووەکانی جیهان، وەکو ڕۆزفڵت[٣٣] و نیوتن[٣٤] و کەسانی دیکەی وەکو ئەوان بە زۆرخێرایی لە خوێندنەوەدا بەناوبانگ بوون، یەکێك لە هۆکانی سەرکەوتنیان خێراخوێندنەوە بووە.

ئێستا با پرسیاربکەین: ئایا خوێنەر بەشێوەیەکی ئاسایی شیتەڵی خوێنراوەکە وشە وشەو پیت پیت دەکات، یان نوسراوە ناسراوەکە ڕستە ڕستە بەبێ شیتەڵکردن دەخوێنێتەوە؟

ئەگەر چاو شیتەڵی هەموو ئەوەی دەیخوێنێتەوە بکردایە، بێگومان دەرکی بە هەموو خاڵو ناتەواوییەکانی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا وانییە، وەکو وشەی (القسطنطية)و (القسطنطنية)و (منحدة)و (متحدة)و (المانيا) و (المانبا).

٣٣- دوو ڕۆزفڵت هەن، یەکەمیان / تیۆدۆر ڕۆزفلت (١٨٥٨-١٩١٩ ز)، (٢٦) هەم سەرۆك کۆماری ئەمریکایە. دووهەم/ فرانکلین دیلانۆ ڕۆزفلت (١٨٨٢-١٩٤٥ ز)، (٣٢)هەم سەرۆکی ئەمریکا بووە، جا نازانم نوسەر کامیانی مەبەستە؟ (وەرگێڕ)

٣٤- نیوتن (١٦٤٢-١٧٢٧ ز) فیزیائی و ریازی و فەلەکی ئینگلیزی. (وەرگێڕ)

یەکێك لە ئێوە کاتێك کە رستەیەك دەخوێنێتەوە، شێوە گشتییەکەی دەخوێنێتەوە، ئاگاداری پارچەکانی یان پیتەکانی نابێت، ئەوساکە بە خێرایی و بە کەڵك وەرگرتنەوە دەیخوێنێتەوە.

بەڵام کاتێك مرۆڤ هەموو وشەیەك و هەموو پیتێکی خوێندەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ ناتوانێت بخوێنێتەوە، زۆرجاریش دەبینیت لەکاتی خوێندنەوەدا واتای لەکیسدەچێت، پەیوەندی واتاکانی لەکیسدەچێت و حەزناکات بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوە، لەبەر ئەم هۆیە هێندێك کەس حەز بە خوێندنەوەی رۆمان ناکەن، لەگەڵ ئەوەشدا خۆش و ئاسانە.

ئنجا چۆن دەتوانین خۆمان لەسەر خوێندنەوەیەکی خێرا، ڕابهێنین کە چاو تێیدا جمەکانی درێژو کەم بێت، نەك کورت و زۆر بێت؟

لە وەڵامدا دەڵێین / بە خۆڕاهێنان و مەشقکردن.

مەشقکردن

بابەتێکی ئاسان بۆ خۆت هەڵدەبژێریت بۆ خوێندنەوەی رۆژانەت و مەشقی لەسەردەکەیت و بە خێراییەکی گەورە دەیخوێنیتەوە، دوایی دەبینیت بەباشی دەتوانیت، بەبێ ئەوەی هیچ واتایەکت لەکیسبچێت.

بۆ ئاسانکردنی ئەم کرداره، لاپەڕەیەك لەو بابەتەی کە خۆت حەزی لێدەکەیت هەڵبژێرە، هەر دێڕێك لە دێڕەکانی بە دانانی دوو خاڵ بکەرە سێ بەشەوە.

ئەوکاتە دەبینیت هەر بەشێك لەو بەشانە لە (٤ — ٥) وشە پێکهاتووە، ئەنجا دەست بە خوێندنەوەی بکە، بەمەرجێك لە هەر دێڕێکدا دووجار لە ئاستی خاڵەکان چاوت بوەستێنە، هەموو رۆژێك بەردەوام بە لەسەر ئەم مەشقکردنە، لەسەر بابەتێکی ئاسان، وەکو

بابەتی پەرتوکە وێژەییەکان، ئاسانەکان، یان گۆڤارە مانگانە ناسراوەکان.

تێبینی ئەوەش بکە، کە دێرە کورتەکان کەمتر پێویستیان بە وەستانی چاو هەیە، بەگوێرەی دێرە درێژەکان چونکە چاوی خوێنەر لە دێرە ئەستونییەکانی ڕۆژنامەدا تەنها یەکجار دەوەستێت. ئەو شتەی کە یارمەتیت دەدات، بۆئەوەی لە خێراخوێندنەوەی بابەتی ئاسانەوە بگوێزرێتەوە، بۆ خوێندنەوەی بابەتی قورسیش، زۆرکردنی سامانی زمانە، کە ئەویش بریتییە لە وشەو ڕستەی زۆر گەورە وەکو لەمەودا دەیبینین.

دەتوانیت لە مامۆستاکەت بپرسیت تا چ ڕادەیەک پێشکەوتویت لە خوێندنەوەدا، زانینی ڕادەی پێشکەوتن دەبێتە هۆی پێشکەوتنو سەرکەوتنت، بە هیچ جۆرێک نابێت لە (١٥٠) وشە کەمتر بخوێنیتەوە لە (١) یەک خولەکدا.

دەتوانیت بەهۆی خۆڕاهێنانەوە لەسەر بەردەوامیو بیندرێژی، بگەیتە خوێندنەوەی (٥٠٠ – ٦٠٠) وشە لە یەک خولەکدا, ئەگەر ویستت خێرایی خوێندنەوە زۆربکەیت، بۆ (واتا) بخوێنەرەوە نەک بۆ وشە، بۆ مەبەستێک بخوێنەرەوە نەوەک تەنها بۆ خوێندنەوە.

ئەو کەسەی بۆ نوسینی وتارێک دەخوێنێتەوە، یان بۆ فێربوونی مۆمیاکردنی مەلێک دەخوێنێتەوە، یان بۆ بۆندروستکردن دەخوێنێتەوە، دەبینێت خوێندنەوە ئاسانو خێراو بەلەزەتە.

بەڵام ئایا خوێندنەوەی خێرایی هەموو کاتێک پەسندە؟

نەخێر، چونکە چەند بابەتێک هەن پێویستە بە هێواشیو بە شیتەڵییەوە بیان خوێنیتەوە، ئەوەش لەبەرئەوەیە تێگەیشتنی

وشەکانو رستەکان لە دەقە زانستییەکاندا لەکاتی خوێندنەوەدا پێویستیان بە هێواشی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هێواشییە شیتەڵییە پێویستە خوێندنەوەی خێرای بابەتەکەی بەدوادابێت, هەروەکو چۆن بابەتێکی زانستی پێویستی بە خوێندنەوەیەکی هێواش هەیە، بۆئەوەی وشەو رستەکانی بەجوانی شیتەڵبکرێن، دوای ئەوە ئەبێت خوێندنەوەیەکی خێرای بەدوادابێت، بابەتێکی وێژەیش ئاوهایە ئەگەر پڕی خەیاڵ بێت، بۆئەوەی لەکاتی خوێندنەوەکەدا بەباشی خەیاڵەکانی دەربخرێتو ئاشکرابکرێتو بچێژرێت، پێویستە لە پێشدا بە هێواشی بخوێنرێتەوە ئەنجا بە خێرایی.

لەبەرئەمە ناتوانین ئەوەی (حافظ)[٣٥] لە باسی دەریادا وتویەتی، بە خێراییەکی زۆر بخوێنینەوە، چونکە ئەوکاتە ناتوانین بەباشی خەیاڵە وێژەییەکانی بچێژین:

گەرداوێکە بازدەدا، دەریایەکە هێرش دەبا

لە هەردوکیان، بەندە بە خواوەند پەنادەبا

شەپۆلەکانی بەرەودوا کەوا دێت، دەڵێت

مەراقی خەمی دەروونێکەو هەڵدەچێت

کەفی چاندو نرکاندی ئەمجا هەستا

هەڵچوو دەتووت مەنجەڵە دەکوڵێ ئەوسا

بەرەوڕوی پاپۆڕێک وەک کێو وەستا

چونکە پاپۆڕەکە وڕەی بەرزبوو، ڕانەوەستا

٣٥- حافظ ابراهیم (١٨٧٢-١٩٣٢)، لە گەورە شاعیرانی میسری سەردەمە، نازناوەکەی (شاعیری نیل)ە، بەراوردکراوە بە ئەحمەد شەوقی شاعیر، کە نازناوەکەی (ئەمیری شاعیران)ە، ئەم دەوڵەمەندبووە لە کۆشکی پاشاکانی میسردا رایبواردوە، (حافظ) هەژاربووە، لە داخی شەوقی نازناوکراوە بە (شاعیری نیل)، واتا/ شاعیری ڕوبارێ نیل، دیوانێکی هەیە لەگەڵ کتێبێکدا بەناوی (ليالي سطيح). (وەرگێڕ)

عەرەبییەکەی:

عاصف يرتمي وبحر يغير

أنا بالله منها مستجير

وكأن الامْواج وهي توالى

مـخنقات أشجان نفس تثور

أزبدت ثم جرجرت ثم ثارت

ثم فارت كما تغلو القدور

ثم اوفت مثل الجبال على الفلك

وللفلك عزمة لا تخور

لەکاتێکدا (حافظ) ترسەکەی دەرچوو پێیووت:

ئەی دەریا: بە گەورەییت‌و پانی

بە هێزت مەنازە لە جیهانی فانی

بەڵکو تۆ گەردیلەیەکی نێو گەردیلەکانی یەزدانی

دەسوڕێتەوە بە بۆشاییدا بە پەنهانی

بەڵکو تۆ دڵۆپێکی نێو دەفرێکی ئاسانی

کردگار نەبێت ئەوپەڕی خۆت نازانی

عەرەبییەکەی:

ايها البحر لا يغرنك حول

وإتساع وانت خلق كبير

إنما أنت ذرة حوتها

ذرة فى فضاء ربي تدور

إنما أنت قطرة فى إناء

ليس يدرى مداة الا القدير

تێگەیشتن و چەشتنیش هەردووکیان، پێویستیان بە هێواشی هەیە. ئەگەر کاتم هەبوایە حەزم دەکرد باسم بکردایە، چۆن کتێب دەخوێنرێتەوە، بەڵام ئەوەی پێویست بێت پێش هەمو شتێك ئەوەیە، دەبێت پێشەکی و ناوەرۆك و ناونیشانی هەموو پەرتوکێك بخوێنرێتەوە، بۆئەوەی بیرتێپەڕێك لەبارەیەوە بزانرێت، دوای ئەوەش پێویستە لەسەر هەر کەسێك سێ جار پەرتوکەکە بخوێنێتەوە، جارێکیان بۆ تێگەیشتن و شیتەڵکردن، جارێکیش بۆ وەرگرتنی ماناکانی، جارێکی دیکە بۆ ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی، ئەمەش بۆ ئێوە جێدێڵم بۆئەوەی لەگەڵ مامۆستاکانتانا وتوویژبکەن.

ئەو بابەتەی کە بۆ ئێوەی قوتابی باشە، هەڵیانبژێرن، ژیانی سەرۆکەکان و کردەوەکانیان، هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژانەیە، ئەو وتارو لێکۆڵینەوانەیە کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەیاننوسن، مێژووی نوێ و چیرۆك بخوێننەوە زۆر باشە، ئەگەر ڕای مامۆستاکانتان وەرگرن، چی بخوێننەوە، زۆرباشە.

خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە

هێندێك قوتابی پرسیاریان کردووە، چۆن کاتی خۆیان ڕێکبخەن بۆ پیاچوونەوە و کۆششکردن، بەمەرجێك کاتیشیان بۆ بمێنێتەوە بۆ چوونە سینەما و هاوڕێ بینین و یاریکردن و.....هتد.

هێندێ قوتابیش سکاڵا لەوە دەکەن: ئامادەکردنی وانەکان بۆ ڕۆژی دوایی کاتیان زۆر دەبات، هیچیان بۆ ناهێڵێتەوە بۆ کۆششکردن و پیاچوونەوە و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە، لەبەرئەوە بەشێکی یەکجار زۆری کتێبەکانیان بەسەردا دەکەوێت و کۆمەڵ دەبێت،

که کۆتایی سالّ نزیك بۆوه، کاتیان نابێت‌و پێداڕاناگەن به هەموویدا بچنەوەو زۆریان بۆ دێت شەونخونی بکێشن‌و به ڕۆژیش دەوام نەکەن، ئەمە دەبێتە هۆی ماندوبوونیان‌و کفت بوونیان، ..... هتد.

وەڵام:

ئەوەی باشە بۆ قوتابی ئەوەیە، لە سەرەتای سالّەوە دەست بە پیاچوونەوەی وانەکان بکات، چونکە ئەوکاتە کۆششەکەی بەسەر کاتێکی دووردرێژدا دابەشدەکات، بەمە هەوڵەکەی پڕ بەرو بەرهەمدارتر دەبێت، چونکە ئەوکاتە هەوڵەکەی دەداتە تێگەیشتن‌و لێکدانی پارچەکانی وانەکانی‌و شیتەڵکردنی ڕاهێنانی بابەتەکانی‌و گیروگرفتەکانی. وا بڵاوە کە کۆششکردن لە چەند کاتێکی دوور لەیەکدا بەخشدارترە لە کۆششی چەند کاتێکی نزیك لەیەك.

ئەگەر پارچەیەك هەڵبەست هەبوو پێویست بوو لەبەربیبکەیت، باش وایە لە چەند جارێکی کەمی دوور لەیەکدا بیخوێنیتەوە، نەوەك لە چەند جارێکی نزیك لەیەکدا. ئەوەی کە لە پیاچوونەوەدا دەیڵێین، لە بیرکردنەوەشدا هەر دەیڵێین.

ئەگەر هاتوو بیرت لە بابەتێکی ئەندازە، یان بیرکاری، یان هەر بابەتێکی دیکە کردەوە، وابَاشە هەموو بەشەکانی دەرخەیت‌و بەتەواوەتی ڕونیان بکەیتەوە، ئەگەر هاتوو شیتەڵکردنەکەی هەر بەڵاتەوە قورس بوو، هیچ ئاڵۆز مەبە، بەڵکو جێیبهێڵەو دوای چەند کاتژمێرێك یان ڕۆژی دوایی بەسەریدا بچۆرەوە، ئەوکاتە کە بیرت لێکردەوە، بۆت دەردەکەوێت زیاتر گەیشتووە، زیاتر ئامادەیە بۆ شیتەڵکردنێکی ڕاستی خێرا.

ئەو هەڵەیەی کە قوتابی تێیدەکەوێت، ئەوەیە کە لە پیاچوونەوەدا پەلەدەکات، ئەوساکە یاریکردنی کەمدەبێتەوەو زەینو وریاییشی کەمدەبێتەوە، کەڵك وەرگرتنیشی لە پیاچوونەوەدا هەر کەمدەبێتەوە، کەمی بەرهەمیش بە کۆششی زۆرتر چارەسەردەکرێت، ئەویش دەبێتە هۆی کەم تێگەیشتن، ئەمیش دەبێتە هۆی کەوتنە دڵەڕاوکێوەو شپرزەبوونو هەست بە نائومێدیو بەربووون.

ئەم هەستانەش لەلایەن خۆیانەوە بەرهەم کەمدەکەنەوە، لەبەرئەوەی هەوڵە مرۆڤایەتییەکە بچڕبچڕدەکاتەوە، بۆ چەند لایەنێکی جیاوازو پرشوبڵاویدەکاتەوە، بە جۆرێك لەوانەیە هەرچی بەروبومی هەیە نەیهێڵێتو ببێتە هۆی ماندوبوونو لەش قورسیش.

ئێمە پیاچوونەوەیەکمان دەوێت لە سەرەتای ساڵەوە دەستپێبکات، دەشمانەوێت ناوبەناو دەستپێبکاتو جارجاریش یاریو چوونە دەرەوەو هاوڕێ بینینو چوونە سینەماشی لەگەڵدا بێت ،... هتد. دوای ئەمە قوتابییەکان سکاڵا لەوەدەکەن، کە پیاچوونەوەی وانەکانو ئامادەکردنیان، (تحضیر)ی ڕۆژانەیان، هەردووکیان دژی یەکن. لەڕاستیدا من حەزدەکەم بڵێم: جێبەجێکردنی پێویستی سەرشانی ماڵەوە، هەنگاوی زۆرباشە بۆ پیاچوونەوە، چونکە (پێویستی سەرشانی قوتابی) یان شیتەڵکردنی چەند پرسیارێکی تایبەتییە، یان کورتکردنەوەی بابەتێکە، یان کێشانی نەخشەیەکە, ... هتد.

ئەمانە هەموویان یارمەتی بەستنی بابەتەکان دەدەن بەیەکەوە، هەروەها یارمەتی تێگەیشتنو چەسپاندن دەدات، ئەمانە هیچ جیاوازییەکیان نییە لە ئەنجامەکانی پیاداچوونەوەی وانەکان بەڵکو باشترین ڕێگەیە بۆی.

بەڵام ئامادەکردن‌و بەسەر یەککەوتندا بەجۆرێکی ئاوەها کە دژی یەك بوەستن لەگەڵ پیاچوونەوەی وانەکاندا، گومانم هەیە کە ڕێسایەکی هەمیشەیی بێت‌و هەموو ڕۆژێك ڕوبدات، بەڵکو باوەڕم وایە کە قوتابی ڕێك دەتوانێت پێویستییەکانی سەرشانی دابەشبکات بەسەر چەند ڕۆژێکدا، هەروەکو چۆن دەتوانێت پیاچوونەوەی وانەکانی دابەشبکات بەسەر چەند ڕۆژێکدا، بەگوێرەیەك خۆی دەبینێت بە ڕێکوپێکی‌و بە بەرهەم‌و بەبێ ماندوبوون کاردەکات.

ئەوانەی لە دەستی ڕێنەکەوتنی پێویستی سەرشانی ماڵەوە‌و کۆشش‌و پیاچوونەوەی وانەکان سکاڵادەکەن، ئەوانە ئەو قوتابییانەن کە گلەیی لە خۆیان دووردەخەنەوە. ئەمجا ناتەواوییەکە خۆیانە – کە بێدەستەڵاتیانە لە ڕێکخستنی کاتیاندا – بەسەر کۆمەڵبوونی پێویستییەکانی سەرشانیاندا دەسەپێنن.

من حەزدەکەم ئەوەش بڵێم: کە وشەی پیاچوونەوە (بەبیرهێنانەوە – إستذكار) وشەیەکی وشکە، من نامەوێت لە قوتابییەکە، بابەتەکە بەڕێگەیەکی وشك لەڕێگەی تەماشاکردنی ناو پەرتوکەکەوە, وتنەوەو دووبارەکردنەوە وشەکان لەبەربکات، بەجۆرێك وەکو توتی بیانڵێتەوە، یان بیانخوێنێتەوە، بەڵکو پێویستی سەرشانی قوتابی ئەوەیە هەوڵبدات وانەکە تێبگات، شیتەڵبکات، پارچەکانی بەپێی شارەزایی پێشوی خۆی بە وانەکانی دیکەوە‌و بە شارەزاییەکانی ژیانەوە ببەستێتەوە، ئەو وانەیەی پێویستی بە ڕاهێنانکردن هەیە، پێویستە قوتابیەکە خۆی ئەو مەشق‌و ڕاهێنانە ئەنجامبدات، چونکە ئەمانە ڕێساو تیۆرییەکان دەچەسپێنێت، بەبێ ئەمانە پیاداچونەوە کۆششێکی بێهودەیە.

ئەگەر قوتابی هەوڵی تێگەیشتن و پەیوەندی بەستنی بەیەکەوەدا، ئەوساکە کرداری لەبەرکردن ئەوپەڕی ئاسانە, دوای ئەوە لەبەرکردنی چامەیەك، یان زانیارییەك پەیوەندی نەبێت بە ژیانەوە، یان هاوکێشەیەك بەباشی جێبەجێ نەکرابێت، مانای چییە؟

لەبەرکردنی بابەتێکی مێژوو، یان جوگرافیا، یان کۆمەڵایەتی، مادام شوێنەکان و رووداوەکانی لە زەینی ئێمەدا نەبەسترابێت بە ژیانی ئێستامانەوە چ کەڵکێکی هەیە؟

ئەمانە هەموویان پەسندن، بەڵام قوتابی دڵپراوکێدار، دەیەوێت تەنها (دەرخ) بکات، تاوەکو رۆژی تاقیکردنەوە لەوێ بیگێڕێتەوە، نهێنی ئەم دڵەڕاوکێیەش ئەوەیە، کە تاقیکردنەوەکان بەم شێوەیەی ئێستە زۆر گرنگییان پێدراوە، سەری لە مامۆستاش و لە قوتابیش و بەخێوکەرو دانەری پەرتوک خوێندیش تێکداوە، هەموو شتێکی لێ شێواندووە، نامەوێت بچمە قوواڵیی ئەمەوە.

بەڵام ئەگەر بتەوێت لە ماوەیەکی کورتدا کۆششێکی بەرهەمدار بکەیت، بەبێ ماندووبوونێکی گەورە بێجگە لەوانەی کە وتمان، ئەوەیە دەبێت لەسەرەتای ساڵی خوێندنەوە دەستبکەیت بە کۆشش و پیاچوونەوە، ناوبەناو یاری و گەمەش بکەیت، گرنگی بە تێگەیشتن و مەشقکردنیش بدەیت.

بێجگە لەمانە هەموویان، پێویستە ئەوەی کە پیایدا دەچیتەوە گوێ لەخۆت بگریت (بۆ خۆتی بڵێیتەوە – گ) بۆئەوەی بزانیت بەباشی وەرتگرتووە؟ هەروەها پێویستە ئەوەی لەبەریدەکەیت یەك جارەکی بێت:

– ئەگەر مەبەستت لە پیاداچوونەوەکە ئەوەبوو تەنها فێری بیت، بە نوسین گوێ لەخۆت بگرە (واتا: بەنوسین بیڵێرەوە – گ –).

- ئەگەر مەبەستت ئەوەبوو بەزاری فێربیت، بەزاری گوێ لە خۆت بگرە (واتا: بە دەمی – گ –).
- بەکارهێنانی چەند رێگەیەک بۆ لەبەرکردن، باشترە لە بەکارهێنانی تەنها رێگەیەک، چونکە ئەو بابەتە زیاتر دەچەسپێنێت.
- ئەو کەسەی بابەتەکە بە نوسین، بە کورتکردنەوە، بە وێنەکێشان، لەبەربکات، زیاتر لە زەینیدا دەچەسپێنێت، وەک لەوەی تەنها رێگەیەک بەکاربهێنێت.

ئەگەر ئەم رێسایە لەسەر بیرکاری جێبەجێبکەیت، دەبینین: پێویستە لەپاڵ خوێندنەوەیداو تێگەیشتندا نوسینەوەی‌و وێنەکێشانی جێبەجێبکەیت.

جوگرافیا، یەکەم پێویستە تێیبگەیت‌و جوان وەریگریت، ئەگەر ویستت لەبەربیکەیت، با لەڕێگەی ئەو وێنانەوە بێت کە دەیانکێشیت‌و لەڕێگەی ئەو کورتکردنانەوەدا بێت کە کورتیان دەکەیتەوە, بەڵام ئەو کورتکردنەوانەی کە لە بازاڕدا بڵاوکراونەتەوە، ئەو وێنانەی کە ئامادەکراون زۆر نزیکە هیچ کەڵکیان نەبێت، یەکێک لە هەڵەکانی قوتابی ئەوەیە، لە فێربوونی زمانەکانی بێگانەدا پەنادەباتە بەر: ئەو گۆڕاوانەی لە زمانی بێگانەوە کراون، چونکە فێربوونی هەر زمانێک، پێویستە بەو زمانە بخوێنرێت‌و بوترێت‌و لەبەربکرێت، ئەو قوتابییەی کە دەیەوێت زمانی بێگانە تێبگات، پێویستە دەقەکانی ئەو زمانە تێبگات‌و فەرهەنگێکیش بەکاربهێنێت بۆئەوەی بەباشی تێیبگات.

پێویستە لەسەر قوتابی کات‌و شوێنی دیاریکراو بۆ کۆششو پیاچوونەوە دیاریبکات. هەرگیز نابێ داوو دەرمانی بێدارکەرەوە

بەکاربهێنێت، چونکە کە ڕاهات لەسەریان ناتوانێت وازیان لێبهێنێت، باشترین شت بۆ قوتابی ئەوەیە، ناوبەناو وەرزش بکات، یان لە دەشتو شوێنە چۆڵاییەکاندا هێندێ جار بگەڕێت خواردنی بەپێز بخوات.

پێویستە قوتابی خۆی ڕابهێنێت لەسەر خوی چاکو پشت بەخۆبەستن لە کۆششکردندا. ئەمانە وای لێدەکات دروستی باش بێتو تواناداڕتربێت.

کورتەی ئەوانەی پێشەوە هەموویان

دەبێت قوتابی تێبگات ئەنجا لەبەربکات، چەند جارێکی کەم پێدابچێتەوە، بەشێوەیەکی ناوبەناو بەینیان دووربێت، ئەبێت بابەتەکە هەمووی پێکەوە بخوێنێتەوە, نەک بەش بەشی بکاتو هەوڵیش بدات بۆ خۆی بیڵێتەوەو کورتی بکاتەوەو لەبەربکات. خۆی لە هەموو بێدارکەرەوەیەک دووربخاتەوە، گرنگ لەمانە هەموو ئەوەیە پشت بەخۆی ببەستێت، هەوڵەکە لەخۆیەوە بێت.

دوای ئەمانە هەموویان ئامۆژگاری قوتابی دەکەم پێش تاقیکردنەوە بە چەند ڕۆژێکی زۆر کەم بچێتە سەیرانو گەڕان، ئەوکات دەبینێت لەکاتی تاقیکردنەوەدا زۆر زانستی دێتەوە بیر، کە بەهیچ جۆرێک باوەڕناکات.

ئەگەر قوتابیان ڕێسایەکی زێڕینیان دەوێت بۆئەوەی کە چوونە تاقیکردنەوەوە، هەموو شتێکیان بێتەوە یاد، بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵو کۆششێک بدەن، بەڵکو هەمیشە بە چوونە سینەماو گەڕانو گەشتەوە خۆیان خەریک کەن، بەڕاستی ئەمە لای من نییە، بچنە لای کەسێکی دیکە بۆی بگەڕێن.

کاتی بۆشاییت چۆن دەبەیتە سەر؟

خەڵکی بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ هۆیەک دەگەڕێن کاتی بۆشایی پڕبکۆژن، هێندێک جار دەڕۆن بۆ تەماشاکردنی هەر فیلمێکی سینەمایی بێت، چاك بێت یان خراپ، بە دڵیان بێت یان بە دڵیان نەبێت، بەڵگەشیان لەمەدا ئەوەیە کە گوایە کاتی پڕدەکۆژن، جاری واش هەیە لەگەڵ یەك کۆدەبنەوە، لە پاشملە باسی کەسانی دیکە دەکەن.

ئەمانە هەمووی لەبەر کات کوشتنەو کات بردنەسەرە, هێندێ کەسیش هەن کاتیان بە خوێندنەوەی گۆڤاری پڕوپوچ و وێژەی هەرزان دەکۆژن، هێندێ کەسی دیکەش کاتیان بە خواردنو خواردنەوەو جگەرەکێشان دەکۆژنو هێندێکیشیان چەند کاتێکی دوورو درێژ لە چەرەس تروکاندندا دەبەنەسەر، هەر بەردەوام دەبن تاوەکو لێویان دێتە خوێنو هێشتایش وازناهێنن.

هێندێ کەسانیش کاتیان لە جموجۆڵو گورج و گۆڵیدا دەبەنەسەر, بەڵام هیچ جۆرە بەرهەمێکیان نییە، کەسانێکیش هەن کاتیان لە گورج و گۆڵیدا بەسەردەبەن، بەڵام بەرهەمەکانیان تەنها بۆ کەسانی دیکەیە، بێئەوەی خۆیان بەروبومی بخۆن، کەسانی دیکەش هەن کاتیان لە گورج و گۆڵیدا بەسەردەبەن، بەڵام بەرهەمەکانیان تەنها بۆ خۆیانە، بەبێ ئەوەی کەس کەڵکیان لێوەرگرێت.

لێرەدا کەسانی دیکە هەن زیاتر لە نیشانەیەك لەم نیشانانە لە خۆیاندا کۆدەکەنەوە.

شێوازەکانی کاتو کات کوشتن ئەوەندە زۆرن ناژمێردرێن، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازییەکی زۆری هەیە.

بەڵام بە هەر حاڵ لە هەموو کەسێکدا ئارەزوویەک هەیەو خۆی دەسەپێنێت، دەیەوێت بزانێت چۆن کاتی بۆشایی خۆی بباتە سەر.

زۆرترین خەڵکی شارەکان لەمەدا گوزارەیان لە دانیشتوانی لادێکان باشترە، لەبەرئەوەی کارێکی ئاساییە کە لادێکان وەکو شارەکان هۆکانی کات کوشتنیان تێدا نییە، چونکە نە سینەما، نە شانۆ، نە چایخانە، نە سەماگە، نە یانە یان هەر شتێکی دیکەی تێدا نیە، هەروەکو لە شارەکاندا هەن.

هێندێک کەس بۆشایی بە گیروگرفتێک دادەنێن، کە پێویستە دیاریبکرێتو چەند ڕێسایەک بۆ لابردنی دابنرێتو هاتوون ئەم پرسیارانەیان بۆ دیاریکردنی داناوە:

١) کاتی بۆشایی پێویستە هەبێت یان نا؟

٢) ئەگەر پێویست بێت، ئەوا بەفیڕۆبدرێت یان سوودی لێوەربگیرێت؟

٣) ئەو ڕێسایانە کامانەن، کە بەهۆیانەوە سوودی لێوەردەگیرێت؟

٤) ئەو شێوازانە کامانەن، بەهۆیانەوە سوود لە کاتی بۆشایی وەردەگیرێت؟

گومان نییە لەوەی کە کاتی بۆشایی بۆ مرۆڤ پێویستە، چونکە بەردەوامبوون لەسەر کارکردن بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە هۆی بێزاربوونو وەڕسی، لەوانەشە ببێتە هۆی ماندووبوونو بێهێزبوون.

لەبەرئەوە پێویستە مرۆڤ کاتێکی هەبێت تێیدا بحەوێتەوە یان بە ئارەزووی خۆی تێیدا چی دەکات بیکات، لەبەرئەوەیە ڕۆژانی بۆشایی بۆ قوتابییان، کرێکاران‌و کەسانی دیکە دانراوە، هەر لەبەرئەوەشە لە ڕۆژەکانی جەژنان‌و سەبارەتە نەتەوەییەکان‌و ڕۆژانی سەری ساڵدا بە

فەرمی کارناکرێت، لەبەرئەوەشە مرۆڤ تەمەنی لە شەست تێپەڕی دەستبەتاڵ ئەکرێت و خانەنشین دەکرێت.

هێندێك کەس لە کارکردنێکی بەردەوامدا دەژین، بێئەوەی کاتێکی بۆشاییان هەبێت و چالاکی تایبەتی خۆیان بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوڕێنن. ئەم مرۆش بوون و کارکردنە بەردەوامە بێزاریان دەکات و دڵتەنگیان دەکات و پتەوییان ناهێڵێت، هەروەها ئەو کەسانەی ناتوانن لەکاتی بۆشایی خۆیاندا خۆشی بچێژن، لەکاتی خانەنشینیشدا بێزاردەبن و زۆر زوو نەخۆشدەکەون و دەمرن.

لەگەڵ ئەوەشدا تێبینیکراوە، ئەو کەسانەی بە باشیی دەزانن کەڵك و سوود لە کاتی بۆشایی خۆیان وەربگرن، واتا: ئارەزوومەندییەکی تایبەتییان هەیە و چالاکییەکی رێکوپێکیان هەیە، ئەمانە دەرکەوتووە تا تەمەنی هەشتا ساڵیش بە پرتەوی و بەرهەمداری و داهێنان و داناندا، بەباشی ژیاون، تێبینیدەکەین: سوود لەکاتی بۆشایی وەرگرتن دەگەڕێتەوە بۆ رێکەوت، چونکە چەند کەسێك هەن لێی دەزانن، چەندانی دیکەش هەن لێی نازانن.

هەرچەند یاسایەك نییە، بە ئەنقەست بۆ جوان سوودلێوەرگرتنی کاتی بۆشایی دانرابێت، بەڵام بۆشایی خۆی چەند گرنگییەکی هەیە:

- گرنگییەکەی لەم چاخەدا بۆ پەروەردیارەکان دەرکەوتووەو دەڵێن بۆ نموونە: ئەو قوتابی و شاگردانەی کە بەجوانی کەڵك لەکاتی بۆشاییان وەردەگرن، بە چالاکی و دروستییەوە دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.
- هەروەها بۆیان دەرکەوتووە باشترین بەرهەم لەکاتی بۆشاییدا ئەنجامەدرێت، زۆربەی زۆری داهێنراوە نوێکان لەکاتی

بۆشاییدا هەڵقوڵاوون، زۆربەی زۆری تیۆرە نوێکان، چاکەی کاتی بۆشاییان بەسەرەوە هەیە، بۆ نموونە: (دارۆین)[٣٦] کە لە قوتابخانە دەستی بەتاڵ دەبوو، لەکاتی بۆشاییدا بە دارو درەختدا هەڵدەگەڕا هێلکەو هێلانەی پەلەوەرەکانی دەپشکنی، لەوەوە گرنگیدا بە ژیانی گیانەوەر. جوان بەکارهێنانی کاتی بۆشایی، تۆوی داهێنانی تیۆری پەرەسەندنی تێداچاند.

- چاکترین چیرۆکی جیهانی لەکاتی بۆشاییدا نوسراوەتەوە، چیرۆکەکانی (ئەلیس) لەوڵاتی سەرسوڕماندا، مامۆستایەکی بیرکاری، مامۆستای زانکۆی ئۆکسفۆرد، لە یەکێك لە پشووەکانی هاویندا داینناوە، کاتێك خۆی بە نوسینێکەوە خەڵەفاندووە.
- هۆی سێیەم بۆ گرنگییێدانی پەروەردیارەکان، بە جوان بردنەسەری کاتی بۆشایی ئەوەیە، کە مرۆڤ لەکاتی دەستبەتاڵیدا، توانای وادەردەبڕێت لەکاتی کارکردندا ئەو توانایەی نییە، بۆ نموونە: توانستی میکانیکی یان ئەندازیاری، لەوانەیە لە وانە ئاساییەکاندا دەرنەکەوێت، هەروەها توانستی هونەر، بەڵام گورجوگۆڵی کاتی بۆشایی دوورنییە هەل هەڵخات بۆ دەرکەوتنی ئەم جۆرە زانستانە.
- هۆی چوارەم، ئەو هۆیەی دیکەی کە وا لە کاتی بۆشایی دەکات لە ژیانی مرۆڤدا گرنگ بێت ئەوەیە: چەند پاڵنەرێکی

٣٦- چارلز دارۆین (١٨٠٩-١٨٨٢ ز)، زیندەومرزانێکی ئینگلیز، داهێنەری (تیۆری پەرەسەندن)ە، کۆمەڵە پەرتوکێکی بڵاوکردۆتەوە، بەناوبانگترینیان (رەسەنی جۆرەکان)ە، ساڵی ١٨٥٩ بڵاویکردەوە. (وەرگێڕ)

دەروونی هەن، لەکاتی کارکردندا ماوەیان نییە خۆیان دەربڕن، بەڵام لەکاتی بۆشاییدا لەوانەیە کەڵکیان لێوەربگیرێت، بۆ نموونە: پاڵنەری یەکترکوشتن، خۆی لە مرۆڤدا خەفەکراوە، ئەو خەفەکردنەیشی زیانی هەیە، چونکە لەوانەیە لەکاتێکی زیانبەخشدا خۆی دەربڕێت، بەڵام ئەگەر هاتو لەکاتی بۆشاییدا بۆ زۆرانبازی، یان لە تۆپ تۆپێندا، یان لە نواندندا، یاخود جگە لەمانە کەڵکمان لێوەرگرتن، باشترین کاری هەیە لە ژیانماندا.

هۆی ئەمەش ئەوەیە ئەم پاڵنەرە تیاماندا خنراوە، مرۆڤی ئەم سەردەمەش هەڵێکی تەواوی نییە دەریبڕێت، بەڵام مرۆڤی پێشوو لە ڕاوو هێرشبردنو لەخۆبەرگریکردندا بەشی خۆی بەکاریدەهێنا، بەڵام شارستانییەتی ئێستا هەڵی تەواوی بۆ ئەم دەربڕینە ڕێکنەخستووە، لەبەرئەوە هەر زۆر پێویستە لەکاتی بۆشاییدا دەربڕێت، لەبەرئەوە دەبینین چیرۆکو شانۆو سینەما، زۆر سوودیان هەیە بۆ ڕەواندنەوەی ئەم پێکەرانەی کە ناتوانین لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەریبڕینو هەڵی تەواو بۆ ڕەواندنەوەیان ڕێکبخەین.

لەبەر ئەم هۆیانە بێجگە لەم هۆیانەش، دەبینین پەروەردیارەکان گرنگییەکی یەکجار زۆر بەکاتی بۆشایی دەدەن. دوای ئەوە کە تەنها باسی پەروەردەکردنی منداڵیان دەکرد، بۆ ژیان یا بۆ خۆبەخێوکردن، ئێستە وایان لێهاتووە باسی پەروەردەکردنو ئامادەکردن دەکەن، بۆئەوەیش کە پێویستە منداڵ فێربێت کە چۆن کاتی بۆشایی بە کاری باشەوە دەگوزەرێنێت.

ئەو کەسەی کە دەزانێت سوود لە بۆشایی وەربگرێت، بە شێوەیەکی ئاسایی تێبینیدەکرێت لە کەسانی دیکە رەوشت بەهێزترە، پشت بەخۆبەسترە، لە خەبات و چاونەترسیدا بەتواناترە، لەبەرئەوەی مرۆڤ لەکاتی کارکردنداو خۆ مرۆشکردندا پشت بە کەسانی دیکە دەبەستێت، بەڵام لەکاتی دەستبەتاڵیەکەیدا پشت بە خۆی دەبەستێت.

دەووترێت: پەروەردەکردنی کەسێتییە بەهێزەکان، لە پۆلی خوێندندا ئەنجامنەدراوە، بەڵکو لە دەری قوتابخانەدا ئەنجامدراوە، لەکاتێکدا کە پێیدەوترێت کاتی بۆشایی.

بەبۆنەی ئەمەوە لەبارەی جەنگی گەورەی رابوردودا، وتراوە ئینگلیزەکان لەسەر یاریگاکانی (ئیتۆن)[٣٧] سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، هەروەها تێبینیدەکەن قوتابییەك لە ئێوە بە درێژایی ساڵ بە ڕاستی و کۆششکەرانە کاردەکات، کە کاتێکیش رۆژی هەینی هات هەستدەکات زۆر درێژو ناخۆشە, ئەگەر مامۆستاکەی کارێکی پێنەسپاردبێت، یان خۆی بەتوانابێت هەر لە خۆیەوە بتوانێت خۆی مرۆش بکات، کە کاتێکیش پشوی هاوین هات، قوتابی وا هەیە بە درێژو قورس و وەرسکەری دادەنێت، کاتێك نەبێت لە پیاچوونەوەدا بۆ دەورەی دووەم خۆی مرۆشدەکات.

هێندێك قوتابی هەن بە خوێندنەوەی پەرتوکەکانی ساڵی دواییەوە خۆیان خەریك دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بە چالاکیەکی ناتەواوەوە دەستدەکەن بە خوێندنەوەو وەرسدەبن، چونکە نەیانزانیوە کاتی بۆشاییان چۆن بەسەربەرن. هەروەها فەرمانبەرەکان و هاوسەرەکانیان

٣٧- دەکەوێتە شاری ئیتونەوە لەسەر ڕوباری (تایمز) لە وڵاتی ئینگلستان. (وەرگێڕ)

لە شوێنێکی دوور لە قاهیرە یان دوور لە ئەسکەندەرییە، دەبینین کاتێک دەمێننەوە وەڕسدەبن، لەبەرئەوەی نازانن کاتی بۆشاییان چۆن بەسەرببەن، کاتێک دەبینین ئەو پیاوانەی لەسەر جوان بەکارهێنانی کاتی بۆشاییان ڕاهێنراون گوێ نادەنە ئەمە، بەشێوەیەکی ئاسایی شتێک دەدۆزنەوە خۆیانی پێوە مرۆشدەکەن.

زۆر لە ئینگلیزەکان زۆر لەوانەی کە لە شوێنە دوورەکان، وەکو: قناة سوێس، میسری[٣٨] (مطروح) کاریانکردووە. پەرتوکیان لەبارەی نەریتەکانی فیرعەونەکان، یان پەلەوەرەکانی میسری کۆنەوە یان روویەکەکانەوە، لەکاتی بۆشاییاندا نوسیوە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کاتی بۆشایی بۆ مرۆڤ پێویستە، پێویستییەکەی گەیشتۆتە ڕادەیەک، کە کرێکاران لە جۆرەها ناوچەکانی جیهاندا، هێندێک جار بۆ داواکردنی زۆرکردنی کاتی بۆشاییان لە کارکردن ماندەگرن.

بەڵام هەرچەند کاتی بۆشایی لە پێویستییەکانی مرۆڤە، پێویستە بزانین چۆن دەیبەینە سەر، یان سودی لێوەردەگرین.

پێشەکی پێویستە بزانین دەبێت کاتی بۆشایی سوودی لێوەربگیرێت، نەوەک بکوژرێت، سوود لێوەرگرتنەکەش واتای وایە کە مرۆڤ لە جۆرە چالاکییەکدا بەسەریدەبات کە سوودی بۆ بگێڕێتەوە، بە سوودلێوەرگرتنی دەبێتە کارکردن یان شێوە کارکردنێک، لەگەڵ

٣٨- بەلاچێکە نیزیک شاری ئەسکەندەریە لە میسر لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست، زۆر خۆشە بۆ مەلەوانی بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا. (وەرگێڕ)

ئەوەشدا وا باوە کە کاتی بۆشایی لە بێکاریدا بەسەربربرێت، یان لە کاروباری بێ مەبەستدا.

ئەمجا ئایە لە حەوانەوەیەکی تەواودا بەسەردەبرێت، یان نا؟ حەوانەوەی تەواو بە خەوتن نەبێت نابێت، ئەمەش لە شەوو رۆژێکدا تەنها (٨) کاتژمێر دەخایەنێت. بە هەر حاڵ ئێمە دەزانین، کە حەوانەوەیش و خۆخاوکردنەوە هەردووکیان پێویستن، بە مەرجێك نەکرێن بە رێسا، چونکە حەوانەوەی زۆر زیری ژەنگی پێهەڵدەهێنێت، نەك پێی دەحەوێتەوە، مادام وایە لەکاتی دەستبەتاڵیدا چالاکی پێویستە، ئەوەی جۆرە چالاکییەك لەکاتی کارکردندا دەنوێنێت، لەکاتی بۆشاییشدا جۆرە چالاکییەك دەنوێنێت.

زۆرجاریش قوتابی کاتی بۆشایی خۆی لە تەماشاکردنی فیلمدا یان خوێندنەوەی گۆڤارو پەرتوکدا، یان لە گەشتکردن لەگەڵ هاوڕێیاندا، یان لەسەر شانۆ، لە نواندنی رۆماندا، یان لە نوسیندا، یان لە وێنە کێشاندا, یان لە جۆرەکانی کاری دەستدا, یان جگە لەمانە بەسەریدەبات. بۆ پڕکردنەوەی کاتی بۆشاییەك بنچینە هەیە ئەویش ئارەزوبوونە لە چەشتنی کات, بەڵام دەتوانرێ بە دوو ڕێگە (کات) بچێژرێت. یەکێکیان چەپەوانەیە ئەوی دیکەیان ڕاستەوانەیە, یەکێکیان مەبەست لێی خۆشی چەشتنە, ئەوی دیکەیان مەبەست لێی کارکردنێکی بەتامە, چونکە مەبەست لە گوێگرتن لە مۆسیقا تەنها چەشتنێتی, بەڵام مۆسیقا ژەنین کارێکی بەتامە, مەبەست لە خوێندنەوەی چیرۆك تام کردنێتی, بەڵام چیرۆك دانان کارێکی خۆشە, مەبەست لە تەماشاکردنی تەختەیەکی هونەری بەڕاستی تەنها چەشتنێتی, بەڵام کێشانی تابلۆیەکی هونەری بەڕاستی کارێکی

بەڵەزەتە, تەماشاکردنی شانۆیەکی ئاسایی دەبێتە هۆی خۆشی چەشتن, بەڵام نواندنی شانۆییەك بەڕاستی کارێکی بەڵەزەتە.

گوێگرتن، خوێندنەوە، تەماشاکردنو بینین لێرەدا دادەنرێن بە چەپەوانە، بەڵام مۆسیقالێدان، چیرۆکدانان، نواندن، چەند کارێکی راستەوانەن.

چەشتنیش دوو جۆری هەیە: هەستییە, وەکو: خواردنو خواردنەوەو چەرەس تروکاندن، ژیرییە، وەکو خوێندنەوەی وێژەو هونەرچەشتن،... هتد.

چەشتنی ژیری لە چەشتنی هەستی بالاترە، هەروەها کاری بەچێژ لەوانەیە بچێتە چەند پلەیەکەوە هێندێکیان لە هێندێکیان بالاترن.

کرداری هونەرییەکان وەکو: تاشین، کێشان، هەڵبەست دانانو ئەوانی دیکە بە بالاترینیان دادەنرێن. واتای وا نییە ئێمە تەنها کاری بەچێژ هاندەدەینو چەشتنی ڕووت هاننادەین، چونکە ئەمیشیان بۆ مرۆڤ پێویستە، بەڵام ئێمە دەڵێین: هەردوو جۆرەکەیان، واتا چەشتنی ڕووتو کاری بەچێژ کۆبنەوە باشترە، هەردووکیان مەبەست کەین باشترە.

تێبینیدەکرێت چەشتنی ڕووت، مرۆڤ تێیدا چەپەوانە دەبێتو ماوەکەیشی کورت دەبێت، چونکە ناتوانیت تەنها لەبەر تەماشاکردن چەند کاتژمێرێکی درێژ لە پێشانگەی وێنەدا ببەیتە سەر، بەڵام دەتوانیت چەند ڕۆژێك لەسەر یەك لە وێنەکێشانی تابلۆیەکی هونەریدا ببەیتە سەر.

هەروەها دەبینین ئەو کەسەی ئارەزوومەندییەکەی بۆ نموونە: وێنەکێشانە، دەتوانێت لە هەر کاتێکدا بێتو لە هەر شوێنێکدا بێت کات بباتەسەر، ئەگەر ئامێرەکانی تەواوبێت، دوای ئەوەی وێنەکانی

تەواوەبێت، دەتوانێت ئەنجامی کارەکەی بە وردی لەبەردەمیدا دانێت، بە کانگەی چەشتنێکی بەردەوامی دەزانێت، بەڵام پڕکردنەوەی کاتی بۆشایی بە چەشتنی ڕووت، ئەو کەسەی وابێت, وەکو: ئەو منداڵە وایە کە مەمکی دایکی دەمژێت کاتێك دایکی لەوێ بێت بەختیارە، کە دایکی لەوێ نەبوو بێزارە, بەڵام وێنەکێشانو پەیکەرتاشەکانو دانەرەکانو هەڵبەستیارەکان لە خۆبەختیارکردندا پشت بە خۆیان دەبەستن، لە هەر کاتێکدا بێت، لە هەر شوێنێکدا بێتو کەی ئامێرەکانیان تەواوبوو، ئەویش بە ئاسانی بەدەستدەکەون.

بەمە ئەو هۆیە دەدۆزنەوە، لەبەرخاتری ئەو جۆرێك لە شێوازەکانی بۆشایی پڕکردنەوە ڕێزدەدەین (فضل) بەسەر جۆرێکی دیکەدا، ئەو چالاکییەی ئەوتۆ کە سەربەستی هەڵبژاردنی تێدا زۆرە، ئەوە شایانترین جۆرەکانی گورجوگۆڵییە، بە بەردەوامبوون لەسەری لەکاتی دەستبەتاڵیدا.

لێرەدا مەرجێکی دیکە هەیە، بوونی پێویستە، بە باسکردنی ئەم ڕاستییە پێشەکی بۆ دادەمەزرێنم، ئەویش ئەوەیە، هێندێ کەس کاتی بۆشاییان بە کۆبوونەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەبەنەسەر، دەبینین ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر لەگەڵ کەسانی دیکەدا بن بەختیارن، ئەگەر هەر خۆیان بن بێزارن، بەڵام ئەو کەسانە لەمانە بەهێزترن کە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بن، یان هەر خۆیان بەتەنها بن هەر بەختیارن.

ئەو کەسانەی کە هەمیشە دەیانەوێت لەگەڵ کەسانی دیکەدا بژێنو بە تەنها ئۆقرە ناگرن، ئەمانە ئەو کەسانەن لە خۆیانو بیروباوەڕی خۆیان دەترسن، بۆیە هەمیشە لەگەڵ خەڵکیدا کۆدەبنەوە، حەز لە تەنیایی ناکەن، هێندێك جار نیشانەیەکی باشەو بەڵگەیە لەسەر

پشت بەخۆبەستن، چونکە تەنیایی هەڵێکی باشە بۆ بیرکردنەوەو بیرهێنانەوەو بەرهەمدانان بۆ مرۆڤایەتی.

ئەو کەسەی لە تەنیایی چێژدەبینێت، لەڕێگەی خوێندنەوەو نوسینو وێنەکێشانو پەیکەرتاشینو بیرهێنانەوەو بیرکردنەوەو هەڵبەست دانانو... هتد، لەزەت دەبینێت.

ئەو کەسەی لە تەنیاییدا بەرهەمدەداتو لەزەت دەبینێت، لەکاتی کۆبوونەوەشدا لەگەڵ خەڵکیدا بە نیشاندانی بەرهەمەکانی هەست بە نرخی خۆکردن لە کۆمەڵەکەدا، هەر لەزەت دەبینێت.

ئەو بیرتێپەڕە زۆر راستە کە دەڵێت: گۆشەگری بەنرخ دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی بەنرخ، ئەو کەسەی لە گۆشەگرییکەیدا هەواڵی جیهان دەخوێنێتەوەو لەبیژنگیدەداتو بە باشی بیری لێدەکاتەوەو هێندێکیان بە هێندێکیانەوە دەبەستێتەوە، ئەو کەسەیە دەتوانێت لەکاتی کۆبوونەوەدا قسەی پرووپووچ نەکات.

ئەو کەسەی لەکاتی گۆشەگریدا پەرتوک دەخوێنێتەوەو بیری لێدەکاتەوەو شیتەڵیدەکات، ، ئەو کەسەیە لەکاتی کۆبوونەوەدا قسەی خۆش دەکات.

هەروەها هەموو گۆشەگرییەکی پڕبەها، دەگاتە کۆبوونەوەیەکی پڕبەها، ئەمەش بە مەرجێك نابێت زۆر بۆ گۆشەگری بگەڕێن، .چونکە کۆبوونەوە پێویستییەکی مرۆڤایەتییە، پێویستە تێربکرێتو ناشبێت لە خۆمان بترسینو بەتەنها نەبین، چونکە گۆشەگری لە سنورێکی دیاریکراوی بەرهەمداردا یەکێکە لە هۆکانی خۆچاککردن.

بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت یەکێك لە بنچینەکانی بەسەربردنی کاتی بۆشایی پشت بەخۆبەستنە، توانا لەسەر بەتەنها بەرهەم

زۆرکردنە، بەم چەشنە مەرجێکی چوارەم دەهێنین ئەویش ئەوەیە: پێویستە چالاکی "بەهەموو واتایەک" هەر لەخۆوە بێت.

بەم جۆرە مەرجەکانی ئەو چالاکییانەی کاتی بۆشایی پێ پێدەکەیتەوە چوارن، ئەوانەش:

١) بەسەربەستی هەڵبژاردنە
٢) خۆشی چەشتنە
٣) بەرهەم دیاربوونە
٤) خۆیەتییە

دەبێت بیر لەوەش بکەینەوە جۆرە چالاکییەک هەن، بۆ هێندێ کەس دەبنە کارکردن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە مرۆشکردن بۆ کەسێکی دیکە. ئەمە کۆمەڵێک چالاکییە مرۆڤی لاو, بەتایبەتی قوتابی دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی لێیان هەڵبژێرێتو کاتی بۆشاییان پێ پڕبکاتەوە:

- ✓ چیرۆک خوێندنەوە، چیرۆک نووسین، رەخنەلێگرتنی.
- ✓ خوێندنەوەی هەڵبەستو هەڵبەست دانان.
- ✓ گوێ لە مۆسیقاگرتنو یاری بە مۆسیقا کردن.
- ✓ تەماشای پێشکەوتنەکانی وەرزش، بەشداربوونیان.
- ✓ سوڕانەوە بەناو مۆزەخانەکانداو شوێنە کەلەپوورییەکانو خوێندنەوە لەبارەیانەوە.
- ✓ بەشدارکردنی دیدەوانیو کارەکانی گەڕۆکی.

- ✓ بەشدارکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، وەکو: خزمەتکردنی ئەو خێزانانەی کە پێویستیان پێی هەبێت.
- ✓ بەشدارکردنی ئۆردوگاکان لە هاویناندا.
- ✓ پەرتوک خوێندنەوە و گۆڤارەکان و رۆژنامەکان و ڕەخنەگرتن.
- ✓ نواندن و بەشداریکردنی نواندن.
- ✓ وێنەکێشان، پەیکەرتاشین، وێنەگرتن، جۆرەکانی کاری دەست.
- ✓ چنین و جۆرەکانی وەکو: چنینی مافور.
- ✓ کۆکردنەوەی پولی پۆستە.
- ✓ کۆکردنەوەی ئێسکی پەلەوەر، گیانەوەرە جۆراوجۆرەکان، تێبینیکردنی جیاوازی نێوانیان.
- ✓ مۆمیاکردنی میێرو و گیانەوەران و پەلەوەرو گوڵ و گەڵای دار.
- ✓ کۆکردنەوەی هێلکەی پەلەوەر.
- ✓ کۆکردنەوەی ناوی دارودرەخت.
- ✓ کۆکردنەوەی ناوی گوڵەکان و ناوی مەلەکان.
- ✓ کۆکردنەوەی جۆرەکانی بەرد و ناوەکانیان و نیشانەکانیان.
- ✓ کێڵانی بێستان و ڕێکخستنی باخ.
- ✓ تاقیکردنەوەی کیمیاگەری، لە کارگەیەکی بچوکی دەستگیری هەرزان بەهادا.
- ✓ کاری میکانیکییە سوکەکان، وەکو کردنەوەو بەستنەوەی قفڵ و چاککردنەوەی، وەکو خۆڕاهێنان لەسەر زەنگێکی کۆن، یان کاتژمێرێکی کۆن، کردنەوەی و بەستنەوەی، بێجگە

لەمانەش چەندەها ئامێری دیکە هەن هەرگیز لە ژماردن نایەن، هەروەها چەندەها چالاکی تاکی و کۆمەڵایەتی هەن، هەیانە بۆ شار دەستدەدات، هەشیانە بۆ گوندان.

گومان نییە لەوەدا لە هەموو گەڕەک و لە هەموو لایەنێکدا قوتابخانە هەیە، باشترین شوێنە بۆ قوتابییان کە جۆرە چالاکییەک تێیدا بنوێنن، لەکاتی پشوی هاویناندا خانوی قوتابخانەیە، قوتابیانی هەر گەڕەکێک و لایەنێک و هەر شارو شارۆچکەیەک دەتوانن پەیوەندی بە بەڕێوەبەرەکانەوە بکەن بۆ ئەم مەبەستە، بەتایبەتی مەبەستی وەرزشی، باوەڕناکەم هەموو بەڕێوەبەرێک قەدەغەی ئەم لایەنانە بکات.

بەوە کۆتایی بە وتەکەم دەهێنم، بۆتان دووبارەدەکەمەوە: ئەگەر بتوانن بە باشی سوود لە بۆشاییتان وەربگرن بەپێی ئەو مەرجانەی کە باسمکرن، بەڕاستی ئێوە بە گیان و لەشتان کەڵک وەردەگرن و خۆتان لە زەین رۆیشتن و وەرسبوون رزگاردەکەن، بەباشی کارەکانتان ئەنجامدەدەن و خۆتان بەختیاردەکەن و کەسانی دیکەش لەگەڵ خۆتاندا بەختیاردەکەن.

فەرهەنگۆک

کوردی	عەرەبی	کوردی	عەرەبی
ا			
ئارمزوومەندی	الهواية	ئەوەی	الذي، التي
ئارمزووبازی	الهواية	ئەوانەی	الذين، اللاتي، اللائي، اللواتي
ئارمزووپێو	اختبار الميل	ئامێر	أداة، أدوات
ئارمزووبزوێن	شائق	ئایرۆس	غريزة الحب (الجنس)
ئەوساکە ئازوقە	حينئذ ذخيرة	ئەفرۆدیت، خوای جوانی	إله الحب عند اليونان، ويقابله (فينوس) عند الرومان
ئەورۆژمکە	يومئذ	ئالۆ	لوزتين
ئەوکاتەکە	ساعتئذ	ئەمیزیا	الاصابة بالنسيان
ئەوشەوەکە	ليلتئذ	ئایەخ	المتاخر في النمو
ئەنجامگری	الإستنتاج	ئاخنین (خەفە)	الكبت
ئاوەدانکاری	الاعمار	ئۆدییەگرێ (کوێرە گرێ)	عقدة أوديب
ئاتۆ	لعلك	ئەلەکتراگرێ	عقدة الكترا
ئەوە	هو	ئۆدییە پاشا	اوديب الملك
ب			
بێ نرخ	الغث	بۆماوە	الوراثة
بێ باک	غير مبالي	بۆشایی	الفراغ
باکی پێنییە	لايبالي، لايهتم	بوونەوەری زیندەومر	الكائن الحي
بیزار	منزعج	بە پەرۆشبوون	كثير التلهف
بوغزن، بوگزن	الحقود، كثير الغضب	بەرەلایی	الفوضى، الفوضوي
بەم بۆنەوە	بهذه المناسبة	بگەفێ	ليتكلم

بەخۆی دەنازێت	انه رجل عصامي، مثل عصام حاجب النعمان (من شرّف بنفسه لا بآبائه)	بنه	مركز (له كورديدا بنه بەو گایه دەڵێن لەكاتی گێرمكردندا گاكانی دیكه بەدوریدا دەسوڕێنەوه)
بەكۆڕایی چاوییەوه	رغم انفه	بیرساكان	المناطقة (جمع)
بیرسا	المنطق	بەرپادەكات	یخوش، یكافح
بیرسازانی	المناطقة (مصدر)	بێزاندن	كره الشيء
بەڕا وتەگبیر	حسب خطة مدبرة	بینایيه دەروونیانه	البصيرة النفسية
بۆی هەیه	بإمكانه	بەرباد	تلف، إتلاف
بەدەوری خۆیدا پەپكەدەخوات	ينطوي على نفسه كما تلف الحية حول نفسها	بەتام	ممتع
بێئیشی	البطالة	بەربەرەكانیدەروونی	الصراع النفسي
بستەبالا	القزم	بارانۆدە كەسێتی	الشخصية الشكاكة
بری بەزات	تعويض صاحب الجراة، جريء	بیرهاتنەوەی ئازاد	التذكر بطريقة التداعي الحر
بلیمەت	العبقري	بەدخۆراكی	سوء التغذية
باش خۆراكی بەسەرابڕین	حسن التغذية الاسقاط	دایان	أقارب الزوجة خاصة من قبل أمها
باوان	أقارب الزوجة من قبل ابيها	باوكه گرێ	عقدة الاب
بناغەی كەسێتی	بناء الشخصية	بیرە سەپێنراو	الفكر التسلطي
بارانۆیا (گەورەدڕۆزنە)	النفاس الدوري	بریكردنەوە	إستعاضة
بەرمو	نحو	بیستك بەووم	سماعة التلفون الكائن ذو التشاؤم، مثل الارانب التي تجلب الشر في معتقدات قدماء الاكراد

پ			
پەیردن	الادراك	پەی هەستی	الادراك الحسي
پەژارە	الهواجس	پەژارە هەڵگرەکان	حمال الهم
پێکەر	الدافع	پاڵنەر (رەمەک)	الغريزة
پاڵنەری ژیان	غريزة الحياة	پاڵنەری یەک کوشتن	غريزة المقاتلة
پاڵنەری مردن	غريزة الموت	پێویستیەکەسێتییەکان	الحاجات الشخصية
پڕی پێدەبەن	يتجرؤون عليه	پڕکێش نەکردن	عدم التجرؤ، عدم الاقدام
پەروەردگە	منبت البيئة	پێستە خۆشکار	دباغ الجلود
پرسە	التعزية، العزاء	پێوەند	قيد، سلسلة تربط بها الحصان لثقل حركتها في المراعي
پەیوەند	العلاقة	پرفەرش	مفروش، مؤثث
پێڵاوچی	الحذائي، صانع الاحذية	پرتەو	ذو الحيوية
پێوانەکانی جوانی	مقاييس الجمال	پێڵەبەرکردن	تلقين الغير
پێداهەڵدان	الاطراء، المدح، بيان المحاسن	پەری	ملائكة الرحمة
پەست	متوتر الاعصاب او المزاج	پەستی	الكآبة الركسية
پایە	المكانة، المنزلة، العمود	پێشبینی	الالهامي
پەک کەوتوخانە	دار العجزة	پەرکەم	الصرع
پشێوی	الاضطراب		
پشێویە ژیرییەکان	الاضطرابات العقلية	پشێویە رەوشتییەکان	الاضطراب
پاڵنەرەتیۆر	نظرية الرائز	پشێویەدەروونییەکان	الاضطرابات النفسية

ت			
تەڵە	الفخ	تەڵەکەباز	المكايد
تۆز تۆپیو	الغبار الميت من الحيوانات التي حرام اكل لحمها خاصة الكلاب والخنازير	تۆزێك	من الوقت لحظة واحدة
تەرپۆش	الانيق	تایبە تمەند	الاختصاصي
تاووزە	السعر الحراري	تەگەرە	عائق
تاکی کەم زیرەك	الفرد القليل الذكاء	تیشکۆ	البؤرة
تەڵەسازی	اللاسلكي	تۆندوتۆڵ	حازم
توخم	عنصر, جنس	تەتەر	الوسيط, الميل
تەندارى تەواو	المجسم الكامل	تۆپۆلۆژی	علم الانماط
تۆقین	الفزع (فوبيا)	تەرزی گۆشەگیر	النمط المنطوي
تەرزی کراوە	النمطي المبسط	تەرزی پڕتەوی چالاك (بۆسەگ)	النمط الحيوي النشيط
تور	المصاب بالتاتاة	بیردۆزی ماوە	نظرية المجال
تەرزی هێواشی نەبزو (بۆسەگ)	النمط الهادىء الثابت	تەومر	محور
ج			
جمە دەروونی	نفسية حركية	جلفە	اللهجة العربية العامة
جمەشێوان	الارتباك الحركي	جمەهەڵەشە	الحركة العشوائية
جمەدانەوە	الحركات المنعكسة	جمەرموشت	السلوك الحركي
جمەوەڵامدانەوە	الاستجابة الحركية	جمەبەرمودوا	الحركات الرجوعية الى الوراء
جنگز	مزعج , إزعاج	جوانکار	المبدع
جوانکارمکەسێتی	الشخصية المبدعة	جیادوانە	التوائم المختلفة
جنۆکەی فەڵە	الجن المسيحي	جنۆکەی موسڵمان	الجن المسلم
جنۆکە (خێو)	الجن المالك لاحد الاشياء كالعيون المائية او البساتين او غيرها	جنۆکە (مۆتەکە)	العفريت

جنۆکە (میردمزمە)	الاقزام من الجن او الشياطين	جنۆکە (ئەوانگەلی)	كناية عن مجموعة من الشايطين او الجن
چ			
چاوبرکێ	معاكسة	چێشتەڕۆژ	الاكل الذي يقع بين الفطور والغداء
چەنەبازی	الثرثرة	چاودێر	الرقيب
چاك بەلاداكردن	مشدود الجوانب	چوونە عەقڵەوە	إستيعاب، فهم بصعوبة
چەرخ	الزمان، الدهر	چوونەژێری	السرحان
چڕ چەمك	حثيث مفهوم	چەندێك، هەرچەند	كلما من ادوات الشرط التي تفيد معنى التكرار
چاوەزار	نوع من الرقي، يعتقد بانها تصون صاحبها او حاملها من عين الحسود	چپە	همسة
چەپەوانە	السلبية	چەواشە	تضليل
چالاكيية خوييەكان	الفعالية الذاتية	چەپكە دڕدانەوە	حزمة من الانعكاسات
ح			
حول حولی	الموسوس	حول حولييە كەسێتی	الشخصية المتقلبة
حەزلەخۆكردن	عشق الذات	حەز بەمە دەكەم	أحبذ هذا
حونجە	التهجي، تحليل الكلمات الى حروفها او التلفظ بحروف الكلمة	حەز بە سەركەوتن حەيف بۆ خۆم حەيف بۆ فلانە كەس	حب الطموح صعب علي هذه خسارة ان ترى في هذه الحالة المزرية
خ			
خەواندنی موگناتيسی	التنويم المغناطيسي	خراپ	الفث

خۆخەواندنەرێکە	طريقة التنويم الذاتي	خۆیەتی	الذاتي
خۆمەکی	الأنا	خۆیەکی	الهو
خۆمەکی بالا	الأنا الاعلى	خۆگۆرین	تقمص
خۆویست	الارادي	خۆسەپاندن	إثبات الذات
خۆخاوکردنەوە	الاسترخاء	خۆبەزلزان	متكبر
خۆپەرستی	الانانية	خۆنەپەرستی	الغيرية
خۆگیر	الضابط لنفسه (لانفعالاته)	خۆنەگیر	غير الضابط لنفسه (لانفعالاته)
خوای هەڵبەست	ربة الشعر	خەواندنی سڕی	التنويم التخديري
خۆی بەلاوە حەیف بوو	عزت عليه نفسه على هذه الحالة السيئة	خاوی خەڵك دۆشین	البلادة إستغلال الناس
خەڵك پێتەمێ خواردوبوو	العبرة، الشخص الذي يقع في خطأ أو عقاب، ياخذ اخرون عنه العبرة	خەبات دەکات خۆنەخۆشکستن	يناضل التمارض
خوێ نەپێنی	العادة السرية	خەمڕەوێن	مسلی
خەون	الحلم	خەو	النوم
خوێندنەوەی قایم	القراءة الجهرية	خوێندنەوەی بەرز	القراءة بصوت مرتفع
خوێندنەوەی خێرا	القراءة السريعة	خوێندنەوەی بەپەلە	القراءة المستعجلة
خوێندنەوەی هێواش	القراءة البطيئة	خۆبەدەستەوەدان	إستسلام
خەوڕۆ	النومشة، أو المشي أثناء النوم	خەساندنەگرێ	عقدة الخصاء
خۆخەڵەتاندن یان فێڵ لەخۆکردن	خداع النفس للنفس التحايل الذاتي	خستنەبری	التعويض
د			
دەبەنگ	الابله	دەستەووسان	العاجز

دەستەوەستانی	العجز	دەستبلاوی	التبذير
دەستەبالا	متوسط القامة	دەستکەوت	المكسب
دەستکەوتەپێو	اختبار التحصيل	دەستەنگێنێت	يقدر، يخمن
دژ	المنافر، السلبي	دژەکردار	الافعال المنعكسة
دژدانەوە	الانعكاسات	دژەکەسێتی	الشخصية السلبية
دەروونی سەرەتایی	النفس البدائي	دەروونەپێو	الاختبار النفسي
دەرکەوتووەکان	البارزون	دەرخ	حفظ
دەروونزانی شیتەڵی	علم النفس التحليلي	دەروونزانی نەخۆشان	علم النفس المرضى
دەروون ناوێزە	الشذوذ النفسي	دەروون پەشۆکاو	المتوتر نفسيا
دەرەچێن	الطبقة الظاهرية الخارجة	درەوشانەوە دەستکەلا	السطوع وسيلة
دەزوێنێت	يجهش	دەزیرێنێت	يصرخ
دەزمرێت	ينهق	دزداشە	جلباب، جلابية
دەفر	وعاء	دەق	نص
دەچێتەژێر	يتخيل	دەچێتە پاڵ	ينتمي
دەچپان	كان يهمس	دڵەخورپێ	الصدمة
دڵەفرکێ	خفقات القلب	دڵەڕاوکێ	القلق
دڵتەنگی	الكآبة	دڵتەنگە کەسێتی	الشخصية الكئيبة
دڵەڕاوکێ کەسێتی	الشخصية القلقة	دەمارگر	العصبي
جووتەکەسێتی	الشخصية المزدوجة	دوورەپەرێز	المنعزل
داهێنان	الابتكار	داهێنەر	المبتكر
داهێنەرەکەسێتی	الشخصية المبتكرة	دیارەکەسێتی	الشخصية الظاهرة
دەماخەمیزاژ	المزاج الدماغي	دەیخاڵاند	يضع الخطوط بجانب بعضها
دەینەخشاند	ينقش ويزين الصورة	دیدەوانی	الكشافة
دۆخ	شان	دڵپیاچوون	غرام
دەگمەن	نادر	دەوڵەتی بوژاوە	الدولة النامية

دوان	الخطابة	دودەری	الباب ذوالمصراعين
دەیگوزمرێنێت دەرگای دوودەری دوودەری	يداريه الباب ذو المصراعين ذو المصراعين	دەموچـــــــاو پە نجەکێشی	دميم الخلقة
ر			
راستاندن	تبرير	راپەڕینی نەتەوایەتی	النهضة القومية
رێ بە پەیوەندییەردن	ادراك العلاقات	رەگەز	الجنس
رەگەزنامە	الجنسية	رەگەزی ناسك	الجنس اللطيف
رژد	بخيل	رەوشتی زایندەیی	السلوك الجنسي
رق لە خۆبوونەوە	الشعور بالغضب من النفس	ریز رێگەی بەسەرابڕین	حلقة طريقة الاسقاط
رفکر	حانق	راڤە	شرح
رێسا	قاعدة	رێچکە	نظام
رژێم	نظام	رێتێچوون	إحتمال
روکار	الواجهة، الاتجاه	رۆژانێکی توش	أيام عصيبة
پێشبڕکێ	المسابقة في الجري	رۆیندە	سيارة
رولێنان	تكليف	روبەڕوو	وجه لوجه
رموینەوە	تلاشي	رێسای گشتی	قادة عامة
روزمرد	حرج	روخۆش	منطلق الوجه
روگرژ	منقبض الوجه	روکراوە	منبسط الوجه
راستەوانە	الايجابية	راستەکی	الايجابية
رژێن	الغدد	رەنگ کوێری	عمى الالوان
رمشبین	المتشائم	گەشبین	المتفائل
رووت	مجرد	روالەت	مظهر
رێگە شیتەلییەکان	الطرق التحليلية		
ز			
زەین هەڵەشەیی	شرود الذهن	زەین رۆشنەکان	المتقدمون في الذكاء

زەین کوێرەکان	المتاخرون في الذكاء	زۆر ناشرین	العبرة
زۆر وێژی	ثرثرة	زۆر بلێیی	ثرثرة
زۆردار	جبار	زۆر زیرەکەکان	الاذكياء جدا
زوبان لەبار	ذو اللسان المتسلط	زات	الجراة
زاڵ	المسيطر	زار	الزار
زار	اللسان	زیرەکی پێو	إختبار الذكاء
زیرەکی پێوی کرداری	إختبار الذكاء العلمي	زیرەکی کورتی	قصور الذكاء
زۆرانبازی	المصارعة	زمەرەوشتی	السلوك اللغوي
زانای دەروون شیتەڵی	عالم التحليل النفسي	زات	الجراة
ژ			
ژیری لەبار	العقل الراجح	ژیانی نوشاوی	حياة رغيدة، عيش هانيء
ژیرییە کەمەکان	ذوي العاهات العقلية	ژینگە	البيئة
ژیرەدروستی	الصحة العقلية	ژانی وێژدان	عذاب الضمير
ژیرەکەرتی	الفصام العقلي	ژینە	الجينة
ژیرییە دیاردەکان	الاعراض التي تدل على وجود مرض عقلي	ژیری شاراوە (نادیار)	العقل الباطن
ژووری شوشەبەندی نەدیو	البيوت الزجاجية المانعة للرؤية التي يراقب فيها العالم النفسي الاشخاص المقصودين بالدراسة والملاحظات من غير أن يروه	ژمارە مامناوەندی	المتوسط الحسابي
ژیری لاوان	عقل الشباب		
س			
ستەمکار	ظالم	سرك	حذر
سیمرخ	نعامة	سەیروسەمەرە	التندر

سەرزەنشت	انتهار	سۆز	العطف
سەبەتەی فڕێدراوەکان	سلة المهملات	سەرژمێرری	الاحصاء
سروش	الايحاء	سایەکردن	تلفظ، تهجي
سەماگە	مرقص	سکەڕۆ	الاكول
سۆزەجووتی	ازدواج العاطفة	ساناتۆس (پاڵنەری مردن)	غريزة الموت، والهدم وتخريب
سەرەڕۆ	المغامر	سایروبید (رژێن)	الغدة الدرقية
سادیزم	السادية، وتقابلها (ماسوشیزم)	سەرکێشی، سەرپێچی	العناد
سۆزەتیۆر	النظرية العاطفية	سۆزەماندوو	الاجهاد العاطفي
سۆزە کاڵی	عدم النضج العاطفي	سایکۆسۆماتی (دڵتەنگی)	الكآبة النفسية الجسمية
سۆزە سایکۆباسی دواکەوتوو	سايكوباسية التخلف العقلي أو العاطفي	سایکۆباسی سەپێنراو	السايكوباسية الالزامية
سەرسەری	كثير الشجار	سۆزە لاسەنگ	العاطفة غير المتزنة
سەرنەکەوتن	الاحباط	سەرنەکەوتنی چەپەکی	الاحباط السلبي
سەرنەکەوتنی راستەکی	الاحباط الايجابي	سایکۆباسیەشەقبەرمکان	السايكوباسيون الانفجاريون
ساکۆباسیەیە خەمۆکییەکان	السايكوباسيون المكتئبون	سەرناسی	الفراسة
سیکاسینیا	مجموعة من الامراض النفسية مثل (الفعل القسري)	ساق ساغ	صحيح الجسم صحيح الجسم
ش			
شێواو	مشوه	شێوازی فیشەڵ	الاسلوب المنتفخ
شێومکانی بۆن	صور شمية	شێومکانی چەشتن	صور ذوقية
شێومکانی بینین	صور بصرية	شێومکانی لێکخشاندن	صور لمسية

شوێن	المعالم	شێتۆکه	الاهوج
شورەیی	العیب	شەونخونی	الارق
شەواره	السهرة	شالیار	الوزیر
شاگرد	تلمیذ، صبي	شکاندن	الاهانة
شکاندنەوه	أهنته	شیزوفرینیا	إنفصام الشخصیة
شیزەکەسێتی	الشخصیة الشیزیة	شێتی شادو دڵتەنگی	الجنون الدوري
ع			
عاشق بەخوێبوون	حب الذات		
ف			
فێ	الصرع	فێڵی شکاندنەوه	حیل النکوص
فێڵی گێرانەوه	حیل النکوص	فیلەتەن	هائل
فێرگه	دور العلم	فەتارەت	إهلاك، هلاك
فڕین	طیران، قیادة طائرات	فرمکەسێتی	الشخصیة المتعددة
فێڵه بەرگرییەکان	الحیل الدفاعیة	فێربوونه پێو	الاختبار التعلیمي
فاقه	فخ	فریشته	ملائکة الرحمة التي تسکن في بیوت، وتجلب الحظ والخیر
فێست	طربوش، الطاقیة التي یلبسها رجال الدین المسلمون ویلفون حولها العمامة	فۆبیا (تۆقین)	الفزع
فەرەنگی	المرض الزهري (سفلس)		
ق			
قسەگڵماندن	مضغ الحروف والکلمات	قسەمەنی	ذخیرة الکلام
قاش	الفص	قووچ	الطویل الفرط
قۆناغی توخمه مندالی	المرحلة الجنسیة الطفلیة	قۆناغی زاری	المرحلة الفمیة

قۆناغی کۆمی	المرحلة الشرجية	قالکراو	المتمرن على المهارة
قەڵەمی بۆر	قلم رصاص		
	ك		
کاتی بۆشایی	وقت الفراغ	کاتی دەستبەتاڵی	وقت الفراغ
کێماو	المهل	کورتەباڵا	القصير القامة
کێنەکێش	الغيور	کەمی	النقص
کەتە	البدين	درکە مۆخ	النخاع الشوكي
کراسی درێژ (دزداشە)	الجلبية	کۆسپ	عرقلة
کوێرە رژێن	غدد العماء	کردارەکانی نوسینگە	أعمال المكاتب
کۆڵی لێناکاتەوە	يهجم عليه دون أن يتركه	کەسە پێو کەسایەتی	إختبار الشخصية القرابة
کەڵەباز	الطفرة	کەسێتی	الشخصية
کارامە پێو	إختبار مهارة أصابع اليد	کەسێتی زۆرەسە پێنراو	الشخصية التسلطية الالزامية
کەسێتی سروشتی	الشخصية الطبيعية	کەسێتی خانەگومان	الشخصية الشكاكة في عرضه وشرفه
کەسێتی بیرەسە پێنراو	الشخصية ذو الافعال القسرية	کەسێتی نالەبار	الشخصية غير المستقرة
کەسێتی هێستیری	الشخصية الهستيرية	کەسێتی سایکۆباسی	الشخصية السايكوباسية
کەسێتی بەناستەم بەند	الشخصية العرضة	کەسێتی پێشەوا	الشخصية القيادية
کەسێتی دەمارگر	الشخصية العصبية	کەسێتی لوتبەرز	الشخصية المتكبرة
کەسێتی لەسەرخۆ	الشخصية الهادئة	کەسێتی هەناوی	الشخصية الاحشائية
کەسێتی رەق	الشخصية المتصلبة	کەسێتی راستەوانە	الشخصية الايجابية
کەسێتی پڕنارام	الشخصية المستقرة	کەسێتی چەوساوە	الشخصية المضطهدة

کەسێتی چەپەوانە کەمسەری	الشخصية السلبية النقص	کودی ئاهەنگی زار	المرأة الدلالة التي تاتي بعميلات الزار وتخدعهن
		گ	
گرینۆک	كثير البكاء بدون أي داع	گرفت	عانق
گیروگرفت	مشكلة	گریانی قەستانی	البكاء التمثيلي
گریانی نواندن	البكاء التمثيلي	گیراوە	مسحوق
گیانی لە لوتیەوە دەرچوو	لقى حتفه، الحتف، الموت دون قتل او ضرب	گیانەوەی وانە	إسترجاع الدروس
گەشت	الرحلة	گەڕۆکی	الجوالة
گوێگرتن	الاستماع	گوێ شلکردن	الاصغاء
گەجەر	ذوي العاهة	گاڵتەچی	ماجن
گوناهکردنی توخمی	إرتكاب ذنب جنسي	گومگومە	وعاء على القهوة غير المصفاة، قبل صبه في (جزوة)
جزوە	وعاء غلي القهوة	گونجاندن	التكيف
گلاند (رژێن)	الغدد	گۆشەگری بیرەگەری	المنطوي النظري
گۆشەگری سۆزەگری	المنطوي العاطفي	گۆشەگری سروشەگەری	المنطوي الالهامي
گۆشەگری سروشەگەری ساکار	المنطوي الالهامي البسيط	گێل	الغبي الذي درجة ذكائه أقل من (٩٠) درجة
گەوج	الغبي الذي درجة ذكائه أقل من (٨٠) درجة	گەلۆر	الغبي الذي درجة ذكائه اقل من (١٥) درجة، وهو معتوه بدرجة أدنى من (گێلۆکە)
گەلۆ	الاهوك، أو المرون الذي درجة ذكائه أعلى من (گێلۆکە)	گێلۆکە	المعتوه بدرجة أعلى

گزیر	الوزير	گوزمر	الظروف، معبر
گوزمر، دەورویەر	المعايشة، العيش	گیان	الروح
گەردەلول، زریان	الاعصار الممزوج بالغبار	گێژاو، گێژەنگ	الماء الدوار في الانهار الكبيرة والبحار
گێژەلوکە	الاعصار (الرياح الهوجاء) الممزوجة بالمياه في البحار أو أثناء هطول الثلوج والامطار	گەشە	النمو
گونجەرموشت	السلوك التكيفي		
ل			
لەخۆبایی	المغرور، المتغطرس	لەخۆ گوێگرتن	الاستماع الى النفس
لابەلابوون	إنحرف الى	لەسەرخۆ	المتاني
لە پشتەوە کوشتن	الفتك بالمقتول	لە ناخافڵ کوشتن	الاغتيال
لوت هەڵکردن	الانفه	لیخن	ملوث
لێڵ	كدر	لەبەرکردن	حفظ
لامێژی	التطفل	لە پاشملە باسکردن	الاغتياب، الغيبة، التحدث عن الناس في غيابه
لەزەت بینین	الاستمتاع	لەزەتی ژیری	الاستمتاع العقلي
لیکەرژێن	الغدة اللعابية	لەتگەر	التوازن
لەبیدۆ (وزەی زایندەیی)	المصدر الاعلى للطاقة الجنسية	لوی ژێر مێشک	الغدة النخاعية
م			
مان	الاضراب	مەودا	المجال
مۆڵەکە	تهلكة	مامۆستای تایبەتی	المدرس الخصوصي
منداڵی گرفتاوی	الطفل المشكل	مردارەومبوو	الميت من الحيوانات التي حلال اكل لحمها
مردوو	الميت من الانسان	مەڵامەت	السر، السبب

مشەخۆر	المتطفل	مۆلەکاوی	الشخص الغاوي الدخول في التهلكة والمخاطر
ملەملەی دەروونی	النزاع النفسي	میزاژ	الطبيعة العامة
میزاژی شادو دڵتەنگ	الميزاج الدوري	ماسوشیزم	الماسوشي
مرۆزان	الانثروبولوجي	مەتەلە ریگە	طريقة مندل
ماتریالیستەکان ماتەیدا	المادیون نضج	مالینیا	الهوس، يتخلى بنوبات من المرح والنشاط الزائد المؤذي للغير
میردمندان	یافع	مگیز	الشهية
ن			
ناوێزە	الشاذ	ناوێزمژیری	الشذوذ العقلي
ناوێزە توخمی	الشذوذ الجنسي	ناشرین دروستبو	قبيح الخلقة
ناتەواوی زکماکی	تشوه في الخلقة	ناتەواو	ذو العاهة
ناز	الحنان، الدلع	ناوەنجی گشتی	الثانوية العامة
نائومێد	میؤوس	ناسکەکەسێتی	الشخصية الرقيقة
ناوەچین	الطبقة الداخلية	ناومندەچین	الطبقة المتوسطة
نەفام	متهور	نوزن	كثير البكاء
نوکتەبێژ	لداغة النكتة	نۆشدار	الطبيب
نەلەرزین	عدم التذبذب	نەریت	العرف
نەوس	شهية	نواندن، چاوراو	تمثيل
نیشانە	سمة، صفة، علامة	نزمەکەسێتی	الشخصية الدنيئة
نەخۆشییە درۆزنە	الكذب المرضي	نەجەوان	الحدث
و			
وەرگێڕان	ترجمة	وەرگۆڕان	تحويل
وەرگرتن	الاصغاء	وانەبێژی	المحاضرة
وازانین (گومان)	الظن	وامان دانا	فرضنا

ویژدان	الضمير	ویست	الارادة
وەرسی	السام	وێڵ	الاهمال، الضال
وروژێنەرە گۆڕاوەکان	المثيرات المتغيرة		
ه			
هەستیار	الحساس	هەستیارتر	أكثر حساسية
هاودەم	مسلى، أنيس	هێما	رمز
هاولف	متلازم، متلازمان	هەست بەکەمی	الشعور بالنقص
هەست بە کەمسەری	الشعور بالنقص	هەڵ لوشان	التهام
هاوسەربوون	الزواج، التزاوج	هەناو	الجوف، الاحشاء
هەڵکەوتووەکان	النوابغ	هەڵەشە	المتهور، المندفع بدون تفكير
هەناسەساردی	الخيبة	هەستێکی بە پێز	حس مرهف
هەراش	المتقدم في نمو، يقابل (نايەخ) المتاخر في نمو	هەتیوان	دار الايتام
هاندەری زایندەیی	الحافز الجنسي	هاندەری توخمی	الحافز الجنسي
ی			
یاسا	القانون	یەکەمیان	أولهما
یەکێکیان	أحدهما	یەکدوانە	التوأم المتحدة
یەکتا	الوحدة	یەکەڵەچاو	واحد العين
یازوخ بۆ فلان	فليخجل من نفسه، لانه اتى بعمل معيب أو ارتكب عملا مخجلا		

لە بەرهەمەکانی وەرگێڕ

أ- بەرتوك /

١) گوناهبار (وەرگێڕانی نوسینێکی نوسەری لوبنانی جبران خلیل جبران ١٨٨٣-١٩٣١ ز)، لە گۆڤاری هەتاوی ژمارە ١٣٢ ساڵی ١٩٥٨، بڵاوکراوەتەوە.

٢) منداڵ لە هەردوو قۆناغی دوامنداڵی و هەرزەکاریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حسام، بەغداد، ١٩٨٣.

٣) گەشەی منداڵ و گیروگرفتەکانی لە قۆناغی شیرەخۆریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی الآفاق العربیة، بەغداد، ١٩٨٤.

٤) گرنگترین نەخۆشییە دەروونییەکان و چارەسەریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی الحافظ، بەغداد، ١٩٨٦.

٥) کەسێتی سەرکەوتوو، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨٧، ساڵانی ٤-٢ و ٢٠١١ چاپکراوەتەوە.

٦) چەند گیروگرفت و دیمەنێکی دەروونی، (وەرگێڕان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٩، ساڵانی ٢-٣ و ٢٠١١ چاپکراوتەوە.

٧) جەنگی دەروونی دژ بە کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی راز، سلێمانی، ٢-٢.

٨) دەروونزانی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕان، ٤-٢ بڵاوکراوەتەوە.

٩) قوربانییەکانی (مین) لەنێوان ساڵانی (١٩٩١-١٩٩٧ ز)، چاپی یەکەم، چاپخانەی راز، سلێمانی، ٤-٢

ب- لێکۆڵینەوە میدانییەکان /

١٠) کاردانەوەی ڕامانی گوندەکانی کوردستان لە لابەلابوونەوەی هەرزەکاردا، بەرەو تاوانی (کوشتن)، کورتەیەکی لە یەکەمین کۆنفرانسی

زانستی - ئەکادیمی ساڵی ٢٠٠٢ ز، لە زانکۆی (صلاح الدین) لە هەولێر خوێندراوەتەوە، ساڵی ٢٠٠٨ ز بڵاوکراوەتەوە.

١١) کۆمەڵێک لە گیروگرفتەکانی پەیڕەو، کورتەیەکی لە پاشکۆی کۆنفرانسی زانستیی یەکەمی زانکۆی سلێمانی، لە ٢٧ ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٠ ز خوێندراوەتەوە، ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە.

١٢) ڕەوشی پەروەردەو فێرکردن لە سایەی بە عارەبکردندا، نوسەر ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەسەر داوای (ڕێکخراوی قەلاچۆکردنی تعریب) لە هەولێر ئەنجامیدا، ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە، بۆ جاری دووەم ساڵی ٢٠٠٨ ز بڵاوکراوەتەوە.

١٣) ڕادەی کاردانەوەی خانەکانی دەوڵەت لەسەر منداڵی تەمەن (٧-١٢) ساڵ، ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە، بۆ جاری دووەم ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە.

١٤) ڕادەی کاردانەوەی فیلمەکانی زەبروزەنگ لە منداڵدا، لە کۆنفرانسی زانستیی یەکەمی زانکۆی سلێمانی، لە ٢٨ ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٠ ز کورتەیەکی خوێندراوەتەوە، لە گۆڤاری (ئەکادیمیانی کوردستان بەشی (B)) حوزەیرانی ٢٠٠١ ز بڵاوکراوەتەوە، ساڵی ٢٠٠٨ جارێکی دیکە بڵاوکراوەتەوە.

١٥) ئەو هۆکارانەی پاڵ بە خوێندکارەوە دەنێن بۆ گزی (غش) کردن، لە ڕۆژنامەی (الملکیة الدستوریة) ژمارە (٤) ڕۆژی پێنجشەممە (٢٥)ی ئابی ١٩٩٤ کورتەیەکی بڵاوکرایەوە، بەبۆنەی ئەو گزییەی لە وەزارەتی ئەو سەردەمە، بەشی تاقیکردنەوەکان دەرکەوت.

ج- لێکۆڵینەوە تیۆرییەکان /

١٦) کردەوەکردن لەگەڵ منداڵدا، بەگوێرەی دەروونزانی منداڵ.

١٧) دیاریکردنی بەهرەو توانستەکانی منداڵو جۆرەکانی لە گۆڤاری کاروانی ژمارە (٢٥) ساڵی ١٩٨٤ دا بڵاوکراوەتەوە.

د- ئەو بابەتانەی کە بڵاونەکراونەتەوە /

١٨) کورتەیەک لە میژوی ئایینە گەورەکانی جیهان.

١٩) فەرمودەکانی پێغەمبەر (د) (بریتییە لە کۆمەڵە وانەبێژییەک) لە ساڵانی (١٩٩٨-٢٠٠٢) لە کۆلێژی زانستە مرۆییەکان، بەشی دراساتی ئیسلامی، زانکۆی سلێمانی، وتراوەتەوە.

٢٠) كيف دخل الاسلام فى كوردستان، كانت بإشراف الدكتور محمد محمود النجار، وهي محفوظة بقسم التأريخ بكلية الدراسات العربية بجامعة الازهر بمصر.

SOME PROBLEMS AND PSYCHOLOGICAL SCENCE

خوێنەری بەڕێز/
دەروونزانی لەم تەمەنە کورتەیدا، سەلماندی کە تەنها ماموستاو خوێندکار پێویستیان بەو نیە، بەڵکو هەموو خاوەن کار و پیشە و هونەر و سیاسەتمەدار و پارێزەر و دادوەر و بێجگە لەوانیش، بێ ئەو کاریان ناتەواوە!
ئەمجا ئەم کتێبە/ بێچگە لەوەی کۆمەڵێک لە کێشەو دیمەنی راستیبەکانی ئەم سەردەمەت پێشکەش دەکات، بە خوێندنەوەی سێ کاری زۆر گرنگت دەستدەکەوێت:
١- چارەسەری ئەو کێشەو گرفتانەی کە لە ژیانتا توشیان بویت و پێیانەوە دەنالێنیت.
٢- ئەوەندە لەزەت و چێژیش وەردەگریت، کە بتوانیت بەرگەی باری قورسی ئەم ژیانە بگریت.
٣- ئەوەندەش کەڵک وەردەگریت کە هاندەرت بن بۆ ژیانێکی باشتر

نرخ (٥٠٠٠)دینار